ئافرەت و توندوتیژی جێستەی..
شوانە حەسەن ئەبوبەکر

ئەگەر پێناسەیەك بۆ کردەی توندوتیژی جێستەی دژی ئافرەت بکەین، دەکرێت بڵێین ڕەفتارێکی توندوتیژکارانەیە کە دژ بە مرۆڤی مێ دەکرێ و دەبێتە هۆی ئازار و زیان گەیاندن بە لەش و جێستەی یان بە هۆش و دەروونی، واتە لە ڕووی فیزیکی یاخود سایکۆلۆجی، دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان لە پێشوودا بە ئاستی جیاجیا بووني هەبووە و تا ئێستاش هەیە، سەرڕای ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە دەخرێنەگەر لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بنبڕکردنی بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە.

ئەگەر سەرنجبدەین دەبینین کە یاسا کارپێکراوەکان و هەموار کردنی چەندین دەقی یاسایی و دانانی یاسای نوێ وەك "یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە"٨" ساڵی ٢٠١١" کە لە جیهاندا تەنها (١٢٥) وڵات ئەم یاسایەیان هەیە و توندوتیژیان دژی ئافرەت بە تاوان ناساندووە ، لەدانی تاکەکانی خێزان و منداڵان بە هەر بیانووەك، ڕێگە پێدراو نییە و تاوانە. ئافرەتیش ئەندامێکی خێزانە و ناکرێت بە هیچ بیانووەك پیاوەکەی لێی بدات و جێستەیی و دەروونی ئازاری بدات. . لە لایەکی دیکەوە پێشکەوتنەکانی ئافرەت لە سەرجەم بوارەکانی دیکەدا و بەشداریان لە فەزای گشتیدا کە پێشکەوتنی لە سیمای گشتی کۆمەڵگەدا دروستکردووە کە ناتوانرێ نادیدە بگیرێن.

لەهەرێمی کوردستان بەداخەوە ڕەگەزی نێر هەر لە سەرەتاوە هزر و دیدوبۆچوونی دەئاخنرێت بە چەندین بیرکەی هەڵە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی مێ و، نەگونجان لەگەڵی و، بە شێوەیەك ڕادەهێنرێت کە ئەو باڵا دەستە و بۆچوونەکانی ڕاست و دروستە و لە کاتی ناکۆکیدا حەق بەمە و پێویستە ڕەگەزی مێ گوێڕایەڵی بەرامبەر خواست و ویستەکانی بنوێنێت. لە بەرامبەردا، ڕەگەزی مێ لە سەرەتای پەروەردە کردنیەوە بە جۆرێك پەروەردە دەکرێت کە پاشکۆی ڕەگەزی نێرە، بەم شێوەیە ڕەگەزی نێر خۆی بە باڵا دەست دەزانێ و ڕەگەزی مێ بە لاواز، کە ئەمەش پەیڕەوکەی نادروستە لە پرسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و مەعریفیی مرۆڤدا، ئەم جۆرە پەروەردەیە ڕەگەی کۆمەڵایەتی هەردوو ڕەگەز دیاریدەکات لە خێزانەوە تا ناوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ لە بەرژەوەندی پیاودا،

دواجاریش بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئافرەت دەکەونە ژێر هەژموونی پیاو .

لەئەمەدا سەرباری ئەو هەموو پێشکەوتنانە، نەتوانراوە دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان دەستی بەسەردا بگیرێ و، هەندێك جاریش ئامارەکان لە بەرزبوونەوەدان، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە ڕەگی لە نەو ستراکتەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا هەیە و، هەقوڵاوی بەشێك لەو کەلتوورە دواکەوتووەیە کە لە کەلتووری نەتەوەکانی دەوروبەر و بەشێك لە کەلتووری بەدەستهاتووی بەناو دابونەریتی کوردەواری خەمان، کە تێکەڵکراوە بە دەقە ئاینییەکان، کە دەڵێین بەشێك لە کەلتووری بەدەستهاتووی بەناو دابونەریتی کوردەواریی خەمان، مەبەستمە بڵێم کەلتووری ئێمە لە بنەڕەتدا کەلتوورێکی دژە ئافرەت نییە و، توندوتیژیش دژی ئافرەت کەلتووری ئێمە نییە، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە بە درێژایی مێژوو داگیرکراوە و، ڕووبەڕووی پرسیەکی بەردەوامی توندوتیژی بەتەوە، ئەمەش وایکردووە پەروەردەی کۆمەڵایەتی پەروەردەیەکی توندوتیژ و، ناهاوسەنگ بێت بە شێوەیەك کە لەگەڵ یەکەم چرکەساتی لەدایکبوونی مرۆڤی مەینەت ڕەنگی داوەتەوە .

لەهەرێمی کوردستان سزای لەسێدارەدانی ئافرەت بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خەزانی هەرچەندە بەپێی ماددەی حەوتەم، لەسێدارەدانی ئافرەت و جێبەجێکردنی دیکەی توندوتیژی، بە ماوەیەك سزای بەندکردن دەیگرێتەوە کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنەك کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بە یەکەك لەو دوو سزایە .

بە نەهێشتنی یاخود کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت دەبێت سەرەتا ئەوەمان لە پێش چاوبێت کە ئێمە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە دروستکردنی گۆڕانکاری هەیە لە شێوازی هەزر و جۆری بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا، گرینی ئەقڵیەتیش پرسیەکی دراماتیکی نییە و خەڕا نایەتە کایەوە، بەڵکو پێویستی بە کاری هەمەلایەنە و بەردەوام و ستراتیژی دوورمەودا هەیە لەلایەن هەموو ناوەندەکانەوە وەك "خەزان، ناوەندەکانی خوێندن، ڕاگەیاندن، دەزگا فەرمی و نافەرمیەکان، ڕێکخراو و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان" بە تایبەت لە لایەن ئێمەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان پێویستە کار بکەین بە هەشیار کردنەوەی ڕای گشتی و لاواز کردنی ئەو نەریت و نەرمە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕوایەتی بەم دیاردەیە دەدەن و، لە لایەن

بەشێك لە تاكەكانەوە پەیرەوی لێدەكرێت هەوە بدرێت تاكەكان هۆشیار بكرێنەوە لەوەی كە ئەم رێسا كۆمەڵایەتی و داب و نەریتانە مایەی شانازی نین و، دووڕن لەهەر بۆهایەكی مرۆڤایەتی، ئەم دوو مرۆڤش ئافرێت و پیاو جگە لە چەمكی مرۆڤ بوون ناكرێت هیچ چەمكێكی دیكە بكرێتە بنەما بۆ پێوەندیەكانیان، خەزان لە پەروەردە و پێگەیاندندا پرەنسیپەكانی یەكسانی پەیرەو بكات و مافەكانی كچ و كوڕ وەك یەك و بەبێ جیاكاری بپارێزێت.

شوانە حەسەن ئەبوبەكر

خۆ و ئایینی خۆ.. ئاراس سەعید

تەوتەمیزم وەكو یەكەمین ئایینی هەرە سەرەتایییەكان

"تەوتەمیەت" یەكەمین سیستمی ئایینی دادەنرێت لە مێژووی هزری مرۆڤدا، تەوتەمیزم سیستمێكی ئایینی و خۆایەتیە، واتا: ئایینی گروپێكە كە كۆمەڵگایی سەرەتایی ژیانی ئایینی و دونیایی خۆیان لەسەر دەكخستووە.
خۆ دامەزراوەیەكی لە خەزان گەورەتر و پێكهاتەیەكی خێجیە ناوچەییە، كە ئەندامەكانی پێوەندی خوێن و هاوسەرێتی وابەستەی كردوون.
ئەنترۆپۆلۆژیستەكان، هەكاری پەرەستنی تەوتەم دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی، كە مرۆڤی سەرەتایی بەشەوەی گروپ گروپ و خۆ لەناو جەنگەڵەكاندا ژیاون، بەهۆی ترسیان لە ئاژەڵ و هۆك و كارەساتی سروشتی هەریەك لەو شتانەی لەبەرامبەردا هەستیان بەمەترسی كردووە وەكو خودایی گروپەكە دەستنیشان كراوە، بەناو بەشەوەیەكی گشتی ئاژەڵ و هۆك بەتەوتەم گیراوە. (ئاشكرایە، مرۆڤ بەهۆی توانای زاڵبوونی بەسەر سروشتدا، سەرچاوەكانی ئەو هۆداوانەی بەتە هۆی مایەی مەترسی دەڕاوەكی مرۆڤ، پەرستوونی)
تەوتەم لەووی ئایینیەوە بەپارێزگار و هێزی بەخشی خۆ لەقەڵەم دەدرێت.

لەووی کۆمەڵایەتیەوە بە پشتی یەکەمین هەڵچوونکی خۆی هەژمار دەکرێت، بەم شێوەیە هەر گروپ و خێڵێک هەنگری ناوی تۆتەمەکەیەتی.
خۆی تۆتەمی لەووی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەندی خوێن و دەمارگیری بەیەکەیەکیانەوە دەبەستێت، سمبول ونیشانەیی تایبەتی تۆتەمەکیان لاپیرزێ، واتا: هەرگروپێک ئاڵا و پەیکەر و نیشانەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە گوزارشت لە تۆتەمەکەیان دەکات. خێڵە سەرەتاییەکان لەکاتی سەرکەوتنی جەنگ و زیادبوونی بەربوومدا سروت و ئاهەنگی تایبەتیان هەبووە و هەموو هەزکانی سەرکەوتن دەگێڕنەوە بۆ تۆتەمەکە، کەسی ئازاو بوێر "ماننا" لەتۆتەمەکە وەردەگرێت، "ماننا" بەواتایی: ڕوحی خودایی یان کاریزما، سەرکەوتن و مانەوەیی زۆری لەژیان دەگێڕتەوە بۆ بونی ڕوحی خودایی یان "ماننا" کەتۆتەمەکە پێ بەخشیوە. خێڵە سەرەتاییەکان سروتی ئاینی و مەراسیمیان هەبووە و قوربانی و ئاهەنگیان گێڕاوەو بەدەوری تۆتەمەکەدا سەمایان کردووە.

تۆتەمیزم و کۆمەڵگایی (خودایی) ئایینی:
لەکۆمەڵگایی سەرەتاییکاندا تاک وەکو: ئێوەکی تونراو لەناو "ئێوانی" گروپەکەیی ژیانی کردووە.
واتا: نامبوونی تاک و تواندنەوەی من لەناو ئێوانی تردا، بە وەرگرتنەوەی شوناس و ئینتمایەک لە ئایین و خێڵەکیەوە.
تاک لەکۆمەڵگایی سەرەتایی و خێڵەکیەکاندا وابەستەیی ئیتکی گشتیە، واتا مامەڵەیی تاک لەنوگروپدا دەبێتە کەسکی سەربەوان وابەستەیی ئیتیک و ئاینی گشتی دەبێت، ئەو خێڵە دەگۆڕێت، کە کۆمەڵگا بەسەری سەپاندووە،و بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکات کە ئێوانی تر لێی ڕازیبن.
ژیان لە خێڵی تۆتەمیزمدا بەشێوەیکی گۆڵەیی دەبێت، هەموان یەک خودا دەپەرستن و هیچ بیروباوەڕێکی پێچەوانە بوونی نیە، یان لەگەڵ (ئەمیت یان دوژمنمانی.)
تۆتەمیەت لەکلتوری کوردیدا
بەشێوەیکی ڕۆژهەڵاتی گروپی تۆتەم پەرست لەفەرەمی جیاواز و فەرەمی نوێدا لەکلتوری ئەمڕدا تۆتەم پەرست دەبینرێت.
خێڵە کوردیەکان دامەزراوەیکی لەکاڵی و خڕی بچوکن، کە تاک تێدا تواوەتەوە و ئینتما و شوناسی لەوەر دەگرێتەوە. ستراکتەر و ژیرخانی کلتووری و سیاسی ئەبکتیڤی ئاقیەتێتکی خڕی بچوکە، بەرهەمی دیوەخان و تەکیە و خەیاڵ و خەیاڵدانی خێڵە، کە سوبکتی کاریگەرن لە بەرهەمهێناوی سەرخانی سیاسی و کلتوور و ئیتیکی کۆمەڵی. "ئەبوبەکر حەسەن" بەم شێوەیە دەربارەی خێڵە دواوە:"خێڵ

بوونەکە لە خۆن و هاوسەرگیریدا، بوونەکی پێش نەتەوەو پێش دەوڵەتییە، بوون و جوگرافیا و ڕوحەکی پێش نەتەوەو سەر بە ناسنامەو حیکایەت و گێڕانەوەی لەکاین لەناو و پشت پێوەندی خزمخواهیدا" بەشێوەیەکی هێژایی گروپ و خێڵی تەوتەم پەرست د لەفەمی جیاواز و فەمی نوێدا لەکلتوری ئەمەدا دەبینرێت. دامەزراوە سەرخانی سیاسی لەسەر بنەمای بوونیادەکی خەمالی و خەجێی و ئەقڵیەتەکی خێڵکی دامەزراوە.

کاتێک دەوڵەت، حیزب، خێڵ، کەسانێک ژێدەرو ئینتماو باوەیی پاوانکراوی ئەوانبەت، بەرژەوەندی حیزب و نەتەوە و خێڵ تاکە پێوەری بەهاداری کەسانێک بێت بە هەڵسەنگاندنی حەقیقەت، ئاڵا و سەرێک خێڵ و سمبولەکانی، گروپێک لەوانگەیانەوە بەپیرەز بزانرێت، وەها کەسانێک خاوەنی ئایینی تەوتەمیزمن و تەوتەم دەپەرستن.

بە درکردنی ئەم خاڵە دەبینین بەچی شێوەیەک سیستمی حیزب و خێڵکانی هەرەمی کوردستان هەزاران مرۆڤ دەکەنە ژێر کەنتڕۆڵی خەیانەوە و ناچاریان دەکەن بەقوربانیکردنی هەستی کەمالی مرۆڤانەیی خەیان لەسەر بنەمایی؛ خێڵی من، حیزبی من، چ لەسەرحەق، دووبارە تواندنەوەو نامەکردنی تاک و بچوکردنەوە و سنوردارکردنی تێفرکرین و تێڕامان بە ئاستی خەجێی و ناوچەیی، هاوشێوەیی خێڵی تەوتەمیزم، تاک لە جوهەری خێی نامە دەبەت، هێفتار و هەڵسوکەوتی تاک بەپێڕسیەکی خودی ئەکتیڤدا ناوات، بەکو تاکەکی پاسیڤ و کارلێکراو و ئیزدواجی و دووفاقی بەمەبەستی ڕازی کردنی ئەوانی دی هەڵسوکەوت ئەنجام دەدات.

دەبینین هەمان شێواز و لەژیکی تەوتەویزم لەکلتوری ئەمەدا بوونی هەیە، یان لەگەڵ خێڵی ئەمەی یان لەگەڵ حیزبی ئەمەیت، یان دوژمنمانی.

سەرکەوتنەکانی گروپ دەگێڕینەوە بە "مانا" سەرکردە دەبەتە "کارەزما".

دەبینین چۆن لەیادی حیزب و لەدایک بوونی سەرکردەو ڤستیڤاڵەکاندا وەکو بوکەڵە بەدەوری ئاڵایەکدا سەمادەکەن.

کوشتن و دوژمنایەتی گروپێ جیاوازەکان، لەژێر ئینتمایی هێگەز و بیروڕایی جیاواز و شێوەڵە ئاکاریی خێڵی تەوتەمیزمە، کە سیستمی کەمەڵایەتی حیزب و خێڵکوردیەکان بەشێوەیەکی کوشندە کەمەڵگایی کوردیان بەرەو داڕزان و داماننکی گەورەیی ئەخلاقی بردووە.

"سیگمەند فرێید" لە بە چونەکانی خەیی بەرامبەر وابستەیی خوێن و دەمارگیری و خزمایەتی لەگروپی تەوتەمیزمدا، دەڵێت؛ "شتێک نامەنتەوە بەناویی هەستی خەشویستی بەمرۆڤایەتی، جگە لەخەشویستیەکی ئاژەڵی لەتەوەلەیەکی خزمایەتی و لەشەوازی

گروپدا". وابستەیی کۆمەڵایەتی لەنێو گروپەکانی خۆت، حیزب، نەتەوە، بناغەیی داکوتینی هزری فاشیزم و ناسیونالیزم. مرۆڤ لەناو گروپەکەی خۆیدا، تەنها خۆشویستی بەکەسانی هەمان جۆر و ڕەگەزی خۆی هەیە هەمیشە لەژێر کاریگەری کەستی و چینایەتی و لەوانگەی سەز و عەتفەوە خوێندنەوە بۆ بۆها گشتیەکان دەکات. واتا؛ لەدیدی خۆی و گروپەکەیی خۆیەوە کە وابستەیی ئیتنیکی دەستە جەمعیە، هەموو کلتور و نەریتەجوانەکان نەفی دەکاتەوە. لەدیدی خۆیەوە بۆهاواستەقینەکان بەدرێ دەخاتەوە ئەمش چشنکە لەدگمایی و شکستی مۆرال و هەنگاونانە بەرەو فاشیزم، کە مرۆڤ جۆرەکەیی خۆی وەکو باڵاترین و کامڵترین بونەوەری سەرزەویی پێناسەدەکات.

بەسود وەرگرتن لەم سەرچاوانەی خوارەوە

سیجموند فرید: الطوطم الحرام

ئەبوبەکر حەسەن: ڕەخنە لە عەقڵی سیاسی کوردی

خەیاڵدان و قەڵەمڕەوی خۆ

عەلی وەردی: لەکەینەوەیەک لە سیسەلۆژیای مەعریفە. و: د.نەوزاد ئەحمەد

erich from:psychoanalysis and religion

ئای میللەتەکی چەندە سەیرین!.. ستیڤان شەمزینی

*سەرهەنگ (موعەمەر قەزافی) لە هەندە وڵاتدا دەڵێت: کوردەکان مافی دەوڵەتیان هەیە، بەبێ ئەوەی بە کردەوە هیچ نیشان بدات، لە دەسپێکدا کتێبێ بە سەرو بڕوکەیمان کرد بە کوردیی (کتێبی سەوز)، گەڕپانەکی گەورەش لە شارەکماندا (سلێمانی) ناو دەنێین (گەڕپانی برای سەرکردە موعەمەر قەزافی)، هەندێک کوردی بە ئاوەزیش دەمێک دەیکەنە سوارچاکی هەزی هەموەند و دەمکی تر پیاوماقوولی جافی میکایەلی. کەچی تاکە گەنجێکی بیست سانی شاری سلێمانی نیە ژنەڕاە شەریف پاشای کوردی شارەکەی خۆی بناسێ!، چون ناوی ئەم زاتە و بنەماڵەکەی (خەندان) لە کولەکەی تەیشدا نیە،

کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیش لەبەر بەرنامەی بێ لەزەت ماوەیان نییە بە یادکردنەوەی ئەم سەرکردە و دیپلۆماتکارە گەورەیەی کورد.

*خەڵکانێکی خەڵفاو هاتوون بۆشان و شکۆی (مەجەرسەن)دا هەڵدەدەن و پێیانوایە سەن بە خاتری کوردستی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) دەرکردووە، هەندێکی تر دەڵێن پایەدار (مەجەر نۆئێل) خەمخۆری کوردان بووە، بەعزێکی تر (ئەدمۆنز) لە قازی محەمەد بە کوردپەروەرتر دادەنێن. ئاخر ئەمانە کە ئەفسەری داگیرکەری بەریتانیی بووبن ئیدی هەر کارەکیان کردبێ لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد نەبووە، بەڵکو بە خەڵکردنە چاو بووە. مادام سەن و نوئێل و سەر کەکس بە کورد و مامۆستای کوردایەتی دەرچوون، دوور نییە دوای سەدیەکی تر نەوەکانمان پێیکەر بە عەلی کیمیای و کاکل ئاغا و نزار خەزرەجی و عەبدوڵا عەباس دروست نەکەن.
*هەندێک گومایان دەڵێن شێخ مەحمودی حەفید لە کاتی تەوقەکردن لەگەڵ ئەفسەرێ ئینگلیزەکاندا فەقیانەکەی لە دەستییەوە ئاڵاندووە تا گیاو نەبێ، چوونکە ئەوان کریستیان بوون. من پێم لە پاسکدا گوم لەم قسەیە بوو کە پێموایە زۆر دەمکە باوی نەماوە، بەڵام سەیر لەوەدا بوو برادەرێکی نووسەر دوای نۆشینی نیو قاپ شەراب هەمان شتی وت، ئێستا کاتی خۆیەتی بپرسین ئەگەر شێخی نەمر ئینگلیزی ئەهلی کیتابی بێ گیاو لە قەڵەم دابێت، ئەی چیداوە لەوەی نامە بە شووڕەوی بێ ئاین و (لینین)ی کەمۆنیست بنووسێ؟ ئایا ئەو هەڤاڵانە ناوی تەواوەتی سەرجەم شالیارەکانی دەوڵەتەکەی شێخ دەزانن؟ ئەگەر بیزانن یان نا کێشە نییە، بەڵام با تۆزێک خۆیان ماندوو بکەن و شتێک لە بارەی وەزیری خارجە و دارایی زانیاریی پەیدا بکەن و بزانن کە بوو؟ کەریمی عەلەکەی کریستیانی خەڵکی سلێمانی بوو. ئایا دەکرێ شێخ لەلایەک مەسیحی بێ گیاو بزانێت و لەلایەکی تر مەسیحی بکاتە وەزیری خۆی؟ ئەمە ئەگەر عەقڵی سەیری کوردیی نەبێ کە سەر لەم گۆڕانە دەردەکات؟.

*جاران و ئێستاشی لەسەر بێت هەندێ حزب، یەکێک بە بیانووی چەپ و پێشکەوتووخوازیی و ئۆیتریان بە پاساوی مرۆڤدۆستی و ئاینیی، لە خاڵێ هەرە سەرەتاییەکانی پەیڕەو و پڕۆگرامی پارتەکانیاندا دەیانووسی: بڕێ بە دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین، نا بە داگیرکەری سهیۆنی و ئیمپریالیزم!. کەچی هەر دەگەڵانەوە بە وەاتەکەی خۆیان داوای ئەتۆنۆمییان دەکرد، سەیری ئەم قومساخییە تۆ ئازادیی بە خێت ڕەوا نابینی کەچی بە خەڵکی تری داوا بکەیت! دەی تو خوا ئەمەش سەیرییەکی تری میللەتی ئەمە نییە؟. بەیە زەر جار ئەم رستەیەی خەم

دووبارە دەکەموە: کورد پێویستی بە دەوڵەت نییە!!، ئاخر کورد خۆی پێ بچووکە بیکە بە خاوەنی ئیمپراتۆریایەکی مەزنی وەک ئەو ئیمپراتۆریایانەی مێژوو ناتوانێت لە یادیان بکات، دەیکاتە قوربانی خەونی بچووکی خۆی، خەونێک قاچێکی لە ناو گڕی دڕوونیی و خۆ بەکەمزانین و قاچێکی تری لە زەلکاوی خیانەتدانە قەزەمەکەی ناوچەگۆڕیدایە.

*جەواهیری لە شیعرەکیدا دەڵێت: دەم بە کوردستان ... لەسەر کاوەکەشی نوسیبوو کوردستان. بەبۆای من ئەمە هەڵوەستەکی جوامێرانەی ئەو شاعیرە بوو، بەیە نەنگی نییە ئەگەر ئەمەش ئەومان خۆش بوو، هەنووکە لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر دوو پەیکەری برۆنزی بە حیمایەوە بە دانراوە، سەیر بکە کەم چیرەکنووس و شاعیری نەوەی پێشوو هەیە، شیعرێک یان چیرەکێکیان بە فەلەستین نەنووسیبێ و پشکدار نەبووبن لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی مقاوەمەدا. ئەم نووسەرانەی ئەمە نێک لە فەلەستین پەیکەریان بە دروست نەکراوە، بەڵکو عەرەب هەر بڕیشی نەهاتووە بڕەمەکانیان بە سەر زمانی عەرەبی وەربگێڕێ، هەشتاش ئەمە خەمان بە قەرزاری عەرەب و هەوەستی هەندێک لە ڕەشنبیرەکانیان دەزانین. ناهەقمە ئەگەر ڕووی دەمم بکەمە هەموو کوردێک و بڵێم ئایا بە ڕاستی ئەمە میللەتێکی سەیر نین؟.

*سەرەتای شەستەکان و شەشی ئەیلول، ژنەڕاە مستەفا بارزانی کاتێک بەیاری دا ئاگربەست ڕابگەیەنێت بە دانوستان لەگەڵ ڕژەمی ئەوکاتی عەراق، باڵی مەکتەبی سیاسیی (جەلالی) کردیانە دەنگ دەنگ و هاتوهاوار لێی، گوایە ئەمە پلانی ژێر بە ژێری زایەنیزمە و مەلا مستەفا کوردی فرۆشتووە بە سەو و پرتەقاڵ. کەچی ماوەیەکی زۆری نەبرد، خەیان بوونە جاشی هەمان ئەو ڕژەمە و بە چەک و تانک و تۆپی بەعس نیشتمانی خەیان کردە سوتماک، شاخ و چەم و دەڵی کوردستانیان وەک دەندوکی کەو سوور دەکردەوە، هەشتا پەیان عەیب نەبوو. زۆر جاریش گوێم لەوە دەبێت، دەڵێن نابە بوترێ جەلالی یان باڵی مەکتەب سیاسیی دەبە بوترێ باڵی مەدرنی دژ بە باڵی پارێزگار. ئای میللەتێکی چەندە سەیرین، بە تەپڵبوونی مێژوو خیانەتکان نێک هەر کاە دەبنەوە، بەڵکو دەگەڵێن بە خزمەت و وەاتپارێزیی، لەوانەیە سەدەیەکی تر شێخ چەپی و تەحسین شاویس و قالە فەرەج و ئەرشەد زەباریش بە خەباتگەڵ لە کتێبی مێژووی خوێندنگاندا ناویان تەمار بکرێت!.

*لاریم لە خەباتی ڕەبەری مەزن مەلا مستەفا بارزانی نییە، کەچی ئەو

سەرەای ئەوەی لە وڵاتەکەی خۆیدا ئەسپەردە کرابوو (شاری شنۆ)، بەڵام سەرکردایەتی پارتی بۆیاری دا تەرمەکەی لە پاڵ تەرمی (ئیدریس بارزانی)دا بگەڕێنێتەوە بۆ زێدی لە دایکبوون (گوندی بارزان). لە کاتی ئەم هاتنەوەیەشدا جەماوەر خرۆشا و بە تاسەوە پێشوازیی لە تەرمەکانیان کرا، بەڵای منداڵ ئەمە شتێکی ئاسایی بوو خۆ ئەگەر تەرمەکەشی لە شنۆ بمایاتەوە هەر ئاسایی بوو، چوونکە شارێکی کوردییە و مەلا مستەفاش بۆ گشتیی شەهیدگەی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بووە، بەشداریییکردنی ئەو لە کەماری دیموکراتی کوردستاندا بۆ ڕەبەریی قازی محەمەد بەڵگەیەکە بۆ ئەو قسەیە. بەڵام ئایا سەرکردایەتی کورد بۆ ئۆقەی بوو ناشکێ چنگ خڕێ و لم لە بیابانەکانی سعودیەوە هەڵبگرێ و ناوی لێبنێ ڕەفاتی پیرۆزی شێخ عوبەیدوڵای نەهری "شەمزینی" و بگەڕێنێتەوە بۆ وڵات و لە یەکێک لە چیاکانی کوردستان وەک هەمایەکی خۆبات دایبنێت؟ ئایا کامیان گرنگە ئێسک و پروسکی سەرکردەیەک لە خاکی عەرەب رزگار بکەین یان تەرمی سەرکردەیەک لە شارەکانەوە بۆ شارێکی دی کوردستان وەگوێزینەوە؟ ئایا ئەمە میللەتێکی سەیرو غەریب نین، ئەوەندە دڵسۆزانی وڵاتەکەماندا؟.

*مام جەلال پیاوێکی سیاسیی و سەرکردەیەکی ناسراوە، کە هەڵیانبژارد بۆ سەرکەماریی عێراق نەک کورد، بەڵکو زۆرێک لە بیانییەکانیش بە لایەقترین و شایستەترین کەسیان زانی بۆ ئەو پۆستە. بەڵام ئەگەر مام جەلال دە ئەوەندەی تر شایستە تر بوایە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە، بە دەنگ و سەنگی میللەتی کورد نەبوایە پێی نەدەخستە کەشکی کەماریيەوە. ساتێک مام جەلال بووە سەرکەمار شایی و لەغانی لە سلێمانییەوە بۆ بنی دنیا درێژ بێیەوە و وەک ڕۆژی 7-3-1991 زەماوەندمان گەڕا، کاتێک کۆنا ئاکۆی عەرەبی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازدا و پێیان وت دەیانەوە وەک کابرایەکی خۆش مەشرەب و نوکتەباز، چەند نوکتەیەکیان بۆ بگێڕێتەوە، کەچی ئەو دە پانزە نوکتەی لەسەر کورد گێڕایەوە و هەموو جارێکیش دەیووت (جاء الکردی...) جا مام جەلال لەو ئاستە بەرزەدا و بە دەنگی کورد چوو بێتە ئەو پلەو پایەیەوە، ئاوها گاڵتە بە گەل و نەتەوەکەی بکات، بۆچی دەبە دوودە بین لەوەی بڵێین ئەمە میللەتێکی سەیرین، هەر ئەم سەیرێتییە وایکردووە لە مێژوودا نەبینە هیچ.

*ڕۆژی 24-12-2006 لە فەستیڤاڵی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی شێخ مەحموددا (د.ئەفراسیاو هەورامی) کۆکی نایابی بەڵگەنامەیی لەسەر پەیوەندیی شێخ مەحمود و تورکەکان و روس پێشکەش کرد بە تایبەتی لە

ڕەی ئەو بەرگەنامانەی لە سەفەت دەستی وی کەوتبوون. د.ئەفراسیاو باسی ئەوەیکرد دروشمی کرێکاران و گەلانی بندەستی دنیا یەکگرنی لینین و یارمەتیدانی گەلانی ژێر دەستی جیهان لەلایەن شورەوی تەنیا قسەی ڕووت بوون و لە بواری کرداریدا خەرێکی بە کورد تیا نەبووە. کەچی خوێنەوارێکی چەپی مارکسی کە بە شەخسیی زەرم خەشدەوە زەر بە تونديی لە جێی خەی بەرزبووەوە و بەدحالیانە وتی: هاوڕێ لینین (وەک ئەوەی نان و پیازی لەگەڵ خواردبێت) قەت پشتی لە چەوساوەکان نەکردووە و شورەوی بە بەرەن نەبووە، بەڵکو هەلومەرجی زاتی و عەینیی لەبار نەبووە تا یارمەتی ڕاستەوخۆی خەباتی گەلی کورد بدەن. بیر دەکەمەوە، ئەم هاوڕێیە نە باڵیزی ڕوسیایە و نە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەڵشەویک و نە نوێنەری (هاوڕێ لینین) یان (هاوڕێ ستالین)!، ئیتر ئەم داکۆکیە کۆرانیە چیە لە سەفەتی گەڵ بە گەڵ؟ لینین زیندوو بکەرەوە دان بەوەدا دەنێ کەمتەرخەم بووە لەو ڕووەوە. کەچی کوردێ کەمانیستەکان هەشتا مکوڕن لەسەر ئەوەی داکۆکی لەو هەڵە و بەباکیە گوریە بکەن سەفەت دژی گەلەکەیان هەیبووە، ئایا لەمشیاندا قسەکەی من ڕاست نەبوو کە دەڵێم ئەمە میللەتێکی سەیرین؟!.

*ئەمەیلەکم بە هاتبوو، لەبەر پاشگری (شەمزینی) دوای ناوەکەم لەبری خەم یەک ملیۆن جنێوی ناشیرینی بە شێخ عوبەیدوڵای نەهری (شەمزینی) دابوو، ئەوی بە خائین و فیودالێکی بە عەقڵ لە قەڵەم دابوو، پەم سەیر نیە کەسێکی ئاسایی بە تاوانی یەک تاکە کەسی شەمزینی هەموو شەمزینییەکان بە تایبەتی ناسراوترینیان دەسوتێنێ، چوونکە تازە بە تازە هەردوو مۆزوونووسە زیتەڵەکەمان (د.کەمال مەزهەر- د.فوئاد حەمە خورشید) دەڵێن: داوای لێبوردن لە هەزی سەربەرزی هەمووەند دەکەین کە بە خائین لە قەڵەممان دابوون!! ئاخ کە بە ئەوەی وتووە بە تاوانێک (موشیری حەمەی سەڵمان) بەر لە هەشتا و ئەوەندە ساڵ کردوویەتی یەک هەزی گەورە تەمەتبار و گوناهبار بکەن بە منداڵی سەر بەشکەشیانەوە؟!. جا ئەگەر مۆزوونووسەکانمان بەم تەسکبینی و بە ئەقڵییەوە مامەڵە لە تەک ڕووداوە مۆزوویەکاندا بکەن و بیری لێبکەنەوە، لەم مەگرن لە جیاتی یەک تاکە جار یەک ملیۆن دەفعە بەم ئای چەندە میللەتێکی سەیر و سەرسوهێنەرین!.

*مۆزوونووسێکی ئەکادیمیی (د.فوئاد حەمە خورشید) لە دەزینەوەیکی نوێدا و لە تاقیگەی مەشکیدا تازە بە تازە بەی دەرکەوتووە (موشیری حەمەی سەڵمان) خائین نەبووە!! بە دەلیلی ئەوەی لە جەنگەکدا بە

باشی ڕەنوێنی هێزەکانی بەریتانیای نەکردووە، بەڵام وەی لێ بیری چووە (موشیر) چاوساغ و جاشی سوپای ئینگلیز بووە و چەتە سەر سنگەرەکانی پێشمەرگەی کورد و دەستی گرتوون بە قوڕایی شاخەکان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆباتگێڕانی کورد. ئەگەر تازەترین دیکۆمێنت و لەکێنەوە ئاوەمان بە بەڵمێنە (موشیر) خائین نییە، کەواتە دەبێ چاوەک بە بیرکاریشدا بخشێنینەوە، چوونکە دەبێ گومان لەوەش بکەین یەک زائید یەک یەکسان بێت بە دوو، دەبێ لەولاشەوە جگەیەک بە شێخ مەحمود بکەینەوە و پێناسەی بکەین چییە؟. ئایا ئەگەر (موشیر) خائین نەبووبێ کەواتە شێخ مەحمود چی بووە؟ بە شک شێخ یان موشیر یەکێکیان خائینن، گەر بە قسەی ئاو دکتۆرە بەڵێز بە شێخ خائینە نەک موشیر!. مادام هێزەکانی نێتوایەتی و وەاتپارێزیی لەگەڵ خیانەت تێکەڵاو بوون و بە ئاستەم دەتوانین لێکیان جودا بکەینەوە، کەواتە ئەمە میللەتێکی لاژک و گەمژەین و ناهەقم مەگرن ئەم کێشەتەش بەڵم ئەمە میللەتێکی زۆر سەیرین!!.

*میللەتی کورد میللەتێکی مەرگدۆستە و تا دوا ئەندازە رقی لە هەموو ژیاندۆستێیەکە، میللەتێکە جەنگی هەرە گەورەی لەگەڵ ژیانە، ئاوە سەیری بکەن ئەم میللەتە بەرگەی سەدان ساڵی شەڕ و کوشتن و ماوەرانیی و خۆنەشتن دەگرێت، بەڵام بەرگەی بینینی دیمەنی ماچێک ناگرێت لە شوێنکی گشتیی یان لەسەر شاشەی تیڤی، ئەگەر مەڕووی سیاسیی کورد تاریکترین لاپەڕە بێت لە شەڕ و جەنگەکانی یەکتر سینەوە، ئاوا مەڕووی کەمایەتیمان پڕیتی لە جەنگانەی جوانی و هونەری ژیاندۆستیی سەرکوت دەکەن، لەم سەنگەوە دەتوانم بڵێم مەڕووی کەمایەتی ئەمە بریتییە لە مەڕووی چەپاندنی سێکسیی و قەمعی جوانی و ئیرەتیک و هەرەس پەهێنانی هەر تامەزرۆیەک بە بیناکردنی ژیان. بۆیە ناهەقم مەگرن وەختێک دەڵێم بە ڕاستی میللەتێکی زۆر سەیرین!.
*سەفەکلیس، وتوویەتی (سەیرکانی دنیا زۆرن، بەڵام لە هەموویان سەیرتر ئادەمیزادە)، بەڵام ئەگەر سەفەکلیس نوکە لە ژیاندا بمایە و لە نزیکەوە و تا سەر مێخ کوردی بناسیبا، ڕستەکەی بەم جۆرە تەواو دەکرد "سەیرکانی دنیا زۆرن، بەڵام لە هەموویان سەیرتر ئادەمیزادە، سەیرترین ئادەمیزادیش مرۆڤی کوردە".

ستیڤان شەمزینی
ستۆکهۆڵم

- وێنەکە وێنەی هێمەتە سەربازەکانی کەمالیستەکانی تورکیایە، بە جینۆسایدکردنی کوردی کوردستانی باکور لە سەرتاکانی

سەدەی بیست.(دەنگەکان)

*لە ژمارە (35)ی رۆژنامەی (نەوەند) لە رۆژی 18-1-2007 بڵاوبووەتەوە. بەهام دوای 14 ساڵ و 4 مانگ ناوەکەی بە ئەمەش دەست دەدات.

لە حاجی مامەند بەرەو قەرەداغ و دەربەندیخان.. ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

هاوڕیانی مەبەندی سلەمانی و کەرکوك لە مانگی نیسانی 1983 ئاگادار کرابوون کە ساردی و گرژی لە نێوان حزب و یەکێتی نیشتمانی کوردستان(ینك) هەیەو، بۆ ئەوەی حزب تووشی شەر نەبێت ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕیان بە تایبەت هاوریانی عەرەب و ئەوانەی پێویستیان بەتیمارکردن هەیەو ناردیان بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوەی وڵات نێردران بۆ سەرکردایەتی حزب لە پشتاشان و ، هاوڕێ برایمی سۆفی مەحمود { بابی تارا} لە گەڵ مەفرزەیەك لە دێی حاجی مامەند رەوانەی ئەحمەدئاوای هەورامان کرابە نیازی دۆزینەوەی شوێنێك بۆ بارەگای مەبەندو لە بەرەبەیانی 30 ی نیسان (ئەپریل) هاوری بەهادین نوری (بابی سەلام) و هێزێکی گەورە بەرەو قەرەداغ کەوتنەڕێ.

لە رۆژی 1 ی ئایاری 1983 لە پشتاشان شەر بوو، ئەمە نەمادەزانی شەرەو مەبەندی یەکی ینك چێ بوو هەموو پێشمەرگەکانیان رەوانەی پشتاشان کرابوون بۆ بەشداری کردن لە کوشتنی شیوعییەکان و ، لە هەمووی سەیرتر بە بۆنەی چەژنی کرێکارانی جیهان شاندێکی مەبەندی یەکی ینك پێکهاتبوو لە کاك سالار عەزیزو یەکێکی تر هاتن بۆ پێشکەشکردنی چەژنە پیرۆزەو و من هاوڕێی کۆچکردوو مەحمود دیکتاریەف پێشوازیمان لێکردن و، لە 2 ی ئایار هەرچی هێزامان هەبوو بە فەرماندەیی هاوڕێ مەلا عەلی بەرەو قەرەداغ کەوتینەڕێ ، واتە مەبەندی سلەمانی و کەرکوك لە حاجی مامەند نەماو چێکرا. لە دێهاتی کەماڵان و دەروەن فەقەرەو ئەو ناوچانەی بووین رادیکەی

ینك مزگێنی و مژدەی سەرکەوتنی قەسابخانەکەی پشتاشانی بۆ
دەکردەوەو نەوشیروان مستەفا کەسی دووەمی ناو یەکێتی بە شانازی و
لووتبەرزییەوە ئەیقیژاندو دەیوت "" تەحریفییەکانمان"" مەبەستی
شیوعییەکان بوو کوشت و کەمیان ماوە پەروباڵیان دەکەین و لەناویان
دەبەن و، حزب زۆر جار تووشی وشەی لە ناویان دەبەن بووەتەوەو
درندەترینیان شاوەکەی حزبی بەعسی عەرەبی ساڵانی حەفتاکانی
سەدەی رابردوو بوو، هیرشە چەپەکەی پشتاشان کە پێشتر لەلایەن
سەرکردایەتی ینك پەلانی بۆ دارێژرابوو بووە هۆی شەهیدکردنی
ژمارەیەکی زۆر لە کادیرو پێشمەرگەکانی حزب بەئام بە کۆرایی چاوی
دوژمنان لە هەموو ئەو جارەشاوانە شیوعییەکان سەربەرزو روو
سووربوون و دوژمنان سەرنەویی وسەرشۆرو دڕاوو روو زەرد بوون.

لە ڕێگادا بەرەو قەرەداغ لە 2/5/1983 چەکدارێکی (ینك) مان
بەناوی رەحیم گرت و لە پاش چەند کاتژمێرێك ئەو کادیرەمان بەرەڵا
کردو، نەمانزانی چەکدارەکانی ینك لە دێی مەسێیی قەرەداغ
ترسنۆکانە بۆسەیان بۆ هاورێیانمان داناوە ، بەڵێ ، لە 2/5/1983
لە دێی مەسێیی قەرەداغ چەکدارەکانی مەبەندی یەکی ینك کەمینکیان
بۆ مەفرەزەیەکی 7 کەسی لە هاورێیانمان داناو ئەم دوو قارەمانە :
کادیری پێشکەوتوو نەجیب شیخ محەمەد قادر { گۆران} و کامیل ئەحمەد
سەمینی کانی ساردی شەهید بوون و، ئەم تۆکۆشەرانە : کامەران عەلی
عەبدولقادر{ کامەرانی عەلە ڕەش} و سالەحی مینەی گەوهەرو ڕەووف
حاجی محەمەد کاکەوڵا گوڵانی { جەوهەر} بریندار کران و هەردوو
پێشمەرگەی ئازا حەمە سەعیدو ئیسماعیل بەدیل گیران.

هێزەکانی حزب لە قەرەداغ بڕاوەیان پێکرا لە دڵهاتی : ئەستێ و
کەشك و تەکییەو سۆسنان و، من لە گەڵ هاورێی چاونەترس و ئازا
تەوفیق فەتحوڵلاو ژمارەیەك پێشمەرگەی دڵسۆز لە ئەستێ
ماینەوەو،واتا ئێمە لە هێڵی پێشەوە بووین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی
دوژمنان و لەو کاتانەدا ژمارەیەك چەکداری ینك ویستیان دەست
بوەشێنن و لە یەکەمێن هاواری هاورێ تۆکۆشەر تەوفیق رایانکردو تا
نزیك دێی چەمی سمێر بەدوایان بوو بە زۆر وبە هاوارکردن هاورێ
تەوفیق گەرایەوەو بێ لامان و ئەوەی سەیرەو جێی ئاماژەیە لەو بارە
دژوارەدا دوو پێشمەرگەمان لە بن دار برویەك خەوتبوون و
چەکەکانیان کردبوو بە چێکی دارەکە و من هاوریێیەك بە ئیسپایی
چەکەکانمان هەڵگرت و دوورمان خستنەوەو لە دووری نزیکەی50 مەتر
دوو سێ فیشەکمان تەقاندو هەردوو پێشمەرگەکە بە ئاگا بوون و هاتن
و داوای چەکەکانیان دەکردو ئێمەش وتمان ملی ئەم ڕێگایە بگرن بڕۆن

بۆ دۆی تەکییە و ئەبو سەلام لەوێیە و چەکەکانتان لەوی وەرگرنەوەو ویستیان دەمە دەمە بکەن بەڕام وتمان ئەوە لەلایەن ئەمەوە دەرکراون و تا زووە بچن وفڕ بن ئەگەر جارێکی تر خەوتن با چەکەکانتان لە ژێر سەرتان بێت.

هێزەکانمان لە گەڕ هێزی حزب لە قەرەداغ و گەرمیان یەکیان گرتەوەو ، بەسەر دێهاتی دێوانەو باوەخۆشێن و ئیمام قادر بێاوبوونەوەو، ڕێکخراوەکانی حزب لە دەربەندیخان و دیهاتی دەورو پشت خواردن و پێداویستییەکانیان گەیاندە پێشمەرگەکان.
بۆ ئەوارەکەی لە سەر شاخ لە نزیك ئیمام قادر چەکدارەکانی ینك کەوتنە تەقەکردن لە هاورێیانمان کە لە سەر شاخ بوون و لە پاش چەند سەعاتێك تەقەکردن لە نێوان هاورێیان و چەکدارەکانی ینك هەڕهاتن وشاخەکەیان بەجێهێشت و چوون و، لەو ڕۆژانەدا لە باوەخۆشێن براژنم خانزادو بەشێك لە خزمان لە دەربەندیخانەوە بە کەباب و گۆشت وچێشتی گەرمەوە هاتن بۆ دیدەنیم.

لە 10 ئایاری 1983 لە دۆی دێوانە ڕێککەوتنامەیەك لە نێوان حزبی شیوعی عێراق بە نوێنەرایەتی هاوڕییان : مەلا عەلی و نەسرەدین وشیخ سعید و یەکێتی بە نوێنەرایەتی : حەمەی فەرەج، ماموستا ئەنوەرو مەلا ئیبراهیم واژوو کراو سەرجەم هاورێیان 6 ، 7 کەس نەبێت هەر هەموو دژی ڕێککەوتنەکەی ابو سلام و ملا بەختیار بوون و هەندی لە هاوڕییان ئەوەندە بیزار بوون ودەیانوت ئەبو سەلام دەکوژین وئەبو سەلام ناچارکرا پاشگەز بێتەوە لەو ڕێککەوتنامە پر شەرمەزارییە و ئەم خالەش بووە هۆی سرکردنی و پاشان دەرکردنی لە حزب.

بریاردرا هێزەکانی حزب بەرەو شارەزور بروات و دیارە ئاسان نییە هێزێکی گەورە لەناو دوو دوژمندا و پەرینەوەی لە جادەی نێوان دەربەندیخان و سلێمانی گوزەر بکات بەڕام بە سەلامەتی هێزەکانی حزب پەرینەوەو کە چووینە عازەبان و ئەحمەدبرنەو ئالان و حاسێ و قەوزەو کانی بەردینەو دیهاتی شارەزور چەکدارەکانی یەکێتی بە نیازی دەستوەشاند بوون و چەندین جار هەوڵیانداو زەرەریانکردو و ژمارەیەك بەدیل گیران و یەکێك لەو چەکدارانەڕ لە دۆی سواری بە بریندداری گیراو بردمانە دۆی تەپەکەل و بە ڕێزەوە لەلایەن پزیشکەکانی حزب تیمارکراو ڕۆژیك دواتر بەخەکی دکە رەوانەی لای هێزەکانی ینك کرا.

هێزەکانی بەرەی جود لە شارەزور یەکیانگرتەوەو بریتی بوون لە : حزبی شیوعی عێراق ، پارتی دیموکراتی کوردستان ، حزبی سۆشیالیستی

کوردستان و پاسك و . هپزەکانی حزب لە شارەزور گەورەترین هێز بوو بۆاو بوونەوە بە سەر دەهاتی ناوچەکەو تووشی شەری قورس بوونەوە لە گەڵ سوپای حزبی بەعس و دیکتاتور سەدام حوسەین و جاش و. لە شەری ئەحمەد برندە هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە شەر بوو. دوو هاورێ بە سوکی بریندار بوون بەڵام لە داستانەکەی سوڵەمیشدا لە 25/9/1983 دوو هاوری: یاسین حاجی قادرو جەلال وێندەرێنەیی لە حزبی شیوعی عێراق و قارەمان شیخ جەمال لە حزبی سوشیالیستی کوردستان شەهیدبوون و سێ هاوریمان بەدیلی کەوتنە دەستی دوژمن و ئەوانیش : محەمەد فەرەج { غەمبار} ، ئاراس ئەکرەم { ساماڵ} و کازم وروار { یوسف عەرەب} و، لە 27/9/1983 دەسەاتی فاشیستی بەغدالە ڕی چلکاوخۆروجاش رەشەی ساڵحە لە سەر ڕگای هەڵەبجە ـــ سید سادق گوللەباران کران و. لەو کاتانەدا یەکێتی لە گفتوگۆیەکی گەرم بوو لە گەڵ رژێمی بەعسداو هێزەکانی چەندین جار هێرشیان کردە سەر هێزەکانی حزب بەڵام شکستیان هێنا..

هیزەکانی بەرەی جود کەمیان کردو ئەندامەکانیان رەوانەی بارەگاکان دەکران و لەبەر نزیکی شارەزور لە سەربازگەکانی دوژمن حزب هەستی بە بارگرانیکردو بۆاوەی بە هێزەکانی کردو ژمارەیەکی باشی بۆ ناوچەی شەمێران ناردو لە مانگی تشرینی یەکەم { ئەکتەبەر} هەرچی هێز هەیە لە شارەزور کشایەوە بەرەو شاخی سورێن ـ بانی شارو ئەحمەدئاواو کەرەجاڵ.

28/6/2021

شیعر/ وەهم.. سەردار جاف

با هەر وابێ ستەی ئەوین
وشێ ڕاستگۆکان بکوژێ
بازاڕی میکاب و ڕەعنا
لێ ئێندێشێ بێ با بکرێ
ئەو دەمانێ
من و ژوان ….
درێ و وەهم

هەموو لە ئاستە جیی یەکین
بە سەر چوار پەنجەی مەمکەوە
لەو دیو سنووریش خەوکان
بە ئازاری دوو گیانەوەن
بە ناشتنی تەرمی یەقین

****

من لە خەرابات حاەم
مەیگەی مەیخانەم و
تەوافی مەستی گرتوومی
شوریە پاکیزەیی
بە کوژگە بسپەردرە
کچی دەماکی جژن
خون و حزی جەنگکانمە
فریوت دام
لە درزی نیگای کاوتدا
لە پیاسەی گواپرژن
کیف و بزمم بە نو ئایەیت تەی دکا
خەت دزانی
وە و گژم بە نو پەیمانە دریادا
نها لوتفە ، بزە و خندە و ئاوەکت
هەتوانی ئافاتی گیانمە

****

ئەی خودایە
پەرشانی وەرانە جم
خیاە لەو دیو وەنای پرچی خاو ونبووە
دەقانە
لە قوپی سز و ژانەوە
لە خەرندا هەدەراوم
هەناوی تاڤگەی گروورود
ئسک و پروسک تک دشکنە
پەیمانە جژ
لە خی قەای شارەوە
ووە و شخا و سیروان و باتە هەنگاوی خەی دنە
دنکە تسبیحی بوەری پخش دکا

چاو و ئەوکی هەنسکباوی
دەبارێنە لەزمەی بە خوێ سوڕاو ئێشکە

****

هەموو ڕۆژێ
خەر لە زرێبار هەڵدەکشێ
هەر بە دەستنوێژی ئیشقەوە
ماڵئاوایی لە ئاو دەکا
دەبێتە تریفەی مانگ و
گوڵە گەنم سەو دەگرێت و
هاوتای ڕوحی پاکانەییم دەیسازێنێ
ئاونگی دەمێ و سپێدە
گەرمی هەناسەی لە دەتکێ
شەرم دەیخوا
بە نەو جۆباری ئاوینما نەخۆ دەکا
لە دوا ساتا
گەردانەی گەردنی ڕەونەق
بسکی سەوی تەکچەژاو
سەمای نیگام دەسمێنێ

****

وا مەیخانەی خانەی دەمێ
ئەی شەرابی هەناری حەزی بەد ڕەفتار
پێنج فەرزەی ئیشق تەبەت دەکەم
چارەم چییە ئەی کردگار
لەبزی سوبحی تەیە گومم
ئەی دار سەوی تەز و غوبار
بە سەر لەوم ماچی لەوت هەڵبنیشێ
قەت ئیتر من نابمە دەروێش
بە زیکر و حاڵی تەبەکار

Bad Camberg
٢٠٢١ . ٠٦ . ٢٨

مامۆی چیرۆکفرۆش ..
نووسینی: رۆزا شوان

مام فەرهاد لە گوندێکی گەورەی کوردستاندا، لەگەڵ خێزانەکەیدا بە خۆشی دەژیان. پیاوێکی چیرۆکخوانی روخۆش و قسەخۆش بوو. هەمووان خۆشیان دەویست. تا رادەیەکیش دەیتوانی بە کوردی بخوێنێتەوە و بنووسیت.
مام فەرهاد هەر لە منداڵییەوە هەگری چیرۆک بوو. لە داپیرە و باپیرە و لە ژنان و پیاوانی گوندەکەیان و لە گوندە نزیکەکانی گوندەکەیانەوە، بە دەیان حیکایەت و چیرۆکی فۆلکلۆری و میللیی رەسەنی کوردیی لەیان وەرگرت. زۆر جار بە خۆشییەوە ئەو چیرۆکانەی بە منداڵانی گوندەکەیان دەگێڕانەوە و خۆشیی دەخستە دڵیانەوە.
مام فەرهاد و پوورە گوڵچینی خێزانی. کچێک و کوڕێکی جوان و زیرەکیان هەبوو. لە قوتابخانەی گوندەکەیاندا، قەناغی خوێندنی سەرەتاییان تەواوکرد. بەڵام قوتابخانەی ناوەندیی لە گوندەکەیان نەبوو، تا دەژێ بە خوێندن بدەن. لە پێناوی ئەوەی کە کچەکە و کوڕەکەیان دەژێ بە خوێندن بدەن. مانگا و بزن و مەڕەکانی فرۆشتن و لە شاری سلێمانی خانوویەکی کڕی. ماڵیان باریکرد و لە سلێمانی نیشتەجێ بوون.
کچەکە و کوڕەکەیان، لە قوتابخانەی ناوەندی وەرگیران و دەژیان بە خوێندن دا.
مام فەرهاد ماوێک بە دوای کاردا گەڕا، بەڵام هیچ کارێکی دەست نەکەوت. کاتێ بیرکردنەوە، کە دەبێت کارێک بکات بە دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەیان.
پوورە گوڵچین: پیاوەکە خەرجیمان بڕۆ کەمی دەوات، پێویست کارێک بدۆزیتەوە.
مام فەرهاد: بیرم لە کارێک کردۆتەوە.. بە نیازم لە بیانییەوە تاقیی بکەمەوە.
پوورە گوڵچین: بیرت لە چی کارێک کردۆتەوە؟
مام فەرهاد: بیرم لەوە کردۆتەوە کە ڕۆژی چەند چیرۆکێک لە چیرۆکەکانم بفرۆشم؟
پوورە گوڵچین ـ بە پێکەنینەوە: چیرۆکەکانت دەفرۆشیت؟ جا کە چیرۆکت لەدەکەیت؟
مام فەرهاد: بە منداڵانی گەڕەکانی شار دەیانفرۆشم.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی مام فەرهاد، چووە کافانکی قەڵەباغی گۆڕەکەکی سلێمانی. منداڵانێکی زۆر لە دەرەوە بوون، چەند ژنێکیش لەبەردەم دەرگاکانیان دانیشتبوون و ئاگایان لە منداڵەکانیان بوو.
مام فەرهاد بە دەنگێکی بەرز: چیرۆک.. چیرۆک.. چیرۆکی خۆش دەفرۆشم.
ژنێک: مامە تیرۆک دەفرۆشیت.. ئەی کوان تیرۆکەکانت؟
مام فەرهاد: نا خۆشکە گیان.. تیرۆک نا.. چیرۆک و حیکایەت دەفرۆشم.
منداڵان لەی کەبوونەوە: مامە گیان کوان چیرۆکەکانت؟
مام فەرهاد دەستی بردە سەری و وتی: ڕەنگە کانم، چیرۆکەکانم لەبیرچوون.
منداڵەکان بە کۆ دەستیان بە قاقای پێکەنین کرد. پێشتر گوێیان لە شتی وا نەببوو.
مام فەرهاد: گەر هەریەکەتان بچن لەلای دایکانتان. کامێک پارە بێنن و چیرۆکەکم لێبکەن. زۆر زیاتر پێدەکەنن.
منداڵەکان چوون و لەلای دایکانیان پارەیان هێنا و دایان بە مام فەرهاد و لە دەوریدا دانیشتن و جوان گوێیان لێیگرت.
مام فەرهاد چیرۆکەکی کۆمیدیی خۆشی بە گەڵانەوە. منداڵەکان زۆر زۆر پێکەنین.
منداڵەکان: مامەی چیرۆکفرۆش، سبەینێش وەرەوە چیرۆکەکی تەرت لێدەکەین.
مام فەرهاد ئەو ڕۆژە لە سێ کەڵانی ئەو گەڕەکەدا، سێ چیرۆکی بە منداڵان فرۆشت و پارەیەکی باشی دەسکەوت. لەو ڕۆژەوە منداڵان بە " مامەی چیرۆکفرۆش" ناویان دەبرد.
هاتوچۆ بە ماڵەوە و پارەکەی دا بە پووری گوڵچین و وتی: گوڵچین خان ئەم پارەیە وەربگرە، بیانی بازاڕیەکی باش بکە.
پووری گوڵچین: فەرهاد گیان، ئەم پارەیەت لە کوێ بوو؟
مام فەرهاد: ئەی نەموت چیرۆکەکانم دەفرۆشم. ئەمە پارەی فرۆشتنی سێ چیرۆکم.
لەو ڕۆژەوە کە مام فەرهاد، ڕووی لە هەر کەڵانێک دەکرد، منداڵان بەخۆشیەوە، بانگیان دەکرد: وەرە ورە مامەی چیرۆکفرۆش، چیرۆکت لێدەکەین.
لە ماوەی ساڵێکدا، مام فەرهاد پارەیەکی باشی دەستکەوت. پەرتووکخانەیەکی باشی دانا. لەگەڵ چاپخانەیەکەشدا ڕێکەوت.

هەرجارێ چەند چیرۆکێکی لە چیرۆکخانی چاپ دەکرد و باوی دەکردنەوە. لە ماوەیەکی کەمدا دەفرۆشران. پارتووکخانەکەشی فراوانتر کرد. پارتووکێکی زۆر بوون بە ئاشنای. کچەکەی و کوڕەکەشی لە زانکۆ سلێمانیدا وەرگیران.

سوید: ٢٠٢١

کتێبی ژنوەر و چەند سەرنجێک.. سەدیق سەعید ڕواندزی

لە ڕاستیدا، سرووشتی هیچ مرۆڤێک لە ڕووی کەمەایەتی و سایکۆلۆژی، لە مرۆڤێکی تر ناچێت. کە مرۆڤەکانیش لە یەکتری جیابوون، ئەوا بیرکردنەوە و دید و تێڕوانین و هەڵوێستیشیان لە کارکردن جیاواز دەبێت. بۆیە هەڵەیە پێمان وابێت کە دەبێ مرۆڤەکان، هەموویان وەکو یەکتری بن. بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت، کە دیدی مرۆڤ بۆ هەر پرس و بابەتێک، ئاستی ئاگایی و هوشیاری ئەو کەسە دەردەخات. لە کەمەگەی ئێمەدا، چوونە نێو ژیانی تایبەتی تاکەکان بە ئادەیەکە، کە کەسانێک ئەو مافە بە خۆیان دەدەن، هەنگاوژی ژیانییان بۆ بکەن و ئامۆژگاری و حیکمەتییان فڕ بکەن. لە کاتێکدا ژیانی تایەتی هەر مرۆڤێک، سروشتی کەمەایەتی و سایکۆلۆژییانەی هەر مرۆڤێکەو بەشێکە لە پێکهاتەی کەسی و تایبەتی ئەو، کە دەچێتە خانەی ژیانی کەسی و نهێنی خۆی. مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە ئامۆژگارییە ئەگەر لە هەر تەمەنێک بێت، بەڵام ئەوەی نەگونجاوە ئەوەیە، تێ ئەو ژیانە تایبەتییەی مرۆڤەکان، لە چوارچێوەی ژیانی گشتی، یاخود ژیانی تایبەتی خۆت ببینیت و پێوەر و خاسیەتەکانی ژیانی ڕۆژانە و گشتی خۆت، بکەیتە ئەتەکێت و فڕەمێک بۆ ژیانی کەسانی تریش. هەبەتە، باسەکە ئەوە نییە مرۆڤ پێویستی بە ڕێنوێنی و ئامۆژگاریکردن بۆ ژیانێکی جوانتر و تەندروستتر نەبێت، چونکە هیچ مرۆڤێک نییە تا مردنیش، پێویستی بە ئامۆژگاری نەبێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، زۆر جار لە پەراوێزی ئەو بە ناو ڕاسپاردە و ئامۆژگاریکردنەوە، بەر جۆرێک لە نووسین و گوزارشتکردن دەکەوین، کە لە بری ئەوەی لە خزمەت مرۆڤ و ژیانەکەی دابن، بە داخەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە

شکەمەندی و پێگەی مرۆڤیش دەدەن. لەم سانەی دواییدا، مەدلێك لە نووسین لە نێو بەشێك لە نووسەرانی ئێمە، بە تایبەتی گەنجەکان دروست بووە، کە خۆیان وەك (ئێش) و(دالای لاما) و (جوبران خەلیل جوبران) دەبینن و کتێب بە نێوی وانە و ئامۆژگاریی و ئاسپاردە چاپ دەکەن و بە تێگەیشتنی خۆیان دەیانەوێت، فێری ژیان و ماناکانی ژیانمان بکەن. بەڵام کاتێ دەچینە نێو ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە، بەر تێگەیشتنێکی دیکە دەکەوین، کە زۆر جار لە بری ئەوەی مرۆڤ شکەمەند پیشان بدات، ئەوا لە بەها و پێگەی دەدات. یەکێك لەو کتێبانە، کتێبی (ژنوەرە). ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، لە چەند وتە و دەربڕینێکی نووسەر پێکهاتوون، بێ کەسایەتی ژن و ئاوانگەی خۆی وەك مرۆڤێك بێ ژن دەخاتە ڕوو. ئەگەر سەرنج لە بەشێکی زۆری ئەو وتانە بدەین کە لە دوو توێی کتێبەکەدا هاتوون، دەبینین بە جۆرێك لە جۆرەکان، ڕەنگدانەوەی ئەو ئەقڵە میللی و هەمووەکی و کەمەایەتییەیە، کە تیایدا وێنای ژن، وەك مرۆڤێکی (زۆرتر ڕەمانسی، ناسك، بیرکەرەوە بەدڵ، بێ هێز و نەوەستاو لە سەر پێی خۆی) دەکات. ئەم دیدگایە، ئەوەندەی ژن وەك بوونەوەرێکی ڕەمانسی پێ لە هەست و سۆز دەبینێت و وێنا دەکات، ئەوەندە وەك مرۆڤێکی بیرکەرەوە، خاوەن ئیرادە و بە توانا و داهێنەر نایناسێنێت. بۆیە دەبینین بەردەوام ستایشەکانی، لەگەڵ جەستە و لایەنی بایەلۆژی و هەستی ژن دایە، لەوەی هزری بدوێنێت. ئەم دیدگایە، گەرچی لە ڕووکەشدا خۆی وا نیشان دەدات، کە دەیەوێت شکۆیەك و پیرۆزیی و پێگەیەك بە ژن بدات، بەڵام کاتێ دەچینە قووڵایی ئەو ڕوانینانەی لەو ستایشانەدا هەن، گوتارێکی پڕچەوانە دەبینین. لە کتێبی (ژنوەر) یشدا، لە پاڵ ئەو وەسفە ڕووکەشەی نووسەر بۆ ژن دەیکات، هەست بە کەم تەماشاکردن و نیشاندانیش دەکەین. بۆ نموونە: نووسەر چەند وتەیەکی وەك بە پیرۆز تەماشاکردنی ژن هێناوەتەوە کەچی کاتێ شرۆڤەیان دەکەین، بەر مانای دیکە دەکەوین. وەك:_

- لا50 نووسیویەتی:_(ژن هەمیشە دەیەوێت لە ژیانی شکۆی پیاوێك دابێت).
- لا 84 نووسیویەتی:_(گوێی ژن دەرگەی دڵیەتی).
- لا 115 نووسیویەتی:_(هەر ژنێك ئابووری خۆی شکاند، هیچ پیاوێك بۆی نایەتە ژوورەوە) سەرنج بدەن، چۆن نووسەری کتێبەکە، هەمان ئەو دەربڕینە خراپەکی و میللییانە دەنووسێت، کە خەڵکە هەمووەکییەکە (عەوام) بەکاری دێنن، ئەویش وشەی (ئابووری) وە کە بە مانای (شەرەف و ناموس) دێت!
- لا 119 نووسیویەتی:_(لە نێو دڵی زۆربەی ژناندا، جێ پێی

ێیشتنی پیاوێك هەیە).

- لا 135 نووسیویەتی:_(سەختترین رکابەری جوانی هەر ژنێك ژنێکی تره).
- لا 142 نووسیویەتی:_(بۆ ڕاگرتنی دڵی ژنێك تەنها پیاوبوون بەسە) پیاوبوون چییە؟
- لا156 نووسیویەتی:(ئەو کاتەی ژنێك جوانی و ناسکی خۆی ئاوێتەی تۆ دەکات، تۆش لە کانیاوی پیاوبوونی خۆت بۆ بەشی مەکە). بڕگومان، بە تەنها ئەو وتەیەی کۆتایی، بەسە بۆ ئەوەی لە ماهیەتی ڕاستەقینە و دنیابینی نووسەری ئەو کتێبە بۆ ژن و دنیای مێیەتی بگەین. هەموومان دەزانین جوانی و ناسکی ژن لە چی دایە و کانیاوی پیاویش بە مانای چی دێت. ئەم جۆرە گوزارشتکردنانە لە دنیای ژن، لە ڕاستیدا هیچی کەمتر نییە لەو دنیابینییە خۆەکی کۆمەڵایەتییەی کە ژن تەنها وەك کاڵایەك لە خزمەتی پیاودا دەبینێت. ئەوانەی لە ژندا بەر لە هەموو شتێك ناسکی و جوانی دەبینن، ووون و دیارە مەرام و مەبەستییان لە تەماشاکردنی ژن چییە. ئەوانە، لەبری هزر، جەستەی ژن و لە بری تێگەیشتنی، لەش و لار و جەستە و و ناوقەدی دەبینن. هەر پیاوێك نیگای یەکەمی لەسەر لەش و لار و جەستەی مێیەك بوو، ئیدی پێویست بەوە ناکات بزانین مەبەست چییە. ئەم جۆرە دەربڕینانە، جارێکی دیکە بە سووك تەماشکردن و وناکردنەوەی ژنن بە ناوی کتێب و دنیای نووسین و حیکمەتی بۆ حیکمەتەوە. دەنا مانای چییە، ژن دەبێ ئابووی هەبێت؟ ئایا شەرەف تەنها لە ژن دایە؟ مەگەر گەندەڵی گەورەترین بۆ ئاکاری نییە؟ خیانەت کردن لە نیشتمان گەورەترین بۆ مۆراڵی نییە؟ دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دوژمنان و سیخوڕیکردن جۆرێك نییە لە بۆ ئاکاری؟ بۆچی دەبێ ئەخڵاق و شەرەف هەر تەنها لە ژن و لە ژنیش لە پاکیزەییەکەی ببینین؟ دواجار دەڵێم، ژنان نابێ بەو جۆرە نووسینانە فریو بخۆن و هەڵبخەڵەتێنرێن، چونکە ئەم جۆرە دنیابینییە، بەر لەوەی بە شکۆ و پیرۆزییەوە سەیری ژن بکات، ناڕاستەوخۆ بە ناوی وتە و نووسین وحیکمەتی بۆ حیکمەتەوە،لە پەنای ئامۆژگاری بۆ ماناو دواکەوتووەوە، لە کەسیەتی و پێگەی ژن دەدات. *پەراوێز: ناوی کتێب: ژنوەر، نووسینی: هەرێم هەژان، ساڵی چاپ 2020.
- لە ڕۆژنامەی هەولێر ژمارەی ڕۆژی 27/4/2021 باڵوکراوەتەوە.

ووونکردنەوەیەکی پێویست:

چەند ڕۆژێك لەمەو بەر، لەلایەن هاوڕێیەکمەوە ئاگادار کرامەوە، کە

نووسەری ئەو کتێبە لە پێستەکی فەیسبووکدا، باسی لەوە کردووە(کە گوایا من ناوەرۆکی نووسینەکەی ئەوم شێواندووە، لەوە کەمدیتریش نووسیویەتی، کە من بۆ ئەوەی ئەو بناسم لە سەر کتێبەکەی ئەوم نووسیوە و قی نووسەرانی ترم بەو هەشتووە) سەیری ئەو نوکتەیە بکەن، مەگەر خوێنەر چ کاری بە ناسینی نووسەرکەوە هەیە کە کتێبەکەی دەخوێنێتەوە؟ خوێنەر نووسین دەخوێنێتەوە، یان نووسەری کتێب؟ هەبەتە، ئەمە جاری یەکەم (بگومان دواجاریش نابێت) نییە، کەسانێك تەمەتی لەو شێوەیەم دەدەنە پاڵ. بە تایبەتیش کە خۆم فەیسبووکم نییە، ئیدی کەسانێك ئەمە بە دەرفەت دەزانن و لە پەیجەکانییان کە سەکۆیەکی بۆ سانسەرە، دەکەونە هەشتن و فڕدانی قسەی نۆو دڵیان، بە بۆ ئەوەی بوێری ئەوەیان هەبێت لە هەمان ڕۆژنامە و بڵاوکراوە وەڵامم بدەنەوە. من وەك خوێنەرێکی ئاسایی، کە سەرنجەکانم لە بارەی نووسینی نووسەران دەخەمە ڕوو، دیارە دەمکێشە خۆشم بۆ ئەوە یەکلایی کردۆتەوە، کە دەبۆ باجی ئەو سەرنجانەم بدەم. ئەو باج دانە، هەندێك جار بە قسەی زبر و بریندارکەر، هەندێ جاریش بە تەمەت و چەواشەکاریی، هەندێ جاریش بە تووڕەبوون و پچڕانی پەیوەندییە کەسی و کەمەاییەتییەکان لەگەڵم، تەواو دەبن و کۆتاییان دێت. بەڵام هەموو ئەمانە ساردم ناکەنەوە، بەکو ژدترم دەکەن، وەك خوێنەرێك ئیستی زیاتر لە ئاست نووسینەکان دابکەم. نووسین لای من، نە پیشەیە نە هونەر، بەکو ئەخاقە. وەك چۆن هەموو هەفتار و کردەکانی ژیانم، لە ژێر چاودێری پەروەردە و ئەخاقی کەسیم دایە، بەو شێوەیەش لە نووسیندا، ئەخاقم سانسەرم دەکات و ڕگەم پێ نادات یەك پیتی نووسینی هیچ کەسێك بشۆنم و گەردێك قیشم بەرامبەر مڕوولەیەکیش لە دانییە، چ جای بگاتە مرۆڤێك و ئەو مرۆڤەش نووسەر بێت!

ئیمێل، عێراق، (100) ساڵ دووتە. کام دووت؟.. فازیل

شەو

(مێژووی دێرینی عێراق)، ناوی ئەو کتێبە بوو کە لە دەرسی مێژوو، لە پۆلی دووی ناوەندی، سەرەتای شەستەکان، دەمان خوێند. ناوەڕۆکی پڕ لە فانتازیا و حەکایەتی بەسەروبەر و ڕووداوە سەیرەسەمەرەکانی نەو ئەو کتێبە، نەک لەو ڕۆژەوە وای لە من کرد کە گومان لە مێژووی ئەم وڵاتە بکەم، بەڵکو ماماستاکەشم بە شەرم و زمانکورتییەوە، بابەتەکانی بە ڕاقە دەکردین.(خەلیفەک، ژەمی نیوەیانی، هەر زمانێ قەل بوو / خەلیفەیەک، لەبەر زەری منداڵەکانی، وەزیرێکی دامەزراندبوو هەر بە ناولێنانیان / لە بەسرا هەشووە ترێیەکیان بە باری وشترێک بە خەلیفە هێنایە بەغدا / حەوت هەزار حەمام لە بەغدا هەبوو …تاد).

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، ونیستۆن جەرجل، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، لە ساڵی (١٩٢٠)، لە گۆنگرێسکدا لە قاهیرە گوتی:"نیازمانە عێراق بکەینە دەوڵەتێکی ئینتیدابکراو و زاراوەی ئیستعماری لەسەر لابەرین." یەک ساڵی ڕابەق، مشتومە و دانووسان و گوریسەاکێشان بوو، لە نێوان ئەو سەدان خەڵە و هەز و ئایینزانانەی عێراق، پیاوەکیان پڕ پێدانەبوو بیکەن بە مەلیکی خۆیان. لە (1921/6/12)، دوای رازی کردنی، فەیسەڵی کوڕی حوسێنیان، لەگەڵ چەند ئەفسەرێک، لە (جدە)وە بە پاپۆڕ هێنایە بەسرا، هەر چەند ئەو گوتوبوی "بابە من پاشایەتی ئەم وڵاتە ناکەم، ئاخر ئەوان داوای پشیتوانییان لە ئیمامی حوسێن کرد، کە گەیشتە کەربەلا، سەریان لە لاشەی جودا کردەوە! جا کە دوای (١٧) ڕۆژان گەیشتە بەغدا، یەکەم وتەی ئەو مەلیکە ئەوە بوو:"من لەڕدا، شتێک نابینم بە ناوی ـــ گەلی عإراق، ئەوان سەدان بەڕباب و تیرە و خێل و میللەتن!" شیعەکان بەو زاتە ڕازی بوون، گوتیان، جەددی ئاڵ هاشیمە و سونەکانیش گوتیان حەنەفیی مەزهەبە. ئەگەرچی بە ئەقەمەندیی سەرۆک وەزیرانی وەکو نوری سەعید، کە (14) کابنەیی یەک لە دوای یەکی بەڕێکرد، مەلیک فەیسەڵ توانی تاجی سەری خۆی بپارێزێ، بەڵام، وەک دەڵێن، کە لە ساڵی (1933) بە چارەسەری دەچێتە سویسرا، پەرستیارەکەی، بە دەسیسەی نوری سەعید، ژەهراوی دەکات و دەیکوژێ! بەمەش، بەچوونەکەی مەلیک ڕاست دەرچوو، کە گوتبووی، ئەو عەراقییانە سەری حوسێنی خۆیان، پێڕاند، ئەدی دەبێ چ لە من بکەن؟! مەلیک غازیش لە ساڵی (1939)، بە فیتی عەبدوئیلا و نوری سەعید، لە ڕووداوەکی هاتووچۆی تەومژاویدا گیانی لەدەستدا. تا ساڵی (1958)

کە عێراقییەکان لاشەکانی مەلیک فەیسەڵی دووەم و نوری سەعیدیان بە شەقامەکانی بەغدا ڕاکێشا، ئەو عێراقە جگە لە برسێتی و نەخۆشی و نەهامەتی هەر لە شەڕو ئاشووبە دابوو، جارێک ئینقلابێکی بەکر سدقی و جارێک حەرەکەی ڕەشید عالی گەیلانی و دواتریش، شەڕە پارتیزانەی نەبەردەکانی بارزانییەکان… .

هێشتا ئاهەنگ و شایی پشوازیکردن لە زەعیم عەبدولکەریم قاسم کۆتایی نەهاتبوو، کە قەسابخانەکەی شەواف لە موسڵ و کوشتارەکەی کەرکووک، شەقامەکانی ئەو شارانەیان بە خوێن سوور کرد. قاسمیش (٥) ساڵ حکومرانی تەواو نەکرد، لە (8ی شوباتی 1963) لە گەڵ دەیان لە وەزیر و دەسەڵاتدارەکانی، شەهیدی خوێنکران و گەڵەکانیشیان تاکە ئێستا نەدەزراوەتەوە. دەسەڵاتداریەتی حزبی بەعسی عروبچی، تاریکترین و خوێناویترین چاخی ئەو عێراقە بووە. تەنیا شەڕی هەشت ساڵەی لە گەڵ ئێراندا، پتر لە (3) ملیون کوژراو و زامدار و سەقەت و بەسەروشوێنی لە هەردوو بەرەدا، کردە میراتی خەڵکی. هەموشتان، لە ڕۆژی خنکاندنی سەددام، مانشێتی ڕۆژنامەکانی جیهانیتان بینین کە لە ژێر وێنەکەیدا لەژیر قەنارە، نووسراو:"بە پەتەکەی خۆی!". لەوتەی (2005)شەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ باروگوزەرانی خەڵک و وەزعی ئەو عیراقە پتر بە قوڵدا دەچێتە خوارەوە، بەئادەیک، بەردەوام لە مەقامی یەکەمیدایە، لە گەندەڵی و دواکەوتوویی و نەخۆشی و برسیەتی و پیس و پەخێی و دەربەدەری و کوشتوکوشتار و فیتنە و ئاشوبدا… .

بە خەم، کە تاکو (2003)، شایەتحاڵی (7) تاجبەسەری بەغدام، هەمیشە، گومانم لە مەژووی کۆنی ئەم وڵاتە هەیە. خە کە مەلیک فەیسەڵ هاتەسەر تەخت، عێراق، نەک شتەکی نەبوو بە ناوی (گەلی عێراق) بەڵکو، سنوور و شوورەشی نەبوو، بە شووەڕەک، فەرەنسا و بریتانیا، هاسانتر لە ئەنگوستیلە گەینەوە، ولایەتی موسڵیان دایە بەغدا و بە قەڵەمکی ڕەش، وەک گەمەی منداڵان، سنوورەکیان بە دروستکرد. بینیشمان، چەن سەددام، هەر بە پەکەنین، شەتولعەرەبی فەشتە ئێران و دواتر پەڕەمان بەوە!

ئەوەی دەربارەی شارستانییەتی کۆنەکانی سەمەری و ئەکەدی و بابیلی و ئاشووری…دەیەێن، تا کۆتنی دەوڵەت ئەمەوی و دواتریش مردنی (پیاوە نەخۆشەکەی عوسمانی)، هەمووی جگەی گومانن. لەو دەیان بەرەبابە دەرینانەی لەسەر ئەرزی ئەو وڵاتە زیاون، ئێستا کەسێک نادەزیتەوە، بە هەچەڵەک بچێتەوە سەروان. ئەوا جگە لە ڕەشی و تەمومژاوی ئەو دەڤەکەی چەند هەزار ساڵەی ناوچەکە.

خ ئ گ ر، س ی ری ئ و و ن ک ن ای ک وردانی باشوور بک ی، ک ل دوای دام زراندنی د و ت ی ع راق گ یراون، ت د گ ی، ک ژن و پ یاو و مندا ک انیان چ ند برسی و ش ووت و ه ژار و ن نگ زرد و م لوول بوون. جا ه ر دوای (15) س ل دام زراندنی ئ و د و ت، ئ وا ب ندیخان و شار کانی باشووری، بوون زیندان و م نفای من و و خ باتگ رانی کورد. ئ و د و ت ب وش ن وستاو، ه ر چ کی نوی د ست ک وتب، ل و (80) س ای دوایدا، ئ وا ا ست وخ، ب سر س ری کورداندا تاقیکرد ت و، ب چ کی کیمیاوی و ب ل ژی و فسفر و ناپ م و… . تا بزغز و حقد و دوشمنکاریی ان گ یشت ئ وی ک ب کرداری ه وی ق کردن و ل ناوبردنمان بد ن. ئ ستاشی ل گ ب، ب یابان کانی ع رع رو د روو پشتی شار کانیان، پ ن ل ئ سکوپروسکی کوردان.

س یر ک ل وداي، ک ه رگیز کورد، خ ی ب ع راقی دان ناو و، ع راقیی کانیش، ئ وانیان ب هاونیشتمانی ئ و و ات ن زانیو، ل دیدی ئ وان دا، د م ک ع میل و د م ک موخ ریب و د م ک جاسووس و د م ک تی رستن و د مک جوداخوازن، ک چی، ن کورد واز ل ب غدا د ه ن و ن ب غداش د ستب ردار ی کورد د ب. د نا، ق زافی گوت نی، ک س ل ب ر کوردان ن پا ابووو، ا ک ن ب ر و ب غدا. ل ه ر م ک ی خ یان خزم تی خ یان کردبا، گ ل ک باشتر بوو ـــ بینیمان ک چ ند پاس وان کی س ر ک مارمان، ل و دووز ودا، ی خسیرکران ب د سی شیع و، ب ه موو کوردان ئازاد ن کران، تا س ران یان ل ن ستاندن.

ئ یم ش، ک چ خ کی ت اریک و ش و خ ن اوی ئ م د و ت ی، ک ت م نی (100) س و (3) ژ. ب ق ت کونی د رزی، ئاسووی روون و گزنگی ب خت وری ب دی ناکر، و ودا وکان و گ انکاریی کانیش، وا نیشان د دن، ک ژان ی ت اریکتر و ر شت ر و خ ن اویتر چ او وانکرا و… . ه ر (د) ی ک ل و (100) س ا دا، ل (د) ی ی ک ی پ ش خ ی ش تر و خ ن اویتر بوو.

دوای (100) س و (3) ژ ل دام زراندنی و دوای (60) س ی ک ل خ ن اویترین خ بات، ب کوردانی باشوور، گرنگترین و گرنگرتین س ردری ه وا ک کان ئ و ی: |"مووچ… د! مووچ … ن ی ل ب غدای دارول س لام و هارون ش شید و ئ بوو ن واس و مو ن بی و بوحت ری و ح لاج و کندی و فارابی… .

دوای (100) س و (3) ژ. چ خ کمان ل د و ت دیو؟!

بۆ عەشــــق گەمـــارۆت ئەدەم..
شیعری: ستیڤان شەمزینی

ئەو دەم غەمبارم
پڕ لە عەشقێک کە جگە لە تۆ
کەسی تر
توانای هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەی نییە
کەسیش نابێتە
ئەو مۆڵە سەرچڕەی هاوسەفەرمە
لە تەیکردنی ئاسمانێ بۆ بنکانی دڵ
کە باڵی فڕینیشیان شکاندین
جگە لە تۆ و سەزت
کەسی تر لەگەڵم بەرنابێتەوە
سەر زەوی خەمگینی
ئەو دەم غەمبارم
پڕ لە عەشقێکی دڵوانێیی کە جگە لە تۆ
پان و بەرینی چامە شیعرکانیم
هیچ کەسی تر ناگرێتە خۆ و
چرای سەرکزی پێڤەکانم
هیچ دەنکی تر رووناک ناکاتەوە
کە بەر شەوارە و
جۆزنی شەمشەمکوێرکانیش کەوتم
جگە لە تۆ، کەسی تر
دەروازەی رووناکیم بەروودا ناکاتەوە
ئەو دەم غەمبارم
کوانووی عەشقێکە کە جگە لە تۆ
کەسێکی تر نییە لە کەنانکانی قەسیدەدا
ڕەی ئەوینی لێبگرم و
لە دووری دوورەوە
نەرمە نیگای سەرخۆشی تێبگرم
کە تۆنیا ئەمنەوە
لەسەر سنگی ڕەقی شەقامەکانی شاردا

جگە لە میهرەبانیت
هیچ دەستکی تر نایەتە ژێر سەرمەوە
ئەو دەم غەمبارم
مەشخەڵی ئاگری عەشقکە بە تە
چی تەوی زەردەخەنەیە
لە پەدشتی ڕەحتا ئەیچنم و
چی شەتی هەنسکتە
بە زەبری پکەنین دروەنەی ئەکەم
کە ئەکەوینە دەستکانی دەتەنگیەوە
تروسکەت ئەبینم
تاکو زەرتر لەت نزیک ببمەوە
زیاتر دڕوشانەوەت بەسەرما ئەژێ
ئەو دەم غەمبارەم،
هەلانەی عەشقکی ئەبەدیە
کە جگە لە تە
بەرووی هیچ پاساریەکی
ئەسک سووک و مەستدا پەناکەنە و
دەی خەی نادات
بە هیچ هەیەکی بریندار بەرزەفە
کە کەوتیتە هەلانەی دەی پە برین و
تەژی حەزمەوە
داگیرت ئەکەم و
گشت باەکانی فەینت لە ئەکەمەوە

ئینجانەی خەونکانم.. شەمەی بارەوانی

وەرە چیتر با لەدووریت
دەی ئینجانەی خەونکانم
درز نەبات
و
شوشەی ەحم هانەکات

وەرە
پەرتی قژی هەنراوەکانم کەکەڕەوە
و
ڕەگی قەتماغەی فرمێسکەکانم هەڵکەنە

وەرە
هەوری حوزن
لە ئاسمانی دیدەم ڕابمالە
و
پاتڵەی شەکەتی
لەدامێنی هەناسەکانم
دابکەنە

وەرە جانتایەک
دەخەشی بۆنە
لەبنمیچی نیگەرانییەکانم
ببەستە
و
دەپ دەپ ئارامیت
بۆژێنە ناو پەرداخی عەزابم

وەرە
سەرابی
تەمەنم بە دەنگ کەو
و
گەپاڵی بە تاقەتیم
سیخناخ کە لەهیوا

وەرە
قردەڵەی ئستاتیکا
بدە لە بەرکی وشکانم
و
بە نازی شەقامی حەزم
بکوژنەوە

وەرە
پەنجەی نوسینم
خاڵی کەوە لەعەبەسیەت

و
گەزی ستەکانم
پەکە لە ئەنفالی

وەرە
هیلاکی دیواری دەرەوەنم لابەرە
و
تەزی سەر پەنجەری
چاوەوانیم
بەهەوە

وەرە
حەوشەی ئازارەکانم
لەوان لەوکە
لە بزە
و
پەردەی گریانم بدەنە

وەرە
تابلۆی مەراقم تەژیکە لەئیرەتیک
و
ماچی ویسالە
لەسەر تریپکی تەنیاییم داگیرسێنە

وەرە
ئیفلاس بە خەمەکانم بکەو
و
لەکەچەی بەزاری دەرم بێنە

وەرە
زەمهەریری
جەستەی دەمەکانم
خاوکەرەوە
و
لەئامێزی خەزگەکانت
بمەوێنە.

شەماڵ بارەوانی

ەمانی کەشتییەکان ناگەنەوە و چەند سەرنجێك.. سەدیق سەعید ڕواندزی

کەشتییەکان ناگەنەوە، ناوی دوا ەمانی (ئەحمەدی مەلا) یە و ماوەیەك لەمەو بەر، چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم ەمانە، باسی کارەکتەرێك بە ناوی فقێ گەناس دەکات. فقێ کوێی مەلا کۆترە، مەلاکۆتر دوای ئەوەی بەدریەی قەیرە کچ، بە سەر غوربەتی دایکی فقێ گلناس دەنێت، ئیدی ئەویش گوندەکە جێدەهێت و لە ەگەدا، ەکەوتی گالیسەوانێك دەکات و داوای لێ دەکات بیباتە ئەو سەری دونیا. ئەویش لەگەڵ خۆی دەیبات و گوند بە گوند دەیگەڕێت. لە هەر یەك لەو گوندانە، کەسانێکی بە بیرکردنەوە و بە کولتوور جیاوز دەژین و هەریەکەیان سەرکێکی خۆی هەیە. تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و کەسی ئەم گوندانە، لە یەکتری جیاوازن, بۆ نموونە: لە گوندێکییان، پێشبڕکێی جۆن ساز دەکرێت و کامەیان جوانترین جۆن بدات خەڵات دەکرێت. لە گوندێکی دیکەیان، مەلایەك بە میزی حوشتر نەخۆشەکان چارە دەکات. لەویتریان، مەلا تەیفور خەون لێك دەداتەوە. گەناس دەچێتە شاخ و لە نێو شەش و کارەکتەرەکانی دەمەنێتەوە و دوای نا ئومێدبوونی، بە ەگەی قاچاع دەچێتە ئەوروپا. هەموو ئەو ڕووداوانە، لە ژیانی گەنجی گەناس ڕوویانداون و ئەو کاتەی لە سەر چارپایەك و بە تەنها دەژیت، وەك یادەوەری دەیانهێنێتەوە بەرچاوی خۆی. بە بۆای من، تیمەی ەمانەکە بە شێوەیەك لە شێوەکان، ەخنەگرتنە لە شەش و دروشمەکانی و خەباتی شاخ و دوای ڕاپەڕین، بە تایبەتیش کە ەماننووس پێشتر خۆی لە شاخدا ژیاوە و ئەو کارەکتەرانە دەکاتە بیانووێك بۆ ئەوەی ەخنە لە ئەقڵیەت و بیرکردنەوەی سیاسییانەی تاکی کوردی و کارەکتەرە سیاسییەکانیشی بگرێت. ەمانەکە وەك تیمە، بیرکەیەکی جوانە، بەڵام ەماننووس نەیتوانیوە بە تەکنیکێکی سەرکەوتووانە و زمانێکی ئەدەبییانەی باڵا، سوود لەو تیمەیە وەربگرێت و بە شێوەیەك لە ەمانەکەدا، بینای بکات، کە ببێتە جێی سەرنجی خوێنەر. بە داخەوە زمانی نووسین و گوزراشت و گەانەوە لەو ەمانەدا، دەیان هەڵەی تێدایە، کە

لێرەدا ئاماژەیان پێ دەدەین.
هەڵە لە گوزارشتکردن و دەربڕین:_
لە ڕێمانەکەدا، چەندین هەڵە لە ڕووی گوزارشتکردن و دەربڕینەوە هەن، وەك:_

- لا 5 نووسیویەتی:_(باڵندە لە سەر چێ و لقە چەکانی دەنیشتنەوە، پاییز بوو) سەرنج لە وەرزەکە و لق و چڵی دارەکان بدەن؟
- لا 6 نووسیویەتی:_(ڕۆژی گواستنەوەکە بە بێ شایی و ئاهەنگ بەڕێوەچوو، کەتاییان بە زەماوەندە سارد و سڕەکە هێنا) مادام شایی و ئاهەنگ نەبووە، زەماوەندەکە چۆن کراوە؟
- لا 13 نووسیویەتی:_(درەختێکی دەگمەن بوو، چەند ساڵێك بوو خودی وەزیری کشتوکاڵ لە حەوشەکەی خۆی پەروەردەی کردبوو، هەر بە تەوە چاندبووی) ئایا درەختەکان بە تێ دەچێنرێن؟
- لا 13 نووسیویەتی:(درەختێکی دەگمەن بوو، چەند ساڵێك بوو، خودی وەزیری کشتوکاڵ لە حەوشەکەی خۆی پەروەردەی کردبوو) کە چی دڵێك دواتر، ئەمجارەیان دەنووسێت:(درەختەکە تەمەنی سێ ساڵ دە بوو) سەرنج لە چەند ساڵێك و سێ ساڵ بدەن!
- لا 16 نووسیویەتی:_(سەرێك پیاوێکی هەوان بۆژ نەبوو، بە زەحمەت وشەی بە دروستی لە شوێنی خۆی بە کاردەهێنا، بەڵام دەیزانی چۆن هەست و سۆزی گوێگران بە لای خۆی ڕابکێشێت) ئایا ئەو دوو گوزارشتە، لە ڕووی مانایەوە یەکدەگرنەوە؟ ئەگەر گوتاربۆژێك نەتوانێت وشە بە دروستی بە کاربێنێت، کە واتا ناتوانێ وتارێکی باش و سەرنج ڕاکێش پێشکەش بکات؟ ئیدی نازانم چۆن توانیویەتی سۆز و هەستی گوێگران ڕابکێشێت!
- لا 18 نووسیویەتی:_(دوعایەکی تفت و تاڵی بێ مەلا کەتر نارد) دوعای تفت و تاڵ چ مانایەکی هەیە؟ چ جوانییەکی تێدایە؟
- لا 22 نووسیویەتی:_(کەلە شێرەکەی لە ئاوی گەرم هەڵدەهێنا، تاکو گەندوو مووانەی لێ بکاتەوە) ئایا پەلەوەرەکان، مرۆیان هەیە یان چیخ؟ تێ بڕینی نووسەر کە کەسێکی دیاری دونیای نووسینە، نەزانێت مریشك و پەلەوەرەکان چیخییان هەیە نەك موو؟
- لا 25 نووسیویەتی:_(پاش نیوانێك دوای نوێژی عەسر) سەرنج لە ڕستەکە بدەن لە ڕووی زەمەنییەوە؟
- 26 نووسیویەتی:_(دڵێپە عارەقەی هەڵاش لە سەر تەوڕێی دەلەرینەوە) بە داخەوە ئەم جۆرە لە زمانی گوزارشتکردن لە ڕێماندا، بە تایبەتی بێ نووسەرێکی سەنگینی وەك ئەحمەدی مەلا

.

- لا 27 نووسیویەتی:_(بۆنی شیری دایکت بهۆنمەوە ژەر مەڕاشووت) تەنها دەپرسین، ئەگەر شیر بۆتەوە ژەر مەڕاشوو، تامی هەیە یان بۆن؟
- لا 28 نووسیویەتی:_(پەز و مەڕ) هەردووکییان هەر یەکن.
- لا29 نووسیویەتی:_(ئامانەکانی زەر قووڵ نین بەکو تەنکە بیرکەیەکە) تەنکە بیرکە، چ داهۆنانکی تێدایە؟
- لا 31 نووسیویەتی:_(تا بناگۆی مرۆڤ تاریکی بوو) ئایا تاریکی تا بنا گۆی مرۆڤ دێت؟
- لا 32 نووسیویەتی:_(پیاوێك دانیشتبوو هەندێ ئاگری کردبووەوە) هەندێ ئاگر چییە؟ ئاگر ئاگرە، هەندێك و زەری لە کوێ بوو؟ ئەوەی هەیە بۆسەی بچووك و گەورەیە.
- لا 36 نووسیویەتی:_(لووتیان وەکو کفتەیەکی بچووك سوور ببوو، فرمێسکی شۆتەن بە چاویان دەهاتە خوار) لووتی کفتەیی و فرمێسکی شۆتەن، هیچ جوانییەکییان تێدایە؟
- لا 36 نووسیویەتی:_(کفنێکی سپی) کە گوتمان کفن، سپییەکە ئامادەیە، کەواتا سپی پێویست نییە.
- لا 39 نووسیویەتی:_(شەش وەزیر درەختەکەیان هەڵگرتبوو) بەڵام پێشتر لە لاپەڕە 13 دا، نووسیویەتی (چوار وەزیر) .
- لا 48 نووسیویەتی:_(ئەو پرسیارەی هاتبووە سەر نووکی زمانی) هەمیشە ناگوترێت سەری زمان و بنی زمان نەك نووکی زمان.
- لا 50 نووسیویەتی:_(سەاویان لەو بڕە کەسە دەکرد کە هاتبوون سەیریان بکەن) ئایا بۆیش هەمان مانای چەندی هەیە و دەتوانیت بۆ مرۆڤیش بۆ بە کار بێنیت؟
- لا 51 نووسیویەتی:_(جوعە قەمبوور بە نەوازشکەوە چەمایەوە) جا کە قەمبوور بووە، چەمانەوەی بۆ چییە؟
- لا 54 نووسیویەتی:_(لە دڵەکەدا لە نێو مژکی چێدا ون دەبوو، بۆنی شتی دەکرد، هاواك بەرزدەبووەوە نەیدەزانی چۆن وەسفی بکات) سەرنج لە شێ و هاواو بە یەکەوە بدەن!
- لا 55 نووسیویەتی:_(چەند کانییەك تەقیبوون و خوەیان دەهات، خێری پاییز لەو بەرزایەش ئاگری دەکردەوە) سەرنج لە تەقینی کانییەکان و وەرزەکە بدەن ؟
- لا 56 نووسیویەتی:_(گزەی زەردەواڵە دەهات، دەچوو هێلانە دروست بکات) تۆ بۆی ڕامانووس، بای ئەوە لە زمان شارەزا نەبێت، کە زەردەواڵە شانە دروست دەکات نەك هێلانە؟
- 57 نووسیویەتی:_(هەر بە تەکییەکی بۆ هەریسە و شێخی دەکرد) کەواتا دەبێت حوسێنییە بووبێت، نەك تەکییە!

- لا69 نووسیویەتی:_(ئاسمانی ئەو بەیانییە زەر شین بوو، بەڵام شینکی کاڵ) کە زەر شین بووە، نازانم چۆن کاڵ بووە؟
- لا 72 نووسیویەتی:_(دەستی کردەوە بە گۆرانی و لە بەر خۆیەوە وشەکانی بۆ زیاد دەکرد، لەگەڵ گۆرانییەکە هەموولەشی دەلەرییەوە) کەسێك گۆرانی لە بەرخۆیەوە، واتا بە نزمی بڵێت، لەشی دەلەرێتەوە؟
- لا 73 نووسیویەتی:_(ئارەزووی دەکرد خۆی لە ناو ئەو چێپاوە، وەك ئاژەڵێك بگەوزێنێ) ئاژەل لە نێو چێپاو خۆی ناگەوزێنێ، بەڵکۆ خۆی تێ وەردەدات، گەوزاندن تەنها بۆ ناو تۆز و خۆڵە.
- لا 77 نووسیویەتی:_(بروسکەکان هێندە خێراو لە پێ بوون) مەگەر بروسکەی هێمن و لە سەر خۆش هەیە!
- لا 78 نووسیویەتی:_(لە پڕکدا، گوێی لە شێپە شێپەی جووتێك جزمە بوو، قوڕەکەی دەشێلاو لە دەرگاکە نزیك دەبووەوە، لە دەرگا درا، گەنجێك بوو، وەك کۆشکە لە ئاو هەڵکشرابوو، جووتێ نیو پووتی لە بەر بوو) ڕۆمانووس بە وردی سەرنجی لە کەوشی کارەکتەرەی ڕۆمانەکەی نەداوە!
- لا 94 نووسیویەتی:(مەلا پاساری، لە نێو سنووقێکی بڕاق، سێ شەو و سێ ڕۆژ خۆی شاردبووەوە لەو ماوەیەدا نە نانی خواردبوو نە ئاو) کەچی ئەمجارە لە لاپەڕە 96 دەنووسێت:(سێ ڕۆژ و سێ شەو بوو، لەو یەك دوو پسکیتە بترازێ کە لەگەڵ خۆی بردبوویە ژوورەوە، هیچ زادێکی تری نەخواردبوو) نازانم کە هیچی نەخواردووە، چۆن بسکیت و زادی خواردووە؟
- لا96 نووسیویەتی:_(تەرمیش تەنها هەندێك ئێسك و پڕووسك بوو) کەواتا ڕۆفات بووە نەك تەرم، چونکە تەرم، مانای وایە هێشتا گۆشت بە ئێسقانەوەیە.
- لا 97 نووسیویەتی:_(لە پێش ئەو گۆڕەی دایبنێن، کە چەندین ساڵ بوو بۆی دیاریکرابوو، دونێ ئێوارە بە جوانی هەڵکۆدرابوو) نازانم کە گۆڕەکە ئێوارەی پێشتر هەڵکۆدراوە، چۆن چەندین ساڵە بووە بۆی ئامادە کراوە؟
- لا 97 نووسیویەتی:(مەلا پاساری هەر ئەوەندەی پێکرا، کراس و عەبا سپییەکەی لە بەر بکات) کە چی چوار دۆڵ دواتر دەنووسێت:(بایەکی مەیلە و گەرم جەمادانییەکەی مەلای دەلەراندەوە).
- لا 97 نووسیویەتی:_(حەشاماتێکی بێ ئەژمار) مەگەر کە گوتمان حەشامات، مانای ئەوە نییە خەڵکێکی بێ شوماری لێ بووە؟.
- لا 99 نووسیویەتی:_(خۆی لەو خێرە دەپاراست، کە لێی دوورکەوتبووەوە) مادام خێرەکە نەماوە، خێ پاراستنی بێ

چییە!

- لا 109 نووسیویەتی:(شەوێکییان کچە گەورەکەی موختار لە خەو ڕاپەڕی، نیوەی شەو تازە بە تازە بە دیوی سپێدەدا وەردەچەرخا، خێرا سەرپۆشکی سپی دا بەسەریا و بەرەو ماڵی مەلا تەیفوری خەوبین کەوتە ڕێ) کاتەکە لێرەدا دیارە کە هێشتا نەبۆتە بەیانی، بەڵکو شەوەکە تازە بەلای سپێدەوە وەرچەرخاوە، بەمەش دەبێ هێشتا زۆری مابێت بۆ سپێدە، کەچی شەش دێر دواتر ئەمجارەیان دەنووسێت:(یەکەم جار بوو بەو کازیوەیە، بە تەنها بەگردەکە بڕیتە خوارەوە) بە مەرجێك ماڵی ڕەعنا و ماڵی مەلاش، هێندە لە یەکترییەوە دوور نەبوونە.
- لا 111 نووسیویەتی:_(لە پێکدا هەستم کرد دڵم نییە، دەستم خستە سەر دڵم هیچ شتێك لێ نەدەدا، ترسێك لە سەر دێ و دەروونم نیشت) ئەمانووس هەر بە خێی قسەکانی خێی ڕەت دەکاتەوە، کە جارێك دەڵێت دڵی نەماوە، کەچی لە هەمان کاتدا دڵی هەستی بە شتێك کردووە!
- لا 115 نووسیویەتی:(مەلا تەیفور، کتێبەکەی سەرەو ژێر کردبوو، چاوی بە وشەی تەماتە نەکەوتبوو، بە خەون بینینەکەی گوت، برام بەهێت دەوڵەت هەیە، هەنارت دەوڵەت هەیە، قەیسیت دەوڵ هەیە، خورمات دەوڵ هەیە، تەنانەت پیاز و ترێی ڕەش و سپیشت دەوڵ هەیە) لێرەدا، مەلا باسی سێوی نەکردووە، کەچی لەلاپەڕە 132 دا، کاتێ مەلا لە شاخدا ئەو بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە دەڵێت:(بە گوندییەکەم گوت، لە جیاتی تەماتە با سێوکی سوور دابنێین) ئەمانووس بیری چێتەوە، پێشتر چی نووسیوە!
- لا 117 نووسیویەتی:_(مەلا تەیفور بە ڕەعنای گووت، گیانەکەم نەکەویتە دەشتی کەنعان و نەتخەنە بیرکی قووڵەوە، کاروانیش فریات ناکەوێت، میسریش دووڕە) باسەکە دیارە کە مەبەست حەزرەتی یوسفە، بەڵام ئایا، حەزرەتی یوسف مێ بوو، تا ئەمانووس ڕەعنا بە ئەو بچوێنێت؟!
- لا 119 نووسیویەتی:_(پێژەکتەرەکان بە پێی هاتنی شەو و ڕۆژ دادەگیرسان و دەکوژانەوە) ئەم دەربڕینە، هیچ داهێنانکی تێدایە لە نووسین؟ مەگەر کەس هەیە نەزانێت، هەموو ڕووناکییەك ئەو کاتە دادەگیرسێت، کە تاریکایی هەبوو؟
- لا 119 نووسیویەتی:_(دەستی گێ دەدا تاکو ئەو لایتە بچووکە بدزێتەوە کە بە دیاری بەخشیبوویە کوەزاکەی) مادام دەزانێت لایتەکەی کردێتە دیاری، بە دوا گەانی بێ چییە؟
- لا122 نووسیویەتی:(کەواو چاکەتەکەی خاوی بوون) بەڵام هەر

چەند دێڕك دواتر دەنووسێت:(كەواو كراسەكەی فڕدا)

- لا 125 نووسیویەتی:_(سەیری ئەو بۆیاغانەی دەكرد، كە لە هەندێ شوێن لە تەختەی گالیسكەكە وشك ببوونەوە و چەمابووەوە هەق ببوو) بۆیاغ كە لە تەختە وشك بووەوە، هەق نابێت، چونكە تەختە بۆیاغ هەدەمژێ. ئەو حاڵەتەی ئەو باسی دەكات، تەنها بۆ ماددەی ئاسنە. بۆیاغ لەسەر ئاسن رەق دەبێت و لول پێچ دەبێت.
- لا 132 نووسیویەتی:_ (مەلا تەیفوور، گەڵام و سووڵام لە هیچ شوێنكی ئەو ئیبن سیرینەم نەبینی باسی تەماتە بكات، ئەو دەم بە گوندییەكەم گوت، لە جیاتی تەماتە با سۆوكی سوور دابنێین) تا ئێرە دیارە، بەڵام با بزانین ڕۆمانووس پێشتر چی نووسیوە، ئایا باسی سۆوی كردووە؟ لەڵاپەڕە 115 نووسیویەتی:_(مەلا تەیفور كتێبەكەی سەرەو ژوور كرد، چاوی بە وشەی تەماتە نەكەوت، پێی گوت برام، بەهێت دەوێ هەیە، هەنارت دەوێ هەیە،قەیسیت دەوێ هەیە،خورمات دەوێ هەیە، تەنانەت پیازو ترێی هەش و سپیشت دەوێ هەیە) واتا نەیگوتوەە سۆوكی سوور دابنێین، بەمەش ڕۆمانووس بیری چێتەوە پێشتر چی نووسیوە!
- لا139 نووسیویەتی:(كاتێ هەڵاتم دەمزانی شەوێك دادێت ماڵی موختار بە سەرمان دادەدەن) لێرەدا، وا دەردەكەوێت كە دوای هەڵاتنی مەلا تەیفووری خەون بین، پیاوەكانی موختار چوونەتە سەر ماڵەكەی بێ ئەوەی بیكوژن، بەڵام ڕۆمانووس هەر خۆی پێشتر لەڵاپەڕە 122 دەڵێت:(دوای ئەوەی پاسەوانەكان، موختار ئاگادار دەكەنەوە، شەوی پێش ئەوەی گەناس و بەختەوەر بگەنە گوندەكە، دابووی بە سەر ماڵی مەلا داو مەلاش چووبوو دەست بە ئاو بگەینێت، هەرچەنێك بێت هەر ئەو شەوە بۆی دەرچوو كتێبەكەی ڕزگار كرد) واتا هەمان شەو ، بە ڕێكەوت خۆی ڕزگار كردووە. بۆیە ئەمە دوو گۆڕانەوەی پێچەوانە و هاودژی یەك ڕووداون!
- لا140 نووسیویەتی:(دەڵێن تووڕەگەكەی ڕوو كردبووە سەر عەرزەكە، دە دوانزە گوێی بۆاو كەوتبوون، بەخشەوەر كەمێك پەشۆكا) بەڵام شەش دێر دواتر، هەر خۆی ئەم قسەیەی خۆی ڕەت دەكاتەوەو دەنووسێت:(كاتێ تووڕەكە گوێیەكانی ڕووكردە سەر زەوی، هیچ مووچركێك بە جەستەی دانەهات).
- لا 141 نووسیویەتی:_(بەخشەوەری بینی زۆر نەگۆڕاوە، بەڵام سەرو ڕیشی سپی بووە) مەگەر گۆڕانی مرۆڤ چۆنە؟
- لا 144 نووسیویەتی:_(لە سەر كومبارێكی نایلۆن دانیشتبوو)

نازانم كه كومبار بووه، چۆن نايلۆن بووه؟

- لا 159 نووسيويەتى:_(بە درێژايى سەدەى بيست و يەك، ڕيشاڵە تكچۆراوەكانى دەردەكەوتن) سەدەى بيست و يەك، تازە دوو دەيەى لێ ماوەتەوە، ئيدى نازانم بە درێژايى سەدەى بيست و يەك بێ؟
- لا 166 نووسيويەتى:_(جوعە قەمبوور پير ببوو، لە سەرووى هەشتاوە بوو، پيرى پێوە ديار نەبوو، خاوەن جەستەيەكى گردبووەوە تكمە بوو) بە تەنها لەو پەڕەگرافە، ماننووس دوو هەڵەى كردوونە. يەكەم: ئايا كەسێك تەمەنى لە سەرووى هەشتا ساڵەوە بێت، پيرى پێوە ديار نييە؟ دووەم: جوعە كە قەمبوور بووە، چۆن جەستەيەكى گردبووەوەى هەبووە؟ بە تايبەتى كە ئەو كارەكتەرە لە زگماكييەوە، بە كووڕى لە دايك بووە؟
- لا 172 نووسيويەتى:_ (جەژنى سەربەخۆيى ئەمەريكا، هەموو ساڵێك لە بەرواری 4 ی گەڵاوێژ بەڕێوە دەچێت) بگومان ئەمە هەڵەيە، چونكە جەژنى سەربەخۆيى ئەمەريكا، لە 4 ی تەممووزە، ئايا ئەو ڕۆژە ڕێكەوتى چوارى گەلاوێژ دەكات؟
- لا 174 نووسيويەتى:(ئەلبێر ئەلبێر ئەلبێر

کە جاران پێی دەگوترا میوانخانەی شێش، خێوەتەکان نەمابوون، نانەواخانەکە وێران ببوو، بارەگاکان ووخابوونە سەر یەك) ئەمە مانای وایە ئاسەواری ژیانی لێ نەماوە، کەچی چەند دێك دواتر و لە لاپەڕە 189 دا ئەمجارەیان دەنووسێت:(چەندین گاڵتە بە نزینییان خستە ژێر دار مێوەکانەوە) نازنم ئەو گاڵتانە بەنزینانە، لەو شوێنە وێران بووە لە کوێ هاتن؟! بە تایبەتی پێشتر ێمانووس باسی بەنزینی نەکردووە!

- لا 188 نووسیویەتی:_(هەموو پاییزانێك دەیان هێشووە ترێی ئاوسییان بە ژێر گەڵاکاندا شێردەکردەوە) ئەمەی ئەو باسی دەکات، دەبێ هاوین بێت، چونکە لە پایزدا، ترێ زێر کەم دەبێتەوە و هەر نامێنێت.

چەند نموونەیەك لە ێزمانی هەڵە لە کتێبەکەدا:_

بە گشتی ێنووسی ئەم ێمانە، لە زێر شوێن هەڵەیە و نووسەر ێەچاوی هیچ ێسایەکی زمانەوانی نەکردووە. بە تایبەتی لە داێشتنی ێستە و کردارەکانی تاك و کێ، یاخود بکەر و کار. لێرەدا چەند نموونەیەك لە ێمانەکە وەردەگرین.

- لا 39 نووسیویەتی:_(سەرێك و دارو دەستەکەشی لە ژێر کەپرێك دانیستبوو) سەرنج لە کردارەکانی تاك وکێ لە ێستەکە بدەن.
- لا 43 نووسیویەتی:_(سەرێك هێزەکان، بە پەنجەی شایەتمان ێاوەشاندنەوە دەهاتە خەونەکانییەوە) سەرێك هێزەکان کێیە، بێیە دەبوو بنووسێت (دەهاتنە خەونەکانییەوە).
- لا 48 نووسیویەتی:_(خەڵاتیش، یا سەرکە قەندێکە، یا شەواێکە یا کاوێکە) خەڵات هەڵەیە و خەڵاتەکانیش دروستە.
- لا 56 نووسیویەتی:_(خێی هەیوان وەکو لم وابوون) وابوون هەڵەیە، وابوو ێاستە.
- لا60 نووسیویەتی:_(خاتوون دەمێك بوو لە تەنیشت سەرێك دانیشتبوو، ئەمجارەیان سەرێك هاوارێکی کرد، خانمە سەرێك ئاوێی لێ دایەوە) ێمانووس بە شێوەیەك ێستەکەی داێشتووە، وەك ئەوەی خانمێك هەبێت و سەرێك بێت، نەك ئەو خانمە خاتوونی ژنی سەرێك بێت. زمانی کوردی زمانێکی وردە، یەك هەڵەی بچووك لە نووسین، تەواوی مانای ێستەکە دەگێت. پاشانیش، دەبوو نووسەر بزانێت، ژنی سەرێك پێی ناگوترێت خانمە سەرێك، بەڵکو خانمی یەکەمی پێ دەگوترێت. ئەمانە زانیاریی زێر سەرەتایین، بێ کەسێك کە ێمان بنووسێت.

- لا 66 نووسیویەتی:_(سەدەی نۆزدە و سەدەکانی خوارتر) سەدەکانی پێشوو، پێشووتر هەن، بەڵام نەمبیستووە سەدەی خوارتر هەبن!
- لا72 نووسیویەتی:_(بەو پێغەمبەرانەی دەکرد، کە لە دەست قەومەکەی هەڵاتبێ) بەو پێغەمبەرەی دەکرد دروستەکەیە.
- لا 72 نووسیویەتی:_(دەتگوت دەرزی لای فارابی خوێندووە) ئایا دەرس و دەرزی، هەمان مانایان هەیە؟
- لا 76 نووسیویەتی:_(بگەڵێتەوە لای باوکە پیرەمێردە پەژموورەکەی) مەبەست باوکە پیرەکەیەتی، بەڵام ڕۆمانووس بە شێوەیەك نووسیویەتی، وەك ئەوەی باوك و پیرەمێردێك بن!
- لا80 نووسیویەتی:_(ئێوارە ڕۆژنامەوان زۆر ماندوو بوو، یەکسەر دەگەڵێتەوە ژوورەکەی بۆ ئەوەی بخەوێت، جلەکانی لە بەر داکەندو تەنها بە دەرپێیەکەوە چووە سەر جێیەکە) مەبەست ئەوەیە، کە ڕۆژنامەنووسەکە خۆی جلەکانی دەگۆڕێت، کەچی ڕۆمانووس بە شێوەیەك نووسیویەتی، وەك ئەوەی کەسێك جلەکانی لەبەر دابکەنێت!
- لا 106 نووسیویەتی:_(زۆربەیان تا دەمە و ئێوارە دەخەوت) سەرنج بدەن، بکەر کێیە کار تاکە.
- لا 139 نووسیویەتی:_ (پێی لە گوێی بۆاوی موختارەکانی ئەم دەڤەرە بوو) سەرنج لە ڕستەکە لە ڕووی زمانەوانییەوە بدەن.
- لا 201 نووسیویەتی:_(زۆریان پارچە پەڕیان بە دەستەوە بوو، ڕای دەوەشاند) دیسانەوە بکەر کێیە، کار تاکە.

وەسف:_

وەسف، یەکێکە لە هەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمان و لە پاڵ هەگەزەکانی دیکە، بینای هونەری ڕۆمان پێك دێنن. زمانی وەسفکردن، دەبێ زمانێکی هونەری جوان، ورد، هاوکات بابەتی و لۆژیکیش بێت، کە بشێ وەسفەکە بکاتە جێگەی سەرنج و باوەڕی خوێنەر. وەسف لەو ڕۆمانەی ئەحمەدی مەلادا، هێندە سەیر و سەمەرەیە، کە خوێنەر گومان دەکات ڕۆمانووس زمانێکی هێندە هەژاری لە ڕووی ئستاتیکی و هونەرییەوە هەبێت، بۆ ئەوەی وەسفی شتەکانی پێ بکات. لەو ڕۆمانەدا، خوێنەر بەرچەندین وەسفی سەیر و سەمەرە دەکەوێت. بۆ نموونە:

- لا 81 نووسیویەتی:_(لە پێکدا قاقایەکی کرد، قاقایەك بوو، گوێی گوێدرێژەکەی دەلەراندەوە، پێکەنین نەبوو، قاقا بوو، شتێك بوو لەو دیو قاقاشەوە، بە جۆگەیەك قاقای دەکرد، وەك شەربەیەکی زەبەلاح سەر و قلپ کرابێتەوە) لای من بە هیچ

شێوەیەك گونجاو نییە، ئەمە زمانی وەسف بێت لە ڕێمان، لای ئەحمەدی مەلا.

- لا 81 نووسیویەتی:_(هەمان قاقا بە گەرم و گوڕتر و شێتانەتر، وەك بەرمیلە شەراب دەلەرییەوە) بەرمیلێك شەرابی تێدا بێت، تۆ بڕۆی لە بەر قورسایی بلەرێتەوە؟
- لا 82 نووسیویەتی:_(ئەو هەموو کالێریەی فاسڵیا بە هەند وەرنەگرین) کەواتا دەبێ پڕتین بووبێت نەك کالێری.
- لا 89 نووسیویەتی:_(هەندێ پەنیر و هەندێ نان و مەتارە ئاوەکە و کاهەکێکی نێ مانگیلەی لە سەر سفرەکە دانا) کاهەکی نێمانگیلە، چ مانایەکی هەیە؟
- لا 89 نووسیویەتی:_(تۆکڕێکی تەنکی لە لەشی کاهەکەکە داماڵی) سەرنج لەو وەسفە بدەن؟
- لا 90 نووسیویەتی:_ (کاهەکەکەی درێژکردوو وەك سپرینگێکی خاوی لێ هات) ئاخر کاهەك لەکوێ و سپرینگ لە کوێ؟
- لا 116 نووسیویەتی:_ (ئەم خەونە شێدارانە) خەونی شێدار چ مانایەکی هەیە؟
- لا 116 نووسیویەتی:_ (دەستی کرد بە فیکە لێدان، فیکەیەکی پێ گلەیی بوو) فیکەی پێ گلەیی چ مانایەکی هەیە؟
- لا 127 نووسیویەتی:_(وەك گوندێکی زلی ناقەڵا، بە بێ پلان زل دەبوو) گوندی زل، چ جوانییەکی تێدایە.
- لا 132 نووسیویەتی:_ (ماێ کاولییەکی پەتی بوو) کەس وەسفی وەهای بیستووە؟
- لا 139 نووسیویەتی:_ (بەخشەوەر هەموو گیانی بوو بوو بە دوو گوێ) مەگەر مرۆڤ خۆی دوو گوێی نییە؟
- لا 172 نووسیویەتی:_ (پێویستیان بە بۆنی هاناوی فەلسەفەی هاوچەرخ هەبوو) سەرنج لەو وەسفە بدەن! مەگەر هاناو بۆنە یان گەرمایی؟

خاڵێکی دیکە لە بارەی ڕێمانەکە بە بۆای من ئەوەیە، کە ڕێماننووس لە پێدانی ڕێ بە کەسایەتییەکان، سەرکەوتوو نەبووە. بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ پاشخانی هزری و ڕۆشنبیریان. بۆ نموونە: کاتێ کارەکتەری مەلا کۆتر، هەڵەشە لە ئاغا دەکات، ڕێماننووس دەنووسێت:_(مەلا کۆتر دەستی بۆ گێپاڵەکەی درێژ کردوو تووڕە دیاربوو گووتی: هەی بێ ناموووسی قەحپە باب، هەی سەگی سەگباب، هەی کاوەزی حیزباب) دەپرسین، ئەمە زمانی کەسێکە بە پیشە مەلا بێت و بەردەوام لە مزگەوت بێت؟ دواتر مەلا و هیچ کەسێکی دیکە، قەت بوێری ئەوەیان هەبووە بەو شێوەیە قسە بە ئاغایەك بڵێن؟

دواجار دەم، ئەحمەدی مەلا، شاعیر و نووسەرێکی بە توانا و دیار، سەنگین و ڕەشنبیرە و لای من و یەکێکە لەو نووسەرانەی بە بایەخەوە نووسینە جۆراوجۆرکانی دەخوێنمەوە. بە داخەوەم کە ئەو ڕەمانەی بەو ئاستە نووسیوە. هیوادارم ئەمە، هەکارەکەی پەلەکردن لە نووسین و بڵاوکردنەوە نەبێت، چونکە ئەو سایانێکی زۆر و درێژە لەوە دەرچووە تەنها بە ناو و نمایش کتێب بڵاو بکاتەوە.

- پەراوێز: کەشتییەکان ناگەڕێنەوە، نووسینی ئەحمەدی مەلا، بڵاوکراوەی: ئەندێشە_ 2020

لە پەراوێزی ململانێی پارتی و پەکەکەدا.. ستیڤان شەمزینی

شەڕی عوسمانلی و سڤیوی بە وەکالەت

پارتی و پەکەکە هێندەی جیاوازییەکانیان خاڵی ناوکێیی و لێکچووی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. هەردوولا خاوەنی کاریزمای تۆتەمئاسان و مێیلی سەرکردەپەرستی تیایانەدا زاڵە، هەردوولا گووتارێکی ستالینیستانەیان هەیە بە مامەڵەکردن لەگەڵ کەی هەزڵ سیاسییەکانی تر، ئامێیش ئامێیە: پاکتاوکردن یان ڕادەستبوون. وەک یەک دوو هەزی تەتالیتەر و تاکەهەندن، سەرچاوەی ئایدیا و بیرکردنەوەیان بیروڕای سەرکردە یان ڕابەرەکە نەک هزرەکی سیاسیی دیاریکراو. وەک یەک مێیلی پاوانخوازیی بوونە بە هەموو ئاجیندایان، لە کن هەردوو هەزەکە ئامێی حسابی لەسەر ناکرێت ویست و ڕای تاکەکەس، چوونکە هەموو شت لە قووچەکەوە شەڕ دەبەتەوە بە خواڕەوە. هەردوولا کەمەڵەک پاساو و بەهانەی نیشتمانی و نەتەوێیی دەکەنە ستراکتەری ڕوایدان بە سیاسەتی داپڵەسین. وەک یەک مامەڵەی توند دەکەن لە هەمبەر ڕەخنە و دەنگی ناڕازایەتی ناوخێیی و دەرەکی.

سایانێکی زۆر یەکێتی نیشتمانی ئامێ مێیلە پاوانخوازییەی هەبوو بە تایبەت لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە مانەپەڵەی گەریلایانی سیاسیی کوردستان. لەم سەنگاوە یەکێتی چەندین شەڕی گەورەی لەگەڵ کەی حزبەکانی تری ناو مەیدانەکە هەڵگیرساند و توانی بەشاوێیەکی

رژیمی سەرکوتنی بەرچاو بەدەستبهێنێت. دوای راپەڕین تاکە هێزێکی گەورە کە ئاستەنگی بەردەم خۆنە پاوانخوازییەکانی یەکێتی بووبێت لە باشووری کوردستان، تەنیا پارتی بوو، ئەمیش هێزێکی هاوشێوەی یەکێتی پاوانخواز بوو و دەیویست بەهەر نرخێک بووە کوردستان بکاتە واتەکی دیکتاتۆریی یەک حزبی و یەکڕەنگی، هەروەک ئەم هەمان ئەجیندای یەکێتیش بوو، بەڵام دوای رووداوەکانی 31ی ئاب، هاوکێشەکە بە تەواوەتی گۆڕا، یەکێتی لە هێزێکی هەرشبەری پاوانخوازەوە بوو بە هێزێک کە بەرگریی لە قەوارەی خۆی بکات و واز لە هەر خۆنەکی پاوانخوازیی بهێنێت.
لەگەڵ پرسەی ئازادیی عێراق و چوونی مام جەلال بۆ بەغداد، دەرفەتێکی تر بۆ رووی ناکۆکییەکانی ناو یەکێتیدا کرایەوە، ئیدی دابەشبوونی یەکێتی هەموو خۆنە پاوانخوازییەکانی ئەو حزبەی خستە تابوتەوە، پاشتر بە جیابوونەوەی گۆران، بە تەواوەتی خۆنی پاوانخوازیی یەکێتی لە گۆڕا. ئێستا یەکێتی هێزێکە هێندەی لە سەنگەری بەرگریی‌دایە تاکو بەم قەبارەیەی ئێستای خۆیەوە بمێنێتەوە، هیچ کات لە هەوڵی ئەوەدا نییە هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا مانەپەڕی هەموو باشووری کوردستان بکات، بەڵکو هەموو هەوڵێکی لەوەدا چڕ کردۆتەوە زۆنی سەوزی پێشووی لە دەستدا بمێنێتەوە، بۆیە رۆژی یەکێتی لە شۆڕەی جەماوەرەکان و ئەنگێزەی پاوانخوازییەدا رۆژێکە لە پەراوێزدا، یان ئەکتەرێکی کەمبارەسی ئەو شانگرییەی عوسمانییە نوێکان و سەفەویی تازەکان لەسەر سەحنی کوردستان وازی دەکەن.
هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانیشە هێزێکی پێپڵەیست و بێ ناسنامەیە، ئەو قورسایی‌ی نییە ببێتە تەرەفێک لە شۆڕەی جەماوەرەکاندا و بەشداریی‌یەکی ئەکتیڤی تێدا بکا، هەبێتە لەم قۆناغەدا لە بەرانبەر پاوانخوازیی پارتیدا لە یەکێتی ئەکتیڤتر، بەڵام یەکێتی و گۆران وەک هاوشێکە لە بەرانبەر پارتیدا دەردەکەون نەک وەک دوو هێزی خاوەن پلاتفۆرمی سیاسیی سەربەخۆ، بزووتنەوەی گۆران حزبێکی بێ چارنووسە لە هاوکێشەکانی داهاتوودا، دوور نییە وەک حزبی ئایندە و ئاڵای شۆڕش و پارتی کار، لە زەمەنێکدا خۆی حەڵ نەکات بە گۆرانەوە یان یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکێتی، یان دوای نەوشیروان مستەفا* دووچاری لەکترازانی گەورە دەبێتەوە بە هەی ئەوەی یەک ڕەوانگەی سیاسیی هاوبەش نییە ئەو هەموو ناکۆکیی و فرە ئایدیالییەی نەو گۆران کە بکاتەوە.
ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانەکەدا کێشمەکێش دەکەن وەک دوو کارەکتەری سەرەکیی، پارتی و یەکگرتن. ئەم دوو هێزە وەک وتم دوو هێزی پاوانخوازی مێترسیدارن، کە جگە لە ڕەنگی خۆیان هیچ دەنگ و

رەنگەکی دیکە قبوڵ ناکەن. بە وەتەی لە ڕۆژئاوای کوردستان باڵی پارتی "ئەنکەسە" قەدەغە کراون و زیندانەکانی یەپەگە پڕکراون لە کادرە چالاکەکانی ئەو ئەنجوومە، کەناڵی ڕووداو قەدەغە کراوە، بەڵام دوای 400 شەهید یەپەگە "مەنبەج"یان ڕادەستی ڕژێمی سوریا کردووە، تا ئەستاش پێکەرەکانی حافز ئەسەد لە ژێر قەڵەمڕەوی یەپەگە وەک خۆیان بە دەستکاریی ماونەتەوە، بەڵام لە شاری عامودا هەمەتی سووتاندنی ئاڵای کوردستانیان دەستپێکرد!، لەلای پارتیشەوە بارەگاکانی پەکەکە داخراون لە زووەوە، هەسووانی پەکەکە و تەقگەری ئازادیی ڕۆژانە دووچاری زیندانیکردن دەبنەوە، پێیامنێری تەلەفزیۆنێکی پەکەکە بەناوی "ویدات" بەشوێیەکی سیستماتیکراو لە ژێر قەڵەمڕەوی پارتیدا شەهید کرا، ڕەگەز لە میتینگ و ئاکسیۆنی ئاپۆچیەکان گیرا لە شاری هەولێر، بەڵام لە بەرانبەردا چەندین بارەگای ئێرتەشی تورک و میت بە ئازادانە کاری سیخوڕیی خۆیان دەکەن.
لە هەمووی تراجیدییتر ئەوەیە، ئەم دوو هێزە "پارتی و پەکەکە" لە گەمە ناوچەییەکەدا دابەشبوون بەسەر هەردوو جەمسەری ئێرانی و تورکیەدا. یان ڕاستتر بەڵێم گەڵانوێک هەیە لەلایەن ئەو دوو هێزەوە بە زەمانی ناکۆکیی میرنشینە کوردییەکان و ساتەوەختی پەیماننامەی چاڵدەران کە تێیدا کوردستان بەسەر سەفەوی و عوسمانلیدا دابەشکرا. ئاشکرایە پارتی ڕێکەوتنی لەگەڵ تورکیا واژە کردووە بە فرەشتنی نەوت بەو دەوڵەتە تاکو ماوەی پێنجا ساڵ، هەرچی پەکەکەشە لەوەتی ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێران نوێ کردەتەوە چالاکی "پژاک"ی سێ کردووە! جێی پرسیارە لەوەتی شەڕی سوریا هەیە هێزێکی چەکداری ڕێکخراوی وەک پژاک تەنیا یەک فیشەکیشی نەناوە بە ئێرانەوە! هەر هەڵبژاردنی جەمیل بایک وەک سەرکی کەما جڤاکین کە کوردێکی عەلەوی شیعە مەزهەب مەدلولاتی سیاسیی خۆی هەیە، ڕەنگە یەکێک لە مەغزاکانی دەنیایدان بێت بە ئێران.
ناکۆکی پارتی و پەکەکە، هیچ پێوەندییەکی نییە بە پرسی نەتەوەخوازییەوە، شەڕی ساردیان کە هیوادارم نەگاتە پێکداهەڵپژان و پێکدادانی سەربازیی، پێوەندیی هەیە بە شەڕی عوسمانلی و سەفەویەوە، پێوەندیی هەیە بە نەزعەی پاوانخوازیی ئەو دوو هێزە کە دوو هێزی کۆنسەرڤاتیستی کوردستانن. لەڕەدا دەتوانین هەما بکەین بە ڕۆژئاوای کوردستان، کە پارتی دەیەوێ بە دەڵاگرتنی تورکیا لە ژێر دەستی یەپەگە دەریبهێنێت، تاکو لە ئەگەری دابەشبوونی ناوچەکە ئەو بەشەی کوردستان نەبێتە جەگەیەک بە لەدان لە بەرژەوەندییەکانی تورکیا، هەرچی یەپەگەشە "وەک باڵی سوریای پەکەکە" دەیانەوێ بە ئاجیندای ئێرانی ڕەگەز بگرن لە دابەشبوونی

سوریا، هەربەیە شتێک لە رۆژئاوا نەماوە بە ناوی "کوردستان" بەڵکو زاراوەی "کانتۆن" جێی ناوی کوردستانی گرتۆتەوە، لە ئەدەبیاتی سیاسیی یەپەگەشدا باس لە هیچ قەوارەیەکی کوردیی نەکراوە، ئەگەر پارتی بیەوێ بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە سوریا بپارێزێ، ئەوە پەکەکەش خواستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێرانی لە سوریادا هەیە.

سەبارەت بە شەنگالیش کە پەکەکە دەیویست بیکاتە کانتۆنێک، دیسان ئەمەش هەر هەوڵێکی تری ئێران بوو، تاکو بگەڕێ بن لووتی تورکیا، لەو رێگەیەشەوە دەروازەیەکی نزیکتر بە گەیاندنی یارمەتی بە رژێمی سوریا دەستبەر بکەن. دواجاریش بە تەواوکردنی نیوە مانگی شیعە "هلال الشیعی"!! دژایەتیکردنی پارتیش لەو دیدگایەوە بوو تورکیا نەیدەویست لە نزیک سنووری کانیەوە کانتۆنێکی سەر پەکەکە وەک پایەگایەکی ئێرانی لە ئارادا بێ، بۆیە ناکۆکیی پارتی و پەکەکە لەسەر کانتۆنی شەنگال لە ستراکتۆرەوە ناکۆکیی ئێرانی- تورکی بوو، بەڵام رووپۆشکرابوو بە پرسە نەتەوەییەکان لەلایەن هەردوو لاوە.

ماوەتەوە بەڵم پاساوی پارتی و پەکەکە بە ناکۆکی و شەڕکردن لەگەڵ یەکتر، بارامەترێک نییە رادەی نەتەوەییبوون و خەمخۆریی هیچکامیان نیشان بدات بە دڵزی نیشتمانی، بە پێچەوانەوە وەک لە سەرتاشەوە چەند جار ئاماژەم بە کرد هەر ناکۆکی و شەڕێک لە نێوان ئەو دوو هێزە زیاتر فاکتەری دەرەکی و خۆونی پاوانخوازیی رێبەری تێدا دەگێڕنا لە دیتنی منداڵ نە پەکەکە لە پارتی نەتەوەییتر نە پارتیش لە پەکەکە پەرەشتر بە دڵزی کورد. لە ئەگەری هەر شەڕێکدا ناتوانین بڵێین بە هیچ پاساوێک بکەین، چوونکە لە ئێستاوە بەرچاومان ڕوونە داگیرکەرانی کوردستان چ سەفەوی و چ عوسمانی، دایانەوە شەڕی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵاتەکانیان و لەسەر خاکی کوردستان بکەن، وەک ڕوونە جارێکی تر نەخشەی ناوچەکە لەلایەن زلهێزە جیهانییەکانەوە دادەڕێژرێتەوە، چ ئێران، چ تورکیا دەخوازن بە کەمترین زیان لەو پرسیە دەربچن لەسەر حسابی کورد، ئەو دوو هێزەش "پارتی و پەکەکە" وەک دوو مقاش بە بەرژەوەندییەکانیان بەکاردەهێنن، بەڵام هەر کات ئەو دوو دەوڵەتە "تورکیا و ئێران" هەر چەشنە ڕێکەوتنامەیەک بهێنە ئاراوە لە نێوانیان، هەردوو لایەنی پەکەکە و پارتی، ئەگەر تووشی ئاشبەتاڵ نەبن دەبێت بچنە قەناغی متبوونێکی دوور و درێژەوە، بەمەش تاکە زیانمەند بە پلەی یەکەم دڵزی نەتەوەیی کورد و هاووڵاتیانی کوردستان دەبن.

3-3-2017

نەخشانەی گلیاد ئاینس
ئەمانیا – بیلەفەد

*خوێنەر دەبێت بڕچاوی ڕوشن بێت ئەم وتارە دوو مانگ و نیو پێش مردنی نووسەر نوشیروان نوسراوە

تێبینی: ئەم وتارە لە بڵاوکراوەیەکی کتێبی "قوتووی عەتار" لە لاپەڕە 35-39 چاپ بووە، کە ئەو کتێبەش لە سەرەتای ساڵی 2018 بە چاپی کاغەز لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە.

نەخشەبەردەکەی دەربەند بووە قوربانی نەزانی و بەرژەوەندخوازی.. هەسوێ بەسکێنی

نەخشەبەرد لەسەر ڕووی شاخ (منحوتە جبلیە) بریتیە لەو جۆرە نەحتەی بەشێوەی (نەحتی بارز) لە ناو چوارچێوەیەکی قوڵ بەجێری جیاواز، لەسەر ڕووی بەرد و لەلاقەدی شاخەکان هەڵدەکەندرێت، وێنەی خواوەند و هێما و پاشا و دیل و نوسینی مێخی (بزماری) لەسەر هەڵدەکەندرێت.
نەخشەبەردەکانی چیاکانی کوردستان زۆرن و بە سەردەمی جیاواز دەگەڕێنەوە، زۆربەی ئەو نەخش و پەیکەرانە بۆ وێنەی پاشا و فەرمانەوای گەلە کۆنەکانی کوردستان دەگەڕێنەوە، یاخود گەلانی بێگانە هاتوونە کوردستان و لەئەنجامی شەڕدا سەرکەوتون و وەاتەکەیان داگیر کردووە و ئەنجامی سەرکەوتنەکانیان تۆمارکردووە، زۆربەی جار ئەو پەیکەرانە، بەهۆی شوێنی یەکلاکەرەوەی شەڕەکان، لە دەربەندەکان دروست کراون، لێرەدا باسی نەخشەبەردی دەربەندی ڕانیە دەکەین.
دەربەندی ڕانیە پێشتر بە(دەربەندی ڕەمکان) ناسراوە، هەردوو چیای کۆوەڕەش و ئاسۆس لەیەکتر جیادەکاتەوە، لەڕووی سەربازی و بازرگانی و گەشتوگوزارەوە، بەدرێژایی هەموو سەردەمەکان شوێنکی گرنگ و بایەخداربووە، دەربەند تەنگەبەری ئاوی زێی بچووکە، ئاوەڕۆی

ووبارەکە قۆناغ، پێی دەڵێن (قوڵەی دەرەند)، ئاوەکەی ووونە و گەروێکی بەرتەنگ دەبڕێ، ڕێگاکەی بۆ ماوەی چارەکە میلێك بەردین و سەختە، دەربەند شۆنێکی گرنگە، چونکە بەسەر تاکەڕێگادا دەڕوانێ، جگەلەهەندێ ڕێچکەی سەخت، وێاتی ئێران و پشدەر بەبیتوێن و کۆیە...هتد، بەیەکەوە دەبەستێتەوە.
بەهۆی گرنگی شوێنەکە لەهەموو سەردەمەکان دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، هەریەك لەودەسەڵاتدارانە لەسەردەمی خۆیاندا، قەڵایان لەدەربەند بنیاتناوە، هەمیشە قەڵاکانی بنکەی لەشکر و سوپابوون، قەڵاتی دەربەند دەکەوێتە بەری چیای ئاسۆس، ئەمە هی سەردەمێکی زۆرکۆنە، پێدەچێت هاوزەمانی ئەکەدی و ئاشوورییەکان بێت، هی سەردەمی (کووارى)فەرمانەوای شمشارە(شوشاڕا)بێت، دیوارەکانی هەروەکو خۆی ماوەتەوە، بەداخەوە بەناوی شوێنی گەشتیار و سەیران بەشێڤڕ شوێنی قەڵاتەکە تێکدراوە.
لەسەردەمی نزیکیش چەند قەڵایەکی لێ دروستکراون، لەسەردەمی (خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی)دا سەرکارێکی ئەو هاتێتە ئەوێ، بەناوی (وسوئاسکان یان وسوئاسکە) قەڵایەکی لەنزیك قەڵاتە کۆنەکە دروست کردووە، بەدووری سەد مەتر بەلای ڕێژهەڵاتدا، ئەویش هەر لەبەری ئاسۆسە، شوێنەواری ماوە، هەر بەناوی ئەو پیاوە ناسراوە، هەتائێستاش پێی دەوترێ (قەڵاتی وسوئاسکان یان وسوئاسکە)،دیوارەکانی بەبەردی زۆر گەورە دروستکراوە، بەداخەوە ئەویش شوێنەوارەکەی بۆ سەیرانگا تێکدراوە، دوای ئەوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە قەڵایەکی تر لەبەری دەربەند، لەسەرزێی بچووك، بەبەری کۆوەڕەشەوە دروستکراوە، (برزێزسکی)ئەو قەڵایەی دیوەو دەڵێ: قەڵایەکی تورکان لەلای ڕاستی زێی بچووك هەڵکەوتووە، ئەو قەڵایە باج وەرگری دەوڵەتی عوسمانی تێدانیشتەجێ بوون، قەڵایەکی بچووك بووەو دواتر وێران بووە، هەتائەو وێاتە کەوتەدەست پاشای گەورەی سۆران، محەمەدپاشای ڕەواندز، لەمانگی جەمادی دووەمی (1243ك)ئەو وێاتەی گرت، ئەویش قەڵایەکی لەسەرووی ئەو قەڵایە دروستکرد، هەر بەبەری کۆوەڕەشەوە، دوای نەمانی حوکمی پاشای گەورە، ئەو قەڵایە کەوتەدەستی سەرکارانی دەوڵەتی عوسمانی، سەردەمێك حەماغای کۆیە لەو قەڵایەدا سەرکاری دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەساڵی (1275ك)حەماغا لەدەربەند میر قەڵات بووە، سەرانەی لەعەشیرەتەکانی دەوروبەر وەردەگرت، لەگەڵ باج وەرگرتن لەو کاروانانەی بەوێدا تێدەپەڕین.
لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهان لەساڵی (1918ز)کاتێ ئینگلیز هاتە ناوچەکە ئەو قەڵایەی داگیرکردووە، دواتر ئەو قەڵایەش وێران بووەڵ، (دەبلیو ئار هەی= W. R. Hay) ئەفسەری سوپای ئینگلیز.

کەدواتر بووبەحاکمی سیاسی ئینگلیز لەهەولێر،دەڵێت: دەربەند شوێنی گوندێکی کلاوە بوو، لەگەڵ قەڵایەکی ڕووخاو، بۆ وەرگرتنی سەرانە لە عەشیرەتەکانی دەوروبەر، لەگەڵ بارج وەرگرتن لەو کاروانانەی بەوێدا تێدەپەڕین.
دەسەڵاتی ئینگلیز چەند ژوورێکیان لەهەمان شوێن دروستکرد، بۆ حوکمڕانی خۆیان (نەقیب بارکەرو کەپتان کێك)، دواتر (ئیدمۆندس) وەك جێگری حاکمی سیاسی ئینگلیزو هاوکارەکانیان لەوێ نیشەجێ بوون، بەڵام شوێنەواری ئەو قەڵایانەی بەری کێوەکەش نەماون، شوێنی بازگەکان تێکدراون، سەرەڕای ئەوە دواتریش شوێنەکە گرنگی خۆی لەدەست نەداوە، تادەگاتە ئەم سەردەمە بەردەوام شوێنی بنکەی سەربازی بووەو زاگەی باج و پشکنین لەسەر ڕێگاکە جێگیرکراوە.
زاڵ بوون بەسەر ئەم دەربەندەدا، ئاماژەی هێزو دەسەڵاتی زۆری فەرمانڕەوای ناوچەکە دەردەخات، لەو ڕوانگەیەوە لەنێوان جادەکەو زێیەکەدا لەبەرامبەر قەڵاتی دەربەند بەبەری کێوەکەشەوە شوێنەواری نەخشەبەرد (مسلە)کی کێن بەشاخەکەوە هەیە، لەو شوێنەی زێی بچووك، لەسەنگەسەر دێڵی ناودەشت جێ دێڵێ، دەچێتە ناو دەشتی بیتوێنی باشووری ڕانیە، نەخشەبەردەکە وێنەی پیاوێکی لەسەر هەڵکەندراوە، سەرەڕای ڕاپەرتی ناکۆك و دژبەیەك، ئەو نەخشەبەردەی لەدەربەندی ڕەمکان هەیە، نەخشەکە لاشیپێکە یەك مەتربەرین و (60سم) بەرزە، بەڵێز (تی، ویدان بڕاون) لە حوزەیرانی (1958ز) لەسەردانێکدا بۆ گەلی سەنگەسەر چاوی پێیکەوتووە، نەخشەکە (20م) لەسەر زەوی بەرزە، کەوتەتە سەر ڕووی ڕەوەزێکی ڕۆك، تەنیا بەڕێچکەڵەیەکی باریك لەکەناری دەستەڕاستی زێی بچووك جیا دەبێتەوە، لەو باسەی (تی، ویدان بڕاون) بۆ نەخشەبەردەکەی کردووە پێیوایە، ئەمە نموونەیەکی تری (کێلی سەرکەوتن)ی (نارام-سین) بێ، لەڕاستیدا ئەمەیان زۆر لەنەخشەبەردەکەی دەربەندگاوردەکات.
(تەها باقر)دەڵێت: لەکێتایی شاخی کیوەکەش لەنزیك دەربەند لەبەشی خوارەوەی ڕێگاکە پەیکەرێکی داتاشراو لەبەرد، بەئەندازەی(3×2)پێ هەیە، مەزەندە دەکرێ مۆژووەکەی بگەڕێتەوە سەردەمی ئەکەدییەکان واتە (2300 ساڵ پ ز) لاکێشەیەکی لەسەر شاخ هەڵکەندراوە، بەڵام واپێدەچێ هەڵکاری وێنە یان نووسینەکانی سەری بەهۆی باو باران و داماڵینەوە کوژابێتەوە، ئەوەی لێی زانراوە وێنەی پیاوێکە ڕووی لەڕۆژهەڵاتە، ئەم هەڵکێنە زۆر لەوانەی (هەڵەبن و شەخان و سەرپول)دەچێت.
لەساڵی (1866)ڕاپەرتێکی (برزۆزسکی Brzozowski) باسی نەخشەیەکی کێن دەکات، لەنزیك دەروازەو ڕاەووی دەربەند لەزێی بچووك، گاشەبەردێکی تاشراو لەڕۆخی ئەو ڕووبارە بەزارکی دێهەکەوەیە، لەو

بەردە تاشراوە دەچێ لەبەشی سەرووی ڕووباری "سەگ" لەنزیکی "بەیروت" دەبینرێ، ئەو بەردە بە پێچەوانەی قایم و پتەوبوونی، هەندێك خراپ بووە، ئێستاش وێنەی پاشایەکی لەسەرە، بەڵام زنارەکە نووسراوی لەسەرنییە.

(برزێسکی) نەخشی زەقی ڕووخساری مرۆڤکی دیبوو، بەڵام بەڵاشکاوی گوتبووی:"هیچ نووسراوەیەك لەسەر بەردەکەنییە"، (مانسل) نووسراوی بزماری لەسەر شوێنکی بەرزی زنارەکەی دەربەند دیبوو، دەرەتانی لێ نزیك بوونەوەی نەبوو، بەڵام نەخشی زەقی نەدیبوو، (ئیدمۆندس) جێگری حاکمی سیاسی ئینگلیز، کە دواتر لەوان هاتووەتە ناوچەکە، شوێنی کارەکەی لە دەربەندبووە، بیستوویەتی نەخشەیەك بەچیای دەربەندی هەمکانەوە هەیە، بایەخی پێداوە و نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە، بەڵام بەلایەوە گرنگ بووە، لەبەرئەوە چەند کەسکی ناوچەکەی ڕاسپاردووە، بۆی بدۆزنەوە، وەك خۆی لەکتێبەکەیدا:"کورد تورك عەرەب" چیرۆکی دۆزینەوەی ئەو نەخشەیە دەگێڕێتەوە، دوای ئەوەی دەچێتە شوێنەکە و نەخشەکە نادۆزێتەوە دەڵێ: سەرلەنوێ دەستم کردەوە بەپرسیار و لێکۆڵینەوە، چەند دەستی کێن و نزیکم ڕاسپارد، لەو جێیەی (مانسل) گوتبووی بکۆڵنەوە، ئەنجامی پێداگرتن و وەشوێن کەوتنەکەم، ئاکامی بەخشی و پەیامێکم پێگەیشت. گوتبوویان "عەنتیکەکەیان" دۆزیوەتەوە، منیش لەهاوینی 1931 هەلم بۆ ڕەخسا چوومە دەربەند، سەرەڕای ئەوەی پشتم ژانی دەکرد، بەڵێنوێنی ئەوان چوومە ئەوجێیە، بەتەواوی بەم جۆرەبوو، (مانسل)لەگەڵاڵە ڕوون کردنەوەکەیدا پیشانی دابوو، بەسەر زنارەکەوە لەوحەیەکی ساف کراوم بینی، نزیکەی سێ پێ درێژ و دوو پێ ونیو بەرزبوو، کەچاوت لێدەکرد، نیوەی بەشی لای چەپی هەندێك زەق بوو، جیا لەوە نەدەکرا ناوکی دیکەی لێ بنێی، لەوانەیە ئەو زەقایە سەردەمێك ڕووخساری مرۆڤێك بووبێ، بەڵام شوێنەواری خەتی بزماری لێ نەدەبینرا.

ئەو بیانیانەی سەردانی نەخشەکەیان کردووە، هەندێکیان بەباشی دیویانە، هەندێکیان بەباشی نەیان دیوە، هەندێکیان نووسینیان لەسەردیوە، هەندێکیان دەڵێن نووسینی لەسەرنەبووە، لەوانەیە ئەمانە هەمووی هۆکاری ئەوە بووبن دانیشتوانی ناوچەکە وەهی تریش بەپاشماوە و دەستکاری گاورانیان زانی بێت، یاخود وەکو (بت)و لایەنی شەڕ تەماشایان کردبێت، شوێنەکەی سەرگای هاتوچۆی کاروان وبوواران بووە، بەناو دەربەندەکەدا، لەبەر ئەوە زیانیان بەنەخشەبەردەکە گەیاندووە، چونکە هەندێکیان گوتوویانە سیمای کەسەکەی نیگارەکە لەئێستا زەقتر دیاربووە.

نەخشە هەکەندراوەکە بەهۆی بینینی جادەی دەربەند، لەکاتی دروستکردنی جادەکە، ئەوەندەی بەردوشاخ بەسەریدا هاتۆتە خوارەوە

وێنەکە سواوەو شێوەکەی تێکچووە، ئەوانەی پێش دروستکردنی جادەکە بینیویانە، دەڵێن: وێنەی پیاوێکە هەنگاوی بەرەو سەرەوە هەڵناوە، دەستێکی بۆ سەرووی دەربەند درێژکردووە، لەئاستی ئەو وێنەیە بۆ بەرزایی کێوەکەش بەرگەڵێنی ئەشکەوتێك دیارە، شوێنەوارێکە پێدەچێت ئاماژەکەش بۆ ئەوبێت، لوسایی شاخەکەش چەند کونێکی تێدایە.
قسەی زۆر لەسەر ئەو نەخشەبەردە هەیە، هەندێك لەشوێنەوارناسان دەڵێن: لەگەڵ نەخشەبەردی (نرام- سین) لەدەربەندی قەرەداغ یەکێکن، بەڵام بەڵای هەندێك لەشوێنەوارناس دەڵێن: دەبێ پاشایەکی گوتی یان للولەیی بووبێت، هەندێکیش دەڵێن نەخێر، ئەوە پادشایەکی ناوچەکە بووە.
لەڕاستیدا ئەوەی زیاتر ڕوونی تێدەچێت، کاری پاشایەکی ناوچەیی بێت. بەڵام مێژوونووس و توێژەرەکان بەتایبەت عەرەب و جولەکەکان هەمیشە ویستویانە شارستانیەتی ئەم ناوچەیە بۆ ئەکەدی و ئاشوورییەکان بگێڕنەوە، ئەوەی ئەوانیش بەهەستی نەتەوەپەرستی دەیگێڕنەوە سەرعەرەب، ئەگینا لەشوێنکی دوورەدەستی وەکو بیتوێن و پشدەر بۆ هەکڵینی مانەمانتکی گەورەی لەو ئەندازەیە لەسەر بەردی ڕەق و لەلاپاڵی شاخکی ناو قوڵایی ناوچەیەکی سەختی شاخاوی، چۆن دەکرێ نیشانەی سەرکەوتنی داگیرکەری بگەنبێ، بەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا، لەکاتکدا لەلای ئەوان چیاییەکان بەئازا و شەڕانی و شەکەرناسراون، هەروائاسان نییە، کارکە پێویستی بەژمارەیەکی زۆر وەستاو کرکارو پاسەوان و پێویستی کەرەستە و ئامراز و کەلوپەلی تایبەتی و پێویستی بەمانەوەی ماوەیەکی درێژهەیە، بۆ تەواو کردنی نەخشەبەردکی ئاوا، ئەگەر خەکی ناوچەکە خێیان هاوکارنەبن، کارکی سەختە، داگیرکەر بتوانێ بەئاسانی ئەنجامی بدات و بۆاو بەجێی بهێڵێ و هەزاران ساڵ بەبەرچاوی خەکی ناوچەکەوە ئاوا بەساغی بمێنێتەوە، هەرچۆنێك بێت بەهیواین لەداهاتوودا وردەکاری مێژووەکەی ڕوون بێتەوە.
ئەوەی مایەی داخ و نیگەرانیە لەسەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەناوەڕاستی ساڵی 2017 بۆ زیاتر خزمەتکردنی ناوچەکە حکومەت بڕیاری فراوان کردن و نۆژەن کردنەوەی جادەی دەربەندی دەرکرد، بگومان لەگەڵ هەر بڕیارکی لەم شێوەیە حکومەت لە ئامادەکردنی دەرخستنەی پێژەکە، بودجەی تایبەت بەهەوەشاندن و فڕێدان و گواستنەوەی پاشماوەی شوێنەکەو چاکردنی دیاری دەکات، بەڵام لەم پێژەیەدا کەمپانیاکە بەچاوپۆشینی لایەنی پەیوەندیدار،هەرچی چەووبەرد و پاشماوەی هەکەندن و تەقاندنەوەی شاخەکە، لەجیاتی گواستنەوەی بۆ شوێنکی تر، هەموویان هەڵداشتە خوارەوە بۆ ناو زێیەکە، بەمەش هەم قولەی دەربەندیان پکردەوە و هەم نەخشەبەردەکەشیان خستە ژێر ئەو

چەو و بەردەوە، نەخشەبەردەکە بووە قوربانی نەزانی و بەژەوەندخوازی، ئەوەندەی تر بەرەو شۆوان و لەناوبردن چوو.
تێبینی: سەرچاوەکان لەلای نووسەر پارێزراوەن.

1

2

وێنەی ژمارە (1، 2) شوێنی نەخشە بەردەکەی دەربەندی رِەمکان پێش نێژەکردنەوەی جادەی دەربەند.

3

4

وێنەی ژمارە (4،3) شوێنی نەخشە بەردەکەی دەربەندی ڕەمکاندوای نیشەکردنەوەی جادەی دەربەند.

سیمینارێکی فەلسەفی لەسەر جوانیناسی، لە هەولێر بەڕێوەدەچێت

ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین
بە هاوبەشی لەگەڵ لقی کوردی (تجمع تنموین الشبابی) سیمینارێکی فەلسەفی لەسەر (جوانیناسی) بە نووسەر و توێژەر (دڵشاد کاوانی) ڕادەگەیەنێت.
تەوەری گفتوگۆ: «فەلسەفەی جوانیناسی چییە؟»

- ڕۆژی دووشەممە ٢٨/٦/٢٠٢١
- کاتژمێر ٥:٠٠ی ئێوارە
- کتێبخانەی مەم و زین،هەولێر، داونتاون، نهەمی دووەم، خانەی F59

کتێبە شیعری (تراویلکە) چاپ و بڵاو دەکرێتەوە

ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین بەم زووانە یەکەمین کتێبی شیعری لە زنجیرە چاپ کراوەکانی خۆی، چاپ و بڵاودەکاتەوە.
سەبارەت بە کتێبەکە نووسەر «بوخاری وشیار» دەڵێت:
ئەم کتێبەم جیا لە کتێبە شیعرییەکانی ترم، تێکشکاندن و دووبارە بوونیادنانەوەی دەقی شیعریە، کە لە چوارچێوەی شیعری(شار)ی سوارە ئیلخانیزادە خۆی دەبینێتەوە، هاوکات چەندین دەقی فۆلکلۆر و شیعری تر تێکشکاوانە نووقمی جوگرافیا شیعرییەکە بوونە. کۆی دەقی کتێبەکە ڕەنجانە لە شار و هەڵاتنە لە ئازار و مەینەتیەکانی ژیانی شار. خوێنەری شاریی دەتوانێت باش هەست بە ئازارەکانی کارەکتەری دەقەکە بکات و خۆی تێدا بدۆزێتەوە. ئەم هەوڵەشم لەپێناو زیندوو ڕاگرتنی سوارە و شیعرەکەیەتی و ئاوەدانەوەیەکە لەم جۆرە نووسینە.
«تراویلکە» لە نووسینی (بوخاری وشیار)ە و (پەپوولە یوسفی)

نەخشەسازی بەرگی بۆ کتێبێک کردووە و ناوەندی هۆشیاری مەم و زین لە هەولێر چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

بەشێک لە کتێبەکەوە:

ئەز
زەنگووڵەیەکم بەدەنگ
بەدەنگ،
وەک مردنێک لە دایک بووم
کە چاوم هەڵێنا
بە یەکەم جار شارم بینی
شار هیچ زمانێکی نییە
ئەوەی دەیزانە
تەنە تەنهاییە

لەدایکبوون و مردنی عائیشە.. شیعری: عەبدولوەهاب بەیاتی- و: موکەرەم هەشید تاهەبانی

لە بارەی سرووت و هەوەسمی ئەفسوونگەری کە بە نووسینی بزماری لەسەر تابلۆکانی نەینەواو نەخشێنراون
شیعری: عەبدولوەهاب بەیاتی
موکەرەم هەشید تاهەبانی
کردوویەتی بە کوردی
(1)
ئاشوور پانیپاڵ خۆشی ویستم
بۆ ئەو ئەوینەیشم شارۆکی دروست کردو شووڕەی لە چوار دەوری کۆشا
هەتاوی کۆت و زنجیر کردو
ئاگرو کێلەو دیل و فوراتی هووباری بەهەشت
هەمووی لە پێش خۆی دان بۆ لای شار
خۆشی ویستم و نیوەی دڵی
لە بنەوەی بیری جیهانی جادوو لە کراو

دیل بوو
سەرگەرەکان دەیخۆن
گەردەلوولێك و پاچێك بوو بە دەستی چارەنووسەوە
بەسەر کەللەسەری پاشاگەل و
قەڵا و شارەکانیدا دەکێشا
خۆشی ویستم بەڵام ئاخ من
ئەوم خۆش نەدەویست بۆیە درەختەکان مردن
فوراتی ووبارى بەهەشتیش وشکی کرد
شارەکەو
ئاگرو ووەسمە جادوو لێ کراوەکان
بزربوون و
کەڵەبابێکی لەبەرد دروستکراو شوێنی گرتنەوە
کاتێك شاەسواری ئاسن بەسەر پشتی ئەسپی باوبۆرانەوە
لە وڵاتی مەرگ دەگەڕایەوە
کەڵەبابەکە دەیقووقاند
لە شارەکانی جادوویی و
لە تەلیسمەکانی قەشەکان
لە پەرستگەکانی ئەوین
بە دوای ووخسارو کەزیيەکانمدا دەگەڕا
چاوەڕێی دەکرد
لە بنەوەی بیری جیهانی جادوو لێ کراو
لە دایك بم
مامزێك بم دوای گالیسکەکانی دوورخراوی بکەوم لە ئاشوور
(2)
دەڵال لە بازاڕی کۆیلە دەمفرۆشت و منیش تووشی نەخۆشیی ئەوینم
خەون بە مۆخەکی سووری باخچەکانی فوراتەوە دەبینم
جەستەی پڕ لە مەرگ و ژیانی داپۆشیوم
قیژەی باڵندەیەکی دڵندە لە قووڵاییدا دەمرێت
خۆی دەکوژێت و دەنووکی لە جەستەی شتەکان دەچەقێنێت
(3)
جادووگەر و شاعیر و جەنگاوەر خۆشیان ویستم
قوربانیی پێشکەش کرد… پەیکەربەندییەکی دروست کرد
نزاکانی خۆی و
جووڵەکانی با و ئەستێرەکان و
بڕنی خۆشی
تێدا تۆمارکرد
ناوی گوڵەکانی وڵاتە دوورەکەمی تێدا تۆمارکرد

لەسەر گۆکەم گریا و خوینی منداڵکی هەرزەکاری سەربڕاوی بەسەردا پرژاندم
ماچی کردم منیش بە بازوویەوە ڕووت بووم و دەمقیژاند
هەردوو چاویان دەرهێنا
ئاشوور پانیپال
لە هۆی ئاوێنەکان چاوەڕی دەکردن
دڵنی شانە دەکردو نغرۆی ڕووناکی بووبوو
(4)
کەنیزەیەك بووم لە بازاڕاندا دەفرۆشرام
لە شارەکانی ڕۆژهەڵات کە گەردەلوول ڕووی تێ کردوون
چاوەڕێی بەرەژان دەکەم
(5)
بێ گالیسکەکانی دوورخرانەوە لە ئاشوور
بێ شای جیهان، بێ هەتاو و بێ گوڵە گەنمە سەوزەکان
بێ باڵندە پیرۆزە بەندکراوەکە
لە جیهانی ژێرەوە لە ژێر بنەوەی ئەم چیا جادوو لێ کراوە
بێ ئاگرو بێ سرووتەکان
بێ جەستەی زەوی کە لەژێر ماچەکانی هاویندا زیندوو دەبێتەوە
بێ فورات
شۆڕەواری قامچیی کۆیلایەتی
لە وڵاتی خواوەندو
لە وڵاتی مرۆڤ
هەڵدەگرم
لە چامەکانی شیعر و لە تابلۆکاندا
بە دوای (تەممووز)دا دەگەڕم
لە ئاوارەییمدا
چەپکێك لە مێخەکی سوور دەبەستم
تریفەی مانگی سوور لە ئاشوور ڕوخسار و هەردوو دەستم ڕەنگ دەکات و
کۆکەکەیش دادەپۆشێت
کۆمم سوور هەڵگەڕاو خوێن لە دەمارەکانمدا کەوتە ڕێ
بە وشەگەلی جادوویی ڕەشی جەستەی مردووی سروشتی و ڕەگەکانی زیندوو کردەوەو
هەورگەل و بروسکەکانی تەقاندەوە
ئاسمانی شەوی جیهان گرماندی و بروسکەی داو گوڵی بارانند
دەستی با پرچی شانەکردم و پاساریەیەکی برسی بە دەوری هەردوو مەمکمدا خولایەوە
لە سەر جەستەی تۆقیوم نیشتەوە

لەناو باخچەی خەون بینیندا بەدوای یاقووت و
ئاگرو کانیدا دەگەڕا
گوتی،
خەریك بووم
پاساریيەکەم
لەخەم و لە کەزییەکانم دووردەخستەوە
ئەی درەختی سەروەکە
ئەی عشتار
خواوەندی دایك و کەشی ساماڵ و باران
ئەی ئەوەی لە خوێنی زەمین و
لە گریانی (تەممووز)
لەسەر فورات لەدایك بووێت
با ئەم شەو جلی شوانان لەبەر بکەین و
بەناو ئەم چیایانەدا هەڵێین
بەڵام قسەکانی تەواو نەکرد
چونکە سەربازەکان
خێی و سەری بڕاویان
پێشیل کرد
لەناو گوێچکە ماسییەکدا لەگەڵ زیخ و چەوو ڕووناکی و
ماسیی زیوین و گژوگیادا
لە بنەوەی ڕووباری ئەستێرەیەکی چڕدا دەنووم
لە ناو تابلۆکاندا
پێشبینییەك تێماردەکەم مەتەڵی گەوهەری مەرگ و هیولا بەزێن
هەڵدەهێنێت
تاقێنەر و جوان لە ئامێزدەگرم
لەسەر کەنار
بازێك دەبینم بەسەر ئاسکێکەوەیە
ئاشوور پانیپال دەبینم
لەناو نێزەکەیدا هەتاوی ئاوابوون دەوەشێنێت
دیلەکان بە سێدارەکانەوەن
بە تاریکایی دەمەوئێوارەی تاقێنەرەوە هەڵواسراون
قەشەیەکیش نوێژ دەخوێنێت:
خوای سەربازەکان
ئەرمیای پێغەمبەر ـ گوتی
بەم شێوەیە ڵڵ بە فەرماندەگەل و
میرەکان دەدەم سەرخێش ببن و تا هەتایە بنوون
خوای سەربازەکان وادەڵێت

من بۆ مەرگم چی بۆم لە کاتێکدا خۆم دیل و کۆیلەم؟
ئەی چارەنووس چی شاردووەتەوە؟
ئەم شەو لەژێر پێی ئەو دڵندەیەدا
کە لە دەروازەی نەزانراودا ڕاکشاوە

سەرچاوە:
عبدالوهاب البیاتی ـ اعمال الشعریه ـ 2، ل 264-268 .

چەندی شیعرێکی دی لە شاعیری ناسراو (عەبدولوەهاب بەیاتی)یەوە.. و: نەژاد عزیز سورمێ

نەی
نەی دەگری : ئەوە دارستانن گەورەم
لە ناخی قووڵی زەویدا بە دوای خۆراکیدا دەگەڕێ
نەی دەگری : ئەوە باهۆزی پایزە
نەی دەگری : ئەوە قوللەکانن ئاگریان گرتووە
نەی : مرۆڤێك بەرەنگاری مەرگی دەبێتەوە
مەرگی سرووشت و وەرزەکان .

ستراندبۆژی کوێر

باران بەسەر مزگەوتەکانی تاران دا دەبارێ
باران و بڕژان و
هەوری ترس
پەلاماری خەڵك دەدەن
بەڵام ستراندبۆژی کوێری مەرگ
گۆرانی بێ مردووە کوێرەکان دەچڕی .

لەبارەی کتێبەکانی مۆژووەوە

کتێبەکانی مێژوو قەحپەن
شەهیدە پیرێزەکان لە ژێر داروپەردووداە دەنێژن
شایەدە ساختەکانیش دەهێنەوە .

دیسان لەبارەی کتێبەکانی مێژووەوە

کتێبەکانی مێژوو درێزن
ئەسکەندەر قوتابی ئەرستێ نەبوو
ئەو لە جەللادێك زیاتر نەبوو
کە لە پێناوی داگیرکردندا
داگیری دەکرد
تا ئارەزووی
بە خوێنی سەربازە هەژارەکان بەدی بێنێ .

بێ یەماز گیێنای
ژن و پیاوێك و شەمەندەفەرێك لە شەوی ئەنادێ دا
بەبەر ێوونا کییەوە
ژنەکە بە ترسەوە دەێ : (ئەو شەوە چییە ؟)
شار و دێهات و گورگ لە ژێر بەفرا
لەبرسان دەلوورێنن
دووکەێی تونێلە خواروخێچەکان و
کێخەی منداێان و
شەوێك پێشبینی بوومەلەرزەی لێ دەکرێ
پیاوە نووستووەکە بە چرپەوە وتی : (شەو شەوە)
پیاوێکی دی لەوپەێی فارغێنەکەوە
لەژێر ێوونا کی خنکێنراودا نامەیەك دەنووسێ و
گێرانییەك دەێتەوە
دوای شەێی دونیا لە باێکان دا بێاو بوو
باس لە خێشەویستییەکی نادیار و
پەیامبەرێکی شاعیر دەکا
خەێکی شەیدای بوو بوون
پیاوێك لێمەی برادەرێکی دەکا و دەێ :
(ئەم دونیایە خایین و ئێینبازەێ
بە بەرەواژی سواری پشتی کەرێ دەبێ)
ژنەکە بە ترسەوە دەگری
پیاوی یەکەم سەرکێنەی دەکا و
پێی دەێ : (ئەوە چییە؟
سپێدە لە ئانوساتی دایە و

دارستان به قووی هەناسە هەدەکێشێ
خاك لە بەرەژان دایە)

شاعیر
ئاگری لە کێتەکانی بەردا و
وتی دەبێ زیندانەکانی سەرزەمین بووخێن
نهێنی خێشەویستی کارەساتباری خێی بێ باران درکاند
کە لە پەیکەرەکانی نوور
لە میعراجیش شەهید بوو
خێەمێشی خێی بە قەسیدەیەك سپارد
بوو بە (چاك)ێکی نادیار و
سەردان دەکرا .

سیما

ێووت لە ئاوێنەدا : دوو ێووە
درێ مەکە
خوا لە ئاوێنەدا دەتبینێ .

ژنێك
هەموو شەوێ لە گێێی دووریدا
دەگەێێتەوە (تەنەکە)ـاوە
لەگەێ شەیتان لە ماێەکانیاندا
جووت دەبێ
وێنەی ئەسپ لە با دا دەحیلێنێ
چەندی لە گەێانیشیدا وەنەوز تینی بێ دەهێنێ
دەگەێێتەوە گێێەکەی .

بێ یەشار کەمال
دیواری ژوورە کەێولاێەکان و
زمانی گەلانی کیشوەرانت بێی
بە توانەوە لە ئاگر و ژانی داهێنان
بەرەنگاری
کەلاوەی کەچەێ و بێرە نووسەران دەبێتەوەێ
بە ناوی مرێقی تژی مەرگ
شێێشی داهێنانی
لە داهێناندا داگیرسان .

- لە (عبدالوهاب البیاتی _ الاعمال الشعریة) بەشی دووەم

بڵاو کردنەوەی (المؤسسة العربية للدراسات والنشر) بڕووت – لوبنان 1995
بڵوانە لاپەڕە (454 و 455 و 471 و 474 و 479 و 484 و 497 و 501 و 513 .)

1.

کتێب/ نامە وەک بەدواداچوونی بیروڕا.. ئامادەکار: عەلی مستەفا

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

kteb_AliMustafaDownload

بەرگریییەک لە هونەرمەند حەسەن زیرەک.. دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

(لەیادی سێت ساڵی لەدایک بوون و پێنجا ساڵی شەهید بوونیدا)

(… جەم نە بووەوە ..جەم نە بووەوە.. لە عێراق و لە ئێران جەم نە بووەوە، شونەکم نە دی تێیدا بژیم ،لە بینی دوو سێ کیو دا چاخانێکی پێتوکاو و ناخۆش و عەجایبم هەیە ، ئاگر بەن تەماشا بکەن .. تەعەجوب دەمێنن کەمن چۆن لێرە دەژیم! نا..پەمخۆش

کاسبی لە دەکەم، هونەر لە نەو کورد دا قەدری نەما؛ هونەر بۆ من بۆ هەریەکی نەدا! هونەر بۆ من کارەکی نەکرد بۆ شوهنیا بچم؛ چۆن کوردم و بۆ زمانی کوردی قسە دەکەم!!) حەسەن زیرەک – کاستی ئەبوو سەباح.

پێشەکی :-

لە ماوەی هابردوودا ناونیشانی نووسینەکم بەرچاو کەوت ، کەنووسرابوو:(ئایا حەسەن زیرەک هونەرمەند بوو؟) لە ژێر ناوی نووسەری بەڕێز (ئەحمەد ئەمانی)، بەمن جگە لە ناونیشانەکە ناوی نووسەرەکەش نوێ بوو! زۆر بۆتاسەوە کەوتمە خوێندنەوەی نووسینەکە . دەرکەوت ئەم نووسینە بەردەوامی گفتوگۆو هاگاینەوەیەکە لە نێوان بەڕێزان : (دکتۆر بینەندە ودکتۆر ئەحمەد ئەمانی)(١) بەداخەوە زۆرم هەوڵدا نووسینەکانی پێشترم دەستکەوت و نەمزانی گفتوگۆکانی ئەم دوو بەڕێزە لە چیەوە لە کێیەوە سەری هەڵداوە ! ؟ چۆن لە نووسینەکەدا بەڕێز ئەحمەد ئەمانی ، جگە لەوەی لەسەرەتادا هاوی قسەی لە بەڕێز دکتۆر بینەندەیە، هاو خواستی خۆشی بۆ هونەرمەندو هونەرمەند بوون بۆ کێش و پێوی هەژئاوایی خستووەتە هاوە، ئەمە خواستێکی هەوایەو ئەو بەڕێزە مافی خۆیەتی ، هیوای چ جۆرە هونەرمەندێک بخوازێ ! بەڵام ، خواستی هونەرمەند بوون بۆ کێش و پێوی هەژئاوا لە کوردستانێکی بۆوحاڵ و بەم هەنگە ؛ پەموابە زۆر لەگەڵ واقیع ناگونجێ ؛ کوردستان و هەژئاو .. کوردگوتەنی هەرخودایان یەکە! لەوەش گەورە ! لەتەواوی کورتە نووسینی – ئایا حەسەن زیرەک هونەرمەندبوو؟ دا هێندە بۆ هەناسەیەکی تازەو توند کەووتووەتە دامالینی زیرەک لە – هونەرمەند بوون !!- کە لای مامۆستا ئەحمەد ئەمانی .. زیرەک نەک لە هابردوودا هونەرمەند نە بووە ، زیرەکە ئەستاش هەر هونەرمەند نیە ! سەرە های ئەوەش مامۆستا ئەحمەد دواکەوتن و تەواوی نادات پەروەری نەوەندی هونەری دەداتە پاڵ زیرەک! هەر ئەوەش لە وتاری– ئایا حەسەن زیرەک هونەرمەندبوو؟ دا دەخوێندرێتەوە !! دە دەقیقە گوێ نەگرتن لە زیرەک!! لە هاستی دا مامۆستا ئەحمەد ئەمانی تەواو مافی خۆیەتی –حەسەن زیرەک – و هەر هونەرمەندێکی تر بۆ هونەرمەند بزانێ یان نەزانێ ! دەنگی زیرەکی لا خۆش بۆ یان نا ! وەک خۆی دەنووسێ :(هوون تر ، حەسەن زیرەک زیاتر لەوەی هونەرمەند بێت سەزاکێشکی عەیار ٢٤ ە، بەڵام، با کەاو لەسەر خۆشمان نەکەین چەند کەس لە ئێمە دەتوانێت هەژێک تەنیا بۆ دەدەقیقەش بووە گوێ لە حەسەن زیرەک بگرێت؟) بەڵام لەتەواوی نووسینەکەی مامۆستا ئەحمەد ئەمانی دا ، چ ئەوەی لە بارەی کەسایەتی زیرەک وەک تاکەکی نەو کوردەواری دوو وەاتی داگیر کەرو چ

وەک هونەر مندەکی هە میشە ئاوڕاو!! چ ئاوەی لە بارەی هونەرکێیەوە قسە دەکات! هیچ بەگێیەکی نە هێناوەتەوە تا ئێستا ئای خێیەتی !! ناکرێ ئەمانە ئەنجامی لەکێینەوەبن لە ژیان و هونەری زیرەک . چۆن بەزمێکی وەک (دکتۆر ئەحمەد ئەمانی) خاوەن بڕوانامێیەکی بەرزو پسپۆرێیەکی گرنگ .. ئەگەر تاوای ژیانی پێنجا ساڵو شەش مانگەی زیرەکی خوێندبێتەوە ئای بەم شێوێیە دەبێت !! بەداخەو هە رچی بیر لە ئایەکانی دکتۆر ئەحمەد دەکەمەوە سەبارەت بە زیرەک و هونەرەکەی !! سێیردەکەم زانیاریەکانی لەوە تێپەڕناکات کە هە رکەسێک لەسەرزارەکی و لە نەو خەڵک دا بیستبێتی !! چۆن ئەگەر بەزمێکی ئەکادیمی وەک دکتۆر ئەحمەد بیەوێ ئای حیسابی هە بێت و قسە لەسەر – هونەرمەندەکی ئەفسانەیی – وەک زیرەک بکات ، ئەوە سەرەتا دەبێ ئەو ٢٥ تا ٣٠ کتێبێ و سەتان وتارو نووسینەی خوێندبێتەوە گوێ لە سەتان بەرنامە ی ئادیەی تەلەفزیۆنی و کۆنو سمینارە گرتبێ کە لە دوای مەرگی زیرەک لە ٢٦/٦/١٩٧ وە بەردەوام لە ئێران و عێراق وکوردستان و دەرەوە دەنووسرێن و دەگوترێن و دەگێدرێن و بەاودەکرێنەوە ! ئەگەرنا بە هیچ شیوەیەک نایدەنووسی :(با کەاو لەسەر خەشمان نەکەین چەند کەس لە ئەمە دەتوانێت تاژەک تەنیا بە دەدەقیقەش بووە گوێ لە حەسەن زیرەک بگرێت؟) ئەو بەزمێ نەک هە ر لەکێینەوەی نە کردووە ، بەڵکە وەک ئەوە وایە لە کوردستانیش نەژیابێ !! حەسەن زیرەک .. لەو تاژەوە ولەساڵی ١٩٥٣ و لە ئادیەی بەغدا چریکاندی – ئەسمەر یارم جوانە- وە تاچەند تاژەک پێش مەرگی ژەهرخواردوکردنی ودوا گەرانی – وامن نەخەشم دەردم گرانە ! (٢)– لە ٢٦/٦/١٩٧٢ بەکان گیان دەسپێرێ ! هە میشە هونەرمەندی یەکەمی گوێ لەگرتن بووە ، چ لە ئادیەکوردیەکان و چ لە زەر فرەشتنی گەرانیەکانی و چ ئێستاش لە یوتیوب و سوشیال میدیا (٣)، بەردەوام لە تەزی پێشەوەی هە موو هونەرمەندان بووەو بە گوێ لەگرتن .. ئێستاش هە س !! خاتوو میدیای زەندی دەنووسێ : (تەزانێ دوو هە زار نامێ بە ئادیێ دەهات سەتا ٩٩ ی بە داواکردنی گەرانیەکانی زیرەک بوو ،هە ندەک لە گویگرەکان پولیان دەخستێ نیو پاکەتەکێ تازووتر گەرانی خواستی خێیان بەاو بکرێتەوە،) هە روەها دەڵێن : هەندێ نامەی زەر بە داواکردنی گەرانیەکانیی زیرەک بە ئادیێ دەهات لە کرماشان ، ئیدارەی ئادی ێ و پێست ناچار بوون سندوقەکی نامەی تایبەت بە ئەو نامانە دابنێن کە بە داواکردنی گەرانیەکانی زیرەک دهاتن ! کە ئەمە پێش زیرەک و دوای زیرەک بە هیچ هونەرمەندەکی کورد نەکراوە !؟ دەی مامۆستا دکتۆر ئەحمەد ئەمانی دەنووسێ : کەس لە ئەمە توانای ئەوەی نیە تاژە بە دەقیقەش گوێ لە زیرەک بگرێ ! بەڵاستی ئایەکی ئاوا – یەک ئا !!– و

دوور لە واقیع نەدەبووایە ای دکتۆرەکی لەکاتێکدا بوت لەم سەردەمدا !! پەمخۆشە مامۆستای بەڕێز ئەحمەد ئەمانی ئەمە بزانێ ، کە نزیک بە (٧٠) ساڵ خەلکی کوردستان بە هەموو چین و توێژ و تەمەن و ئاستەکانەوە بەردەوام گوێ لە گۆرانیەکانی زیرەک دەگرن ؛ عاشق لە ژوانێ، سەرخۆش لە مەیخانە ، بەندی لە بەندیخانە ، نەخۆش لە خەستەخانە ، کریکار لەسەر کاری ، جەنگەر لە جوتیاری ، شوان لە ئاقاری ، هەبوار لە هەبواری ، پێشمەرگە لەسەنگەرێ ، هاوینەندە لەسەفەرێ ، مەلا پاش نوێژ، ژن لە هەژاو پیرێ ، هەزوان لە نەوەزی ، شوان لە بەر پەزی ، ئاوارە لە غەریبی ، دڵشکاو لە بەنسیبی، بوک لە خانەبەندانە، زاوا لە گەڵی دیلانە ، کچ لە ئیی کانی ، کوڕ لە سەر بانی ، شێخ لە خەلوەتێ ، سەید لە موحیبەتێ ، سپان لە پەرزێ، ئازا لە نەو مەترەزێ ، جوانان لە شایی و هەڵپەڕکێ، پیر لە بەرهەیوان و بەر دەرکێ، باوک مردوو لەسەر قەبران ، کەست کەوتوو لە ژێر زەبران ، هەر هەموویان بەدەو بە گیان بەردەوام گوێ لە زیرەک دەگرن و .. بەی دڵزین و بەی دەمرن !! کە لوتکەیە؟! مامۆستا ئەحمەد دەنووسێ : با وردتر بینەوە؛ لە مۆسیقای کوردیدا چەند کەسێک لوتکەن، سەی ئەسکەر کوردستانی، حەمەی مامڵە، قادر دیلان، عەلی مەردان، لەم دوایەدا عەباس کەمەندی و کامکارەکان و مەزهەر خالقی و دواجار عەدنان کەریم) بەڵام ..ئەم هونەرمەندە بەڕێزانە لوتکەن ! لوتکە بوونیشیان زیرەک لە لوتکە بوون ناهێنێت خوارەوە ! هەر وەها لوتکە بوونی زیرەکیش ئەم بەڕێزانەو زۆری تریش لە لوتکە بوون بە بەش ناکات ! بەڵام ، لە لوتکە بوونیش دا ، هەموو لوتکەکان لە یەک ئاست نین !هەرکەس بە مانی خۆی ! کە ئەرگژنە؟ هەروەها دکتۆر ئەحمەد بەردەوام دەبێت و دەنووسێ : ئەم زنجیرەش کە پەیدا هاتینە خوارەوە بە باشی هەوتی هەسەن (زانستی) بوونی هونەری مۆسیقا بە ئەمە نیشان دەدات و لەو بەر پردیشەوە لە برایانی زێزەوە بیگرە تاکوو حەسەن زیرەک و سمایل سەردەشتی و عەزیز وەیسی و ئەم جوزەلە و ئەرگژەنانەی ئەم سەردەمە هەموویان هەمان هەوتی سەز بزوێنەری مشک خەتێنن کە بەجگە لە سەزاندن هیچی دیکەیان لە بن باخدا نییە و ئەم دوو هەوتەش لە هەموو کەمەلگاکانی جیهان و هونەرەکاندا بوونیان هەیە و تەنیا تایبەت بە کورد نییە.) ئەم هەسەنی و زانستی بوونی ئەم بەڕێزانە ، زانستی بوون و هەسەنایەتی زیرەک لە کار ناخات ، مامۆستا ئەحمەد ئەگەر بەوای بە هونەرمەندی گۆرەی کورد (موجتەبای میزادە) هە بێت ، ئەو موجتەبایەی پاش ئەوەی لەسەردەستی زیرەک فێری مەقامە کوردیەکان دەبێت و لە کرماشان بەقسەی خۆی ١٦٠ تا ١٧٠ گۆرانی بەزیرەک مۆسیقا لەدەدات و ناوبانگ پەیدا دەکات ، گۆرەترین

هونەرمەندانی ئێران بە کوردو فارس و ئازەرو هیوایان دەخواست کە موجتەبای میرزادە مەسیقایان بە لەبداو هونەرکەیان بەرز کاتەوە ! غەلەت نەکەی حەسەن زیرەک خۆش بێت !! لە سەفەرکی هونەرمەند موجتەبای میرزادە بە سەمانی برای نووسەرو زیرەکدەست (عەبدولی حەمە باقی) بە موجتەبا دەڵی.. ئەو دەست و پەنجانەت خۆش بێت کە ئاستی گەرانیەکانی زیرەکت ئاوا پە بەرزکردەوە ! هونەرمەند موجتەبا میرزادە بە گلەییەوە بە مامەستا عەبدولئ حەمەباقی دەڵی: (غەلەت نەکەی حەسەن زیرک خۆش بێت کە ئاستی منی ئاوا بەرزکردەوە !.) لە زاری هونەرمەند مامەستا موجتەبا دەگێڕنەوە گوتوویەتی : من گەنج بووم و شارەزای ئاوازە کوردیەکان نەبووم ، حەسەن زیرک لە ئادیەی کرماشان کەدەبینە گەنجێکی بەتوانایە ، بەڵام، پەنجەی فارسیە ، هەژانە پاش دەوامی خەی دەتەوە ئادیەو موجتەبا فیری مەقامە کوردیەکان دەکات . تا موجتەبا ئەو مجتەبایەی لە هاتە بەرهەم کە هات بوو..کە دواجار بوو بە خاوەنی – ئاوازی ئاهورایی !! -! ئەو موجتەباییەی لە بەرهەم مهات .. کەواتە ئەو مەسیقارە گەورەیەی کوردو هەژ هەات و هە موو ئیران موجتەبای میرزادە شاگردی زیرەکەو دەسپەروەردەی زیرەکە ! ئایا کارەکانی موجتەبا بەگشتی و بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ زیرک کردوونیەتی ، نازانستین؟ !! تا مامەستا ئەحمەد ئەمانی زیرک لە هیزی هەسەن و زانستی بوونی بکاتە دەرەوەو بیباتە هیزی کەسانک کە هە رگز خەیان و هیچ شارەزایەکی مەسیقاو گەرانی کوردیش ئەو جەسارەتە ناکات ! بە تەزی پای کە نەگەیشتن ؟!! دکتەر ئەحمەد لە دەربەنێ ئایەکانی خەی بەردەوامەو دەنووسە . واتا کاتک ئەمە حەسەن زیرەک لەگەڵ ئەم چەند کەسە بەراورد بکەین تازە تەدەگەین لە هووی هەسەنایەتی هونەریەوە حەسەن زیرەک هیچ بە تەزی پایان ناگاتەوە کە تەنانەت ناتوانێت خەی لە درێژەی هەوتی ئەوان و مەسیقای شوناس-هونەری کوردییدا جێ بکاتەوە) مامەستا لەو چەند کەسە مەبەستی ئەو هونەرمەندە بەهەزانیە:
(سەی ئەسکەر کوردستانی، حەمەی مامڵە، قادر دیلان، عەلی مەردان، لەم دوایەدا عەباس کەمەندی و کامکارەکان و مەزهەر خالقی و دواجار عەدنان کەریم) ە بەهە ..ئەم هونەرمەند بەهەزانە لوتکەن ! سەی ئەسکەری لە دەربچە کە هاو زەمانی زیرک نە بووە ی ئەو هونەرمەندانەی تر هیچیان کەس لەی نەبیستوون و نە خوێندووتەوە کە خەیان لە زیرک بە هونەرمەند تر زانیبێ ! بەڵام، ئەگەر هە واداری یەکەکیان ..یەک لەو بەهەزانەی لا لە زیرک هونەرمەندتربێت ئەو مافی خەیەتی ! کەچی.. ئەو بەهەزانە هیچ هەژک ئایەکی ئاوایان نەبووە ؛ مامەستا عەلی مەردان کە زیرک خەی لە کاستەکەی ئەبوو

سەباح دڵی (مامۆستا عەلی مەردان گۆرێ ، کورد قەدری نازانێ ، من پێشاوەکانی دەخەمە سەرچاوم) هەر ئەو هونەرمەندە گۆرێ مامۆستا عەلی مەردان خۆی گوتوویەتی: پاش مەرگی زیرەک من گەرووم نووساو هیچی تر گەرانیم بە نەگوترا ! لە دانیشتنەکدا مامۆستا محەمەدی مەلە و مەلا حوسێنی عەبدوڵا زادە ، لە وێنامی میرزا کەریم خۆشناودا مەلا حوسێنی عەبدوڵا زادە دێت : کاکە ئەمە زیرەکمان بە مامۆستای خەمان دەزانی ! ئەم قسەیش بە ناوی خۆی ومامۆستا مەلە دەکات و مامۆستا مەلە خۆشی لەوە دەبێت و ناڕازایی دەرنابڕێ . بە هونەرمەندەکانی تریش کە مامۆستا ئەحمەد ئیمانی بە گۆرەترو زانستی تر لە زیرەکیان دەداتە قەڵەم ! ئەمەی خۆیەتی کەس ئەو ڕایەی لە وان نە بیستووە ، جارێکی تریش دەنووسم ، منیش وەک بەڕێز دکتۆر ئەحمەد ئیمانی ئەو هونەرمەندانەی بە گۆریان دەزانێ ، منیش بە گۆریان دەزانم ! بەڵام ، گۆرەیی هیچ هونەرمەندێکی کورد زیرەک لە گۆرە هونەرمەندی ناخات ! بەڵی حەسەن زیرەک دووبارە نابێتەوە !! جارێکی تر مامۆستا بە داتاشینی زیرەک لە هونەرمەندبوون دەنووسێ :

(واتا میلان کەندرا وەتەنی حەسەن زیرەک زیاتر لەوەی هونەری هەسەن بێت هونەری بازاڕی و کیجە) بەڵێ هونەرمەند حەسەن زیرەک هونەرمەندی نێو بازاڕو کەڵان و گەڵەک وماڵان و سەرگۆرەترین شانۆ سەرشەقام و نێو خەڵکە ، ئەوە نەک لە بەر ئەوەی ئاستی هونەرەکەی نزمە! بەڵکو بە هەی ئەوەی هونەری زیرەک هونەری هەموانێ و گشتگیرە، لە کاتێکدا لە ماڵان و لە دانیشتنەکان زیرک گەرانی دەگوت ، هەر ئەو زیرەکەش بوو لە ڕادیۆی دوو وەڵات و لە پایتەختی دوو وەڵات و لە گەڵ بەرزترین تیپی مۆسیقاو باشترین ئۆرکسترای دوو وەڵات گەرانی دەگوت و ڕێزی پێشەوی هونەرمەندایەتی بەخۆی بەدست دەهێنا ! ئەو کە لە گەڵ گۆرەترین ئۆرسکسترا و زۆرترین مۆسیقا ژەن گەرانی دەگوت ، هونەرمەندی هەموو کورد بوو؛ بە هەمان ئاست و بەرزتریش کە بەتەنیاو بەبێ هیچ ئامێرێکی مۆسیقی دەیچریکاند ..دیسان هونەرمەندی هەموو کورد بوو ، زیرەک تەنیا هونەرمەند نە بوو، سەرکردە بوو.. سەرکردەی هونەرمەندان !! ئەو سەرکردەیەی بە هەی ئەوە نەبوو کە دەساتدار بوو ! بە هەی دەساتی بەرزی هونەرەکەی بوو! ئەوە هەر زیرەکە لە کاتێکدا لە بەرزترین ئاستی بەرزو لە سەر دیارترین شانۆی عێراق و ئێران گەرانی دەکا و گویگری لە ژمارە نایەن ، ئەوا بە هەمان ئاستی بەرزیش لە نێو بازاڕو سەر شەقامکانیش کە گەرانی گوتووەو گۆگرەکانی لە ژمارە نەهاتوون ! واتە ئەوە زیرەکە لە هەموو ئاستەکان گوێی لەدەگیرە و ئامۆش تایبەتمەندیەکە دەس هەموو

ئەمەی کورد، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی لە بنەهاتووی گەرانی فەلکلۆریمان هەیە. کە بە سەردەمێکی کێن دەگەڕێنەوە. بەکو یەکەکین لە نەتەوە دەوڵەمەندەکانی جیهان لە فەلکلۆردا. لە گەرانی فەلکۆری کوردیدا، سروشتی جوان و ڕەنگینی کوردستان و زادەی بیر و سۆز و چێژی مرۆڤی کورد و، داب و نەریتی جوانی کوردەواریمان ڕەنگیان داوەتەوە و مۆرک و خەسڵەتێکی ڕەسەن و تایبەتییان بە گەرانیە فەلکلۆرییە کوردییەکان بەخشیون. هەندێش هەنراوەکانیان و ئاوازەکانیان ناسک و شیرینن. بە ئاسانی دەچنە دڵەوە و دەبنە وەردی شیرینی سەر زارمان. تا ئێستا لە لایەن گەلانی هاوسنووری کوردستانەوە، دەستیان بەسەر چەندین گەرانی و ئاوازی کوردیدا گرتوون و کردوویانن بە مۆکی خۆیان. بەڵام سەرەڕای شێواندن و دەستکاری کردنیان.. بە زۆقی مۆرک و ڕەسەنایەتی کوردییان پێوە دیارن.
لەمە زیاتر درێژە بە باسکردنی گەرانی فەلکلۆری کوردیمان نادەین. ئێم باسە گرنگە بە هەنرەمەندان و شارەزایانی دەستەزی کوردمان لەم بوارەدا دەسپێرین. هیوادارین کە بتوانن لەکەینەوە و توێژینەوەکانیان دەربارەی فەلکۆری کوردیمان، بە ئەرشیف بکەن. لە کتێبی چاپکراودا پشکشمانی بکەن. بەمەش خزمەتێکی باش پشکەش بە فەلکلۆر و بە کەڵەپووری نەتەوەییمان دەکەن. دەیان پارێزن.
دەینە سەر کرۆکی باسەکەمان. چەند سەد ساڵێک، لە پێش زاینەوە جوولەکەکان کە لە لایەن بابلییەکان و ئاشووریەکانەوە وەتەکیان داگیرکردن، بەشێکیان لەکوشتن. بەشێکی زۆریشیان وەکو دیل بە عێراق و بە کوردستان هێنان. بەپێی نووسینەکانی مێژوونووسانی جوولەکەکان. لە هەموو ئەو وەتانەی جیهان، کە جوولەکەیان لە دێژیان، جوولەکەکانی کوردستان دێنیاترین و ئاسوودەترین ژیانیان بەسەردەبرد. زووش تێکڵ بە داب و نەریتی کوردی بوون و فۆری زمانی کوردی بوون، بەشێک لە کوردیش چوونە سەر ئایینی جوولەکە، بەڵام وەک نەتەوە هەر خۆیان بە کورد دەزانین. گەلە هونەرمەندی گەرانیبێژی دەنگخۆش لە ناو کورد جوولەکەکانی کوردستاندا هەڵکەوتن و خزمەتی هونەری ئاواز و گەرانی کوردییان

کرد. لەوانەش خاتوو (شیرین) یا (بەهیجە) یا (فەرحە) کە لەبەر زەر جوانی بە (دایکی جەمال) واتا (دایکی جوانی) ناویان بردووە، کە لە کوردە جوولەکە لەدایکبووەکانی شاری هەولێر بووە. دەنگی زەر خۆشبوو. کەمالێک گۆرانی فۆلکلۆری کوردی زەر خۆشی لە ساڵانی (١٩٢٥ـ ١٩٢٦) دا، لەسەر قەوان تۆمارکردوون. یەکەمین ژنە گۆرانیبێژی کوردە، کە گۆرانی کوردیی لەسەر قەوان تۆمارکرد. کە ئیزگەی رادیۆی کوردی ـ لە بەغدا کرایەوە، گۆرانییەکانی دایکی جەمال یان زەر بەئاودەکرانەوە. زەر لە گۆرانیبێژانی ئێستا گۆرانییەکانی دەڵێنەوە. دایکی جەمال ژنەکی کورد و کوردستان پەروەریش بوو. سروودی (وەتەنی من کوردستانە)ی تۆمارکرد. دایکی جەمال لە ساڵی (١٩٧٩) دا لە بەغدا کۆچی دوایی کرد. ئەمانە ناوی هەندە لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی (دایکی جەمال) ن:(هەی ئاغا و ئاغا، هەی بۆلار بۆلارەوە، ئامین و ئامین، هەی بۆنن بۆنن، سۆزە مەڵێ، خانمی سلێمانی، روحی شیرینم،... هتد).

دوای ئۆویش هەردوو خوشکی گۆرانیبێژی کوردی جوولەکە (نازدار و ئیسمەر فەرهاد) کە لە کوردە جوولەکەکانی ناوچەی (ئاکرێ) بوون. دەنگیان زەر خۆشبوو. چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی زەر خۆشیان لە ئیزگەی رادیۆی کوردی لە بەغدا، تۆمارکردوون.
لە ئێستاشدا گۆرانبێژی دەنگخۆش خاتوو (هەداسە یاشیرون) کە ژنە کوردەکی جوولەکەیە و باووباپیرانی لە کوردستان ژیابوون، لە ئێستادا لە (تەلئەبیب) لە ئیسرائیل دەژی. هەستەکی کوردیی سروشتی هەیە و خەی بە کورد دەزانێت، لە ئیسرائیل و لە کوردستاندا، بە زەری بە جلی کوردیی ئاڵاو واڵاوە، چەندین گۆرانی فۆلکلۆری رەسەنی کوردی بە تەلەفزیۆنەکان تۆمارکردوون. چەندین ئاهەنگی گۆرانی کوردیی سازکرد، لە زەربەی یادی جۆنکانی نەورەزدا، ئاهەنگی گۆرانی کوردیی پێشکەش کردوون، گۆرانیشی بە پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان وت.

(نازدار و ئیسمەر فەرهاد) دوو کچە کوردی جوولەکەی گۆرانیبێژی زەر دەنگخۆش و ناسک و شیرین و بەسۆز بوون. لە کۆتایی چلەکان تا ساڵی (١٩٥٢)ی سەدەی رابردوو، بە دووقۆڵی لە ناخی دڵیانەوە و بەجۆش و خرۆشەوە، گۆرانییان دەچڕی. کەمەک گۆرانی فۆلکلۆری کوردییان لە (ئیزگەی رادیۆی کوردی ـ لە بەغدا) تۆمارکردوون. هەشت گۆرانییان بە دووقۆڵی تۆمار کردوون. لەو گۆرانییانەی کە من لە مندااڵییەوە گوێم لێیان بوو، کە (نازدار و ئیسمەر

فەرهاد) بە دووقۆڵی دەیان چڕین، کە تا ئەمڕۆش ئاوازە رەسەنەکانیان و دەنگە زوڵاڵەکەیان، خۆشی و چێژیان لە دڕوون و هەشمدا کاڵ نەبوونەتەوە و لە گوێیەکانماندا دەزرنگێنەوە. زۆر هۆگر و سەرسامی دەنگە بەسۆز و خۆشەکەیان بووم و لێیان مەست نابووم.
(نازدار و ئەسمەر فەرهاد) بە دووقۆڵی سەرجەم (٨) گۆرانی فۆلکلۆریی کوردییان لە (بۆشی ڕادیۆی کوردی ــ بۆغدا) تۆمارکردن و بڵاوکراونەوە. ئەمانە
ناوی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی (نازدار و ئەسمەر فەرهاد) ن وەک لێیادم ماون:
١ــ (مەگری مەگری چاوانت دەشۆ ... دایکت نەماوە نازت بکێشێ)
٢ــ (گەردوون من چیبکەم چیم دەستاتێ ... خۆتای من نییە دە مفتەلاتێ)
٣ــ (جوانین ئەمە جوانین ... پڕی ناو شاخانین ... لە خواوێ جوانین)
٤ــ (بولبول مژدە بەهارە ... هەور نەماوە و ڕۆژ دیارە)
٥ــ (گزی جۆرگانم ماڵی وێرانم ... جێگام بێ ڕاخۆ ئەمشۆ میوانم)
٦ــ (هێ لاوە لاوە گوڵە ... شەوقی ڕووناکی گوڵە)
٧ــ (نەجیبە یار نەجیبە ... بێ دڵردی من تەبیبە)
٨ــ (ئامینیم نازنینە .. وەی وەی لە زیێی پەتینی..
باڵام بە باڵای ئەو کچە گرت... دوو پەنجە کورتی دەنێ)
من وا تەدەگەم کە ئەم گۆرانییەش بە دەنگی نازدار و ئەسمەر فەرهاد گوتم لێبووە:
(گەرد و گەردانە.. یارم شەمعە.. خومیش پەروانە) پشت ڕاستکردنەوەی دەوێت.
بەگومان ئەم دوو خوشکە، بە دووقۆڵی گۆرانی فۆلکلۆریی زیاتریان هەبووە، کە لە ئاهەنگ و شایی گوندەکیاندا سەر بە (ئاکرێ) بە دوو قۆڵی وتوویانە و لە ڕادیۆدا تۆمار نەکراون. تەنیاش بە تۆمارکردنی گۆرانییەکانیان هاتووچۆی ڕادیۆی کوردیان لە بۆغدا دەکرد، بە هەمیشەیی لە ڕادیۆیی کوردیدا دانەمەزرابوون، یان خۆیان نەیانویستووە دابمەزرێن.
پێش کۆچکردنیشیان بە ئیسرائیل، کە ماڵیان لە بۆغدا بوو، زۆم و

ئەشکەنجەیەکی دەروونی زۆر دران، لە لایەن عەرەبەکانی بەغدا و حکومەتی عێراقەوە.

ناوی راستی نازدار و ئەسمەر فەرهاد چییەوە کە هەنایانی بە رادیۆ؟

تەنیا کەس کە باسی ئەم دوو خوشکە گەرانیبەژە کوردە جوولکەیەی کردووبێت، هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان مامۆستا (عەلی مەردان)ی نەمرە. لە کتێبەکەیدا کە بە ناوی (بیرەوەری گۆرانی پایز) لە ئامادەکردنی (عەبدولقادر عەلی مەردان) و ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی مامۆستا (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی) یە. مامۆستا عەلی مەردان دەڵێت:"کاک کامیل کاکەمین ـ بەڕێوەبەری ئیزگەی ڕادیۆی کوردی ـ پێی ڕاگەیاندم کە دوو کچە جوولەکە هەن خوشکن، دێنە ئیزگە و خۆزگە گوێت بە ڕادیۆگرتن. هاتن و چاومان پێیانکەوت.. هەروا بیست یا بیست و چوار ساڵان دەبوون. گومم لێگرتن، دەنگێکی جوان و پوخت و کاریگەریان هەبوو، لەوبەر شتی وام نەبیستبوو. توانایەکی وتنی باشیان هەبوو. نزیکەی (١٠) گۆرانیم بە ئامادەکردن. یەکێکیان دوو قۆڵی دەبڕزرا، ئەویش (بەوانە...) بوو، کە من و ئەسمەریان دەمانوت. حەزدەکەم زیاتر لە بارەی ئەو دوو دەنگە بسەزەوە بدویم، چونکە ئەمە دەبێتە مێژوو و دەچێتە سەر لاپەڕەکانی.

ئەو دوو خوشکە، لە جوولەکەکانی ناوچەی (ئاکرێ) بوون، هەروەک لە خەیانم بیست. باوکیان (موشێ) یان (موسا)ی ناوبوو. دایکیشیان (بەستێ)ی ناوبوو. لەیی (کامیلی کاکەمین)ەوە، گەیاندرانە بەغدا. ئەویش کاتێک بە کاروباری ئیزگە و کێکردنەوەی دەنگ و ئاوازەوە میللیەکان، بەو ناوەدا گەڕابوو. لە یەکە لە گوندەکانی (ئاکرێ) کە میوانی (ساڵح ئاغا)ی موختاری گوندەکە دەبێ و دەزانن کە بە کێکردنەوەی ئاواز و گۆرانی ناو گوندنشینەکان هاتووە و دەیەوێ مسحەکی هونەری بکات. ساڵح ئاغا ئەو دوو خوشکەی پێشاندەدات کە دەنگێکی خۆشیان هەیە و لە شایی و ئاهەنگگێڕانی گوندەکەدا گۆرانی دەڵێن.

دەنگیان تاقیدەکاتەوە و باش گوێیان لەدەگرێ و دوایی پێسندیا دەکات و داوایان لێدەکات کە بێنە بەغدا. ئەوەبوو هاتن و کارەکەیان لە ئیزگە لای خۆمان بە باشی ڕەی. گۆرانییەکانیشیان بە شێوەی سۆرانی بوون. وریابوون و بە گورجی ئاوازەکانیان وەردەگرت. یانی گوێچکەی مۆسیقایان زۆر هەستیار و ناسک بوو. هەتا بچووکەکەیان (ماری) ئینگلیزیەکی باشی دەزانی و قسەی

پەدەکرد. لاوازی و نەخۆشیەکی لەگەڵبوو. بەهام گوڕەکیان (خەخە) جوان و ڕووخۆش و زیتەڵ بوو. ڕۆژێک لە گەرمەی پڕۆگەکانماندا، لەسەر یەکی لەو گەرانیبانەی بەمان دانابوون کە بیڵێن. کاک کامیل پێشنیاری کرد، کە دوو ناوی لەبار و جوانیان بۆ هەڵبژێرین. ئەوەبوو گوڕەکیان کە (خەخە) ی ناوبوو، کردمان بە (نازدار) بچووکەکۆشیان کە (ماری)ی ناوبوو، کردمان بە (ئاسمەر)، (فەرهاد) یش وەک نازناوەکی هونەری بۆ هەردووکیانمان دانا. ئیتر بوون بە (نازدار و ئاسمەر فەرهاد). لەسەر (سیم) گەرانییەکانمان بۆ تەمارکردن. وەک وتیشم خەم لە یەکەکیاندا بۆشداربووم. کە لە ئیزگەشەوە بۆاودەکرانەوە، لەناو گوێگرەکاندا، ناو و شورەتەکی باشیان پەیداکرد و دەنگیان دایەوە. سەدان نامە دەهاتنە ئیزگە و داوای گەرانییەکانی ئەم دوو ئافرەتە دەنگخۆشیان دەکرد. (نووسەر: کاتێک کە مەرد منداڵ بووم. ئاستاشی لەگەڵ بەت زەر هەگری گەرانییەکانی نازدار و ئاسمەر فەرهاد بووم. زیاتر لە (٣٠) نامەم بۆ ئیزگەی رادیۆی کوردی ـ گەرانی داواکراوـ نارد و داوای گەرانییەکانی نازدار و ئاسمەر فەرهادم کرد). هەمووی (٨) گەرانی نازدار و ئاسمەر فەرهاد لە رادیۆی کوردی بۆغدا تەمارکراون.

هەتا سەرەتای ساڵانی پەنجاکان، ماڵی (نازدار و ئاسمەر فەرهاد) لە خانوویەک بوون لە بۆغدا، لە گەڕەکی (بەتاوین) بەرانبەر بە (گەلەژی پۆلیس) و بەرانبەر بە (کەنیسەی ئەرمەن) دوایی کەوتنە خەئامادەکرد بۆ کۆچکردن لەگەڵ هەزاران جووڵەکەی تردا. ئامادەبوون کە بۆ ئیسرائیل بچن. زۆدی ڕەسەنی باووباپیرانیان. دواجار سەردانیم کردن جەنجاڵی خەکەکردنەوە بوون. دەبوو ئەو ڕۆژە بەیشتنایە. هەرچییەکیان بوو فرۆشتیان. جگە لە پاسکیلەکی منداڵانی سێ پەچکە. وتیان: "ئەوەش وەک دیاری بۆ ـ کاکە ـ ی کوت" بەهام دەم بۆوایی نەهێنا کە لێیان وەربگرم، قبووڵم نەکرد. دواجاربوو یەکتر ببینین. دەتەنگ و مات و پەست گریاین و حەسرەتمان کێشا، دەبوو بەڵێن. هەر دەبوایە بەڵێن. جگە لەو ناڕەحەتی و تەشقەڵە و زوڵمەی لە عەراقییەکانەوە تووشیان دەبووە. کە ڕەیشتن ئیتر دەنگوباسیان نەما، وەک بەردە بکەوتە گومەکەوە. ببەای ببە، هیچم لێیان نەبیستەوە. داخ و حەسرەتیان تا ئێستاش ئاسەواری خەی لە دەمدا هەیە"

نازدار و ئاسمەر فەرهاد، لە ساڵی (١٩٥٢) دا، کۆچیان بۆ ئیسرائیل کرد، کە دوا کەسەوی بۆ زەری جووڵەکەکان بوو لە عەراق. چی پارە و خشڵ و زێڕیشیان پێبوو، حکومەتی عەراق هەمووی لێیان

سەندن. تەنیا بەیان هەبوو (٢٥) دیناری عێراقی و جانتایەکی جلوبەرگ لەگەڵ خۆیاندا بەرن.
تا ساڵی (٢٠٠٣) یش، شریتەکانی گۆرانیبێژەکانی (نازدار و ئاسمەر فەرهاد) و ساڵی تەمارکردنیان. لە ئەرشیفی ئیزگەی رادیۆی کوردی لە بەغدا مابوون. کە بینایی تەلەفزیۆن و رادیۆی عێراق لە بەغدا لە لایەن فەرمانگەکانی هاوپەیمانانەوە بەردووماڵ کرا، ئەرشیفی ئیزگەی رادیۆی کوردی زیانێکی زۆری بەرکەوت. ژمارەیەکی زۆری شریت و کاسێت و سیدیێکانی گۆرانیبێژە کوردیەکان لە ناوچوون. بەشکیان دزران و بەشکیان سووتان و بەشکی کەمیشیان کەوتنە لای بەڕێزی پشووی ئیزگەی رادیۆی کوردی، جوانمەرگ کاک (ئیسماعیل گەیلانی) کە لەو کاتەدا مەترسیدار، چوو بۆ بەغدا و ئەو بەشەی لە تیاچوون رزگار کرد و کەوتنە لای ئەو. بەڵام بۆ داخەوە، کە کاک ئیسماعیل بۆ هەی سووتانەوە لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. تا ئێستا نازانرێت ئەو شریت و کاسێت و سیدی گۆرانیێ کوردیانەمان، کە لە لای کاک ئیسماعیل بوون، لە ئێستادا لە لای کێدا ماونەتەوە، هیچ زانیارییەک لە بارەیانەوە نازانرێت کە چییان لێکردوون.
هیوادارم کە دوو خانمە گۆرانیبێژی دەنگخۆش و دەنگناسکی کوردمان، پێکەوە ڕێکبکەون و بە دوو قۆڵی گۆرانیێکانی (نازدار و ئاسمەر فەرهاد) بە جوانی و پوختی و بە هەمان ئاوازەوە و سازەوە، بیانناسنەوە و بە تەلەفزیۆنەکانی کوردستان تەماریان بکەن. بە نموونە هونەرمەندی گۆرانیبێژ خاتوو (چەپی فەتاح) و خاتوو (دینا) و خاتوو (لەکە زاهیر) و خاتوو (ئاڤان جەمال) و خاتوو (ماریا هەورامی) یا هەر خاتوونێکی گۆرانیبێژی تری کوردمان بێت. دوانیان پێکەوە ڕێکبکەون و بە دوو قۆڵی گۆرانیێکانی نازدار و ئاسمەر فەرهاد بڵێنەوە و تەماریان بکەن. تا ئەم گۆرانی و ئاوازە ڕەسەنە فەلکلۆرییە کوردیانەمان لە تیاچوون رزگاربکەن. دەستخۆشی و ئافەرین، بە ئەو دوو خانمە گۆرانیبێژە کوردمان بێت، کە دەست پێشخەری دەکەن و ئەم کارە نەتەوییە دەکەن.

ڕزا شوان
نۆرویج: ٢٠٢١

عاشقێکی سەرکەشم.. قەسیدەی: ستیڤان شمزینی

دەروونی گەگرتووم
بە لەزمەی بارانی چاوەکانت دادەمرێتەوە
پەلی بەزاری درەختی سیمام
دەشکێتەوە نەو لەپی دەستەکانت
لە دەڤاوکەکانتا وەک مەلەکی خوساوە
خەم گرمەڤە کردووە
رەنگم وەک خەرتاو زەرد هەڵگەڕاوە
چەشنی ئەو ئەوارانەی
بە بەدەنگی ماڵئاوایی لە رەژەکانی تەمەنم ئەکەن
یان
ئەو سپێدانەی بە ئەسپایی
دەنێ پێشوازیی ئارەزووە خنکاوەکانم
تە لەم کاتەدا هەر ئەوێت لە بیرە
چەن یەکەمجار هاتم و
ئاگری عەشقێکی شێتانەم
لەسەر خەشیەکانت کردەوە
چەن رووخساری بەهەشتیت گەڕا
بە رەنگی خەڤەمشی دەزخ
هەشتا لە یادتە وەک زریانێک
هاتمە سەر ڕێی ئاواتەکانت
هەمویانم کرد
بە جێ تیغی ساڤژنبووی سەفەرکی ناکام
پەڤموچەکەم رەشە
وەک ئەو شەوانەی لە دووریت نانوم
هەستی سپیان پێ دەنووسرێتەوە
وەک ئەو بەفرانەی لە ترسی هەتاو
لەپەنا ساردوسێیی نسرمەوە خەیان ئەشارنەوە
سەفەرم سوورە
سوورتر لە قەڤەم بەیەی لەوەکانت
خەمبارتر لەو ناسەرەی
لە سفرەی دەاوی هەژارەکدا هەیە
دەستەکانم درێژ دەکەم

بە ناو جەرگی پڕە هەورەکان
دایاندەگرمە ژێر پێیەکانت و
لافاوی چڕی پڕ هەڵدەستێنم
هەشتا بەردەوامم
لە دووریەنی کفن بە تەرمی تاریکی و
ئەو رووناکییە خەفەکراوانەی
بەدەم هەنسکدانەوە ئەمرن و
ئەو بزە تەڵانەی تینی گەرمی عەشق
وشکیان ئەکاتەوە
مەژووی دەشکان و چیرەکی دابەان
بە مەمەک ئەخوێنمەوە و
مەم لە حەژمەتی سووتانی پەروانە
گریا و گریا تاکو توایەوە،
بەیارمداوە خەم نەخەمە
بەر هیچ تاوە تەرزەیەکی دەخەش
پەیمانم داوە تەنە ئەسرینەکانی تە
بەسەرمدا ببارە و
کە وەک چەلەیەکیش تەزیم
گەی شیعرەک گەرمم بکاتەوە
هەشتا لە گەڵاندام
بە دوای زەمەنی پەش وجودمان و
بیر لەو چرکەیە ئەکەمەوە
چەن لەسەر رەفەی ژیان دانراین و
چەنیش لە ساڵەکی بە رەژەمەرا
چاوی سەزمان لەیەکتر دائەگرت؟
تە کەترئاسا شەرمن
بەڵام من دەستم کرد بە فەین بە لات،
هەشتا دەستم
لە فەچەی نەخشاندنی تابلۆکەت هەڵنەگرتووە
هەر رەنگەکم لەو تابلۆیە
لە باخەکی بەهەشت قەرد کردووە
بەئامادەبوونی پەلە فریشتە
لە نەو قەفەسی سینگم هەڵیدەواسم،
خەم داوەتە بەر
ئاوێنەی رووەن و بەگەردی رووخسارت
وێنەی پیاوەک ئەبینم
سەوداسەر لە تە و بەئاگا لە خەی،

پیاوێک پێ لە وەرزەکانی تۆ و
خاکی خاکی لە رەنگی خۆی
تۆژی لە پەرستنی تۆ و
دوور دوور لە هەموو پەرستگایەک،
ترپەی دڵ و دووریی و گومان و ڕاڕایت
بە ئەکەمە چامەیەک و
لەنێو توڕی دیوانەکی مەحزوون و
ڕەشپێشدا چاپی ئەکەم
دڵێ بە دڵەی سەرگوزشتەی شۆنمەکێ
کە ئاشقی مانگ بووە
وشە بە وشە حکایەتی خۆنکی تەراوێ
لە چاوی ڕەبوارێ
ڕستە بە ڕستە
دیرەکی ڕژانی مەرکانەیەک خشۆیستییە و
چامەکەش ناوی دار بەڕووە یاخییەکەی ئۆبەر ڕووبارە،
داوا ئەکەم زیاتر و زیاتر
ئۆینی سەختی خەتم پێ ببەخشی
ئاشقەکی سەرکەشم
حەزم لە بەزاندنی هەڕەی سوور
تێپەڕین بە دەروازە سەختەکان و
مەرگێ لەسەر لوتکەی چیادا

“هیوا’ و “دارەکان” و یەک دوو پەیامی بایەخدار!.. فازیل شۆڕش

پەڵە ڕەشەیەک، کە لە پەڵە هەورەکی ڕەش دەچن، بەدەم قاژەقاژەوە، بەو ئاسمانەوەدا دەسووڕێنەوە و بەرز و نزم دەبنەوە. بە تەماشاچییەکی وەکو من و تۆ، دیمەنێکی گەڵگ جوان و سەرنجڕاکێشەر، لەی تەرنابین، بەڵام بە باڵندەناسێک و زانایەکی شیکەرەوەی هەسوکەوتی بوونەوەرکان و سروشتناسێک، ئەو فەین و

هەبەز و دابەزی ئەو مەلانە، دەیان پرسیار لە مەشکدا دەوروژێنە و بە جددی بەدوای وەڵامدانەوە و کردنەوەی لوغزکانیاندا دەگەڕێن: چ هەزێک ئەو پەڵە هەورە ڕەشەی کە کردووەتەوە؟ بە وا سەیر دەفڕن و دەخوێنەوە؟ چەن دەیان هەزار ڕەشەڵە بەیەکەوە دەفڕن و خەشیان پێکدانادڕن؟ بە هەژانە، لە شەقامەکاندا ئەمەی مرۆڤ شان لە شانی یەکتری دەدەین و پە لە پەی یەکتری دەنەین؟

لەم چەند حەفتەی دوایدا، (٢) هەوداو لە باشووردا، پانتاییەکەی فراوان و گەورە و کاریگەریان لە سەر دە و دەروون و هەست و سۆزی خەڵکەکەیدا داگیرکرد و کاردانەوەی گەرموگوڕ و بەجۆش وخرۆشیان بەدوای خۆیاندا هێناو، هەنگدانەوە و پەرچەکردارەکانی خەڵکیش، دەکرێ بخرێنە نیو دوو کەوانە و ناویان لێبنێین (سەرکەوتن).
هەوداوی یەکەم، بەینەوەی" دارکانی دەڤەری بادینان" بوو لە لایەن هەزە داگیرکەرەکانی تورک. دووەمیشیان، دەنگەی، هەوەی داخستنی "نەخۆشخانەی هیوا" بوو لە شاری سەماوە.

ئەم دوو رووداوە، وەک ئاگری پەشی پاوانان، هەر یەکەیان لە کاتی خۆیدا، زوو لە تەنکەماڵەیتییەکان، بوونە مایەی ناڕەزایی و هەڕەشە و گەڕەیی و یاخی بوون و توڕە بوون و پەنجە ئاوەشاندن. هەڕ دوای هەڕ ئاگری سۆز و حەماسەت و ژینگەدۆستیی و مرۆڤدۆستیی خۆشتر دەکرد، تا وای لێهات خودی ئەردوگانی تەوانی، بە خۆی و سەفارەت و قونسڵگەریەکانیەوە بێنە سەرخۆت و دەمپانکردنەوە و پاساوی هیچ وپووچ و بە مانا هەبەستن. حکومەتی هەرەمیش، دەستکی لە پەش و دەستکی لە پاش، ئەستاش لەگەڵ دابە، کەس لەی حاڵی نەبوو، بە هەڕەک، ئەندامکی باڵای دەسەڵات، دوو پەیامی دژ بەیەکی بەاوکردەوە، کە هەردووکیان خاڵی بوون لە پەیام.

دەرحەق، بە "نەخۆشخانەی هیوا"ش، خەڵکەکە دریغیی نەکرد، هەسواکردنکی هێندە داخلدەڕانەی ئەو (دەنگەیەیان) کرد، کە نیازیانە ئەو نەخۆشخانەیە بکەنە کەرتی تایبەت، کەس جورئەتی نەکرد بڵێ، "بەڵی، هی خەمانە و دەیکەین بە کەرتی تایبەت!" بەرپرسانی شار و دکتەرە بەڕێوبەرەکانی ئەو نەخۆشخانەیە، هەر خوا خوایان بوو زوو خەڵکەکە هەور ببەتەوە و دەسیەکە داخرێت. بە زاری خەیان لە کەناڵەکان و میدیاکان پەیامی هەورکردنە و موژدەبەخشیان بەاودکردەوە.

ئەوانەی، کە ئاشنان بە هێز و توانا و قودرەتی جەماوەر و لە سیحر و شاەاو و قودرەتی ئەو هێزە تێدەگەن و دەزانن کە چ گەکان و

تسـنامی و بـومەلـەرزەیـکی لـە نـاخی خـۆیـدا حـشـار داوە ، هـەمیشـە باوەڕیان وایە، کە قـەت هیچ هـێزێک نـیـیە دەروەستی هـێزی جـەماوەری باوەڕدار و هیواخواز و ئـەمـکدار ببـێتـەوە. جا سـەرچاوی ئـەو هـێزە، هـەر شتـێک بـێ، یان هـەر چـەکـێک بـێ. تـەرکـەمـەنـایـەتـیـیـەکـان، بـوونـە ئـەو سـەرچاوە و چـەکـەکـەی دەستی ئـەو جـەماوەرە... تـا ئـادەیـکی باشیش سـەرکـەوتـینان وەدەست هـێنا.

بـەڵام لـەڕە، پرسیاری زۆر بایـەخدار و قورس، ڕووبـەڕووەمان دەبـنـەوە، وەڵـامی لـەژیکانـیان گـەرەکـە:

دەپرسین:
کورد، لـە مـێژی تـەرە کـەمـەنـایـەتـیـیـەکـان، نـاسـنـازایی و تـوانـیی و خـیان دژی بـێنـەوەی "دارکانی بادینان" و هـەوڵی داخستنی "نـەخـشخانـەی هیـوا" نیشـان دا. بـاشـە، خـە لـەم بـاشووردا، بـەدرێـژای ئـەو (۳۰) سـاڵـە، دەیـان کارەسـات و مـەرگـەسـاتی جـەرگبـڕ، بـەسـەر ئـەو خـەڵکـە داهـاتووە، کارەسـات و مـەرگـەساتـکـان هـێنـدە گـەورە و ترسـنـاک و خوێناوین، زمان لـە ئاستیان شـەرمـەزارە. بـەچی کوردانی باشوور، بـەو حـەماسـەت و سـۆز و جـۆگـەزیـیـەوە، نـاسـنـازایی و تـوانـیی خـیان نیشان نـەدا و نیشانی نـادەن؟

کامیـان، کارەساتبـارتـرە، بـێنـەوەی " دارکـانی بادینـان"، یـان لـەدەست دانی کـەرکووک؟ کامیان بـە خـەڵکی هـەش و هـووت قازنجی زۆترە، داخستنی "نـەخـشخانـەی هیوا"، یان هـەگبرگرتن لـە تـاڵانکردنی سامانی وڵـات بـە ملیارەهـا دۆلار؟ کامیـان ئاکـامی خراپـتـرە، بـێنـەوەی "دارکانی بادینان" یان دابـەزین و پـەکخستنی ئاستی کـەرتی پـەروەردە و فـێرکردن لـە باشووردا؟ کامیان ترسناکترە، داخستنی "نـەخـشخانـەی هیوا"، یان هاوردەکردنی بـە هـەزاران هـەزار تـۆن دەرمان و بـەنزین و خـەراکـی ژەهـراوی و ئیسکپایـەر؟ کامیـان زەرەری زۆترە، بـێنـەوەی "دارکانی بادینان"، یان دامـەزراندنی (دەیان) بنکـەی سـەربازی تـورکی و عـەجـەم لـەسـەر خـاکی هـەرێمـدا؟ کامیـان مـوژدەبـەخشترە، کـردنـەوەی دەرگـای "نـەخـشخـانـەی هیـوا"، یـان کـردنـەوەی دەرگـای، هـەڵبژاردنی ئازاد و میدیای ئازاد و پـەرلـەمانی ئازاد و دادگای ئازاد...تاد؟ کامیان... کامیان... ڕێزبـەندکـە دەژێ، خـۆتان لـەمن بـەڵـدترن و دەیان زانن.

دیسان دەپرسم؛ بـەچی، کوردستانی باشوور، بـە "دارکانی بادینان" و "نـەخـشخانـەی هیوا" بـەدەنگ هاتن، بـەڵام بـە کارەساتـکانی دیکـە بـەدەنگن. لـە کاتـکـدا، کـەدەنگـی و یـەکـدەنگی و یـەک هـاواری وان،

ئەکید، کاریگەری باشی دەبێ؟

چونکین، کاردانەوەی تاکی کورد، لەڕادا، مامەڵەکردنی لەگەڵ تەنکاوداو و پەرژەوەندیخوازانەی ودوورەپەرێزانەیە. چۆن؟ دارەکان، وەک نەخشخانەی هیوا، زمانیان نییە، دارەکان هی ئەو شاخ و داخن، نەخشخانەکەش هی شەرپەنجەدارەکانە. ئەو دووانە زەر لاواز و هەژار و بەدەستەاتن. کەس وا لێیان بەجواب نایەت، کە (خاوەن تەکنەلۆجیاکان) تێیدا شەرمەزار بن، یان زمان کورت بن. ئەوان نە گەڵخنەیان لە حزب گرتووە، نە دژی دەستەات خێیان مەکردەتەوە. ئەوان نە پەنجەیان لە سەرکردە ئاوەشاندووە، نە لێیان لە گەندەکاران گرتووە. ئەوان نە وشەیکیان نووسیوە نانبەاویان بکات، نە وێنەیکیان داناوە، گوڵەاکشانی بەدوا دابێ.

کەواتە، بە کوردی و کرمانجی. کوردیش لە هەر شوێنێ بێ، ئەستا دەزانێ، کە تەکنەکەمەڵایەتیەکان، ئیمەن بە قەد بەمبی ئەتوم کاریگەریان هەیە، ئەگەر شارەزایانە و ژیرانە و هەشمەندانە بەکاریان بێنن. دەستکەوتی باشیان دەبێ. ئەوان بە چاوی خێیان بینیان، چۆن دەناڵد ترامپی، سەرکی زلترین هەزی دونیا، بەرامبەر ئەکاونتەکەی خێی لە (تویتەر) چەکیان پێ دادا. ئەوان رەژانە دەبینن، لە جیهاندا، ئەو تەکنەکەمەڵایەتیانە، کە بە هەق و ناهەقایەتی بەکاردێن، پاشا و وەزیر و سەرکردە و سوپاسالار، عوزریان بە دەهەنناوە و داوای لیبوردن و بەخشین دەکەن. یان هەر لە بناغەوە هەڵیاندەتەکەنن.

ئەستا، کاتی ئەوە هاتووە، بە جەشدانی تواناکانی تەکنەکەمەڵایەتیەکان، بوەرانە چەند شتێک بگەیەن، یان گەانکاریان تێدا بکەین، تا لە قسە و دروشم ببینە خاوەن پەیام و ئاکام: سەز بگەینەوە بە ئەقڵ، بەرژەوەندیی خودیی بگەینەوە، بە ژیان. هەستی پەنگخواردو بگوەین بە هەزی نەرم. هات و هاوار بگەین بە پەیڤ و پەیام. جنەو و پەلار و تەنز و شکاندنەوە، بکەینە نامەی شکەداری پەیامبەخش. بەکەس و بە پشتیوان و بە پشت و پەنای خێت بکەیت بە کەدەنگی و کەپەیامی. بابەتە بایەخدارەکان بکە پەشینەی رووداوەکان و چاویش لە بچکەکان مەنوقێنە.

ئەوکات، دەنیابە، زەر سەرکەوتووتر دەبیت، لەو سەرکەوتنانەی بە "دارەکانی بادینان" و 'نەخشخانەی هیوا" وەدەستتان هێنا.
کەواتە با هەر تەماشاچی پەلە پەشەکان نەبین. بەدوای وەامی پرسیارەکانیشدا بگەەن، کە لەو تەماشاکردنەدا هەیندەهێنجین!

ساتێ لە گەڵ هونەرمەند دڵشین شەنگالی.. بۆ ڕیڤان جەمال حەمە سەعید

کاتێک هونەر لە ناو گەردەشدا سەر دەردێنێت

پێشکەشە بەو کەسەی هەستی مرۆڤایەتی بەرزەو هونەر دەستە.
بۆ ڕیڤان جەمال حەمە سەعید

کێتایی مانگی گوڵانە، لە گەڵ سەرەتای گزنگی بەیاندا، زەوی هێشتا بێدار نەبووبوە، دەریاش جارێ هەر دەینرکاند. تەم و مژی سەرلەبەیانی دەشتەکەی داپۆشی بوو. خڕ دەرکەوت و کەوتبوە سەما، دروەشانەوەو تیشکی خۆی بۆاوکردەوە، هێدی هێدی دەستی کرد بە لادانی ئەو سەرپۆشە تەنکەی کە زۆر ناسک دەلەرییەوە، هەلمەکە وردە وردە هێویەوەو بووە ئاورنگ بە سەر گژو گیاو گولەکاندا، گەواهە هەورەکان پەرت و ێیشال ێیشال بوونەوە و بلاوەیان کرد، دەنگی پڵێ مراوی و قاز و قوو لە بەرزی ئاسمانەوە دەهات. دەنگی زوالی باڵندەی هەشی دەنوک زەرد (میرەل) لە سەر ترۆپکی دارە بەرزەکان دەبیسترا . تاوێک بە دەنگێکی مۆسیقی ناسکی بەرزو پڕ جۆش و خرۆش ، بە ئاوازی جیاجیاو تێنی جۆراوجۆر، تاوێکی دی بە ئاوازی نەرم و ناسک دەیچریکاند. میرەل مژدەی خۆشی گزنگی خڕ و ڕۆژێکی نوێمان دەداتێ و خەڵکی بە ئاگا دێنێتەوە. دارستان و دەشت و بۆستان بە گوێی ڕەنگاو ڕەنگ و هازابونەوە، سەر ێگاکان بە گوێی هەنگاوەنگی هەلوەریوی درەختەکان تەنرابوون، هەنگی ئەرخەوانی، سپی ، پەمەیی، زەرد و وەنەوەشەیی ئاوێتەیەکی گەڵ جوانیان پێکهێنابوو. دیمەنی هاوێنەیەتی هەنگ و پەپولە لە نێو ئەو هەمو جوانیەدا باڵا بوو. بە تولە ێنەکدا، دارستانەکەم بۆی و بەناو سەوزایی و گژوگیاو دەوەنەکەدا ، سەرکەوتم و ئنجا بەرەو لۆژی ، بۆ سەر کەناری دەریا کەوتمە ێ. خڕ وەک ئەلماس دەدرەوشایەوەو دەریاش هێمن و لەسەرخۆ ڕەنگی سپی دەینواند، وەک زیو دەبریسکایەوە. بریسکە بریسکی خڕ لە سەر ڕوی دەریا بە بەجۆرێک جوان بوو وەک بڵێت بۆ ژووانیک خۆی هازاندبێتەوە. شەپۆلەکان بە

هەمنی و بە نەرمی دەهاتنە ژوخی دەریاکە و دەگەڕانەوە . هەر لە وە کەفکی سپییان بەجێ دەهێشت، ئیتر بێنی قەوزە بێاوەی دەکرد. لەگەڵ نزیک بوونەوەی خۆر لە زەویی، دەریام جێهێشت، و لە سروشت دابڕام بەرەو گوزەرێک بە ناو هونەردا، بۆ دیداری خانمێکی هونەرمەندی کورد دلڤین شەنگالی کەوتمە ڕێ . ئەم خانمە لە شاری ئامەرسفەرتە،ۆ لە ماڵێکی خنجیلانە و دڵگیردا دەژی ، ڕازاوە بە گوڵی دلرفێنی جوراوجۆر، هەر کە سەر دە کەیت بەڕ ماڵەکەیدا، بۆن و بەرامەی گژوگیای بەهار،درەخت و گوڵی گەشی تازە پشکووتوو، ئەو ناوەیان پێ کردوە. لە ژوورەوە کەشی مۆزەخانەیەکی بچوک باڵی بە سەر ماڵەڕ خنجیلانەکەیدا کێشاوە.لە هەر سوچێکی ژوورەکەدا تابلۆکان هەڵواسراون، کەلوپەلە ڕەنگاوڕەنگەکانی،فڕچە و بۆیە و کارەڕ هونەرییەکانی دانراون. دیمەنگەلێکی ئێجگار سەرنج ڕاکێش و تایبەتیان هەیە. تێکەڕەی جۆراوجۆری ڕەنگی گەشی بەرهەمەکان، قەشەنگی ڕوناکی و تیشک دانەوەیان ، بە جۆرێکن کە ووزەو ئاسودەیی ، هارمۆنی بە ڕۆح دەبەخشن. خانمی هونەرمەند جلێکی سادە و ساکار، چاکەتێکی شینی تۆخ و پانتۆڵێکی ڕەشی لە بەردا بوو، جوتێ دەسکیشی ڕەش ، کە نیوەی پەنجەکانی داپۆشی بوو، ڕوخساریکی گەشاوەو ساف و پەمەیی بێ ئارایشت، دەم و لێوێک، کە گۆشەکانی بێ سەرەوەیەو زەردەخەنەی بە سەر لێوەوەیە، قژیکی ڕەشی تۆخی سروشتی لە دواوە کۆی کردبوەوە، جوتێ گوارەی مرواری سپی لە گوێکانیدا ئەدرەوشانەوە، ناوچەوانی گەورە و دووچاوی گەش و پرشنگدار ، هەروەکو دەڵین چاوەکان پەنجەرەن بێ ڕۆح ،یاخود چاوەکانی تینوی زانیارین، لە خەمم پرسی ئاخێ شەیدایی و تامەزرۆیی ڕۆحی؟! ئەو گێ و تینەڵی ناخی؟ کە لە ڕەنگ و گێ و هونەرییەکانیدا دەریدەبڕێت و وتینوێتی پێ دەشکێنێت ، لە کوێوەێ سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا چالاکی بەرهەمە هونەرییەکانی، گوزارشتە لە ئاتاجی ڕۆحی هونەرمەند خودی خۆی یاخود خانم کەسێکی جوانی خوازەو هەستی جوانی خۆیەتی؟ ئەم پرسیارانەو چەندەها پرسیارگەلی تر بووە دەستپێکی دانیشتنەکەمان. کاتێک خانم وەلامی دەدامەوە، زەردەخەنەی لێوەکانی، فرمێسکی قەتیس ماوی چاوانی، نەرمی و هاوکات هەستی دڕەقی کە لەم خانمەدا کۆبێتەوە، زیاتر سەرنجی ڕادەکێشام. لەو ساتەدا ڕێگام بە خۆمدا، لە ڕێ بەرهەمە هونەرییەکانی زیاتر بچمە ناو ژیانی تایبەتیەوە .

ئەم خانمە هونەرمەندە تەمەنی ٦٠ ساڵە، لە خۆزانیکی ڕۆشنبیردا چاوی کردۆتەوە، دایک و باوکی خەڵکی شەنگاڵن، بەڵام دلڤین خۆی لە شێخان لە دایک بووە، باوکی کە بەرۆوەبەری پەروەردە بووە ، بەهۆی بزاڤی ڕامیاری و کوردپەروەری، توشی گرتن و لە کار دەرکردن بووە، دوای ئەوەی بەهۆی لێبووردنی گشتی گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان ، دوبارە لە سالانی ٧٠ کاندا دووڕخراونەتەوە بۆ باشوری عێراق. ژیانی ئەم خۆزانە، وەک زۆربەی خۆزانی کورد ئاویزان بووە لە کێشمەکێش و دەردەسەری و نەهامەتی، ئاوارەیی.

دلڤین، هەر لە منداڵییەوە، ئاشنا ئەبێت بە کتێبی زانستی و مێژوویی کتێبخانەکەی باوکی، کاتێک تەمەنی ٦ ساڵان دەبێت، وێنەی کتێبەکانی باوکی سەرنجی ڕادەکێشێت. هەر لەو کاتەوە دەست دەکات بە وێنە کێشانی ئەو وێنانەی ناو کتێبەکان ، وەکو وێنە مێژوویەکان ، گێانداری کێوی و مامز ، گوێ ودار کە لەناو ئەشکەوتدا هەلکەنراون . ئیتر هەر لەو کاتەوە بۆی دەردەکەوێت کە پەنجە بچکۆلەکانی مژدەی بلیمەتیان پێیە. دایکی کە ژنێکی دەرون فراون و ووریا دەبێت، سەرقالی دروماڵ و چنین دەبێت. بەڵام ئەوەندە ناخایەنێت، دلڤین دەستەوئێخەی نەهامەتی و بەدبەختی دەبێتەوە، بە جۆرێک دەکەوێتە بەر شەپۆلە بێ بەزەییەکانی ژیانی پێ هات و نەهات، شەپۆلەکان لەم تاشە بەردوە دەیدەن بەو تاشە بەردەدا. دلڤین سەرتاپای ژیانی تەژی بوو لە دڵەڕاوکێ و پشیوی و گەردەش، نەخۆشی لە ناکاوی دایکی، لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا دایکی لە دەست دا ، مەرگی کتوپڕی دایکی، ڕوبەڕوی خەم و ئازاری دەکاتەوە، ئالەو کاتەدا، ژنێکی مەسیحی هاوڕێی دایکی و هاوکات دراوسێیان ، بێ دڵنەوایی و دەرهێنانی لەو

خەمە قورس و کەستە گەورەیە، دڵقین دەباتە لای خۆی بە کاری دەستی قۆی دروستکراوەوە، سەرقالی دەکات، دلقینی خۆراگرو کەنەدەر،کە نەیدەویست، وەک گیایەک لە بەر بادا،سەر دابنەوێنت،بە رەنگاری ئازارو خەمی لە دەستدانی دایکی دەبێتەوەو ، ئیتر خەم و پەژارە دەگەردرێت بە هونەر. لێرەوە هەر لەو قورە ماسییەک دروست دەکات. بەم شێوەیە دلقین خولیای هونەر زیاتر دەچیتە ناخییەوە ،ئیدی بەردەوام دەبێت بە هونەری وێنەکێشان، هەر بۆیە وەکو تاکە کچێک لە ساڵی ١٩٨٠ لە سلێمانی لە هۆڵی قوتابخانەی گوڕەی کچان پێشانگای بۆ دەکرێتەوە، جیا لەمە، چەندین جار، چ لە هەولیر و چ لە سلێمانی بەشداری لە پێشانگای هونەری کردوە. سەرباری ئەوەی ژیانی خۆزانیان تەژی بوو بە نائارامی و پشیوی و نەهامەتی، ئاوارەیی ئەم شار بۆ ئەو شار، پلەی خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ئامادەی بە پلەی بەرز تەواو کردوە، کاتێکیش کە لە باشوری عیراق دوورخرابونەوە، لە گەل ئەوەی وەکو کچە کوردێکی ئاوارە لە ناسریە،وبەروی هەراسان کردن و بۆزارکردنی قوتابیە عەرەبەکان دەبێتەوە، بە گشتی نمرەکانی لە لە قوتابیە عەرەبەکان بەرزتر دەبیت بە تایبەت لە زمانی عەرەبیدا.
ئەم خانمە ٦٦ شەشی ئامادەی بە پلەی بەرز تەواو دەکات، لە بەر ئەوەی خواست و ئارەزووی لە سەر وێنەکێشانە، دەیەوێت لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا بخوێنیت، بەڵام چونکە بەعسی نەبوو، وەک چەندان خوێندکاری تر وەرنەگیرا. بۆیە زانستی ئەستێرەناسی یاخود زەوینانسی هەڵدەبژێریت، بەلام خۆزانەکەی فشار دەخەنە سەری کە ئەو دەبێت زانستی پزیشکی هەبژێریت، لێرەوە دڵقین بەرگری ململانێ و گرژی کەسوکاری دەکات، دەرئەنجام کەسوکاری ئازی دەبن و وەک تاکە کچێک لە ناو کۆاندا، خوێندنی زەویننناسی(جیولۆجی) هەڵدەبژێرێت و زانکۆ تەواو دەکات. ئالەو کاتەوە ئەم خانمە شارەزاییی لە سەر چینەکانی زەوی، گڵ، لم، زیخ و بەرد و کانزا پەیدا دەکات، ئاشقی هەنگ و خشەویستی بۆ سروشت لە ناخیدا چەکەرە دەکات.

کاتێک دەچێتە ژیانی هاوسەرگیری و ئنجا بەرەو هەندەران هەڵدێن، سەر لە نوێ نائارامی و ناسەقامگیری و دەراوکێو یەخەی دەگرێتەوە ژیانی دەکەوێتە گەردەش و جەنجاڵی.

دواجار ژیانی هاوسەرگیری تێکدەچیت و تەنیایی هەڵدەبژێریت. دوای ماوەیەک بوار بە هونەرەکەی دەدات و دەستدەکاتەوە بە خوێندن. ماوەی دوو ساڵ لە بواری هونەرو دوای ئەوەش گرافیک دیزان

دەخوێنیت. هەمو ئەو ئەزمونانەی لە بواری زەویننناسی و بەهرەو توانای لە هونەری گێکاری و سیرامیک و وێنەکێشاندا،ئەوەندەی تر هونەرەکەی دەوڵەمەندو چێکردێتەوە. کە هەست دەکەیت هونەرەکەی سەرچێی نیە، بەڵکو لە ناخییەوە هەڵدەقوڵێت، لە نێو پاکی و بی گەردی زانستدا سەرچاوە دەگرێت، وە هەر خێی کێلەوژی ئاگری ناخی خێیەتی، بە تەنیا و لە دوای هەمو کەوتنێک، پاش هەرگلانێک ، خێی هەڵدەسێتەوە و هیوای لە چوونە دەرەوە لە ناو تاریکی، لە دەست نادات، سەربەرزانە درێژە بە هونەرەکەی دەدات . بە جۆرێک لە گۆرەپانی داهێنانی هەڵەندیدا جێگای خێی دەکاتەوەو بەێشداری کردوە لە چەندین پێشانگا لە گەڵ هونەرمەندانی هەڵەندیدا،هەروەها پێشانگای تایبەت بە کارەکانی خێی رێکخستوە. هەروەکو خێی دەڵیت، بۆ کاری سیرامک نزیکی ١٠٠ جۆر رەنگ(بۆیەی شووشەیی)، (٥)جۆر گڵ بەکار دەهێنێیت، کاتەکانی لە دارستان و بێستان دەباتە سەر. ەنگی گەلای ەنگاو ەنگ و گوڵ و گل لە ئامیزی چاوەکانی ئەگرێت و دەبیتە خۆراکی رۆحی . وێنەکانی ناو کتێبەکانی باوکی، لە مامزی کێوی ناو ئەشکەوت،ماسی لە سەر بەرهەمەکانی بەدی دەکرێت،ەنگی زۆر سەرنج راکێشی شینی پیرۆزەیی و رەنگینی تر بەکار دەهێنیت.



بەلام ئەمە زۆرناخایەنێت، دڵقین ڕوبەروی ئازار و نەخۆشی لە دوای نەخۆشی دەبێتەوە، گۆڕەلێکەیەکی توند هەستەکانی دەهێنێت و دەبا ، دەیەها بیری ڕەش و خراپ لە مێشکیدا کێنگل دەدا، دەستو ئێخەی ئازاری شڕپەنجە و نەخۆشی تێکچونی ریتمی دڵ و فیبرۆماڵجی دەبێتەوە ، ئیتر لە جیاتی دارستان و دەشت و کێلگە، کاتەکانی لە نەخۆشخانە دەباتە سەر، نەشتەگەریی و چارەسەری کیمۆ تراپی، تەنگی پێ هەڵدەچنێت، باری ژیانی ئەوەندەی تر سەخت دەکات..بەڵام چونکە کەسێکە ناخی پرە لە ئەوین بە دوای بەهای جوانی گەراوە ، لە کلاوەژنەیەکی بەر فراوەنەوە سەیری ژیان و سروشت دەکات، دوای ماوەیەک دەست دەکاتەوە بە چالاکییەکانی. لە گەڵ ئەوەی هەر وەکو خۆی دەلیت لە تەوقی سەری تا نینۆکەکانی قاچی، ئازاری بەردەوامی ماسولکەی هەیە، درێژەدەدات بە کارە هونەرەیەکانی، بە تایبەتی گێکاری. هەرچەندە لە گلکاری و قورشڵاندا دەبیت پەنجەکانی بەکار بهێنیت ، ئاکامەکەی ئازاری جەستەی زیاتر دەکات ، بەڵام لە ناخییەوە هەست بە ئاسودەیی و گرو تین زیاتر دەکات، کاتێک دەست دەخاتە ناو ئەو گڵ و قوڕە، هەست دەکات پەیوەستیەکی دانەبڕاوی تۆندی لە گەڵ سروشتدا، لە گەڵ خاکدا هەیە و بە شێوەیەک بالی ئەندیشەی، بیری بۆ لای دایکی دەفرێت، گڵ بە شێکە لە سروشت مانایەکی تایبەتی لای دلڤین هەیە ، کە لە کۆتاییدا هەمومان دەبینەوە بەو خاک و گڵە..ئەم ئەوینەی بۆ سروشت و هەستی جوانی بۆ هونەری گلکاری ، ڕەنگ، هاوسەنگی لە نێوان جەستەی شەکەتی پێ ئازار و دەروونی بەهێزی ڕاگرتوە. هەر لەم پەیوەندەدا، خانمێکی هونەرمەندی هۆلەندی “مارایکە سخورینک” لە ساڵی ٢٠١٩، پێشەنگایەکی هونەری بە ناوی “سەدویەک” ژن کردەوە، تایبەت بەو ژنە هەکەوتوانەی لە سەدەکانی ڕابوردودا، ڕۆیکی گرنگیان هەبووە ، ئەم خانمە هونەرمەندە پێتریتی دلڤنیش وەک ژنێکی بەتوانای کورد، وەکو هونەرمەند و زەوییناس هاوسەردەم، لە گەڵ پێتریتی ژنەکانی تر پیشان داوە. دوا بە دوای ئەوەش ، کارە هونەرییەکە لە کتێک چاپ دەکریت و پێترێتی دلڤینش دەچیتە ئەو ئارشیفەوە.

LC cultuur 29

Fleurige verwerking van chaos

Het kleurrijke werk van Dilvin Shengali is haar reactie op oorlog, achtervolging en chaos. De Koerdische kunstenares exposeert keramisch werk in de Dynamische Keramiekwinkel in Leeuwarden.

'Ik probeer een balans te vinden tussen hard en zacht, licht en donker'

بیرەوەریی بەرپرسان و سەرانییەکانی وڵات.. ستیڤان شەمزینی

ماوەیەکە بەرپرسانی سیاسیی و حزبی کوردستان بیرەوەریی و یادداشتەکانی ژیان و ڕۆژانی پێشمەرگایەتی و ئەزموونی سیاسیی و پێگەیشتنیان دەنووسنەوە، ئەمەش مافێکی زەر سادە و هەر ئاسایی هەر کەسێکە مێژووی قۆناغەکانی ژیان و پەروەردەبوونی بنووسێتەوە، نووسینەوەی ژیاننامە جیا لە هەر شتێکی تر پەیمان دەێت هەر مرۆڤێک تەنە وەک یەک تاکەکەس جیهانێکی تایبەتە و دەشێ سوودی زۆری بە هەر خوێنەرێک هەبێت کە دیاوەت ڕچەکەی ژیانێکی تایبەت بە خۆی بدزێتەوە. ڕەنگبێ یادداشت و ڕۆژانەکانی (چێ گیڤارا) پیامێکی شۆشگێڕیی تەدا بێت هەروەک چۆن دەشێ بیرەوەرییەکانی (نیلسن

ماندەلا) مەسجەکی جیاواز بێت و مەژووی ئاپارتایدی ئەفریکات پێ بناسێنێت، مەخسەد لەوێ نووسینەوەی یادداشت خوێندنەوەی حکایەتی هەزار و یەک شەو نییە تاکوو چەژ بە خوێنەرەکانی ببەخشێت بەڵکو دەبێت وانە و ئەزموون بێت سەبارەت بە هەر خوێنەرێک.
بە بەچوونی خەم نووسینی ژیاننامە و بیرەوەریی گەلێک قورسترە لە نووسینی ڕۆمان و چیرۆک، چوونکە لە نووسینی ڕۆمان یان چیرۆکدا زیاتر فەنتازیا و خەیاڵاتی نووسەر ڕێ دەبینێت، ڕاستە وەنایەکی واقیعشی تێدایە کە چیرۆکەکەی لەسەر ڕەنراوە، بەڵام واقیعی ناو ڕۆمان و چیرۆکی هونەریی جیایە لە واقیعی ڕاستەقینەی ژیان، دژە واقعێکی تەخاوێی بێت یان وەنەیەکی بارگاویی بە فەنتازیا لە واقعی ڕووت وەرگیرابێت و بەپێی تەکنیکی هونەریی گەیانی تێدا کرابێت، چوونکە چیرۆکنووس ناچار نییە واقع وەک خۆی بخاتە چوارچێوەی ئێدەبەوە ئەگەر ئەم کارەی کرد بگومان بووتە ڕۆژنامەنووس و ڕیپۆرتاژێکی ئامادە کردووە. بەڵام لە نووسینەوەی ژیاننامەدا نابێت فەنتازیا و خەیاڵات تێکەڵ بە ڕووداوەکان بکرێت و نووسەری ژیاننامە ئازاد نەکراوە وەک ڕۆمانەنووس پابەندی کان بە ویستی خۆی دیاری بکات و ڕەهەندیان بداتێ و چەن ئارەزوو دەکات فەرمی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان دیاری بکات و مەجرای ژیانیان بگۆڕێت، نووسەری ژیاننامە ڕەهای کامڕانمان دەبینێت هەموو ئەو دیمەنانەی هاتوونەتە بەردەمی و لە تێنیشتیەوە ڕووددەن یان ڕوویانداوە وەک خۆی دەگوازێتەوە، بەبێ هیچ دەستکاریی و شێواندنێک، لەبەرئەمە نووسینەوەی ژیاننامە کارێکی ئاسان نییە بەڵکو بەرپرسیاریێتییەکی گەلێک قورسە بە ڕادەیەک هیچی لە مەژوونووسی کەمتر نییە لە ڕووی ئەستەمیی کار و ئەخلاقی نووسینەوە، دواجاریش بیگرافیی نووسین دەبێتە بەشێک لە نووسینەوەی مەژوو، وای دەبینم نائەخلاقیترین کار هەڵپاچین و دەستکاریکردنی مەژوو و شێواندنێتی بە مەبەست و سوودی ئیدەلۆژیی یان سیاسیی یان نەتەوەیی و تائیفی و تاکەکەسی.
دەگەڵ نەوەی لە یەکەک لە جەنگەکاندا ئەفسەرێکی پلەداری سوپاکەی ناپلیۆن بە سەختیی بریندار دەبێت و لە ئاکامدا دەمرێ، ناپلیۆن پرسیار دەکات ئەو ئەفسەرە لە سەرەمەرگدا چی دەگووت؟ پێیان وت هەر ناڵێ و هاواری برینەکەی دەکرد تاکوو مرد، ناپلیۆن بە تووڕەییەوە وتی چۆن وا دەبێت؟ بانگی مەژوونووسەکەی دەکات و پێی دەڵێت بنووسە فەرمانە ئەفسەر بە بریندارییەوە لە سەرەمەرگدا تاکو مردن هەر هاواری دەکرد بژی ناپلیۆن، بژی ناپلیۆن. ئەم فەرمانەی ناپلیۆن فەرمانێکی نائەخلاقییە و هەوڵدانە بە شێواندنی ڕووداوەکانی مەژوو، ئەم نموونەیە دەیسەلمێنێت ئەو تێزەی دەڵێت مەژوو قسەی پیاوی براوەیە لەسەر بناغەیەکی بەش ڕەنراوە. ئەوەی لە بیرەوەریی سەرکردەکانی

کورددا نوسراوەتەوە و تەمارکراوە هەمان شێوازی مامەڵەکردنی ناپلیۆنە لەگەڵ مێژوو چون هەریەکە و ئاماژەیەکیان بە بڕژوەندیی و نیشاندان و سەلماندنی پاکێتی خۆی دەشکێنێتەوە!!، ئەگەر لە نێو بیرەوەریی سەرکردەکانی کورددا سەیری هەکارەکانی بڕپابوونی جەنگی نێوان حزبەکان بکەین "شەڕی براکوژیی" بگومان تاوانباری ڕاستەقینە لایەنی بڕامبەر و هەوەدراوە بسەلمێنرێت لایەنی نیار شەڕی بە حزب و لایەنەکەی وی فرۆشتووە، ئەگەرنا حزبەکەی ئەو فریشتەیەکە و پەنجە بخەیتە ناودەمی نایگەزێت، بەڵام لایەنی بڕامبەر دووپشکە ڕەش و ئەژدیهایەک بووە کە هەردەم ژاری لە دەمدا بووە بە پەوەدان و گەستن.
بەدەر لەوەی لە بیگرافیای سەرکردەکانی کورددا خوێنەر بە زەر تووڵەڵە و کەڵانی تاریکدا دەبرێت لە هەمان کاتدا زەر مەسەلەی هەستەوەر هەن بۆ بوون و بە هیچ جۆرێک بە دوو دەیش بێت ئاماژەیان بە نەکراوە، لە نموونەی ئەو مەسەلانە پرسی پەیوەندیی ژنراوژێری حزبە کوردستانییەکانە بە دەزگاکانی هەواڵگریی دەوڵەتانی ناوچەیی و نەودەوڵەتی، یان وردەکاریی ئەو گفتوگۆ و وتووێژانەی لە میانەی چەندان پرسەی دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئەنجامدراون، یاخۆ وردەکاریی و نهێنییەکانی پشت پەردەی شەهیدبوون و کوژرانی چەندین سەرکردە و فەرماندە کە تاکوو ڕۆژی ئەمڕۆ فەرمی شەهیدبوونیان تەمومژ و تاریکی زەری لەسەرە، یان هەکاری ئینشیقاق و لەتبوونەکانی حزبەکان لە قۆناغی شاخدا بە تایبەت گومان لە هەندێکیان دەکرێت بەپێی ڕێنمایی دوژمنان و پشتیوانیی دەزگاکانی هەوا َلگریی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بووە، تەنانەت هەندە شەهید هەن هەشتا یەکلایی نەبووەتەوە شەهیدی کامە حزبن! بە وێنە عەلی عەسکەری لە نێوان یەکێتی و سۆسیالیستدا ون بووە و کەس سەر دەر ناکات شەهیدی کامیانە! هەندێک داستان و شەڕوشۆڕ هەیە بە دە شێوە دگەڵدرێتەوە بە وێنە شەڕی ئەزمەڕی ساڵی 1991 لە نێوان یەکێتی و پارتیدا شەڕی لەسەرە و ون بووە کێن ئەوانەی لەم بڕێنگارییە بەشداربوون. یان کارەساتی هەکاری لە بیرەوەرییەکانی نەوشیروان مستەفادا بە تایبەت لە "لە کێناری دانوبەوە بۆ خۆی ناوزەنگ" بە جۆرێک باس کراوە، بەڵام لە بڕگەکانی "ڕۆژمێری پشمەرگەیەک"ی کاکە حەمەدا بە فەرمکی جیاوازتر.
بە کورتی و کرمانجی بیرەوەریی بڕپرسانی سیاسیی تژیتی لە چەواشەکاریی و ناڕاستیی، ئەوی پەیوستە لە ژیاننامەنووسیدا هەبێت لەوەدا نین بەکو کەمێک حیکایەتکی خورافی و یەتەپین لە پێناوی دروستکردنی سیمبۆل و کاریزما و وێنای قارەمان، ئەمەش خووی سەرجەم

دیکتاتۆرەکانی دنیایە کە سەرلەبەریان وەک سوپەرمان و مرۆڤی ئەفسانەیی سەیری خەیان دەکەن و دەیانەوێت هەموو ئێوانی دیکە بە نەرگسیەت و خودپەرستی و نەریتە وهمییەکانیانەوە سەرقاڵ و خەریک بکەن. ئەگەر لە هەموو ئەمانەش وازبهێنین و بینە سەر ئەوەی بچی بیرۆکەریی بەرپرسان قەناغی دوای راپەڕینی نەگرتووەتەوە؟ یان بچی بەرپرسێک نییە جرائەتی هەبێت درێژە بە نووسینی ژیانناممکەی بدات تا چەند ساڵێکی دوای راپەڕین؟ ڕەنگە جیا لەوەی ئەم مژووەیان پێ لە شێخەریی و گەندەڵیی و پشیمانبوونەوە لە وەعد و بەڵێنەکانی شاخ و گەڕانییان بە مافیا و دەستە و تاقمی بازرگان و دەرکەوتنی سیمای راستەقینەیان، لەوانەیە بە ئەوەش بگەڕێتەوە دەستکەیان ئاشکرا بووە و بە توانابوون لە ساویلکە خەڵتاندنیش چجای هەڵخەڵتاندنی نەوەیەکی تازە پێگەیشتوو کە ئەگەر هیچیش لە دنیا نەزانێت و تێنەگات بایی ئەوە هەیە هۆشیاریی هەیە تا بزانێت بەرپرس و سیاسەتوانانی کورد چ مەعدەن و قوماشێکن!. بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین بەرپرسێکی سیاسیی و حزبی خوا گرتی و دەستی برد بە نووسینەوەی ژیانناممکەی لە قەناغی شاردا، ئاخۆ دەبێت چی بنووسێ؟ ئایا چ دەستکەوتێکیان هەیە شانازیی پێوە بکەن؟ چ سەروەریەکیان هەیە شیاوی نووسینەوە و دەکەمەنتکردن بێت؟ چ ئەجیندایەکی پەرەتیف و کارایان هەبووە لە دوای ساڵی (1991)ەوە تا مژووی خەیانی پێ پرشنگدار بکەن؟.

ئەگەر بەرپرسێک ویستی ئەو کارە بکات بگومان هەموو بیرۆکەریەکانی دابەش دەبێت بەسەر سێ چالاکی و کاردا: (شێوەی ناوخۆ– گەندەڵیی و فەرهود– شێوە سوورەکان لەگەڵ سەزانیەکاندا). هەبەتە هیچ بەرپرسێک نەماوە هاشا لە پشکداریی لەشێوەی ناوخۆ بکات بەڵکو هەمووی وەک قاز پێکەوە دەقیەڵنن و دەڵێن: شێوەی نەگریسی ناوخۆ هەڵێک بوو کردمان و بەوات و نیەتەوە، رووداوەکانی ئەم شێوە لە مشکی زەربەماندا تەمار بووە و مژوویەکە هیچ مەترسیەکی ونبوون و فەوتانی لەسەر نییە. بە گەندەڵیش دیسان هەمووی دەڵێن بەڵێ گەندەڵی بوونی هەیە و بەڵێ دیاردەیەکی مەترسیدار، هەمووشمان قەبارە و سەنگی دانە بە دانەی بەرپرسەکان دەزانین لە گەندەڵییدا، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و شێوەی خەبەخەی تەکەتولەکان و هۆشیاریی خەڵک کارەکی کردووە گەندەڵی دیاردەیەکی پەنهان نەبێت و بەئاسانیی بکرێکانی بناسینەوە، ئەگەر بمانەوە لاپەڕەی نووسراوەکانی فایلی گەندەڵی بکەینە پەرتووک (قصة الحضارة)کەی (ویل دیورانت) لاپەڕەیەکە لە چاویدا و ڕەنگبە وەک حکایەتی مەش هەرگیزاو هەرگیز تەواوبوونی نەبێت.

کەچی ئەوی کەمترین زانیاریمان لە بارەیەوە هەیە و زەرترین

رووبەری لە ژیانی کاربەدەستانی مەملەکەتدا داگیر کردووە شەو سوورەکانیانە لەگەڵ سزانیەکان، هەموومان تەنانەت شتەکانیش دەزانن سزانیەکان نزیکترین و گیانیترین دەست و هاوڕێی بەرپرسەکانن، ئەو بەرپرسانەی وەک گورگی برسی وان بە سەکس، بۆیە ئەگەر دەستیان برد بۆ نووسینەوەی ژیاننامەکانیان دەبێ لە سزانیەکانەوە دەست پێبکەن و بۆ سزانیەکانیش کەتایی پێ بهێنن چون هیچ سەروەریی و حکایەتکیان پێ نەماوە بۆ باس و گۆرانەوە جگە لە ڕەشبەڵەکی ممارسەی سەکس و کەینی جەستەی مرۆڤی کەیلەکراو (سزانی). ئەمە وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووسێ ئازادەکان دوو بەشی بیروڕیەکانیمان نووسیوەتەوە (شتی ناوخۆ – گۆندەیی) پێویستە غیرەت بدەنە بەر خۆیان و بەشی سیەمی بۆ پڕۆموچی خۆیان تەواوی بکەن، بەوا بکەن بۆ تاسەوە چاوەڕێی ئەو کاریەیان لەدەکەین!!. چاوەڕوانین بۆ کەتا بەش و سکەنداڵترین بەشی ژیاننامەنووسیەکانیان کە ئەویش نووسینەوەی شەو سوورەکانە لە ڕۆژە هەرە ڕەشکانی نەتەوەیەکی ماندوو و دادشراودا.

2007
ستیڤان شەمزینی
ستۆکهۆڵم

لە ژمارە 43ی ڕۆژنامەی نیوەند لە ئەیلولی 2007دا بڵاوکراوەتەوە.
لە ئێستاشدا کە نووسینەوەی بیۆگرافی سیاسیە کوردەکان تەنانەت سەرکردە سەربازیەکان بەشێوەیەکی نائاسایی تاوی سەندووە ئەم وتارەم بۆ شایانی دووبارە بڵاوکردنەوەی زانی.

شانۆ و ئێتیزم.. د. هاوڕێ زەنگەنە

شانۆ دەبێتە هاوکاریەکی گرنگی کۆسانی تووشبووی ئێتیزم.
ئەم هەواڵە بۆ شانۆکاران و سەنتەرەکانی ئێتیزم وکۆس وکاریان تووشبووانی ئێتزم گرنگە.
لە دوای داخستنی هۆڵەکانی شانۆ و سینەما وئۆپیرای شاری میونشن بۆ

ماوەی سالێک وا تازە دەست دەکرێت بە نمایش و پێشکەشکردنی بابەت هونەرییەکان. بینەرەکان بە ماسکەوە و دوور لە یەکتر دادەنیشن. دەعوەتنامەیەکم لە دەرهێنەری شانۆ ئیتە نەقاوە پێگەیشت،کە ئامادەی بینینی پرۆژەی تازەکەی ئەمجارەیان بم، کە زیاتر لە دەسالێ بردەوام لەگەل ئیتیزمەکان بەزانستی شانۆ هاوکارییان پێشکەش دەکات. هاوکارییەکانی گرنگی شانۆ بە تەندروستبوونیان. کاری هونەری شانۆی کارەکی پرسەی زانستی وپەروەردەیی دیقەتیە وڵەرۆژی یەکمی پرسەکەوە کاریگەری وێنەی خەی لەهزری بێشداربووند بەجی دەهێلێت ، ئەم پرسە هونەریە بەکورتی چی پێشکەش بە تووشبووانی ئیتیزمەکان دەکات.

١. یەکتر قبوڵکردن.
٢. تێکەڵ بوونینا لەگەل یەکتر
٣. گەرینەوەی گفوگۆی نیوان یەکتر
٤. هەست کردن بە بینین وبیستن وتماس و بۆن و چێژ و تێکەڵ بوونەکی تر و هەڵس وکەوت و دروست کردنی تیکستێکی سەربەخۆ
٥. فیرکردنی هەندێ هەڵس وکەوت
٦. بەهێزکردنی قودرەتی ترکیزکردن ٧
. بەهێزکردنی بیرکردنەوەی هزری
٨. پێزانینی خەڵکی بە کارکانیان
٩. دانپێدان لەرێگەی چەپڵەو گولبارنەوە
١٠. لەکەتەای نمایشکە پرسیاری بینەران ورای بینەران و وەڵامدانەوەی ئەوان وپێشکەشکردنی ریزو حورمەتێکی بیپایان بە ئیتیزمانەی، کە رەلی نواندنیان وەکو ئەکتەر دەنواند …زەر زەر شتی تریش.

رێزلێنانێکی گەورە لەلایەن رێژنامە و میدیا و بەریوبەرایەتی رێشنبیری شاری میونشنەوە . یەکەم پرۆژەی کردنەوەی هۆڵی شانۆی ئەم مالە شانۆیە بەم نمایشە بوو.. چەنابی موفیشی گەگەل بوو، ئەمان بەسدەکاریەکی زەر زەر بەنرخەوە پیشکەشیان کرد. کچێکی بەخە رەلی جەنابی موفەتیشی دەبینی. لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو هەموو دایک وباوکی کەسایەتیە ئیتیزمەکان هاتبوون بە سەیری نمایشکە، بەیکە خۆشی موحبەتەوە دەیان روانیە کوروکچەکانیان بە ئەم سەکەوتنە بەنرخەی ،کە کچ وکورەکانیان لەسەر سەکەی شانۆ دەبینن وخۆشی چەپڵەیان بە لە دەدا، هزری و ئگاهی و هەشمەندی ورێشنبیری کەس وکار یان بەرامبەر بە کەسانی تووشبوو دەگەرێت، کەواتە ئەوانە توانیان هەیە و بەو چاوکەمیەوە سەرەیان مەکەن بە هەشمەندی رێشنبیری گشتی خەڵکی و گەرمنی بیرو هزری کەمە بەرامبەر بەو تووشبوانی ئیتیزم. ئا بەم شیوەیە هاوکاری خانەی دەماغی نیو مێشکی

تووشبووان دەگورێت و هی کەمالگاش دەگۆڕێت، ئا بەم شیوەیە قودرەت شانە بە مرۆڤایەتی و قودرەتی شانە بە خۆشەویستی مرۆڤایەتی بە هەموویان دەبەخشیت، ئا بەم شیوەیە هونەری شانە هەم چیژ وەرگرتنە لە مەعریفە و لە هونەر ولە ڕۆشنبیری ئەدەبیاتی کەمالایەتی وسیاسی و فەلسەفی و دەبێتە هاوکاری پزیشکی یش.
هەرکەس خوازیاری هاوکاریبێت بە کردنەوەی دەوریەکی ئەوتە لەسەنتەرەکان و یان شووینەکانی خوێندنی هونەری شانە .. من لەگەل دەرهێنەر ئێتە نۆقا زیاتر لە بیست سالێ یەکتر دەناسن بەردەوام لەئالو گۆری هونەری هاوکاری یەکتر بەردەوامین.

دەتوانێیت بەم ناونیشانی مایلەوە پەیوەندیم پیوە بکات.
Zangana.k@gmail.com
د. هاوڕێ زەنگەنە

ئاشبەتاڵکی دیکە بەڕوویە؟.. فازیل شەوقی
لە دوای ڕاپەڕینەوە، بیرمەند و یاساناس و کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیرانی دەستیان کورد، لە کوردستان و لە دەرەوە، بە سەدان نەخشە و پلان و بەرنامە و پشینار و پێشنیازی جوان و واقیعبینانەیان، بۆنیازی چاکسازی و مەحکەمکردنی کۆگاکانی

حکومرانی هەرێم، خستە بەر دەست دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان، کە ئێگەر لە ٥٠٪ ی ئەو بیربۆچوونانەی، ئەو کەسانەیان پەسندکردبایە و کاریان پێکردبایە، ئەوا کوردستانی باشوور، بەو ڕێژەی ئێستا نەدەگەیشت، کە کەس حەسوودی پێنابات.

ئێستاش، ئەو پێشبینییە، نە خەونە و نەخەیاڵ، خەزیا دەسەڵاتدارانی کورد، بە بایەخەوە وەریان دەگرت:

"ئیبراهیم ئەلیسی چەنگبەخوێن، بە پاکتیزەکردنی ماددەیەکی دیموکرسی، کە هەبژاردنە، بووە سەرکەماری نوێی ئێران. وا پێشبینی دەکرێت، لە ئێراقیشدا، بە هەمان چالاکی دیموکراسی، لە هەبژاردنی داهاتوودا، موقتەدا سەدری تونديەو، جێگەوی حکومرانی بگرێتە دەست.

جا دوای ئاشبوونەوە و ڕەکەوتی ئەمریکاو ڕۆژاوا لەگەڵ ئێران، ئەوا بە تەواوەتی، پارسەنگی هێزەکان تێکدەچن و دەسەڵات و پایەیی بەهێز دەگێتەوە دەست ئێرانی شیعە مەزهەب. کە دوێنێ، ئیبراهیمی، لە یەکەم وتاریدا بە ئیراقییەکانی گوت: "خوێنی ئەوە خوێنی ئەمەیە!"

ئێستا، ئەوانەی لە دەستوور و یاسا، پسپۆڕن و تێدەگەن، دەزانن کە زەربەی هەرە زەری بەند و ماددە دەستووریەکانی (دەستووری ئیراق) تایبەت بە سیستمی فیدراڵی هەرێم، بەتاڵ بوونەتەوە. ماددە دەستووریەکان بە ڕاشکاوانە، ئاماژە بۆدەکەن کە سیستمی فیدراڵیان بە ئیدارەیەکی جوگرافی دیاری کراو، لە کوردستان مەرکردووە. ئەو دوو ئیداریەی کوردستان، سەد لە سەد دوو هەرێمی سەربەخۆن لە ماموستا و کردارەدا، با لەژێر یەک ئاڵم و دروشمیش دابن. دەست و دوشمن ئەو دەزانێ، ئەو ئاگادارکردنەوەی ئەو دوایەش، لە لایەن نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان، بە ئیدارەکانی هەرێم، نە سوعبەت بوو، نە نوکتە.

کەواتە، ئێگەر، لە ماوەیەکی کورتدا، دوو ئیدارەیی ئەو دوو حزبە نەبنەوە یەک، ئەوا بە دەستوور و بە دەنگدان لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، دەکرێ، سیستەمە فیدراڵییەکە بگۆڕێن بە شتێکی وەکو سیستەمی ئیدارەی مەرکەزی یان لامەرکەزی.

ئەو قسە ناخوا، کە گۆیا وەاتانی وەکو فەرنسا و ئەمریکا، هەنگ بە پشتیوانیمان لە بکەن. ئەوانیش پابەندی دەستووری وەاتەکانن. ئێراق ئێندامە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام هەرێمی کوردستان هیچ

نییە.
هەرلەم حەفتەیەدا، وتەبێژی حکوومەتی هەرێم، لە وەڵامی پرسیارێکیدا"کە بۆ لە دژگا نوودوەتییەکانەوە، لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو هەرێم مەحکوم ناکەن و فشار ناخەنە سەری؟" گوتی "هەرێم، هیچی پێناکرێ، خۆمێ ئێندام نین، لەو دژگایانەدا!" سی ساڵی ڕابردوو، هەرێم نەیتوانیوە دەستوورێک بۆ خۆی دانێ، کە دەستووری ئێراقی یی پێداوە. بۆیە شەرعییەتی زەر لاوازە.

یەکگرتنەوەی، ئەو دوو ئیدارەی هەرێم بۆ نزیک نازانم، چونکە، هێز و دەسەڵات و سەروەت و سامانی ئەو دوو حزبە، لەو دوو ئیداریدا هەیە. تەنانەت، بۆ یەکگرتنەوەیان، پێنگ بۆ بۆ هەزاران لە ئێندام و هەوادارەکانیشیان لەدەست بدەن. ئاخر هەیە هەر بۆ کابەری، حزبەکەی دیکە، چووەتە پاڵ حزبەکەی خۆی و لەویدا پەرژەوەندییەکانی زامنێ.

یان هەرێم دەبەتەوە یەک ئیدارە و یەک حکومەانی، یان ئاشبەتاڵکی دەستووری، لە نیو پەرلەمان، شانگریەکەی جەزائیر دووبارە دەکاتەوە.

گەر دەپرسن، جا ئەوکاتە، کوردەکانی باشوور چییان پێدەکرێ؟ لە وەڵامدا، دەڵێین، چییان پێکرا، کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەر کەرکووکیان لەدەستدا، هەر هێندەشیان بۆ لەدەستدانی فیدڕاڵی پێدەکرێ.

کتێب/ پێکهاتەی زمانی شیعری لە هەواڵنگەی ڕۆخنەی ئەدەبیدا نووسەر.. محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم

ئەزموونی شاعریانی هەشتایەکانی هەولێر وەک نموونە..

[بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن..]

ئەیوب ناگەتەو.. فریدوون سامان

ئەمشەو ئیدریس شەیداهی شاعیر، گەنجکەی هەتەکاند و هاتە خوەنم و ئەو شیعرەی بە خوەندمەوە:

خەزی گوڵە کەویلەیەک دەبووم
لەو بنار شاخانە
بەن و بەرامەم بەو تەپکە سەرکەشانە پەرت دەبوو..
لە ناو قەدی ئەو تاشە بەردانەش
هەلانەی ئەو بەچووکەوانە دەبووم
کە زایەڵەی بەقبەقیان ئاسمانی بەسنووری دەتنیوە…
پردەک دەبووم بە پەینەوەی
ئەو کارمامزانەی
سەر ڕەی ئەو چەمە سەرخەشە
کە بە خەیاڵی دیداری عاشقەکانیان شاد دەبوون ..
مخابن بە تە

لەو بەهەشتەت دەرکردم
بەر نەفرینی سەرزەوی کەوتم
ئەو سەرزەوینە خەمەشەی
کە نەوە دوای نەوە
بە ڕەنج دەندەکانت
ئاوەدان کردەوە
ئەگەرچی لە داوێنی تەدا
سەدان پەغمبەر هاتنەدەر،
لەسەر سەوکیشەی خەت وەدەرنا ..

نەوە چەنووک بە خوێنەکانت
بە ناوی کتێبی پیرۆزی تەوە
شمشێر و نێزیان دایە دەستی یاوەرەکانیان
هەرچی بە دوای بانگەوازەکەت نەچوو،

بەی نەچەمایەوە
کللەسەری پەلدان..
پەریزادەکانی کردن بە کەنیزە و
مالی تەی پەکرد لە جەنگاوەرە دەندەکان..

لە پەدەشە تەنووەکانی گەرمیانەوە
تا چیا سەرکەشەکانی کوەستان
لە هەبجەی لەخاچدراو
تا مەتینا و ئاڤاشین...
بەنی سەوەکەی تە بوو
گوەگەنمەکانی مەست کردن
بەناوی پیرەزی تەوە
عاشقانی خەرەتاوی
رەوانەی بیابانی مەرگ کردین...

تە لە کوە بووی
کاتەک لەبەردەم گەپانی چوارچرادا
مندالەکانی تەیان لە خاچ دەدا
لە کوە بووی
کاتە لەبەردەم دەرەی چیادا
رەکانتیان
لەژەر زنجیری زرپەشەکان
دەپلیشاندەوە..
کاتە زەیتوونەکانی عەفرینیان
شەهید دەکرد
سەرە کانییان وشک دەکردەوە
تە لە کوە بووی؟!

هەر نەهاتی
کتەبە سوتاوەکەی ناو میحرابت
ناو مینارە روخاوەکانت هەگریەوە
نە دایە حەوا
نە بابە ئادەمیش
چوونەوە بەردەمی تە
تا پەت بەن
خودایە گیان
تە لەسەر سەوەك ئەمەت
لەو بەهەشتە سەرگەردان کرد..

ئەستا بەنی سەوکەی تێ
رەنگانت دەخنکێنێ
مینارەکانت
بە دەنگی سەرکەوتنی سوپای قەعقاق و
قشوونی گورگ بەرەکانی مەغۆل
دەگاتە عەرشی ئاسمان..

دەنگی ئازارەکانی تۆ
بە بەرچاوی هەموو دنیا
دیسان بەچووک کەوکانی کوستان و گەرمیان
ژەهراوی دەکات
چەم و کانیلەکان
کوڕ دەکاتەوە..

وەرە کتێبەکەت ببەوە
بیدەوە بە یارانی لە بەهەشتدا
بە خەیالی گەیشتن بە حەریرەکانت
گیانیان بەخشی..
ئیدی
چاوەڕێ مەبە
جارەکی تر ئەیوب بگەڕێتەوە
بانگی رزگاریت بە بدا
ئەیوبەکەی تۆ
هەموو ڕۆژێ
لە گەڕەپانی چوارچرادا هەڵدەواسرێت
ئەیوبەکەی تۆ
ڕۆژ نییە
لە کانی عاشقانی هەڵبجەدا
قوڕگی پڕنەکەن لە خەردەل و سیانید..
ئەیوبەکەی تۆ
ڕۆژانە لە شنگال
لە خاچ دەدرێت..

لە حاجی مامەند بووم.. ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی 1983 گەیشتمە بارەگای حزب لە دڵی حاجی مامەندو هاوکات بارەگای مەڵبەندی یەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینك) لەوێ بوو بە هۆی لووتبەرزی (ینك) وسیاسەتی قورخکاری نێوان ینك وپارتی (پدك) کە ینك ناهێڵیت پدك بێتەوە ناوچەکانی سلێمانی و بە شێك لە ناوچەکانی هەولێرو پدك رازی نابێت ینك بچێتە ناوچەکانی بادینان و بوچوونەکانی حزبی شیوعی عێراق (حشع) وەك ئەندامێکی بەرەی جودهەوڵی دەدا ئالوزی وناکوکی لە نێوان لایەنەکان نەمێنێت.

ینك بە هۆی کەسانی گومراوو ئاغاو دەرەبەگ بەشێکی باڵادەست بوو لە دروستکردنی ئاڵوزی و، لە سەرەتای ساڵی 1980 وە دەستیانکرد بە پروپاکەندەی هیچ و پوچ بۆ نموونە لە ئایاری هەمان ساڵدا لە رۆژی 1 ئایار بۆ سوکایەتی پێکردن بەرپرسێکی یەکێتی لە وتارەکەیدا شەکری شکاندو وتی ئێمە (دادەی !؟) حزبی شیوعی عێراقماندا داوە وەك بڵێت کوردستان تەنها موڵکی ئەوانەو، ئەو گەرەلاوژەیەی ئەو بەرپرسە دەنگیدایەوە ناو رێکخستنەکانی حزب وپێشمەرگەو بە کارێکی خراپ و دوژمنکارانە ناوبراو تا ماوەیەك حزب هەوڵی هێوەرکردنەوەی بارودۆخەکەی دەداو ئەو رەفتارە یەکێك بوو لە سەدان رەفتاری لەو چەشنەو دەر هەق بەحزبەکانی ترو هەردەم لە هەڵکشانا بوو.

ـــ لە مانگی شوباتی 1983 لە دڵی قولەگیسکانی شارباژێر نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینك) ئاسو نوری لە گەل نوێنەرانی بەرەی (جود) پارتی دیموکراتی کوردستان (پدك) و حزبی سۆشیالیستی کوردستان (حسك) بە مەبەستی ئاشتبوونەوەو وازهێنان لە قورخکاری و شەری یەکتری رێکەوتنێکیان واژوو کردو شایانی باسە دوو ئەندامی حزبی شیوعی عێراق هاورێیان { عەبدوڵا قەرەداغی ـــ مەلا عەلی و شیخ سعید} وەك شایدحاڵ و چاودێر ئامادەبوون هەرچەندە حزب لە بەرەی جود بوو بەڵام دژی شەربوو، لە پاش ماوەیەکی کورت لە مانگی ئازارو نیسان (ینك) لە دەوروبەری دڵی چاڵە خەزێنە بەبۆ گوندان بەو رێکەوتنە شەری دژ بە (پدك وحسك وپاسك) هەڵگیرساندو مەلا بەختیار بەرپرسی مەڵبەندی یەکی ینك لە رێی جەهازەو هاوری دەکردو هانی چەکدارەکانی دەداو دەیوت ئەم خاییننانە بکوژن و دەریان پەڕێنن و، ژمارەیەك پێشمەرگە شەهیدبوون و زەرەروزیانێکی زۆر بەر هێزەکانی

جود کەوت.
ـــ رۆژێکیان تووشی سەر ئێشە بووم ودوکتور هەڤاڵ دەرزییەکی لێدام و لە پاش کاتژمێرێك هەستمکرد باری تەندروستیم خراپتر بووەو پێستی لەشم رەش دەبێت و دەرژێمەوەو دکتوریان ئاگادر کردو ئەویش بە قەڵەمباز لە خەستەخانەکەی حزب گەیشتە بارەگای مەبەند (نێوان خەستەخانەکە و مەبەند 100 ـــ 150) مەتر بوو منی بینی یەکسەر وتی ژەهراوی کراویت ودیارە ئەو دەرزییە کە بەکارمان هێنا ژەهرای بووەو هاوری بەهادین نوری هات و منی دی ورووی کردە هەڤاڵ وتی جێتان زیندانەو پێویستە لە بەرچاوم نەبیت، دوکتور هەڤاڵ وتی : هیچ دامەپۆشن و بزانن کێ دەرزییەکانی ناردووەو کێ هیناویەتی دیارە حزبی بەعس دەرزی ژەهراوی رەوانەی بارەگاکانی حزب دەکات و ئێستا کاتی لێپرسینەوە نییە با دوو سێ پێشمەرگە یارمەتیم بدەن هاورێ ببەمە خەستەخانەکەو هەوڵدەدەم چارەسەری بۆ بدۆزمەوەو منیان هەڵگرت و گەیشتمە خەستەخانە و هەڤاڵ دوو سێ دەرزی تێکاو کردو وتی هیوادارم هەڵگەرانەوەی پێستت بەرەو رەشی رابگرێت و لە شانسی من دوای رۆژێك دوکتور نازم جواهری(دکتور دڵشادو دوکتور ئیمان سەلام عادل) گەیشتن وبۆ ماوەی چل رۆژ لە ژێر چاودێری دوکتور دڵشادو دکتورەکان بووم وچاکبوومەوە و، داوام لە هاورێ بابی سەلام کرد لە دکتور هەڤاڵ هاوریی خوشەویستم خۆش بێت و کارەکەی بە مەبەستی چاکبوونەوەی من ئەنجامداوەو زۆر هاورێمە و ئەو کارە کاری بەعسییەکان بووە.
ـــ بۆ 31 ئازار جەژنی دامەزراندنی حزب هاورێ بەهادین کۆبوونەوەی پێکردین و بریاردرا ئاهەنگ بگێڕن و خۆی وتاری حزب بخوێنێتەوەو منیش وتاری لاوان وپێشمەرگەو مەبەستی هاوری ئەوە بوو سەنگ و قورسایی حزب پیشانی خەڵکی دڵی و میوانەکان (یەکێتی) پیشان بدەن و، هەرواش بوو لە 31 ی ئازاردا هاورێ بەهادین وتاری حزب و منیش وتاری لاوان و پێشمەرگە خوێنرانەوەو لە پاش گۆرانی و هەڵپەرکی ئاهەنگ کۆتایی پێهات.
ـــ هاورێ بەهادین وەك بەرپرسی یەکەمی مەبەندی سلێمانی و کەرکوك دژی سیاسەتی حزب بوو نیازی هەبوو لە گەڵ بەرپرسێکی باڵای یەکێتی حزبێکی سیاسی دروست بکەن وهەر لەو رووەوە دژایەتی هاورێیانی ڕکخستنی دەکرد کە هەموویان عەرب و کادیری لێهاتووی حزب بوون بە سەرپەرشتی هاورێ عەدنان عەباس ئەندامی کومیتەی ناوەندی و شایانی باسە هەندی لەو هاوری قارەمانانە شەهید بوون وەك : هاورێ رەسمییە جەبر (دایکی لینا) و هاورێ شاکر و ژمارەیەکی تریش و پرۆژەکەی ئەبو سەلام سەرینەگرت و بووە هۆی سرکردنی وپاشان بانگ کرا بۆسەرکردایەتی حزب بۆ لێکولینەوە بەلام هاورێ بابی سەلام رایکردو

ئەوەش بووە هۆی دەرکردنی لە حزب.
21/6/2021

"بێ نیشتمان" بە بینینی "شوان عەتووف" لە بینەوە بە سینەماکانی هەرێمی کوردستان

مەنسوور جیهانی ـ

فیلمی سینەمایی "بێ نیشتمان" لە دەرهێنانی "تووج ئیسانی" و بە بینینی "شوان عەتووف" دوای بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەی فەستیڤاڵی "بێرلین" وەکوو گرینگترین بازاڕی فیلم لە ئەورووپا و جیهان، لە سینەماکانی هەرێمی کوردستان نمایش دەکرێت.

فیلمی سینەمایی "بێ نیشتمان" Landless لە نووسین، دەرهێنان و بەرهەمهێنانی سینەماکاری کورد "تووج ئیسانی"، بە بینینی "شوان عەتووف" ئەکتەری ناوداری کورد، بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی "ماد مووڤی" MAAD Movie و هەروەها بەرهەمی هاوبەشی "هەز هەڵکەوت ڕەشید" لە هەرێمی کوردستان و سووریا، لە ڕۆژی جەژنی قوربان واتە 20ی جوولای 2021 و هەروەها لە ڕۆژانی دوایی لە سینەماکانی هەرێمی کوردستان و سەرتاسەری وڵاتی عێراق نمایش دەکرێت.

فیلمی سینەمایی "بێ نیشتمان" بە یەکەمین جار لە حەفتا و یەکەمین خولی بازاڕی فەستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بێرلین" لە وڵاتی ئەڵمانیا لە لایەن کۆمپانیای "تسویر گستر الهێ پارسی" (ئێلی ئیمەیج) Eli Image بە بەرپرسیارییەتی خاتوو "ئیلاهێ نەوبەخت" پێشکەش کرا. بازاڕی فیلمی "بێرلینالە" بە ناونیشانی یەکێک لە گرینگترین بازاڕەکانی فیلم لە ئەورووپا و جیهان دەتەئژمار.

لە "بێ نیشتمان"دا کۆمەڵێک لە ئەکتەرە ناوارەکانی وڵاتانی تورکیا، سووریا، عێراق و هەرێمی کوردستان، بە چوار زمانی کوردی، تورکی، عەرەبی و فارسی لەگەڵ "هانی موجتەهیدی" گەرانیبەژی

ناوداری کورد تیایدا ڕۆیان بینیوە، لەوانە: شوان عەتووف، جاهیت شاهین یاچین، بوەنت کاسەر، ڕەکەش شەهباز، بەنگین عەلی، بەڕۆژ ئاکرەیی، نارین محەمەدی، فرەسک ڕەحیم زادە، هاکار عەبدوالقادر محەمەد، تەها عەبدوالکەریم ئەبووبەکر، هەواڵ ناڤگوندی، ئاسۆ فیق، هەورامان و چەندین ئەکتەری دیکە.

لاپەڕەی فەرمی فیلمی سینەمایی "بێ نیشتمان" لە ئینستاگرام:
https://instagram.com/landlessmovie?utm_medium=copy_link

لاپەڕەی فەرمی فیلمی سینەمایی "بێ نیشتمان" لە فەیسبووک:
/https://www.facebook.com/landlessmovie

بەردەوامبوونی ڕایەتی ڕاگەیاندنی گشتی فیلمی سینەمایی "بێ نیشتمان".

دیمەنێکی دڵگیر.. عەلی حەمەشید

ئای چەند خۆش و دڵگیرە
هاوشێوەی ماڵی باپیرە
لایەک گوڵ و گوڵزارە
لایەک داری بەردارە
ناوەڕاستی چیمەنە
دڵگیرترین دیمەنە
بۆ سەما و یاریکردن
خۆشترین شوێنە لای من
جار جار باپیرەی شیرین
ڕووخۆش دەم بۆپێکەنین
دێت بۆ لام و دەمدوێنێ
گوڵز و مێوژ دەهێنێ
بۆچیرۆک و هێناوە
خۆشتر دەبێ ئەو ناوە
...
١٦/٢/٢٠١٩

پێغەمبەر لە بارەی کتێبی کرێکی مرۆڤی ئاریک فرۆمەوە.. گوزارشتێک لە حەماسەی فڕۆژ

ئاریک فرۆم ناوێکی دیارە لە بواری دەروونناسی و سۆسیۆلۆژیدا، لە هەمانکاتیشدا یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەتا کۆتایی ژیانی، پێنووسەکەی لە دژی ستەم و دەسەڵاتی فاشیزمدا بەکاردەهێنا، فرۆم خاوەنی شێوازێکی تایبەتی نووسینە، کە زۆرجار هەوڵ دەدات بە شرۆڤەکردنی پرسە زانستی و دەروونییەکان بە زمانێکی بەرزی ئەدەبیەوە بنووسێت، هەوڵیش دەدات مرۆڤ بە ناخی خۆی بناسێنێت.
لە ماوەی پێشوودا چاوم بە یەکێک لە کتێبە جوانەکانی کەوت کە ئاویش کتێبی « کرێکی مرۆڤ»ە. لایەن نووسەر و وەرگێڕ ئەردەڵان عەبدوڵا بەشێوەیەکی جوان ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی لەپاش خوێندنەوە، پێمخۆشبوو چەند دێڕێکی لەبارەوە بنووسم، تاوەکو بەخوێنەرانی ئاشنا بکەم.
راستە فرۆم خوێندکارێکی فرۆید بووە، بەڵام لە زۆر حاڵەتیشدا جیاوازی بەچوونیان هەبووە ڕەخنەی لە هەندێک تەزی فرۆید گرتووە، یەکێکیش لە جیاوازییەکانی نێوانیان ئەوە بوو، کە ئاریک فرۆم توانی زانستی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی پێکەوە گرێ بدات و بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت، ئەم کتێبەشی یەکێکە لە کتێبە باشکانی و هەوێکی نایابە بۆ ناسینی مرۆڤ وەک ئەوەی کە هەیە.
فرۆم لەم کتێبەدا هەوڵی شرۆڤەکردنی پرسەکانی تووندوتیژیی و جەرگانی دەدات، خۆشەویستیی، مەرگدۆستی و موڵکداریی و کەلتور و نەرجسیزم زۆر بە جوانی شیکردنەوە، دەریشیخستووە کە ئایا کرێکی مرۆڤ شەڕانگێز و گەندەڵە، یان خێر و پاکە. ڕوونیکردنەوە کە سەرپێچیکردنی مرۆڤ مەرجێکە بۆ هۆشیاربوونی و توانای بەیاردانی دەردەخات و باوەڕبوون بە چاکی مرۆڤ، لە ئەنجامی ئەو باوەڕبوونە نوێیە دروست بووە، کە لە ئەنجامی ئەو پشکۆتنە سیاسی و ئابووریە مەزنەی کە لە سەردەمی ڕێنانسانسدا دەستی پێکرد.
هەروەها فرۆم لەم کتێبەدا باسی کەمێک بابەتی گرنگی تری کردووە وەک نیکرۆفیلی –مەرگدۆستی واتای خۆشەویستی بە مەرگ. کۆسایەتی

نیکرەفیلی ئەو کەسانەی کە ئارەزووی هەموو شتێکی مردوو دەکات، وەک لاشەی مردوو و پاشماوەی خواردن، هەروەها نیکرەفیلییەکان زۆر حەز دەکەن قسەوباس دەربارەی نەخۆشیی و کفن و دفن بکەن. زۆرجاریش شەنگەزن و حەزیان بە جەنگ و کوشتن و توندوتیژیی هەیە.
باشترین نمونەش لە کەسانی مەرگدۆست کەسایەتی هیتلەرە، کە بەتەواوەتی سیفاتی نیکرەفیلی بەسەریدا دەسپێت، نووسەر هەوڵیداوە زۆر بەجوانی شرۆڤەی کەسایەتی دەروونی هیتلەر بکات.
بیەفیلی – ژیاندۆستی مەیلی بیەفیلی دژی نیکرەفیلییە، کە جۆهەرەکەی بریتیە لە خۆشەویستی بۆ ژیان کە حاڵەتێکی پۆزەتیڤە، هەموو گیانلەبەر و مرۆڤی، خاوەنی مادەیەکی زیندوون کە مەیلی بۆ تێکەڵاوی یەک بوون هەیە. دەتوانین کەسایەتی بیەفیلی لە ڕەگەی کەمەک سیفاتەوە بناسینەوە، لەوانە حەز دەکات ژیانی خۆش بوێت و هەوڵ دەدات هەموو بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان تاقی بکاتەوە، حەز دەکات ژیانێکی سەرکەشانە بژی نەک ژیانێکی گەرنتی. هەروەها مەیلی ژیاندۆستی لە پشت هەموو شەواز و میتۆدە فەلسەفییەکانەوەیە.
لە بەشێکی تری کتێبەکەدا باسی تەوەرێکی گرنگی تر دەکات کە ئەویش مەسەلەی نەرجسیەتە. ئەریک فرۆم زۆر بە جوانی باسی ئەم نەخۆشییە دەروونییەی کردووە، بەڵای فرۆمەوە نەرجسیەتیش دوو جۆرە « نەرجسیەتی باش، نەرجسیەتی خراپ» . فرۆم پێی وایە نەرجسیەت و مەیل و بەهایەکی پەویستە بە مرۆڤ بە مەبەستی باش بەکار بهێنرێت و سنووری خۆی تێنەپەڕێنێت، بەڵام کاتێک زیاد لە پەویست بوو، ئەوا دەبێتە نەخۆشییەکی دەروونی خراپ، زۆربەی دیکتاتۆرەکانی جیهانیش کەسایەتی نەرجسیەتی خراپیان هەیە.
دیارە جگە لەمانە، کتێبەکە باسی کەمەک بابەتی گرنگی تر دەکات، کە هەموویان بەدەوری مرۆڤدا دەسووڕێنەوە. لە کۆتاییدا، دەستخۆشی لە کاک ئەردەڵان عەبدوڵا دەکەم و هیوای سەرکەوتن و کاری جوانتری بۆ دەخوازین.

گۆنزار حەمە فەرەج

کێ، خاوەنی پەروەردە و فێرکردنە لە هەرێمی کوردستان؟.. ئاری زێندینی

پێسەی (پەروەردەوفێرکردن) پێسەیەکی درێژخایەنە, داینەمۆبناغەی تاك و کۆمەگەوزانست و داهێنانە , داینەمۆبناغەی هۆشیاری کۆمەگەیە بە گشتی. پێسەی (خوێندن و پەروەردەوفێرکردن) ئەرکی حکومەتە لە چوارچێوەی وەزارەتی پەروەردە و دامودەزگا پەروەردەیەکان کە تاك ئاماژەستە دەکات بە گوێرەی ئەو سیستەم فەلسەفە پەروەردەیەی پلانی بۆ دانراوەودایڕشتووە ئامانجیش لێی تاك و کۆمەگە خوێندەوارو پەروەردەکراووزانست و داهێنانیان زۆر بێت هەروەك سێکتەرووەزارەتەکانی (تەندروستی و ڕۆشنبیری) وەزارەتەکانیتری حکومەت سیستەم و بەرنامەی خێی هەیە بۆ باشترکردن و ڕۆشنبیکردن و هۆشیاری تاك و کۆمەکە هیچ کەس و لایەنێك بێی نییە شت بنووسێ و بەرنامەوسیستەم دابڕێژێ خەڵك ڕێنمایی بکات و ئاماژەستە بکات لەدەرەوەی وەزارەتی حکومەت باوەڕێنەکراوە . (پەروەردەوخوێندن) بەتایبەت (وەزارەتی پەروەردە) لە هەموو وڵاتێك و حکومەتێك پشك و بەرپرسیاری گەورەی هەیە لە (ژێرخان و سەرخانی) کۆمەگە تاکو بەشێوەیەکی سەردەمیانەو زانستانەوپەروەردەیانە تاك و کۆمەگە ئاماژەستە بکاتربۆ داهاتوویەکی گەش , پرسەی (پەروەردەوفێرکردن) لە دنیایی ئێستادا ئەرکی حکومەتە بەڵام گەر بۆ مێژوو بگەڕێنەوە ئەرکی تاك و کۆمەڵە کەسان و پێغەمبەران و فەیلەسوفان و بیرمەندان بووە زۆربەی تاك و کۆمەگەکانیش سوودیان لێ بینیووەو ئاماژەستە کراون تا تاك و کۆمەگە تەندروست و هۆشیاربن بن , گەر سەیری کوردستان بکەین لە کۆنەوە خەڵك بە گشتی لە ڕۆی پیاوچاکان و شێخ و مەلاو شاعیروحوجرەی مزگەوتەکان فێری زانست و خوێندەواری و زانیاری بوونە بەڵام لە ئَێستادا دامودەزگایی سەردەمی لە نێو جکومەت کە (وەزارەتی پەروەردەیە) خزمەت بە تاك کۆمەگە دەکات لە ڕووی زانست و پەروەردەوخوێندن. هەر حکومەت و وڵاتێك سیستەمی پەروەردەی تایبەت بە خێی هەیە بەر پرسیاری تاك و کۆمەگەیە لە دەرەوەی ئەم سیستەمە و وەزارەتە پێسەکە

شەواووئامانجی خەی ناپەکە هەرکەسە دەست وەردانە پرۆسەی خوێندن بیروبۆچون و بەرنامەوپرۆگرام دانە سەر لە قوتابی و خوێندکار بشوێنی, پەروەردەوفێرکردن و خوێندن دەبێت قوتابی و خوێندکار بە یەك ئاست پەروەدەکراوخوێندەوارو زانست وەرگر بن ئامانجیش گرینگی دان بە هۆشیاری و خوێندەواری و داهێنانی تاك و کۆمەڵگەیە نەك تەنها بەدەستهێنانی بڕوانامە و دەرچوون ژینگەی تاك و کۆمەڵگەی ئەمە جیاوازە لەگەڵ ژینگەی تاك و کۆمەڵگەیەکیتر, گەر سەیری بواری یان سێکتەری (پەروەردەوفێرکردن) بکەین لە (هەرێمی کوردستان) باروودۆخەکە زیاتر بەلای یان خەمی بڕوانامە و دەرچوونە لایەنە پەروەدەییەکان و زانست و خوێندەواری و داهێنان فەرامۆشکراوە ئەمەش هۆکاری خەی هەیە روون و ئاشکرایە و بۆ سەروبەری هەیە کە دەست دەخەنە ناو پرۆسەی خوێندن و سیستەمی پەروەردە سست و عەیبدارەکەن, (پەروەردەوفێرکردن)بواروسێکتەرێکی هەستیارە لە هەموو کۆمەڵگەیەك و وڵاتێك, هەروەك دەبینین زۆربەی خاوەن بڕوانامە و دەرچووەکان کەم خوێندەوارو کەم زانستن هیچ داهێنانێکی سەردەمیانەونوێیان نیە لە بوارەکەی خەی کە رۆژانە دەبینین و دەبیستین هۆکارەکەشی (وەزارەتی پەروەردە) کەمتەرخەمی و نەبوونی لێپێچینەوە بەرامبەر ئەو کەسانەی لێرەولەوێ دەست دەخەنە ناو پرۆگرامی پەروەردەوخوێندن کە کاریگەری زۆری لە سەرقوتابی و خوێندکار هەیە وەك(دانانی مەلزەمە و مەنهەج کورتکردنەوەوانەی قیدیێی) کە دەبێتە سەر لێشواندنی قوتابی و خوێندکار سیستەمی پەروەردەوخوێندن بەهەند وەرنەگرن کەلەلایەن کەسانی پسپۆروشارەزا دانراوە کە پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە داهاتوو دیاریدەکات . گەر سەیری (وەزارەتی پەروەردە) بکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان نیوەی واتە 50 % زیاتر ئەرکەکەی و بەرنامە وپرۆگرامەکانی فەرامۆشکراوە یان گرنگی پێنەدراوە لە خوێندنگاوقوتابخانەکان لەلایەن قوتابیان و خوێندکاران بەتایبەت لە رووی فێربوون و خوێندەواری وداهێنانی زانستی زیاتر قوتابی وخوێندکاری خاوەن بڕوانامە و دەرچوو ئەم ئەرکە بە ئەرکی (وەزارەتی پەروەردە) نازانێ بە ئەرکێکی تایبەتی خەی دەزانێ چونکە تایبەت فێرکراوە لە قوتابخانە تایبەتیەکان و مامۆستاتایبەتیەکانەوە فێردەکرێن و ئاماستە دەکرێن تەنها بەمەبەستی دەرچوون و بڕوانامە.ئەو قوتابخانە تایبەتیانەو مامۆستا تایبەتیانە و کەسانی سەربەخێ دەست دەخەنە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و قوتابخانەکان وەك (مەنهەج گۆڕین و کتێب پوختکردنەوە و دانانی مەلزەمە و وانەی قیدیێی) کەچی هەندێکیان دەستخۆشیشیان لێدەکرێ و ناوبانگ دەردەکەن لە سۆشیال میدیا و تەلەڤیزیۆنەکان کە کارێکی ناوازەیان کردووە بەڵام

روون و ئاشکرایە دەنیام مەبەستیان بەرژەوەندی مادی تایبەتی خۆیان بیردەکەنەوە نەك پەروەردەوفێرکردنی گشتی و ئاستەقینە ئەمەش پێچەوانەی یاساو سیستەمی پەروەردەو فێرکردنە (هەرکەسەولە ئاوازێك بخوێنێ) لە هەر حکومەت و وڵاتێك دەبێت لێپێچینەوەوبەدواداچوون و چاودێری هەبێت کە بۆ ئەو کەس و کارانە هەبێت کە بە ئاسانی و ئاشکرا بەر دەستی قوتابی و خوێندکار دەکەوێت چونکە بۆ سەروبەری و ناجێگیری و سەقەتی لە سیستەمی پەروەردەوفێرکردن بوونی دەبێت, بۆ نموونە کتێبی مەنهەجی وانەی کوردی پێکهاتووە لە (ڕێزمان و ئەدەب و خوێندنەوە) لەلایەنی چەند کەسانی شارەزاوپسپۆرولایەنی دەروونی و تەمەنی قوتابی و خوێندکار بەرچاو گیراوە کە پێویستە ئەو بابەتانە بخوێندرێ چۆن دەبێت کەسێك ئەم کتێبە دەستکاری بکات کورت و پوختی بکاتەوە تەنها بە مەبەستی نمرەودەرچوون ئەدی (پەروەردەوفێرکردن و خوێندەواری) ئەنجامەکەشی ئەوەیە لەم ڕۆژگارە دەیبینین کە پەروەردەوخوێندەواری ئاستی دابەزیوە پاش تەواوکردنی پەیمانگاوکۆلیژ (زمانی دایك) بەباشی شارەزا نییە ! هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی سفرە و خۆشەویستی بۆ خاك و وڵات نییە ! چونکە ئەرکی پەروەردەوفێرکردن وەك وەزارەتی پەروەردە تاك و کۆمەڵگەیەکی تەندروست و هۆشیار بەرهەم بێنێت ئەمەش بەرنامە و سیستەمی زۆربەی حکومەتی وڵاتانە لە جیهان چونکە لە دواجار هەر (قوتابی و خوێندکار) خاوەن و ڕۆلەی ئەو کۆمەڵگەوخاك و نیشتمانەن .

ژنان لە ڕووی دواڕۆژی خۆیان بنیات دەنێنەوە.. نووسینی، مارگرێتا ئەرینس.. وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە، کۆژاڵ

حەمەشید

٤ ساڵ بەسەر ئازادکردنی ڕەقەدا لە دەستی داعش تێپەڕیون، ژنان هێشتا پشنگ دەبینن لە دامەزراندنەوەی شارەکانی سوریا. چالاکیەکانیان نیشانی ئەدات کە فیمنزمی سۆشیالیستی تەنها یەکسانی جێندەری نیە لە پێگۆ فەرمیەکاندا، بەڵکو بریتیە لە خاوەنداریکردنی ژنان لە ژیانی خۆیان.

کەس لەوباوەڕدا نەبوو لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕەقە جارێکیتر بتوانیت خۆی دامەزرێنێتەوە و خەڵکەکەی بگەڕێتەوە بۆی بۆ خرایە. پشتر لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا هێزەکانی سوریای دیمۆکراتی چوونە ناو ڕەقەوە و ئازادبوونی شارەکەیان ڕاگەیاند لە جیهادیەکان. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئازادکردنی ڕەقە قوربانی زۆری وویستبوو. ٨٠٪ی باڵەخانەو خانوبەرەکان ویران ببون، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆمبارانیان کردبوو بۆ ماوەی ٤ مانگ، لەکاتێکدا داعشەکان هەزاران تەقەو بۆمبی چێنراویان لە بیناکاندا بەجێهێشتبوو بۆ هەرکەسێک جورئەت بکات بچێتە ناوەوە.

سیمای جەنگ بەهەموو جگایەکی شارەکەوە دیارو زەرەک لە دانیشتوان نیان دەورا باسی ئەوە بکەن کە پیا تێپەیوون لەژێردەستی داعشدا، بەام لە جەرگەی ویرانکاری و ئازارەکانی داعشدا، هیوایەکی نوێ دەگەشایەوە لە ڕەقەدا.

دووهەم گەورەترین شار لە سوچێکی ووڵاتەکەدا ئێستا خەی بەڵەوەدەبات وەک بەشێک لە بڕوەبڕی خەسڕی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، هەروەها گەڵانکاریەکی بنەڕەتی وەک بەشێک لە بووژانەوەی بنەماکانی ئازادی دیموکراتی، ئەو ڕاستیە کە ئێستا ژنان دیگەن لە سیاستدا.

فلیمی دکیومێنتاری "گەشانەوە لە بیابانداا" جیرکی ژنانی عەرەب زمانێ لە گەڵانی ڕەقەکی نوێ لە کەمپگەدا. وڵانانی تراسیەنکان و ڕەگریێ نەریتیەکان و هەروەها دامەزراندنی ئایندیەکی نوێ بە شارەکەیان.

" هەرگیز لەوباوەڕدا نەبووم کە بەشداری لە بڕیوبڕایەتیەکی ژناندا بکەم، یان لە بڕیوبڕایەتیەک یان لە پێگەیەکی سیاسیدا کاربکەم، یان لەهەر بوارێکی تردا بەجگە لەوەی کە ژنی ماڵ بم. زۆر ڕاستگەبم ئەمە وەک خەونیک وایە کە ناتوانم باوەڕبکەم" مریەم ئیبراهیمی ٦٥ ساڵ دیووت. یەکێک لە سێ ژنە دەرهێنەرەکان، بینیتا ئارجێنتیری سەرپەرشتی دەرهێنانی فلیمەکەی دەکرد تا جێنیوەری ٢٠٢٠.

ژن بوون لە ڕەقە

مریەم لەسەرخۆ قسە دەکات، چاوی بەیوتە کامیراکە، هەستەکی بەسەز هەیە لەتەواوی چاوپیکەوتنەکەیا، هەرچەندە گفتوگۆیەکی نهێنی بوو، بەڵام بە هاتنەژوورەوەی کەسێک لە دەرگاکەوە ڕاگیرا، لەپڕێکدا گۆڕانی دەنگی سەرنجی ڕاکێشاین بۆ ووداوەکان، بەبۆ ئەوەی پەیوەست بە بینینی دیمەنەکان بکات، ئەو بە ووشە بەهێزەکانی نیشانی ئەداین.
مریەم لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا ژیانی کرد، یان باشتر تەحەمولی کرد لە ڕەقە، تاریکترین کاتەکانی بوو لەهەموو ژیانیدا کە بەیری بێت. "ژنان لە ڕەقە خەیان ئاسایی دەچەوسێنەوە لەژێر کەیلەیەتی خەزانی و، داب ونەریتی دواکەوتوو و کەلتوری پیاوسالاریدا، بەڵام کە داعش شارەکەی داگیرکرد، ئیتر ژنان تەنانەت سەرەتاییترین مافی مرۆڤایەتیان لە زەوت کرابوو"...مریەم دەیگێڕایەوە. لەڕاستیدا پێش داعشیش ژیانی بەعس ژنانی بەبێش کردبوو لە ژیانی کەمەڵایەتی و گشتی. لە دەسەڵاتی خەلافەتدا بارودۆخی چەوسانەوە زۆر خراپتر ببو بەشێوەیەک ژنان تەنها کاتێک دەیانتوای بچنە دەرەوە کە بە بوراق ڕووخسارو دەستیشیان داپۆشرابێت.
ئەو کارەساتەی کە ئەوی ئەوەندەی تر ترساند بوو داگیرکردنی شەنگال لە باکوری عێراق و جینۆسایدی یەزیدیەکان بوو لە ٢٠١٤دا. مریەم بەیاریدا کە ئەو یاسایانە بشکێنێت و منداڵکانی ببات بە قەراخ ڕووباری فورات بە سێبرانێک، بە ئەمە خەی خستەبەر مەترسی جددان. کاتێک کە بینی ئەتەمبێلێکی داعش وەستاوە لای خاڵی پشکنینی پردەکەی سەر ڕووبارەکە، ژنێک لەناکاو ڕایکرد لە دەستیان و بازیدا بەسەر هەڵدێر ئاسنینەکەدا و خەی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە، مریەم شک بوو خۆرا هەوڵی دامرکاندنەوەی هاواروقیژەی منداڵکانیدا تا پێیان نەزانن و نەگیرێن، لەوکاتەدا داعشەکان ژنێکی تریان ڕاپێچ کردە ناو سەیارەکەیان پێش ئەوەی ئەویش خەی بکوژێت. مریەم دواتر بەی دەرکەوت کە ئەو دوو ژنە لەو هەزاران ژنە یەزیدیانە بوون کە داعش لە ڕەقە لە بازاری کەیلەی سێکسدا کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردون.
لەژیر دەسەڵاتی دەندەی دەوڵەتی ئیسلامیدا مریەم هیچ چانسێکی تری نەبوو بجگە لەوەی کە ڕەقە بجێ بهێڵێت لە هاوینی٢٠١٧دا. ئەو ڕێشت بە شاری عەین عیسای ئەو نزیکانە، لەو شوێنە کە پێوەست بوو بە بزووتنەوەی ئەتەنەمی خەسڕی بکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا. ئەم سیستەمە دیموکراتیە لەخوارەوە بە سەرەوەیەی کە ئێستا ١/٣ی سوریا بەڕێوە دەبات دوای ئەوەی یەکەم جار لە ٢٠١٢دا لە ڕۆژئاڤا دامەزرا کە دەرئەنجامی تێکۆشانی ئازادی کوردان بوو. ئەو سیستەمی

کۆنفیدراڵی دیمۆکراتیە کە پایەکەی دەوڵەت-نەتەوە نیە، بەڵکو پایەکەی سەربەخۆیی و پێکەوەژیانی هەموو کۆمەڵگاکان، پایەکەی پارێزگاریکردنە لە هەمەجۆری، ژینگەپارێزی و ئازادی ژنان.
مریەم خەی چالاکی بەرەدەخست لەو بزووتنەوەیەدا، وەک کاتێک هێزەکانی سوریای دیموکراتی دژەقڵیان ئازاد کرد ئەو گەلایەوە تا لەو بەردەوام بیت لە تێکۆشان. دەستی کرد بە ڕێکخستنی لێکاڵی ژنان لە سەرتادا، دواتر لەگەڵ سەرهەڵدان و دامەزراندنی بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداری فراوانکردنەوە بە ناوچەکانی تری دەوروبەری.
ئەوکاتەی ئەمە ئەومان ناسی، مریەم سی ساڵ بوو لە بەرەوبەرایەتی ژنانی ڕۆژهەڵات کاری دەکرد، بەڵام خەباتی ئەو بۆ ئازادی ژنان لە سنووری ڕۆژهەڵاتی دەرچووبوو. لە دێکیومێنتەریکدا گوزەرمان کردوە بەسەر ژیانیدا لە نزیکەوە لە ئۆفیسکەیەوە تا ماڵەکەی لەوە دەبینین کە باهاکانی یەکسانی و دادپەروەری لەگەڵ مناڵەکانی بەش دەکات، کاتێک نانی ئێوارەی ئامادەدەکرد پێی دەووتین "ئەوان لەوانەیە منداڵ بن، بەڵام چاودێری ڕۆشنبیرییەکی و سیاسیکانیش دەکەن"، ئەمانبینی یارمەتی ئەدان لە ئەرکەکانی قوتابخانەیان، ئەیووت ئەوانیش یارمەتی من ئەدەن لە کارەکانی ناوماڵدا.
لەگەڵ بەرەوبەرایەتی ژنانەدا لە ڕۆژهەڵات چەندین دامەزراوەی نوێی تریش هەن لە نیو شارەوانیدا بۆ چاودێری کردن و دڵنیابوون لە یەکسانی نیوان ژن و پیاو لە بەرەوبەرایەتیەکاندا، لە هامان کاتیشدا بڕۆیان ئەدا بۆ ئاوەژووکردنی فراوانتری کۆمەڵایەتی. شارەوانێتی شارەکان چەندین پرۆژەی کۆمەڵایەتیان بەڕێخستبوو، بۆ نموونە پرۆژەی پشتیوانی کۆمەڵگاکان بۆ پشتیوانی خیزانە هەژارەکان. عەواتف عیسا کە بەرپرسیارە لە کاری ژنان لە شارەوانێتی ڕۆژهەڵات ئامانج "کۆمکردنەوەی نەخشیە کۆمەڵایەتیەکانە کە بەهەی هەژاریەوە دەردەکەون" عەواتفیش هەر وەکو مریەم ناچاربوە لە شارەکەی خەی هەبەت و هەرچی هەیە بۆچی بەهەبەت کاتێک داعش ڕۆژهەڵاتی داگیرکردبوو. ئەوتا ئەو ئێستا گەڕاوەتەوە نێک هەر ڕۆژهەڵاتی سەرکی لە شارەوانیتی شارەکەدا وەرگرتوە، بەڵکو سەرکی خەزانکەیشتی.
بینینی ژنان خەی کاریگەریکی شۆشگێڕانەی لەسەر مێنتاڵیتی کۆمەڵگا هەبوو لەگەڵ دەنگدانەوەی فیمینیزم لە شارەکانەوە هەتا دێگات بە شارچکەکانی دەرەوە. هەرچەندە ئازادی ژنان تەنها بریتی نیە لە وەرگرتنی پێگە بەرزەکان، بەڵکو بریتیە لە بەکارهێنانی ئەو هێزە بە ڕێکخستنی خەڵکی تر. "لە کاتی ئازاد بوونەوە یەکەم شت خەمان ڕێکخست، بەڵام ئێستا ژنانی تری شارەکە و دەرەوەی ڕۆژهەڵات

ڕکدەخەین". ئەوان نیشانیان ئەداین کە کارکردن بە بەدەستهێنانی مافاکانی ژنان ئازادی ژنان تەنانەت لە ژێر چەوسێنەرترین دەسەڵاتدا مەحاڵ نیە، ئەوە تەنها بە هاوکاری ژنانی تر بەدەست دێت.

لەودیوی "گۆشانەوە لە بیاباندا"

لە میانەی دەکیومێنتاریەکەدا چاودێری کاری ڕۆژانەی ژنەکان دەکەین، ئەیانبینین پەیوەندی دەکەن بە کۆسایەتی دامەزراوەکانەوە، دەرگا بەدەرگا دەڕۆن ئاگایی و زانیاری لەسەر کارەکانیان بەاودەکەنەوە، لەهەمان کاتدا یارمەتیان پێسکێش دەکەن و پەیوەندی دەکەن بە خەڵکی جەراوجەڕەوە لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا.

نزیکایەتیەکی باش لەگەڵ پاڵەوانە ژنەکانی فلیمەکە بەدەست هات، هەروەها لەگەڵ گروپێک کە هەمووی ژنان بوون، هەرچەندە فرەتی ژنان لە بەرهەمی سینەمایێدا بە هەواشی گۆشە دەکات. زەربەی کارە تەکنیکی و ڕێکخستن و دەرهێنان پیاوان دەستیان بەسەردا گرتوە بەتایبەتی لە بەرەکانی جەنگدا. ئەو گروپی ژنانە ڕۆگەیان پێدرابوو بە هەندە شۆڕن بچن کە پایاوانی لە نەبوو، لەوێدا بوار هەبوو بە بینەران کە نمایشی پەیوەندی سەزداری ژنەکان ببینرێت لە فلمەکاندا. یەکێک لە ئەندامانی فلیمەکە ووتی "ئەمە فرەتی زەریدا بە پاڵەوانەکانمان، وە ئەمەش پەیوەندیەکی باشمان دروست کرد لەگەڵیان کە ئەگەر وانەبوایە ئەو کارە مەحاڵ بوو". "گۆشانەوە لە بیاباندا" فلیمێکی دەکیومینتەریە لەلایەن ژنەوە لەگەڵ ژناندا بەرهەم هاتوە.

بەرهەم هێنانی ئەو فلیمە لە ڕاقەی سەرکەشیەکی گەورەبوو بە تیمی فلیمەکە، بەزەری بەهەی باری ئەمنیەوە. داعش هێشتا چالاک بوو لە ناوچەکەدا، بە چەندین شانەی نووستو و هەرشبەرە خەکوژەکانیانەوە، بیانیەکانیش هەمیشە بەئامانج دەگیران. ئەمە وای کردبوو کاتێک کە لەدەرەوە یەکەردمان دەکرد تیمەکە هەرگیز نەیدەتوانی لە ٣٠ خولەک زیاتر لەهەمان جێگا بێت. ئەمنیەتمان لەلایەن بزووتنەوەی ژنانەوە دابین کرابوو کە بەردەوام بەرایەتی خەسریش یارمەتی لەجستی بە دابین کردبوون.

بەردەوام بەرایەتی خەسری هەمیشە بەهاستی نموونەیەکی دانسقە بوو لە خەبەیوبەری کۆمەڵگەو شۆشی ژناندا، هەرچەندە ئەو گرنگە کە عاتفیانە سیریان نەکەین وەک ئەوەی کە میدیاکانی ڕۆئاوا دەیکەن. ئەوانەی کە خەیان تەرخانکردبوو لەو لەهەموو کەس باشتر دەیانزنی کە ئەو کارانە چەند سەختە، تەنانەت دوای ڕزگار بوون لە داعشیش بە

زاڵبووون بەسەر دەستەاتی هەرەمیدا لە چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا.
"گۆشانەوە لە بیابانداا" لایەنکی تری شۆشی ڕۆژئاڤا نیشان ئەدات، خەباتکی بەدەنگی ژنانی ڕەقە پیشان دەدات، کە هەرگیز بیریان لەوە نەکردبوو کە بچنە ناو مەیدانی گشتیەوە، بەڵام ئێستا جێگایەکیان بەخەیان گرتووو شارەکەیان دادەمەزرێننەوە. ئەو دامەزراوانەی کە بەشداریان لە فلیمەکەدا دەکرد هەمیشە ئامادە بوون کە کۆشە ناوخەیی و کۆمەڵایەتیەکانیان لە ناو شارەکەو هەرەمەکەدا بەکراوەیی باس بکەن. ئەوان دەزانن کە ئەوە کاتی ئەوەتە، ماندووبوون و کاری زۆرو هەوە و ئەزموونی دەویت تا مەنتاڵەتی کۆمەڵگا بگۆڕن، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نەیاندەویست دەستبەردار ببن.
دەستکەوتە سیاسیەکان لە ڕەقە بەبێ خەبات و هەوڵی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ڕەقە مەحال بوو کە ریشەکەی لە ڕۆژئاڤا بوو. بە گۆشە پێدانی ژنەلۆجی-زانستی ژن زۆرباش بەکاردەهێنن لەودیو لیبراڵیزمی فیمینزمەوە، ئەوان ئازادی ڕاستەقینەی ژنان بەدەست دەهێنن کە سەرچاوەی گرتوە لە کۆنفیدراڵیزمی دیمکراتی کە پێشنیار کراوە لەلایەن ڕەبەری زیندانیکراوی کوردە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە.
لە پشت سیستمی هاوسەرەکایەتیەوە کە نوێنەرایەتیەکی یەکسانی جێندەری دەستەبەر دەکات لە بوارە سیاسیەکەکان، بەرگری سەربازی، سیستمی هاوکاری دارایی. ئەم سیستمە نیشانی داوە کە شۆڕشێکی نوێ لە بەرەوپێشبردن و ڕەخنەگرتنی خەڵک و کۆمەڵگایی بوون حەتمیە. دەنگدانەوەی ئەم شۆڕە ڕەخنەگرتنەی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکانی دەوروبەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینەی دەهێنا. بەم مانایە "گۆشانەوە لە بیابانداا" لەسەر بنەمای پەیامێک کە "بنیدیتا ئارجەنتینا" لە فلیمە دۆکیومینتاریەکی پێشووتری "من شۆشم" کە لە ٢٠١٨دا نمایشی کردوە. ئەوەمان بیردێنێتەوە کە شۆشی ژنانی ڕەقە کاتێک سەرکەوتوو دەبیت کە هەموو ژنانی عەرەب زمان لێک بگرێت، پێکهاتبێت لە بازنەیەکی پایەدار لە دەوری هەرەمەکە.

نووسینی، مارگەریتا ئەرینس
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە، کۆژاڵ حەمەشید
٣٠/٥/٢٠٢١ لە گۆڤاری "جاکۆبن" بڵاوکراوەی سۆشیالیستەکانی ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە

سەرچاوە:
https://jacobinmag.com/2021/05/raqqa-women-blooming-in-the-des

ert-
film/?fbclid=IwAR2zs6DLnByTdh8jt3ibSB6oFSOBn5_Jcgv97lRLYHIH42V
YhaW2NRso_JI

سۆسیالیزاسیونی منداڵ تا پێش قۆناغی هەرزەکاری.. کاوە جەلال

پێشگۆتن

ئەم توێژینەوەیەی سۆسیالیزاسیۆن تەرخانکراوە بە قۆناغێکی پێگەیشتنی مرۆڤ کە قۆناغی منداڵییە لە زایینەوە تا پێش هەرزەکاری. توێژینەوەکە خەریکبوونە لەتەک پرسەی سۆسیالیزەکردنی مرۆڤدا وەک بوونەوەرێکی گەردوونی، کە دەبێت لەنێو کۆمەڵدا بژی، کە پێدەگەیەنرێت و ئاویش دەبێت کەسێتیی خۆی پێبگەیەنێت.
بەگومان ئاشکرایە توێژینەوەی سۆسیالیزاسیۆن بەرهەمێکی خەرئاوایە، لەرشدا دەشێت کار بە دەستکەوتە هەمەلایەنییەکانی توێژینەوەی سۆسیالیزاسیۆن بکرێت، یان فاکتەرە گرنگەکانی سۆسیالیزاسیۆن لەبتوێژرێنەوە کە زۆر جار هەر یەکەیان بە خۆی بنەمای مێتۆدێکی پسیکۆلۆژییە، لە ئەمە واتایەکی ئاوتە ناگەیەنێت کە یەکێک لەو مێتۆدانە کراوە بە بەگژبینی هزریانەی توێژینەوەکە. بە نموونە ئەمە پابەند بە سۆسیالیزەکردنی منداڵەوە ناچارین جەخت لە پرسیاری فڕبووون بکەین بەبێ ئاوەی بەند بین بە تیۆریی فڕبووونەوە (پاڤلۆڤ)، یان پشتبەستە شکۆفە و وەرگێڕینی کەمالیەتییانەی ڕەفتار ئاشکرا بکەین، لە مەرج نییە لەرەدا ڕەفتارگەری (واتا بەهاڤیۆریزم کە دەمکە شکستی هێناوە) وەربگرین، هاوکات پشتبەستە بووبکەینە پرسیاری ئاوەابوونی هزرین و زمان لای منداڵ، لە ئەمە وەرگرتنی مێتۆدی مەئریفە (cognition) نییە. نەخێر مێتۆدی ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەیی ڕەخنەییە و مرۆڤ دیالەکتیکییانە لە پەیوەندیدا وەردەگرێت، واتا وەک پابەند بە ژینجیهانێکی تایبەتییەوە کە مارک بە کەسێتی و ڕەفتاری ئەو دەدات، لە ئاویش لە لایەنی خۆیەوە بە کردار و ڕەفتار و شێوازی هزرینی کاریگەری لەسەر ئەو ژینگەیە دەنوێنێتەوە کە ئەو تێیدا دەبزوێت.

١- تێگەی سۆسیالیزاسیۆن

ئایا لە چ روانگەیەکەوە دەتوانین پرسی سۆسیالیزاسیۆن بگونجاوی هەبنکەینەوە؟ ئایا پێکهاتەی سروشتیی مرۆڤ پاڵهەڵزە بە ئەوە کە تاکەکەس خۆی بە ژینگەکەی بگونجێنێت، وەک چۆن ئالپۆرت بگوترێ ‘تیۆریی پێکهاتەی ناخەکی (Dispositionstheorie)جەختی لەدەکات (1)، یان سۆسیالیزاسیۆن بەشێکی کەمکەرەوە وەک پرسیارێکی نرماتیڤ (پێوارێیی) شیاوی هەونکردنەوەیە، وەک دورکهایم دەیبینێت؟ بە دیدی دورکهایم گرێکە لە سۆسیالیزاسیۆندا “کرێکێکی دی بە بوونەوەری منگرا و ناسۆسیالی ساوا بدرێت، کرێکێک کە بتوانێت ژیانێکی سۆسیال و ئاکاریی بەهێوبکرێت”(2).
گرچی مرۆڤ بوونەوەرێکە لە سروشتییەوە دەتوانێت خۆی بە ژینگەکەی بگونجێنێت، لە یەکلایەنی دەبێت گرێ تنیا لە پێکهاتەی سروشتیی مرۆڤەوە لە پرسی سۆسیالیزاسیۆن بەوانین، هاوکات یەکلایەنی دەبێت گرێ وای بە بچیێن کە سۆسیالیزاسیۆن لە لایەنکەوە کە کەمکەرەیە، ئاڕاستەی مرۆڤ دەکرێت و لەڕشدا وەک بابەتێکی ناچالاک (پاسیڤ) یان وەک دەستوێژ بە گونجاندن دایدەنێت. بە پێچەوانەوە سۆسیالیزاسیۆن هەوە دەکاتە مرۆڤ وەک کەسێکی چالاک کە خۆی لە نەوچالاکیدا (Interaktion) دەبینێتەوە. ئەمە لە هەوێکیی سنووردارەوە بەکەمایەتیکردن، لە سۆسیالیزاسیۆن زۆرتر لەمە و بەتایبەتی بریتییە لە ‘بەکۆسکردن’ (Personalization)، لەڕشدا ‘کەس’ واژەیەکە بە “هەهێندی هەشکیی مرۆڤ و توانستی ئەو بە لەڕبوون (الوجود)”(3). سۆسیالیزاسیۆن وەک بەکۆسکردن بریتییە لە “پرسەی گەیانی تاکەکەس بە ئاڕاستەی ئەتۆنەمی و سەربەخۆیی (…). تاکەکەس دەتوانێت بەشێکی خۆریکبوونی چالاکەوە لەتەک نەرم و بەها و هەوەستی کەمکەرەیەک و کولتوورەکەیدا پتر گشە بکات و ئەرکەکانی هاوتاییەکی بەتوانا وەربگرێت”(4). ئەمە لەڕدا بەندین بە پرسەیەکی سەرجەمییەوە کە لە هەوتیدا تاکەکەسەک، بەشێکی مامەڵەی چالاک یان ناچالاکەوە لەتەک کەسانی دیکەدا، دەگات بە شەوازکانی هەفتاری سۆسیال و فەرمە کولتووریەکان، ئەم شەوازانەش پاشان تایبەتمەندیەکی کەسیی وەردەگرن. بەمەدا دەردەکەوێت کە بۆچی لەنەوان کەسانی کەمکەرەیەکی تایبەتیدا، سەرباری کاریگەریی پرسەی سۆسیالیزاسیۆن، جیاوازیی درشت هەیە.
لە هەڵە دەبێت گرێ باوەڕ بکەین، کە سۆسیالیزاسیۆن تنیا بەکۆسکردنی منداڵە. لە بنەڕەتدا نەک تنیا منداڵ، بەڵکو کەسی کامڵیش بەدرێژایی ژیانی لەنەو پرسەی سۆسیالیزاسیۆندایە، ئەمەش وەک خۆریکبوون و ناکەکی یان خۆگونجان بە ژینگەی کەمایەتی و

دراوە کولتووریيەکان. نەک تەنیا منداڵ، بەڵکو کەسانی کامەیش لە هەڵوێستەکانی جار "چاو لە کەسانی دیکە دەکەن"، هەندێک جار هەڵوێستەکانی جارچاوکراو داستوخە دەکەن بە نموونەی کرداری خەیی، یان هەندێک جاری دی درەنگتر لاسایی دەکەنەوە، چونکە "من"-ی مرۆڤ چەقی پەیوەندییەکانی خۆی لە "ئەوانیدی"دا دیاری دەکات: "هەڵوێستی، هەزرینی، پلاندانان و کرداری، هەمیشە هەوو ئەوانیدی ئاماژەی دەدرێن، جا گەر تەنانەت ئەوانیدی لە کەتواری دەرەکیی ئەودا " ئامادە نەبن (5).

ئەم پەیوەستە هاوکات جیاوازی بکەین لە نێوان تێگەی سۆسیالیزاسیۆن و پەروەردەدا. سۆسیالیزاسیۆن پرۆسەیەکە کە لە هەوتیەدا ئەرگانیزمەکی مرۆڤیی بە پێکهاتەیەکی بیلاژیەوە گەشە دەکات بە کەسێتیەکی بەتوانا بە کردار، لە پەروەردە تێگەیەکە "لاژەر سەرتێگەی سۆسیالیزاسیۆندا"، یان "واژەیەکە بە هەموو ئەو کردار و ئیجرایانەی مرۆڤان کە دانوسنرۆن بە ئەوەی کار بکەنە سەر گەشەی کەسێتیی مرۆڤ و پشتگیریی ئەو گەشەیە بکەن بەگوێرەی پێوەری تایبەتی بەهایی"(6).

۲- شکۆفەی کەسێتی لە نێوچالاکیدا (Interaction)

سۆسیالیزەکردنی منداڵ لە کاتی زایینەوە لەنەو خێزاندا سەرچاوە دەگرێت و لە فەرگە درێژەی پێدەدرێت. لەم هەوتەدا منداڵ بەهۆی نێوچالاکییەوە فێردەبێت خۆی بە داواکاری و چاوەڕوانیی ئەو گرووپانە بگونجێنێت کە ئەو لەنەویاندایە.

۲-۱- سۆسیالیزاسیۆنی خێزانی پێش فەرگە

۲-۱-۱- منداڵ لە باوەشی خێزاندا

منداڵ لە یەکەم ساتی هاتنیەوە بە نەو جیهان بەندە بە ئەوانیدیەوە و بەبێ لالەکرنەوە و ئاگاداریی ئەوان ناتوانێت خۆی بژێنێت، بەیە چەقی گەڕانی کەسێتیی منداڵ هەمیشە لەو جەڕەی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندایە کە سەرەتا لەنەو خێزانی ناوکیدا (core family) دەتە گەڕە. لەردا جیهانبینیی دایک و باوک، واتا شێوازی بیرکردنەوە و تەوانینیان بە جیهان، رەهی گرنگ لەوەدا دەگەڕێت کە چۆن منداڵەکەیان ئامادە دەکرێت بە بوون بە ئەندامەکی چالاکی کەمەڵە، ئەمەش شەقە بە شێوازە تایبەتیەکانی هەڵوەشاندنەوەی منداڵ دەدات پێش ئەوەی فەری رەڵە و نەرمی کەمەڵایەتی بووبێت. لە بنەڕەتدا شێوازەکانی سۆسیالیزاسیۆن بەزەریی سەرەنجامی ئەم جیهانبینیەن:

خەزان، جا دەمێنێت یان هەژار، شاریی بێت یان گوندی یان هەڤتارلادێیی، بە شێوازی بیرکردنەوەی کاریگەرییەک لەسەر جۆری چێبوونی ئەو تاکە دانوستانەت کە لە ئایندەدا وەک کردارنوێنکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. بە نموونە لە خەزانکی ئێتریتری باوکسالاریدا پتر هەڵچاوی 'بەخۆوکردن' یان 'خۆشکردن' دەکرێت و هەوە دەدرێت منداڵ لانەو ئەو نەریت و هۆشتانەدا ببەسترێتەوە کە باوک و دایک، بگومان بەزەری باوک، وەک هەقیقەتی ئەزەلی و نەشیاوی خەڵڵادان سەیری دەکەن. پگەیشتنی کەسێتیی منداڵ لە خەزانکی بەم شێوەیەدا تەواو جیاوازە لە شێوەی پگەیاندنی منداڵ لە خەزانکی کراوەی ئا-جیاوازدا کە تێیدا دەرفەت هەخساوە بە ئەوەی پکەڤا گفتوگۆ یان تەنانەت دانوستاندن لەسەر ئا جیاوازەکانی یەکدی بکەن.

بێتوانایی مرۆڤی منداڵ کەماسکی مرۆڤییە کە بەهێوە فەربوون واتایەکی کرۆکی وەردەگرێت، ئەمەش لە یەکەم هەژی هاتنیەوە بە نەو جیهان، لە یەکەم گرتنی گەی مەمکی دایکییەوە بە لەوکانی، کەواتە لەو کاتانەوە کە منداڵ هەشتا فەرنەبووە تەوانین لەسەر شتەکانی ژینگە چێبکات. لەرەشدا "فەربوون بگشتی لەسەر هەوتەکی ئەرگانی هوودەدات، ئەویش کاتێک منداڵ گرنگیدانەکانی خەی بە شێوەیەکی سپێنتان (عفوی) ئاستەی ئەو جیانە دەکات کە ئەو لێیان جێش و شیمانەکانی جووڵە بە خاتری ئەو گەانە هەشکی و جێستەیانە بەدیدەکات کە لە پگەیشتندان"(7). کەواتە لە یەکەم رەژی هاتنی منداڵەوە بە نەو جیهان شێوەیەکی لەکخشان لە نەوان ئەوی کەرپە و ژینگەدا (سەرەتا خەزان وەک ئاسپەرراوی رەکخراوی کۆمەڵایەتی و پاشان دامەزراوی دیکەی وەک باخچەی منداڵان و فەرگە و هتد) دەتە ئاراوە و نیشانەیە بە ئەوە کە منداڵ تەنیا لانەو کۆمەڵ و کولتوورەکی تایبەتیدا شیمانەی ئاوەڵابوونی هەیە. "کاریگەریی ئەوانیدی لەسەر هەفتاری تاک بەوەدا دەردەکەوێت کە زەرینەی هەمەک و پێداویستییە مرۆڤییەکان تەنیا لانەو چەوێکی سەسیالدا شیاوی بەدیهێنانن. بەتایبەتی لە منداڵیدا کە بەها بناغەییە کولتووریەکان سەسیالیزە دەکرێن، تاک بەندە بە لالەکردنەوەی کەسانی دیکەوە و ناتوانێت بەبێ ئەوان پێداویستیەکانی خەی ساتار بکات، ئەمەش تەنیا وەرگرتنی خەراک و پاراستن لە سەرما ناگرێتەوە، بەڵکو هەروەها هەمنکردنەوەی منداڵ بەهەی پێوەندییەوە. لەبەرئەوەی ئەم پێداویستیانە بەهەی پێوەندیی نەویەکییەوە ساتار دەکرێن، ئەوا لە هەوەکانی سەسیالیزاسیەندا دەبن بە بناغەی یەکەم ئەزموونەکانی منداڵ. لەم هەوەڵ دامەزراوەییە بنەماییەوە، هەروەها لە هەوەکانی خەزانی ناوکییەوە کە بەهەیانەوە مەرجی جیاواز بە

دابینکردنی پەداویستییەکانی ژیان بەردەکرێن، تایبەتمەندیەکانی هەڤتاری کۆمەڵگەیەک سەرهەڵدەدن و زەمینەی هەڤتارکانی تاکەکەسان و پێوەندیە نوکەسییەکان پێکدهێنن"(8).
لانو چوەی سیاسیاندا پەداویستیە خیێە بناغەییەکان، بە تایبەتی هەمەکەکان (برسێتی، سەکسوالێتی، نووستن)، هەروەها پاهێزە (دافع) ناخکییەکان (واتا هەوەدان بە ناساندن لایەن ئوانیدیەوە، لالەکردنەوە)، لە هەوتی وەرگرتنی توخمە سیسیەکولتووریەکاندا (زمان، نەرم) بە شێوەیەکی ئوتۆ کاریان تێدەکرێت کە ئیدی لە سەرنجامدا کەسێتییەکی سیسیەکولتووری وەک سەرنجامی کاریگەرییە نوێکییەکانی تاک و ژینگەی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە.
لە دەبەت پێوەست بە کەشەی کاریگەرییەوە دوو ئاڕاستە دیاری بکەین: لە لایەک گەشەیان بەدگەشەی منداڵان دەگۆڕێتەوە بە رێەی دایک و باوک، هەروەها بە پەروەردەکاران (بە نموونە فێرکاران)، لە لایەکی دی، وەک ئاڕاستەی دووەم، "منداڵانیش کاریگەری لەسەر دایک و باوک و پەروەردەکاران" و لێرەشەوە "لەسەر سەرجەم گۆڕانی کولتووری" دەنوێنن (9). توێژینەوەکان لە بواری (child effect)دا ئاشکرای دەکەن کە کاریگەریی منداڵ لەسەر دایک و باوک و کەشەی خۆگونجاندن لەگاتی "دووگیانییەوە" سەرتا دەگرێت و منداڵان "تا تەمەنی پێگەیشتوویی ێیزەک ئێرکی گەشەیی دەخێنە بەردەم دایک و باوکیان: زایین، مشووری خەراک و سەرپەرشتیی مەڵەتکە، ناونووسکردنی منداڵ لە فێرگە، هەڵبژاردنی پیشە" و هتد. ئەم جۆرە ئێرکانە بریتین لە "پێوەندەوەی کەشەیی بە دایک و باوک، کە لەتەک خێزانەدا دەخگۆڕێی ئاشکرا لە هەوتی ژیانی ڕۆژانە و پیشە و هاوسەرگیتیدا دەهێنن"؛ ئەو شتانە کە واتای کرکیان بە ئەوان هەیە، هەروەها بەرپرسیارییەکان، ئەوجا دەخی ناخکییان و ئەو شتانەی ئەوان لە ژیانیاندا گرنگییان پێدەدەن، لە هەوتی کەشکانی گەشەی منداڵەوە کرکیانە کاریان تێدەکرێت(10). منداڵان لە هەموو قۆناغێکی تەمەندا دایک و باوکیان بەرەنگاری روانگە و نرخاندنی "لەچکەلادەر" دەکەنەوە(11). لە منداڵان هەروەها زەر جار لە هەوتی فەربوونی فێرگەییدا، هەروەها لە هەوتی ئەزموونیاندا کە بەهای پێوەندییەوە لەتەک منداڵانی دیکەدا دێکەن، زانینی نوێ بە دایک و باوکیان دەگەیەنن، لێرەشەوە زەر جار تەوانین و هەوەستی ژیانیان دەگۆڕن.

۲-۱-۲- سیاسیالیزاسیۆنی تایبەت بە هەگبەکان

سەرچاوەیەکی بەرپرسیار لە (…) نموونەیەک بە ناوی پیشەیی و هتد. لە بەرهەمی فەرهەنگی نەرم و بەهایەکانیش "کە چاوەڕوانین و کۆمەڵایەتییانە پەسەندکراون، دەربڕن بە هەڵگرانی ئەو کەسانەی کە ئەوانیش وەک فرمان دەگەیەنن تاکو بەو چاوەڕوانییانە بگونجێن"(12).

فەرهەنگی نەرم پێویستە بە نەرینەکان و مەیینەوە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە مندا "فەرهەنگی هەڵگرانی دیکەی سەرهەڵدەن، بەجێردەکرێن و بەم جۆرە شوێن ی کرداریان دیاری دەکرێت. "یەکەم داواکارییە سادەکان بە ئەوە کە چۆن گەرەکە مرۆڤ وەک کۆیان کچ هەڵسوکەوت بنوێنێت، لە ماوەی ئایندەی پێگەیشتنیاندا و هەروەها تەنانەت لە خودی تەمەنی کامڵیدا تایبەتمەندییان پێدەدرێت. بەم شێوەیە تەوانینی کەشفیی سەرهەڵدەن، بە نموونە: پیاوان گەرەکە بەهێز و بەسەز و سەرکەوتوو بن، لە کچان بە پێچەوانەوە لاواز و هەستدار بن و کەسانی دەوریان سەغڵەت نەکەن. ئەم شێوازانەی تەوانین تەنانەت لای مندانانی پێنج ساڵان بەدیدەکرێن (…)."(14)

مندانان لە ڕووی بیرلەژییەوە وەک کۆیان کچ دەزایەنرێن، لە ئەو پرسیارە کە چۆن ئەوان گەیان بە تایبەتمەندییە هەگزییەکانی هەڵسوکەوتیان "ئەوان چە چاوەڕوانییەک بە 'نێربوون' یان 'مێبوون'ـەوە دەلکێنن، ئەوە بە سروشتی نەدراوە. کەواتە پێشبینی سەبارەت بە مێبوون یان نێربوون مەرجی سەسیالی هەیە، ئەم پێشبینییەش بەهۆی وەرگرتنی پێشدراوە سەسیالەکان و هەروەها لە خەریکبوونداە بە ژینگەوە دەتە ئاراوە"(15). ئاخر مندا لە یەکەم ڕۆژی هاتنیەوە بە نەو جیهان بەرەنگاری چاوەڕوانی و شێوازی هەڵسوکەوتی هەگزییانە دەکرێتەوە: "دایک و باوک بە زایینی کوڕەکەوە ڕوانگە و هەوتی ژیان و هیوا و مشوری جیاوازتر دەلکێنن وەک بە زایینی کچەکەوە. ئەوان (زەر جار بەبە ئاگا) بەرانبەر شیرەمژێیەکی نەرینە فەرمی دیکەی نەوچالاکی، یان بزووتنی جیاوازی جەستەیی و گوزارشتی هەوخسار پیشان دەدەن وەک بەرانبەر شیرەمژێیەکی مەیینە، ئەوان کۆان جیاواز لە کچان دەپێشن و هتد. بەم شێوەیە ئەوان لای مەڵەتکەی نەر و مە شێوازی جیای هەڵسوکەوتە دەهێنن ئاراوە."(16)

لە هەوتی ساڵانی سەرەتای ژیاندا چاوەڕوانی و وەڵامدانەوەکان،

راڤەی تایبەتیی هەڤتار، دەستوڕەکان بە نواندنی فشار کە تایبەتمەندیی هەگەزییان هەیە، هەمیشە پتر پەردەسڕنن، کە ئیدی منداڵ زۆرتر چالاک دەبێت و لە پراکتیکە سۆسیالەکاندا بەشداری دەکات. هاوکات منداڵ لە هووی هەگەزییەوە وردتر دەرکی ژینگە دەکات و ڕاڤەی دەکات. بەم شێوەیە منداڵ لە خزاندا و بەشێوەیی لایەنە دەرکییەکانی سۆسیالیزاسیۆنەوە، بە نموونە هەڤاڵان، پێتوکی وێنەیی، تەلەڤیزیۆن، نەوەندی گشتی (شەقام، دوکان، هەکانی گەیاندن) و زمانەوانی ئەوە دەکات کە مەبوون یان نەبوون چە واتایەک دەگەیەنێت (17).
منداڵ دوای زایین پەیوەندییەکی بەهێزی بە دایکەوە هەیە، چونکە دایک لە پلەی یەکەمدا مشووری منداڵ دەخوات، لە بە ئەوەی منداڵ بتوانێت گەیان بە ئاگایی کۆستیی خۆی بدات، ئەوا دەبێت خۆی هەدی هەدی لە دایک جیابکاتەوە. "ئەم پرسیارەی جیابوونەوە لای کوڕان و کچان جیاوازە. کچان زۆرتر لە کوڕان لە دایکیان نزیک دەمێننەوە. کچ لەڕدا دەتوانێت بەشێوەی نزیکییەوە لە دایک هەستەکی بە شوناسی کۆسیی هەبێت و ئەم هەستە زۆرتر ڕە بەردەوامی (ئیدامە) و نزیکی دەدات وەک لای کوڕان. لەڕەوە لای کچان ئەوە وەک سەرەنجام دەکەوێتەوە کە لای ئەوان ئەدگارەکانی وەک هەستناسکی و هاوهەستیی سزمەند"(18) سەرهەڵدەدەن. گەیشتن بە شوناسی هەگەزی بریتییە لە پرۆسەی گەشەی منداڵ بە بوون بە کوڕ یان بە کچ.
باخچەی منداڵان لەپاڵ خزاندا گرنگترین نەوەندەکانی سۆسیالیزاسیۆنی منداڵانە لە نێوان تەمەنی سێ تا شەشسالیدا (19). لەڕ نەک تەنیا ژینگەکی تایبەتی و پسپۆرانە (وەک ئامرازی گەمە، هووی دەرەوە و ناوەوەی بینا و هتد) بە مەبەستی پەروەردەییەوە چەدەکرێت، بەڵکو لەڕ منداڵان هەژانە فێر دەبن لە پەیوەندییەکی سۆسیالی گەورەتردا کردار بنوێنن. لەڕ زۆر جار پرۆسە هەگەزییەکانی سۆسیالیزاسیۆن بە چەشنێک هوودەدەن کە خودی پەروەردەکاران ئاگایان لێیان نییە. ئەوان زۆر جار دەرک بەوە ناکەن کە چە وێنەیەکی تایبەتیی هەگەزییان هەیە کە هەڤتاری خێیان دیاری دەکات و کاریگەری لەسەر منداڵان دەنوێنێت. لە بنەڕەتدا کوڕان و کچان لە سەرەتای تەمەنی باخچەی منداڵاندا فێربوون کە چاوەڕوانییە هەگەزییە تایبەتیەکان چە واتایەکیان بە ئەوان هەیە، ئەوان هەروەها گەیانیان داوە بە شوناسەکی سەرەتایی سەبارەت بە هەگەزی خێیان. ئەوان دەزانن کور یان کچ بە چی گەمە دەکات، چە ئەدگارەکی هەڤتار بەگشتی بە کوڕان یان بە کچان دەدرێت و هتد.

۲-۲- سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی

منداڵ لایەنی کەم لە تەمەنی شەش ساڵییەوە هەموو ڕۆژێک، جگە لە ڕۆژانی پشوو، چەند سەعاتێک لە فێرگە بەسەردەبات و ئەمەش دەشێت شەش تا نۆ ساڵ بخایەنێت. منداڵ لەم ماوە درێژخایەنەدا نەک تەنیا لە خێزان و مامۆستای جیاواز لەنێو فێرگەدا دەکات، بەڵکو هاوکات لە ڕووتینی پەیوەندییە نوێکییەکاندا، هەروەها بەشێوەی داواکارییەکی فێرگەییەوە، فێری شێوازی دیکەی مامەڵەکردن و ڕەفتارنواندن دەبێت، کە پێکەوە گونجاو بەسەر شێوازە خێزانییەکانی کرداری ئۆدا دەهێنن.

بە نزیککەوتنەوە لە سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی پەیوەستە سەرەتا بپرسین کە داخۆ سیستەمی فێرکاری بە چ شێوەیەک پەیوەندە بە کایەکانی دیکەی کەمەڵگەوە. ئاشکرایە کارایییەکی سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی بڕیتییە لە گەیاندنی توانست، چونکە فێرگە بە ئاوە دامەزرێنراوە کە بە منداڵان توانستەکانی وەک نووسین و ژمارەدن، زانستی سروشتی و ئیستێتیکی و هتد بگەیەنێت، کە منداڵان لە ئایندەدا پێویستیان پێیانە بە ئاوەی بتوانن داواکارییەکانی نێو پرۆسەی کار وەک فەرمانبەری فەرمی یان پیشەمەندی سەربەخۆ بەجێبگەیەنن. ئەرکێکی دیکەی فێرگە ئاوەیە کە دەرفەت بەخسێنێت بە ئاوەی منداڵ لە ڕووتینی سۆسیالیزەکردندا شکۆفەی ناخەکی بکات و لەرشاوە بەی بڵوێت گەیان بە توانای خێیی بدات، ئاوجا لە کاری تیمدا (کێیدا) جگەی خەی بکاتەوە و خەی بگونجێنێت. دامەزراوەکان کە نوێنەرایەتیی بوارە کولتوورییەکان دەکەن، لەوانە زانکۆ، سەنتەرەکانی تاوێژنەوە، دامەزراوە فەرهەنگییەکان بگشتی و تەنانەت یانەکانی وەرزش، "چاوەروانیی ئاوە لە فێرگە دەکەن کە لایەنی کەم (...) گۆڕانکی تێگەیشتن و گرینگیدان و مەئریفە و توانست بە نەوەی نوێ ئامادە بکات، بەمەش شیمانەی هاتنی منداڵ بە نێو ڕەهەندەکانی ژیانی فەرهەنگی ئاوەڵا بکات."(20)

ئەرکێکی دیکەی فێرگە لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا ئاوەیە کە هاوبەدات هاوبەستی بەهایی و شێوازەکانی ڕاڤەکردنی پێبگەیەنێت. کەواتە ئەرکی فێرگە لەم کارایییدا گەیاندنی کولتوورە، ئەم ئەرکە هاوکات بڕیتییە لە بنیاتنان و گەیاندان بە شوناسێکی کولتووری. لە پەیوەستە لەم پەیوەندییەدا جەخت لە هەقیقەتێک بکەین، واتا "ئاوە کە لە کەمەڵگەدا وەک پەڕەتیق، ئاوەش کە سیستەمی سیاسی ڕەوایەتیی پێدەدات، بە نموونە سەرکەوتن (نەجاح) بەپێی توانستی بەدیهێنانەوە، یان هەڵسەنگاندنی و هتد، وەک بابەتی سەرکیی وانە ناگەیەنرێن، بەڵکو لە لاوە وەک 'پەیڕەوی شاراوە' (hidden curriculum 21) دەگەیەنرێن. زەر جار خودی بەشداریکەران نازانن کە ئەم فاکتەرە لاوکییانە چ واتا و شێوازێکی کاریگەرییان هەیە."(22)

‘پەیوەوی شاراوە’ بە هەمان شێوەی پلانی فەرمیی فەرکاری کارایە لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا، چونکە ‘پەیوەوی شاراوە’ هەموو ئەو ئەزموونە سۆسیالانەی فەربوون لەخۆدەگرێت کە منداڵان لە ژیانی ڕۆژانەی فەرگەدا دەیانکەن، بە نموونە ژیان لە فەرگە لەوبەر پلانەکانی فەرکاریەوە، یان ڕێنوما و ڕێساکانی فەرگە کە پلانی فەرگەیی نین، بەڵکو دەسپێنراون و کارگێری لەسەر ڕێفتاری فەرخوازان دانوێنن، ئەوجا چەوساندنەوەی دەربەینی کتوپڕی پەداویستیە خەیەکان، یان ڕێزبەندی لانەو گرووپدا و دانانی منداڵان لەژێر ڕکەفی مەبەستەکانی دامەزراوەی فەرکاریدا.
لە ‘پەیوەوی شاراوە’دا چەند ڕەوشێک هەن کە واتای کرێکییان بە سۆسیالیزەکردنی منداڵ هەیە. کەشێکی کرێکی بریتیە لە فەزا و کات. “ژینگەی فەزایی هەزمکی فەرمانڕەوا” بە کاریگەریی بەهێزەوە لەسەر مرۆڤ. شێوەی بینای فەرگە و پەلی وانە کاریگەری لەسەر هەستی حەساوەیی و میزاجی فەرخوازان بە فەربوون دانوێنن. نەخشەی فەرگە بەووەنی پەشانی فەرخوازانی دەدات کە پلاندانەرانی بینەکە چە پەشبینییەکیان بە فەرگە و وانە هەیە و چەن ژیانی فەرخوازان دانرخێنن. هەروەها فەرماندنی ژوورەکانی وانە، بە نموونە ڕێزبەندیی مێزەکان، ئەو هەستە بە فەرخوازان دەدات کە مامۆستایان چاوەوانیی چی لە ئەوان دەکەن. بابەتەکانی نەو دامەزراوەی فەرگە تەنیا ڕە بە نەوچالاکی و بزووتنی تایبەتی دەدەن: فەرخوازان بیان هەیە بڕۆن، دابنیشن یان بووەستن، لە بیان نییە ڕابکەن یان پاڕبکەون. لە لەپاڵ کەشەی فەزادا کەشەی کات هەیە. منداڵان بەووەنی دەبینن کە کاتی فەربوون لەسەر بنەمای ساڵ و ڕۆژ و سەئات دیاریکراوە، لە ئەوان هاوکات دەبینن کە فەرکاران بە پێچەوانەوە کاتیان هەیە، دەبینن ئەوە فەرکارانن کە پلانەکانی فەرکاری دادەنێن و دەستەاتیان هەیە بە ئەوەی سەرەتای وانە و کاری تاک یان گرووپ دیاریبکەن(23).
ڕەخنەکی “‘پەیوەوی شاراوە’ بریتیە لە نرخاندنی ‘ئەنجامەکان’، بەم ڕەیەشەوە کار دەکاتە سەر گەشەی کەستی بە سەرەنجامەکەوە کە لە نەوان فەرخوازانی باش و ناباشدا جیاوازی لە هەستی خەیی و متمانەبەخەکردندا سەرهەڵدەدات. ئەو منداڵانە کە ئەنجامی فەرگەیی باشیان هەیە، پەشبینییەکی سەقامگیرتری کەستیی خەیانیان هەیە لەو فەرخوازانە کە کەمتر سەرکەوتوون. کەواتە فەرگە بەهێزتر لە خەزان دەرفەت بە ئەوە دەخسێنێت کە فەرخوازان خەیان بە کەسانی دی بڕاورد بکەن، یان دەرک بکەن کە چەن ئەوان لە لایەن کەسانی دیکەوە دانرخێنرێن. بەم شێوەیە نرخاندنی بەدیهێنانە فەرگەییەکان دەبێت بە بەشێکی شوناسی کەسیی.”(24)

ئەم هاوکات لە فەرگە سەسیالیزاسیۆنی تایبەت بە ڕۆگزەکان دەبینین، لە لەم پێوەندییەدا پێویستە لە پێگەیاندنی کوادان و کچاندا ڕۆچاوی فەرگەی تەکەو یان جیاکراوە بکەین. لە سەسیالیزاسیۆنی فەرگەیی جیای ڕۆگزەکاندا هەر لە سەرەتاوە دیوارێک لە نێوان منداڵانی نێر و مێدا هەڵدەچنرێت، کە ئیدی لەم تەمەنەوە شێوازەکانی دەربڕینی ئارەزوویان بە یەکدی، شەرم لە یەکدی، ناز بەسەر یەکدیدا، سەرهەڵدان، کێواتە لەم تەمەنەوە گەرای کاریگەریی دەروونییەکان لەسەر کوادان و کچانی گەنج دادەنرێت، بەم ڕێیشەوە فەرمی باوی ڕەخنەراوی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە گومانی تێدا نییە کە سەسیالیزاسیۆنی ڕۆگزی لە فەرگەی تەکەدا نزیکی لە نێوان ڕۆگزەکاندا چێدەکات و بەمەش ترس و شەرمی تایبەتی ڕۆگزیانە کەمدەکاتەوە، لە لەرەش هەشتا هەر بە ئاگا یان بە مەبەست سەسیالیزاسیۆنی تایبەتی ڕۆگزی ڕوودەدات: "کوادان زەرتر لە کچان لە وانەدا پرسیاریان لێدەکرێت، ستایش یان سەرزەنشت دەکرێن و بەهای کۆماسی دیسپلینەوە گەڕ دەکرێن. کوادان زەرتر لە کچان پێوەندیی چاویان لەتەک فەرکارانەدا هەیە، فەزاییانە لێیان نزیکترن و زەرتر لە کچان پرسیاریان لێدەکرێتەوە. بە شێوەیکی دی ببژین: کوادان زەرتر لە کچان ئاگامەندییان لە لایەن فەرکارانەوە پێدەبەخشرێت، ئەمەش زەر جار بە پێچەوانەی مەبەستی دیاریکراوی خودی کارەکانەوە(...). بەشداریی کوادان لە وانەدا پەبەهاتر دادەنرێت و ئەوان زەرتر وەک شایانی پشتیوانیکردن دادەنرێن، بەیە ڕوودەدات کە زەرتر لە کچان هاندەرێن."(25)

۳- کاریگەریی کولتوور لەسەر پرسەی سەسیالیزاسیۆن

لە سەرەوە کەشەی سەسیالیزاسیۆنمان لە ڕووی پێوەندیی نێوان بکەرانی سەسیالیزاسیۆن (واتا دایک و باوک و فەرگە) و منداڵەوە دیاری کرد. لە هەروەها کولتووریش فاکتەرێکی گرنگی سەسیالیزاسیۆنە، چونکە کولتوور وەک کافەیەک لە بیروباوەڕ و دەستکەوت و تراديسیۆن، کە هەموویان "پاشین"ەی کۆمەڵگەیەک پێکدەهێنن، هەمیشە ڕێی سەروەری خێی دەنوێنێت و کاریگەرە لەسەر گەڵانی کەستی.

۳-۱- تێگەی کولتوور

کولتوور کە دراوێکی پێواتایە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، "بریتییە لە کەی سەرجەم بونیادەکانی ڕەفتار، هەروەها بریتییە لەو هەڵوەست و

بەهایانە کە ئێندامانی کۆمەڵگەیەکی تایبەتی بەهاوبەشی هەیانن و وەک میرات دەیانگەیێنن بە نەوەکانی دی.”(26) کولتوور “بەشێکی کرێکیی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانە”، گرنگترین کارایی کولتوور لەوەدایە کە “جێخت لە بەماوەی کۆمەڵایەتی دەکات”، هەروەها لەبەر ئەوەی فۆرم بە هەڵبژاردەی راستینە دەدات، ئەوا کاریگەرییەکی پێوارێیی (معیاری)ی هەیە، جگە لەوە کولتوور “دەستوورێکە بە چارەسەری کێشە.”(27)

ئێمە دەتوانین کولتوور بەسەر دوو کایەی سەرەکیدا بڵێش بکەین: کولتووری مادی (ماتەریەل) و نامادی (هێشکی). یەکەمیان بریتییە لە شکڵەی مادی و تەکنیکیی کۆمەڵگە، واتا سەرجەم ئەو شتانەی دەگرێتەوە کە لە ئاستی گەردانی زانستی کۆمەڵگەیەک جیانابنەوە. لە کولتووری نامادی یان هێشکی بە پێچەوانەوە بریتییە لە نەرمەکان (پەوارەکان)، جەرەکانی پێشبینیی ئاوەزمەندانە و نائاوەزمەندانە، وەک پێشبینیی زانستی، بەوای ئایینی، ئەفسانە و داستانەکان و هتد.(28)

٣-٢- ڕۆڵی کولتوور لە پێگەیاندنی کەسێتیدا

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. تەنانەت مەڵەتکە لەکاتی هاتنیدا بە نەخۆشیهان بەندە بە هاومرۆڤانییەوە. لەبەر ئەوەی مەڵەتکەی شیرەمژە لە لایەن کۆمەڵگەیەکی تایبەتی و نوێنەرەکانییەوە بکرێکی کاری تێدەکرێت، ئەوا پرسیارەکە سەبارەت بە گەردانی منداڵ پتر ڕووکەوە لەو کۆمەڵگە و کولتوورە دەکات کە ئەو لە نوێدا پێدەگات. “بە ئەوەی لە واتای کۆمەڵگەی مرۆڤیی وەک فاکتەری سۆسیالیزاسیۆن بە هەڵسوکەوتبگەین، دەبێت خەمان بە کولتوورەوە خەریک بکەین، چونکە کولتوور گرنگترین دراوە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. کولتوور پێکدێت لە بونیادی فەرموو و هێکخراوی هەڵسوکەوتار کە مەرکەی تایبەتیی کۆمەڵگەیەکن.”(29)

بەگومان کولتوور نەک بە شێوەیەکی موجەڕەد (ئەبستراکت)، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرجەستە بەڕێی نوێنەرەکانییەوە (دایک و باوک، فەرکار، مەلا و هتد) کارا دەبێت. “سیستەمەکانی بڕوا (العقیدە) کە مەرجی کولتووریین هەیە، هەروەها تەڕوانینە سەروەرەکان سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، پاشان مەبەستی ژیانی مرۆڤ و پێوەندیی ئەو بە ژینگە و هاومرۆڤانییەوە، کاریگەرییەکی بڕواتیان لەسەر پرسەی سۆسیالیزەکردن هەیە. کامەکانی هەندێک کولتوور پەروەردەی منداڵ تێنیا وەک کۆشەی تێرکردن دەبینن، منداڵان لە کولتووری دیکەدا وەک بابەتی گوڕایەڵی یان بەخۆکردن دەبینرێن، کولتووریش هەیە کە

بایەخ بە تەحقیقکردنی کەستیی خۆ و خودبەدیهێنان دەدات"(30).
کولتوورێک کە لە سەسیالیزەکردنی مندالدا ئەزموونی کەیی، واتا بەستنەوەی تاک لەنەو ەەنوما دانراوە ترادیسیۆنیکاندا بەهەند وەربگرێت، ئەو کولتوورە پێگەیشتنی "من"ی کەس ەەتدەکاتەوە، چونکە کەس پێویستە وەک کەرتی کەمە ەەفتار بنەنەت و پێیوەندییەکانی خۆی دابمەزرێنێت. لە پاشخانی داواکارییە کولتووریییەکانەوە کچان و کوڕان وەک ژنی ماڵ و دایکی ئایندە، یان وەک پیاوی گوەرایی و دەسەز بە داب و نەرێتی سەروەر، سەسیالیزە دەکرێن. بەم شێوەیە کچان و کوڕان چاو لە نموونەکانیان دەکەن، نموونەکانیش لای کچان بریتین لە هەڤاڵان، دایک و نەنک، پوور و ژنانی دراوسێ و هتد، لە لای کوڕان بریتین لە هەڤاڵان، باوک و باپیر، مام و خاڵ و پیاوانی دراوسێ و هتد. سەرەنجامی ئەم چاولێکەرییە یان لاسایییە ئەوەیە کە "من' بە دەگمەن شکڤە دەکات و بەزەریی لەنەو چەوەی نەوچالاکیی کەماییەتیدا دەردەکەوێت، لەرشدا لە پشتی کردارەکەوە دەمێنێتەوە."(31)

٤- گەڕانی زمان لای منداڵ

منداڵ لە پرسەی سەسیالیزاسیۆندا خشڵ دەکرێت داب و نەریتەکانی کەمەڵ وەربگرێت، تا ببێت بە ئەندامێکی گونجاوی کەمەگە، لەم ەەوڵشدا ناچار دەکرێت فۆرمە ناسەنراوەکانی ئاخافتن ببێت. گەر منداڵ خۆی بە شتێک وشەیەک بدەزێتەوە، ئەوا کەمەگە ئەو وشەیەی لەوەرناگرێت. کەمەگە بە دیاریکردنی شتێکی تایبەت وشەیەکی دیکەی هەیە، بە نموونە چەو، تەرز. بەگومان وشەدروستکردنەکانی منداڵ بە ماوەیەک لە یادمانی لەبوردووی خەزانی ناوکیدا (core family) دەمێننەوە، لە ناچسپێن، بەکو هەدی هەدی لەبیردەچنەوە.

٤-١- زمان وەک دەرکەوتەی تایبەت بە مرۆڤ

ئەمە دەتواین لە سێ شێوەدا دەرکەوتنی زمان لەنەو مرۆڤدا دیاری بکەین: زمان دەربڕینی ئەو ەەوشانەیە کە وەک بوونی ئاژەڵی لەنەو دەروونی مرۆڤدا دەژین؛ زمان دەربڕینی ئەو توانستەیە کە دەتوانێت ناو لە هەموو شتەکانی جیهان بنێت؛ لە کۆتاییدا زمان دەربڕینی ئەو توانستەیە کە هەوە دەدات لە پێیەندا بە خودی خۆی بگات و بەم ڕێیەشەوە زمان دەبێت بە خەریکبوون لەتەک خودی خۆدا.(32)
زمان لە پرسەی سەسیالیزاسیۆندا واتای تایبەتی وەردەگرێت. "توانست بە ئەوە کە منداڵ سەسیالیزە بکرێت، بێندە بە توانستی منداڵەوە بە سیمبۆل، ئەمیش بێندە بە توانستی زمانەوە".

سیمبۆلەکان لە پێوەندییە نەومرۆفییەکاندا "چالاک دەبن و لە دۆخە سۆسیالەکاندا واتای خۆیان وەردەگرن."(33) گومانی تێدا نییە کە کارایییەکانی مۆشک فاکتەرێکی سەنترالین بۆ فێربوونی زمان، سەرەڕای ئەم پێدەچێت زمان بۆتەنیا بەند نەبێت بە فێربوونەوە، چونکە "دەبێت چەند پرۆسەیەکی کۆگنیتیڤی (مەئریفی) گۆشە بۆپێش فێربوونی زماندا ڕاببورن، کە ئێدی دوای گەیشتن بە 'ئامادەبوون بۆ زمان'، زمان بتوانێت بەشێوەی وروژێنەرەکانی ژینگەوە ئاوەڵا ببێت."(34) لەم ڕوانگەیەوە زمان لەنێو پرۆسەیەکی نوێکردنەوەدا ئاوەڵادەبێت، لەم ڕوانگەیەوە زمان لەنێو پرۆسەیەکی نوێکردنەوەدا ئاوەڵادەبێت، لەم ڕوانگەیەوە زمان دەرفەتی دەرکەوتنیان بۆدەخسێت کە ئێدی لە کۆتاییدا ناوەرۆکەکانی زمان شیاوی فێربوون و پاراستن دەبن.(35)

واتای زمان لە ڕووی پسیکۆلۆژییەوە لەو پرسیارەدایە کە هۆودەکاتە مامۆستای مرۆڤان لەتەک زماندا، یان ئەو پرسیارەیە کە داخۆ ئێوان لەسەر بناغەی چەپشمەرجێک و بۆ چەشنەوازێک فەری زمان ببن. زمان لەم ڕوانگەیەوە ئامرازێ "بۆ ئەوەی کەسێک تێبگەیەنێت لەبارەی شتەکان بۆ کەسێکی دی ڕابگەیەنێت". کەواتە زمان کارەکتەری کرداری هەیە و لەم کردارەدا سێ تەوەرە هەن: تەوەرەی خەیی (کەسێک)، تەوەرەی نەویەکی (ئەویدی)، تەوەرەی بابەتی (لەبارەی شتەکان).(36) لە هەروەها لە زماندا شەوازی بیرکردنەوەی کەمەگەیەک دەردەکەوێت. زمانێک چەند هەژار بێت، بیرکردنەوەی ئەو کەمەگەیەش ئەوەندە سادەیە. لەبەر ئەوەی بیرکردنەوە و زمان بۆ شەوەیەکی مەژووویی گەڕاون و هەردووکیان پێکەوە لەتەک کارەکتەری تایبەتیی کەمەگەیەکدا میراتێ سۆسیالەکیان پێکدەهێنن، ئەوا شەوازی بیرکردنەوە و زمانی کەمەگەیەک پێکهاتەی کرێکین لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیوندا، چونکە "ئەو زمانەی کە منداڵ فێری دەبێت، کەمتر زمانی خەیاتی، بەڵکو بەزۆریی زمانی کەمەگەیە. گەرچی تاکەکەسانی جیاواز دەتوانن سیمای تایبەتی بۆ شەوازە چەسپیوەکانی دەربڕین و پەیڤین و واتا بدەن، لە هەشتا هەر ئەم وەرگێڕانە خەیانە ناوەکییەکی هاوبەشیان وەک بناغە هەیە"(37). ئەمە دەتوانین، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، زمان وەک ئاوێنەی پێوەندییە سۆسیالەکان ببینین. بە هەر حاڵ "زمان گرنگترین بابەتی سۆسیالیزاسیۆنە."(38)

٤-٢- فێربوونی زمانی دایک

٤-٢-١- قۆناغی پێش-زمان

دەربڕینە دەنگییەکانی منداڵی شیرەمژە بریتین لە "کۆرسەیەکی خاو کە لەوەی هەدی هەدی دەنگە ڕاستینەکانی پەیڤین دەنە ئاراوە"(39).

لە "پەش ئەوەی قەوارە دەنگی جەختلەکراو وەک وشە دەربکەون، گە و گاڵی پیت لە خە گر و جەختلەنەکراو کارایەکی پەیوەندیی زمانیانە وەردەگرن". منداڵی شیرەمژە لە زاری کامەکانەوە دەرک بە قەوارە دەنگی تایبەتی دەکات و تێگەیشتنی جەخت لەم قەوارە دەنگانە پەش پەیقینی خەیی دەکەون. "لە فەربووونی زمانی دایکدا، بەشی پراوەکردنی وشە و پەیوەندیی نێوان وشەکانەوە، منداڵ (…) یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکان دەنێت"(40). لە منداڵی شیرەمژە "لەنێو تاکە ئەزموون و تاکە پەیوەندیدا" ناژی، "بەکو لەنێو سەرجەمێتی و بەی ناکۆتای ژینگەیەکدا دەژی کە هەدی هەدی خەی بە ئەو دەردەخات. ئەوانەش نێوەندی ڕووداون کە خەیان بە ئەو ئاوەڵا دەکەن."(41)
منداڵ فەری پەیقین دەبێت پەش ئەوەی بیرکردنەوەی بەداربووبێتەوە. گەرچی فەربووونی بەواتای زمان دەکەوێتە ماوەی نێوان ساڵەکانی سێیەم و پێنجەمی ژیانی منداڵەوە، لە منداڵ لە تەمەنی دووساڵیەوە دەستدەکات بە ناونان لە شتەکانی شوێنەوار بە ئەوەی پەداویستییەکانی خەی بە وشە و ڕستەی پریمیتیف (سەرەتایی) دەربڕێت. ئەم ئەدگارەی ڕەفتاری مرۆقیی بریتییە لە "دەرکەوتنی شێوازێکی بوونی جیاواز لە شێوازی بوونی ئاژەڵ. ئەم شێوازی بوونە لەتەک زماندا لەنێو منداڵدا بەدارد بێتەوە، چونکە منداڵ بوونەوەرێکی مرۆقییە، کەواتە توانست و پەداویستیی بە زمان هەیە."(42)
منداڵ ناتوانێت بە زمانی دایک و باوکی بئاخڤێت، بە پێچەوانەوە، چەن ئەو ناچارە زەر داب و نەریت لە دایک و باوکییەوە فێربێت، بە هەمان شێوە دەبێت فێربێت کە چە وشەیەک بە چە بابەتێک دەگونجێت. ئەو دەبێت ڕەکخستنی وشەکان، شێوازی نووسین و پێتبەندییان فێربێت. کەواتە "گۆشەی زمان وەک ڕووداوێکی سۆسیالیزاسیۆن، لە بناغەوە سروشتێکی دیالەگیی هەیە. زمان کە لە پەیوەندیی جوتەنیی دایک-منداڵدا گەیەنراوە، بەرهەمی بەشداریکردنی نۆکەییە لە پراکسیسی کۆمەڵایەتیدا، لەڕشدا دایک بریتییە لە نموونەی کەسی ڕووتکراوی سەرەکی."(43) لە دایک نەک تەنیا هەستی خۆشەویستی بە وشە دەردەبڕێت، ئەو هاوکات ناچارە هەندێک داواکاریی منداڵ جارێکی دی بخاتە فەرمی وشەوە و ئاڵاستەی منداڵەکیان بکاتەوە. کەواتە "دایک و منداڵ هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی زمانییان هەیە، دایک سەرەتا بەبێی ئەو دیالەگەوە کە دەبێت بیهێنێتە گۆڕێ، جیهانێکی هاوبەشی ئەزموون چێدەکات: کاتێک ئەو ڕەفتاری شیرەمژە ڕاڤە دەکات و واتا بەم ڕەفتارە دەدات، ئیدی هەدی هەدی وا لە شیرەمژە دەکات کە خەی فەری ئەو جارە تێبگەیەنێت و ڕەسایانە ببێت کە زەمینەی وەرگرتنی زمان پێکدەهێنن."(44) لەم ڕوانگەیەوە "منداڵ بەدابەاوی

فۆری ڕەساکانی زمان نابێت، بەڵکو سەرچاوەی ئەو ڕەسایانە لە بونیادگەلی کرداری سەسیالدایە."(45)
ئەو وشانە کە منداڵ سەرەتا بەکاریان دەهێنێت، بریتین لە "یەکانەی بەدەر لە گەردانکردنەن، لە هەووی ڕێزمانەوە بەفەرمەن (...)، واتا وشەکان لە هەموو ڕووشکانی بەکارهێناندا بەبێ گۆڕین لەو شوێنەدا دەگۆڕێنەوە کە منداڵەکە دروستی کردوون یان وەریگرتوون."(46)
زمانی سەرەتای منداڵ لە بنەڕەتدا ئەوێیە کە ناودێرێت "ڕستەی یەک وشەیی"، ئەم جۆرەی ڕستە "بە قووڵترین شێوە بەستراوە بە ژیانی سەسیالی ئابوردوو و هێنووکەی منداڵەوە. بەبێ دەستتێوەردانکەی وروژێنەر لە لایەن ئێندامانی نزیکترین ژینگەوە، منداڵ ناتوانێت قۆناغی گر و گاڵ تێبپەڕێنێت". منداڵ لە نیوەی دووەمی تەمەنی دووساڵییەوە هەنگاو دەنێت بۆ ئاستەی "ڕستەی دوو وشەیی"، کە بەزۆری "هەستی دەخەکی (situativ)" دەردەبڕێت.(47)
دایک لە گۆشەی زمانی منداڵدا ئاگامەندانە ڕۆڵی فێرکاری زمان وەردەگرێت. ئەم ڕۆڵە بەتایبەتی لە فەرمولەکردنەوەدا دەردەکەوێت. بە نموونە گەر منداڵەکە ببڕێت 'پکیتەکە بەلەوە'، ئەوا دایک لەڕەدا وەڵام دەداتەوە: 'بەڵێ، پسکیتەکە بەربەوە'. دایک لە فەرمولەکردنەوەدا نموونەیەکی دراوی ڕستە دەخاتە فەرمی نموونەیەکی دیکەی ڕستەوە.(48)
هاوکات فێربوونی زمانی دایک بەچەی بەندە بە گۆڕانی بیرکردنەوەی منداڵەوە، لەڕەدا ڕۆڵی ژینگە واتایەکی گەورەی بە ئاوەڵابوونی بیرکردنەوە هەیە. گەر ژینگە دەرفەت بە ئاوەڵابوونی منداڵ نەبەخسێنێت، وەک ئامرازی گەم، باخچەی منداڵان، دەفتەری منداڵان و هتد، ئەوسا منداڵیی ڕاستینەی ئەو بە شێوەیەکی نەرێنی کاری تێدەکرێت و ئەمەش دەبێتە ئاستەنگێک لە بەردەم ئەوەدا کە منداڵەکە بتوانێت لەتەک جیهانی منداڵانەی خۆیدا بژی و خۆی پێوە خەریک بکات.

٤-٢-٢- ئاوەڵابوونی زمان لە فێرگە

ئاوەڵابوونی پتری زمان لە قۆناغی فێرگەدا دەستپێدەکات. لەڕە فێرکار ڕۆڵی دایک و باوک، بەتایبەتی دایک، وەردەگرێت. گەرچی فێرکار بە زمانەکی نووسراو ئەو ڕۆڵە وەردەگرێت، سەرەڕای ئەوەی تێگەیشتنی ئەو بە ئەرکی فێرکاری، ئەوجا شێوازی خۆیی ئەو لە فێرکاریدا و زمانی ئاخافتنی، کاریگەریان لەسەر گۆشەی زمانی منداڵ هەیە. ئەمە بەم پێیە دوو تەوەری کارا لە گۆشەی زمانی منداڵدا لە فێرگە دەبینین: یەکەم، زمانی نووسراوە لە کتێبدا کە

بۆ منداڵ دەدرێت، دووەم، تێگەیشتنی فەرکار بۆ پیشەکی و زمانی خۆیی ئەو.
تا ئێستا هیچ یەکێکیان کارێکی وایان نەکردووە کە ببێتە هۆی نەخشی زانستی بۆ سود وەرگرتن لە ووداوە مژووییەکان، تا ئێستا هیچ بەشێک نیە کە تایبەتمەندبێت بە کەرنەوە و بەداواداچوون و لێکدانەوەو بەستنەوە و لێکچواندنی ووداوە مژووییەکان، کە ئەمە وەک ئاو هەوا بە میلەتێکی پێداگندەو پڕش و بڵاو دابەشکراوی وەک کورد پێویستە.

ئەوەی گرنگە لەم بەکەوتنامانە ئەوەیە بەشێکینا تا ئێستاش ئەگەرچی ناوی ناهێنرێ بەڵام بەکردار بەکارن و کورد بەژانە باجەکەی ئێیا و تا ئێستاش ئەو سنورە دەستکردەی بەی کێشراوە وەک فاکت، بەجارێک چەسپیوەو بەسەر کوردا سەلمێنراوە کە زەربەی خودی سەرکردە سیاسی و دەسەڵاتدارانی حیزبی و بەشێک لە بەشنبرانیش زیاتر لە داگیرکەرەکان جێختی لەسەرئەکەنەوەو پانەبدن پێوەی، نمونەی ئەو سنورە تۆندوتۆڵەی کە لەنێوان باشور و بەژئاوای کوردستانا هەیە، تا کار گەشتە ئەوەی کە لەباشور چاڵ "خندق" هەکەنرێ و بەگۆنیرێ پێداویستی بگاتە بەژئاوا لەسەردەمی شۆڕەی مان و نەمانی بەژئاوای کوردستان لەگەڵ داعش "تورکیا". لەوێش ئازاربەخشتر ئەوەیە کە لە باشوری کوردستان بە کوردانی پارچەکانی تر ئەوترێت "ئاوارە" کە ئەمەیان شەرمەزاریەکی زۆرە بە هەر کوردێک ئەو دەستەواژەیە بەرامبەر کورد لە هەر پارچەیەکیتری کوردستان بەکاربهێنێ و وەک خاون ماڵ نەیناسێنێ.

سی ساڵە سوپای تورکی موسەمانی دراوسێمان خەریکە کەمان بەشە کوژو خاکمان داگیرئەکات و بە بەرنامە لەسەرگەی ڕاگەیاندن و مەدیای کوردی باشوریەوە کلتورمان بن کەن ئەکات، ئاسایشی خاک وخەراک و خەزانیمانی خستۆتە مەترسیەوە، خەریکی دەسەز هاوار ئەکات کەچی لەپای دەسەزی تەمەتباریش ئەکرێن، وەک ئەوەی سی ساڵە تورک سەرخان و ژێرخانی ئەم وڵاتەی بوژاندبێتەوە،کەچی تازە باس لەبەینەوەی دار ئەکرێت.
ئێستا ئەمە لەدەخەکاین کاتێک ئێران ئاوت لەئەگرێتەوە و هاوکاری هەزە میلیشیاکانی عێراق ئەکات %٥١ی خاکەکەت داگیربکەنەوە دوای ئازادکردنیان لەدەستی داعش و تورکە مەنگلیەکانیش کە لەسەر خاکی یەنان و کوردستان وڵاتکیان بەناوی تورکیاوە بەخێیان بەداگیرکاری دروست کردووە، هەم ئاو لەئەگرێتەوە و هەم دارکانت ئەبڕێتەوە و هەم ڕاستەوخە بەهەز بەشکی خاکی باشوری کوردستان داگیرئەکات و بە داگیرکردنی باوکور تێرناخوات.
سوریا لەگەڵ ئەوەی لەلەواری فەوتان و لەناوچوون گەڕایەوە بە

هاوکاری ڕوسیا و ئێران بەرام هەرگیز دانی بە کوردستانی بوونی نەئاوای کوردستانا نەنا و بگرە لەوەش خراپتر کوردانی ناڕئاوا لەسەر خاک و وڵات مافی خۆیان بە ئاوارە ئۆماڕئەکات و بەردەوام لەپلانگێڕیایە بۆ پەلامردانی ناڕئاوا ئەگەر قەمتەری ئەمریکای لەدەما نەبێت، ئەمە جگە لە بەناو ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی سوری کە لە کەمەکی لایەنی ڕادیکاڵی ئیسلامی تیرۆریست پێکهاتوون خۆیان هەڵاوەتە باوەشی سوڵتانی تیرۆر "هەژب تەیب ئەردۆگان" سەرکی بەناو وڵاتی تورکیای مەنگۆلی کە تا ئێو شونێی بۆیان کرابە دەستیان نەپاراستووە لە داگیکردنی ناڕئاوای کوردستان و گۆڕینی دیمۆگرافیای ئێو ناوچانە بمونەی ئەفرین و سەرەکانی و گردەسثی و مەنجب.
عەراقیش بەو پەڕاگەندەی و بە سەروبەریەی خۆیەوە لەگەڵی هەڕەمیلیشیاکانیەوە بەجۆرێک دەستی کردووە بە تەعریب کردنی باشوری کوردستان کە هەرگیز پێشتر لەسەردەمی بەعس و حکومەتەکانی تریشا شتی وا ڕوونیاوە، بەجۆرێک ئێستا ٢٠٪ی دانیشتوانی هەرەمی کوردستان عەرەبن، ساڵانێک لەمەوبەر کورد ٧٠٪ی دانیشتوانی کەرکوکی پێکئەهێنا، بەڵام ئێستا دابەزیووە بە کەمتر لە ٤٠%ی ناڕژەی دانیشتوانی ئێو شارە.
ئێراق بابلی بوو ئێستا عەرەبیە.
میسر و سەدانیەکان لەناو عەرەبا تونەرانەوە.
مەغریب وڵاتی ئەمازیغی بوو ئێستا ئەمازیغی کەمینەیەکی کەمن و عەرەب خاوەن ماڵە.
ئاسیای بچوک ئێو شونێی پێیئوترێ تورکیا خاکی کورد و یەنانیەکان بوو بەڵام ئێستا یەنایەکان کەمینەن و تورک نێک زۆرینەن بەڵکو چاویان لە یەنانستانیش داگیریبکەن.
عەرەب منایان زۆرتر ئەبێت بەراورد بە کورد، لەکاتێکا لە ئێستایا ناڕژەی ٢٠٪ی دانیشتوانی هەرەم پێکبهێنن ئێوا بە ساڵی ٢٠٥٠ ئەبن بە ٥٠٪ و بەرەوژوور.
بەپێی یاسا بێیان هەیە موڵک بکڕن، هەرواشیان کردووە خانوبەرە و زەویەکی زۆریان کڕیوە بەتایبەتی لە هەولێر.
بیرمان نەچێ ئێوەی تاپۆی بەدەستەوەبە خاوەن ماڵە بۆیە چەند ساڵەکیتر پێویست ناکا هیچ کەسێک بڕد بگرێتە عەرەبەکان لە کوردستان وەک ئێوەی لە فەلەستین ڕووئیا چونکە ئێوان بەپارە ئیکڕن و ئێوە کورد خۆیاتی وەک فەلەستینیەکان ماڵ و زەوی خۆی ئەفرۆشێ.
تورک بەهاروهاجی و داگیرکاری لەلایەکیترەوە وەک مخرکە ناڕژانە خاکی زیاتری کوردستان داگیرئەکڕن.

ئەگەر دەستەاتی کوردی سیاسەتکی گونجاو نەگرەتەبەر وەک ئەوەی لە ەژئاوا هەیە بەلانسی ەژەی نەتەوە و خانەخوە انەگرە ئەوا پاش چەن ساەکیتر عەرەب لەەی وەچەخستنەوەی زەر و ماە زەوی کەین و تورکیش لەەی داگیرکاریەوە شتکی وانامەنە لە خاکی کوردستان بەگشتی و باشور بەتایبەتی.

لەوانەیە بابەتکە کەمک دووروو درەژبەت کە خوەنەری کورد زیاتر ئارەزووی بابەتی کورتن بەام لە مەژووا شتک نیە بانوی کورتبەی، مەژوو ئەگەر وەک خەی نەینوسیتەوە ئەوا ئەشوەنرە. "هەتا هەزار پەە نەخوەنیتەوە، بەت نیە بەای تەنها پەەیک لەسەر مەژوو ئاخاوتن هەبە".
گرنگی کەکردنەوەی ئەم پەیماننامانە و شەی براکوژییە لە دوو توەی چەند پەەیەکا و وەک وتارەک لەوەیەیە کە تاکی کوردی خوەنەر بەئاسانی بتوانە بەیزبەندی یەک لە دوای یەک ەکەوتن و شەە ناوخەییەکان بخوەنەتەوە و تووشی سەرلەشوان و تکەکردنی بابەتکان نەبە.
لەربەدواوە کەمتر اوبەچوونی بەندەی تیایە و زەرتر بەگەنناماە و ەوداوە مەژووەیکانم داناوەتەوە.

پەیماننامەی ەکخستنی سنور:
(قەسری شیرین یان زەهاو) کە لە ەکەوتی (17_5/ئایار_1639) لە نەوان دەوەەتی دەوەەتی عوسمانییەکان و دەوەەتی سەفەوییەکانی ئەران واژە کراوە، لە سەردەمی سوەتان مورادی چوارەم (1623_1640ز) سوەتانی دەوەەتی عوسمانییەکان و شا سەفی (1629_1642ز) شای دەوەەتی سەفەوییەکانی ئەران.
کوردستان هەمیشە شوەنی ململانەی عوسمانی و سەفەویەکان بووە، بە درەژایی سەدەی شانزەی زاینی. تا ئەو کاتەی سولتان سولەیمانی قانونی (1566 مردووە) توانی هەرەمە کوردیەکان ببچەت بە خەی و بیخاتە ژەر دەسەاتی دەوەەتی عوسمانیەوە. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خزمەتانەی کە کورد بە دەوەەتی عوسمانییان کردووە لە کاتی شەیان لەگەە سەفەویەکان، عوسمانیەکان جەرەك لە خەبەەوەبەریان یاوە بەکوردەکان، شەرەفخانی بەدلیسی لە کتەبی "شەرەفنامە" یا باس لەوە ئەکات میرنشینە کوردیەکان لەسەردەمی دەوەەتی عوسمانیا خەیان بەەوەبردووە، بەشی خەرئاوای ەوباری فورات و بەشی رەژهەەاتی موراد ەەە

دیاریی تایبەتیان بۆ ئەبردن و وەك سوپایەکی یەدەگیش لە خزمەتی سوپای عوسمانیا بوون.
دوای ململانێیەکی زۆری نێوان هەردوو سوپای سەفەوی و عوسمانی، سوڵتان مورادی چوارەم و شا عەباسی سەفەوی لە ساڵی 1409 کەچی و 1639 زاینیی توانییان سنورەکانیان لەیەکتری جیابکەنەوە هەردووکیان پەکەوتنامەی "بکخستنەکانی سنوور" واژۆ بکەن و کوردستانیان لەنێوانیانا کرد بە دوو بەشەوە، بە پێی ئەو پەکەوتنەی نێوانیان بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان بەر ئێرانی سەفەوی کەوت و بە شەکانی تری باکورو باشوور و رۆژئاوا بەر دەوڵەتی عوسمانی کەوت.

پەککەوتننامەی سایکس بیکە:
ساڵێک لە دوای بەرپابوونی شەڕی یەکەمی جیهانی بەدیاریکراوی لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٥ نوێنەری بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیای قەیسەری گفتوگۆیان کرد لەسەر دابەشکردنی خاکی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەتایبەتی ئەوخاکەی ئەکەوێتە نێوان دەریای سپی ناوەڕاست و وڵاتی ئێران . ئەوبوو لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٦ ڕەکەوتنەکی نهێنی واژۆکرا ، لەنێوان فرانسوا جۆرج بیکۆ نوێنەری فەرنسا و مارک سایکس نوێنەری بەریتانیا، بەئاگاداری و ڕەزامەندی حکومەتی رووسیای قەیسەری، هەر بەیەش ئەو ڕەککەوتننامەیەش بەناوی کورتکراوەی هەردوو نوێنەرەکەی فەرەنسا و بەریتانیا ناونرا سایکس- بیکۆ ناونرا.

ئەو ڕەککەوتننامەیە زۆری نەبرد نهێنییەکەی لەدەستدا ئەویش بەئاشکراکردنی لەلایەن شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا ساڵی ١٩١٧، بەوەی زۆربەی ئەرشیفە نهێنییەکانی دەوڵەتی رووسیا کەوتە بەردەست حکومەتی بەلشەفی رووسیا.
ڕەککەوتننامەی سایکس بیکۆ لە چەند خاڵێک پێکهاتووە:

١. فەرەنسا باشووری تورکیای لەوار دەریای سپی ناوەڕاستی کەوتە بەردەست ، کەبەناوچەی شین "بلۆ" ناسرا.
"Blue Zone"
٢. باکوری سوریاو لوبنان و لیوای موسڵ واتە باشووری کوردستان لەژێر قەڵەمڕەوی فەرەنسا بێت پاش ئەوەی حکومەتێکی عەرەبی لەپێک ئەهێنن،
کە ناسێنرا بەناوچەی A
٣. بەریتانیاش خواروی شام و ئوردن بیابانی رۆژئاوای عەراقی ئێستای لەبەردەست بۆ ، پاش دانانی حکومەتێکی عەرەبی کە ناسێنرا

بە بەناوچەB.
٤. ویلایەتی یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و بەکویتیشەوە راستەوخۆ لایەن بەریتانیاوە حوکم بکرێ کە بە ناسنراوە بەناوچەی Red Zone.
٥. ئەرمەنستانی (تورکیا!) و کوردستانی باکور لژێر قەیمومیەتی رووسیا بێت.
٦. فەیسەل وەک ناوچەیەکی نیو دەوڵەتی بێت.
٧. بەندەری حەیفا و عەکا لژێردەستی بەریتانیا بە بە فەرەنسیەکانیش ئازاد بێ.
٨. بەندەری ئیسکەندەرونە لژێردەستی فەرەنسیەکان بە و بە رووس و بەریتانیەکان ئازاد بێ.
ئەو دەوڵەتانەی هەرای زەری نایەوە، بەیەسالی ١٩٢٠ رێکەوتنامەیەکی تری بەخەوەدی بەناوی" رێکەوتنامەی سان رێمۆ"، کە لەناوەڕۆکدا هەمان دەوڵەتنامەی پێشوو بوو، ئەوەش تورکیای نوێی ئەتاتورکی هەنایە سەر هێڵی نارەزایی، بەیەکەمجاری گەلان لەسالی ١٩٢٢ هەوڵیدا رێکەوتنامەیەکی نیو دەوڵەتی نوێ بەنتێ کایەوە بە دابەشکردنی ناوچەکە، ئەویش لەسالی ١٩٢٣ رێکەوتنامەی لۆزان هاتە کایەوە و واژۆکرا کە زەرەک لە گەلانکاری لە بەرژەوەندی تورکیا کرا.
لیوای ئیسکەندەرونە بە تورکیا و موسڵ بە بە بەریتانیا و رووسیاش لەدەوڵەتنامەکە کشایەوە، بەهۆی ئەوەی جاری حکومەتەکە گۆڕا.
بەگوێرە ئەوەدەوڵەتنامەیە باشووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان ئەکەوتنە بەردەست فەرەنسا، زەربەی خاکی باکوری کوردستانیش ئەکەوتە بەردەست رووسیا، رۆژهەڵاتیش لەدەروەی ئەو دەوڵەتنامەیە بوو.
ئەم رێکەوتنەی کە لەنوان مارک سایکس نوێنەری بەریتانیا و جۆرج بیکۆ نوێنەری فەرەنسادا بەسترا بەچاودێری ڕوسیای قەیسەری،کە تیایا خاک و نەتەوەی کوردی بەسەر چوارپارچەیا دابەشکرا، کە بووە هۆی ئەوەی تا ئێستا کورد لە کیانی سەربەخۆ و یەکپارچەیی خۆی بەبەش بێت.

کۆنفرانسی(پەیماننامە) سان رێمۆ:
کە لە ئیتالیا لە ١٩٢٠ز بەسترا و سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، فرەنسا، ئیتالیا و نوێنەرانی یۆنان، ژاپۆن و بەلجیکا ئامادەی بوون و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش وەک چاودێر ئامادە بوو، سەرۆک وەزیرانی بریتانیا لوید جۆرج توانی سەرۆک وەزیرانی فرەنسا جۆرج کلیمەنسۆ قایل بکات دەست لە مووسڵ هەڵبگرێت، کە بە پێی

سایکس پیکۆ بۆ دانرا بوو. لە بەرامبەر ئەم پیاوەتییەی کلیمەنسۆ فەرەنسا هەندێ شتی دەستکەوت، بەڵام لە گەڵ گرنگی مووسڵا بەراورد نەئەکران.
لە سان ڕیمۆ ئەبوایە دەوڵەتانی هاوپەیمانی سەرکەوتوو لە شەڕی یەکەمی جیهانیا بڕیار لە سەر چارەنووسی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیا بدەن. لەڕیا ئامادەبووان دوا پەداچوونەوەیان بە شنووسی پەیماننامەی ئاشتیا کرد، کە دواتر لە ١٠ ئابی هەمان ساڵ لە پاریس مۆر کرا و بە پەیماننامەی سێڤر ناوی دەرکرد. هەر لە سان ڕیمۆش ژەمی "مەندیت"یان داهێنا و فەلەستین و میزۆپۆتامیا خرانە ژێر مەندیتی بریتانیا و لە بەرامبەر وازهێنانی فەرەنسا لە مووسڵ. بەریتانیا دانی نا بە مەندیتی فەرەنسایا لە سەر سوریا و لوبنان. ئەوەی مایەی سەرنج و تەڤامانە هەر لە سان ڕیمۆ لە ٢٤ و ٢٥ نیسانا دانوسان لە سەر نەوتی ویلایەتی مووسڵ لە نێوان بریتانیا و فەرەنسا بەڕەوچوون و لە ئەنجاما هەکەوتننامەیەک لەو بارەیەوە ئیمزا کرا، کە مافی ٢٥ % نەوتی مووسڵی ئایا بە فەرەنسا لە بەرامبەر دەستهەڵگرتنی لە ویلایەتی مووسڵ. ئەم کەین و بەینانە ئەو ڕاستییە دەرئەخەن کە بەریتانیا ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری مووسڵ بێت.
هەر لەو کاتەیا کە هاوپەیمانان لە سان ڕیمۆ و پاریس خەریکی بەخشینەوەی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوون، لە سەر خاکی ئاسیای بچووک (تورکیای ئێستا).

پەیمانی سیڤەر:
ئەم پەیماننامەیە لە (10/ئاب/1920) لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی سەرکەوتووی جەنگ و بە نوێنەرایەتی هەندە دەوڵەتی تر مۆرکرا، وە لە کاتی بەستنی ئەم پەیمانە کوردستان بەدوو پارچەیی مابووە، کوردستانی دەوڵەتی عوسمانی و کوردستانی ئێران .
ئەم پەیمانە لە (13) بەش و (433) بەند پێك هاتبوو، لە بەشی (3) و بەندی (62–63 –64)ەاستەوخۆ باسی کورد و ئایندەی کوردەکانی کوردستانی کردبوو، بەیەکەم پەیماننامەی نودەوڵەتی دائەنرێ کە بەم شێوەیە باسی کورد بکات، هەرچەندە لە بەندەکانی تریش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی کورد ئەکات بەڵام بە ئەوەی ناوی کورد بهێنێ.
دەقی ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر کە تایبەت بوون بەکورد:
62– ئەبەت کەمسیۆنی ئێستەمبەل بەفەرمی دەست نیشانی سێ نوێنەر بکات، ئەوانیش نوێنەری بریتانی و فەرەنسی و ئیتالی بن، هەتا شەش مانگ دوای مۆرکردنی ئەو پەیماننامەیە ئەو کەمسیۆنە ئەبەت

نەخشەیەك بۆ خودمختاری هەرێمی ئاو مێبەندانێ پشکش بکات کە زربەی دانیشتووانکانی کوردن، لە ڕاژهەاتی چەمی فورات و خواروی ئەرمەنستان سنوریان بە دست نیشان بکرێت.
ئەگەر کەمسیۆن نەیتووانی بەیاری یەکلاکەرەوە بات ئاوا نوێنەرکان ئەتووانن لەگەڵ حکومەتکانیان تاوتوێی ئەم بابەتە بکەن، باسیش لە پاراستنی مافی ئاشوریکان و کەمەنەتەوکانی تر کراوە.
63–حکومەتی تورکیا مل کەچ ئەبێت بەهەر بەیارێك کەوا کەمسیۆن دەری بکات کە لەبەندی (62) باس کراوە، ئەبێت لەماوەی سێ مانگا لەدوای دەرکردنی بەیارەکە جێ بەجێیان بکات.
64–تا ساڵێك لە پاش ئیمزاکردنی ئاو پەیماننامەی ئەگەر کوردکانی دانیشتووی چەمی فورات و خواروی ئەرمەنستان جیانەبنەوە لە تورکیا ئەبێ ئەنجومەنی کەمڵی نەتەوکان ڕابگەیەنن وە ئەنجومەنیش دانی بەویانا کەئەوان ئەتوانن سەربەخۆ بژین، ئەوا حکومەتی تورکیا ئەبێ ڕازی بێت و دەست بەرداری ئاو ناوچانە بێت، ئەبێت تورکیا دەست لەمافی ئاو ناوچانە هەڵبگرێت، مافکانیش بگوازرێی ڕێکەوتنی هاوپەیمانان و تورکیا ئەبێت،کوردکانی ویلایەتی موسڵیش ئەگەر خوازیاری جیابوونەوەن بەویستی خۆیان، ئەوا هاوپەیمانان هیچ ڕێگریەك ناکەن بچنە پاڵ حکومەتێ کوردیکەوە.

تێبینی/ لەبەندکانی ئاو پەیماننامەیە سەرتا ئاماژەکردنکە بەحوکمیزاتی تەنها بە کوردکانی باکوور، نەوەك بە هەموو کوردکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران، ئاوەش بۆئاشکرا شەرعیەتدانە بە دابەشکردنی کوردستان وە لەدوای جێنگیش بۆئاشکرا دەرکەوت کەوا چۆن مافەواکانی گەلی کورد پشێل کراوە، زیاتر بەشی باشووری کوردستان کەوتێتە بەر هەڕەشەی داگیرکەران، هەر بۆیەش ئەم پەیماننامەیە بەم شێوەیە بەستراوە چونکە بەرژەوەندیکانی بریتانیا لە بووننەوت لە ویلایەتی موسڵ وایئەخواست.

پەیمانی لۆزان: بکوژکەی سیڤەر
پەیمانی لۆزان ٢٤ی تەممووزی ١٩٢٣ لە نێوان دەوڵەتانی بەریتانیا، فەرەنسا، ژاپۆن، یۆنان، ڕۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلواڤینیا و تورکیا دوای کۆنگرەیەك لە شاری لۆزان لە سویس بەسترا بوو واژکرا.کۆنگرەکە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا دەستی پێکرد و لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣دا لەبەر نەگەشتنێ ئەنجام بەاوی لێکرا، دواتر دیسان دەستی پیکردەوە و لە ٢٤ی تەممووزی ١٩٢٣دا واژکرا. لە لۆزان سنووری دەوڵەتی تورکیای نوێ دیاریکرا و پێداچوونەوە بە

پەیمانی سیڤرا کرا، کە مافی چارەی خنووسینی بە کورد دەستبەرکردبوو.
هاوسەمی واژۆکردنەکەکردنەکە لە شاتە دوومینی شاری لۆزان ئیمزاکرا، سەرکردە بەشداربووەکان لە ئو ئاقی "شاتە دو ئوشی مابوونەوە و تابلۆیەکی هێکەوتننامەکە لە لابی ئوتێلەکەیا تا ئێستاش هەڵواسراوە.
مەبەست لە کۆنگرەکە باسکردنی کێشەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و بەستنی هێکەوتنێکی نوێی ئاشتی بوو لەگەڵ تورکیای کەمالی، بە ئاوەژوی پەیمانی لۆزان شوێنی پەیمانی سێڤر بگرێتەوە، ئەو پەیمانەی کە نە تورکیای کەمالی و نە هاوپەیمانان ناوهێکیان جێبەجێ کردبوو، لەم کۆنگرەیەیا گەلێک بابەتی تایبەت بە کێشە ناوچەیی و سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ و سیستمی تێنکەدەریاییەکان و کێشەی سیستمی ئیمتیازی بگانێ و کێشە ئابووری و دارایییەکانی وەک قەرزی گشتی عوسمانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووریی بگانێ خرانە بەر باس و گفتوگۆ. کۆنگرەی لۆزان کە پەیمانی لۆزانی لە کاوتەوە، زەبرێکی کاریگەری لە مەسەلەی کورد و کێشە هەواکەیاو نەیهێشت ئاوات و داخوازییەکانی کورد بەپێی پەیمانی سێڤر بێتە دی.
سەرکردە بەشداربوەکان:
⋆ عیسمەت ئینۆنۆ- تورکیا
⋆ لۆرد کورزون- بەریتانیا
⋆ ئەلیفتهیرەس ڤەنیزەلۆس – یۆنان
چاودێرەکان: جۆزێف گروو، نوێنەری ئەمریکا لە سویسرا.

بەهەی ئاوەی کورد نەیتوانی ببێتە خاوەنی هێز و بە یەکگرتوویی مامەڵە بکات و سوود لە پەیمانی سیڤەر وەربگرێت، فشارەکانی تورکە کەمالییەکان سەریگرت و لە پەیماننامەی لۆزانا خۆنەکانی کورد لەگەڵنران.
لۆزان، ئەو پەیمانەی خاونی سەربەخۆیی کوردی تیایا لەباربرا و کوردی بەبەشکرد لە ماف و ئازادییەکانی، ئەمڕۆ ٩٨ ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو پەیمانیا تێپەڕبێت، کە تورکیا ئێیاوێت پێش گەیشتنی بە ١٠٠ ساڵ ئەو هێکەوتنە بکاتە سەرەتای گەڕانەوەی بە ئەو شوێنانەی کە بە بەشێک لە خاکی عوسمانیی کۆنی ئۆزانێت، ساڵی ٢٠١٥ لە ساڵیادی واژۆکردنی پەیمانی لۆزانا، هەرشەکانی بە سەر باشوری کوردستان دەستپێکردەوە.

میساقی میللی:

لەدوای کۆنگرەکانی ئەرزەروم و سیواس لە ئابی ١٩٢٠، بزووتنەوەی کەمالیەکان بەوانامەی میساقی میللییان دەرکرد، وەک پێوەرێکی گرامی بزووتنەوەکە، "میثاق"ەکە لە ٦ ماددە پێکهاتووە و ئاوەزی تایبەتە بەکۆشەی ولایەتی موسڵی سەردەمی عوسمانی ماددەی یەکەم، کە ئەمەیە:
(ئەو ناوچانەی دانیشتوانەکەیان زۆرینە عەرەبن پێویستە بە ڕاپرسی چارەنووسیان دیاری بکرێن، ئەو ناوچانەش دانیشتوانەکەیان زۆرینە تورکن بگەڕێنرێتەوە بە سەر دەوڵەتی تورکیای گەورە).
ئەردۆگان چەندین جار لە گوتارەکانیا ئەمەت: ئەمە نەوەی عوسمانیەکانین. هەروەک لە ساڵی ٢٠١١دا کە پارتی دادو گەشەپێدان لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەردۆگان لە گوتاری سەرکەوتندا گووتی "بەو ئەندازەی ئیستانبول سەرکەوتووە سەرایڤش سەرکەوتووە، بەو ئەندازەیەی ئیزمیر سەرکەوتووە بەیروتیش سەرکەوتووە، بەو ئەندازەیەی ئەنقەرە سەرکەوتووە دیمەشقیش سەرکەوتووە، بەو ئەندازەیەی دیاربەکر سەرکەوتووە رامەڵاو نابلوس وقودس و غەزە سەرکەوتوون، سەرکەوتنی تورکیا مانای سەرکەوتنی ڕژهەڵاتی ناوەراست و قەوقازو بەڵقان و ئەوروپایە"
لەپشتی ئەم لەکچواندنانەوە خواست و ویستی فراوانخوازی ئەردۆگان بە گەانەوەی دەسەڵاتی تورک بەسەر هەموو ئەو شوێنانەیا دەرئەکەوێت کە پێشتر لە سنووری دەسەڵات و قەڵەمڕەوی عوسمانیا بوون.
لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و هەوشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، لە مادەی یەکەمی میساقی نیشتیمانی تورکیایا باسی ئەوە کراوە ئەگەر پێویستی کرد ئەوا بەیاری چارەنووسی ئەو بەشانەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی ئەدرێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان تورك نین. ئەوەش بەپێی دەنگدانی ئازادانەی خەڵکی ئەو ناوچانە خۆیان ئەبڕێت. بەڵام دیارە بەیانووی پێکهێنانی نیشتیمانێك کە ناوی تورکیا بوو ئەوە ڕوویندیا. لەم ڕووەوە ئەو بانگەی میساقی نیشتیمانی تورکیا دانی نانا بە جیاوازبوونی کوردا وەکو نەتەوەیەك، هەروەك دوای ئەوەش کەمەیی نەتەوەکان مافی کوردو کەمە نەتەوەیەکانی تری نەسەپاند بەسەر تورکیایا.
ئاشکرایە کە ئەردۆگان خۆن بە زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە ئەبینێت، بە ئەو مەبەستەش هەنگاوی یەکەمی هەهێنا کە گەینی دەستووری تورکیا بوو بە سەرکایەتی، ئەویش بە خەیاڵی خەی هەنگاوی یەکەمە بە دەسەڵاتی سوڵتانی. پاڵکەشانی بە نیمچە دورگەی عەرەبی و بە لیبیا و بە سوریاو چەندبارکردنەوەی خواست و ویستی گەانەوەی ولایەتی موسڵ بە ژیر سایەی دەوڵەتی تورک بەشکن لەو

خۆنە فراونخوازییەی ئەردەگان کە زیندوکردنەوەی خەلافەتی عوسمانی و بە سوڵتان بوونی خۆی نیشان ئەیات.

ڕێکەوتننامەی جەزائیر:
لە ساڵی ١٩٧٤ حکومەتێکی هەمەتێکی شەنگەزی نوێی دژی کورد دەستپێکردو بەرەو ناوچە سنووریێکانی ئێران دایماین. عەراق بە ئێرانی ڕاگەیاند کە خواستێکانی ئێران بەدیئەهێنەت بەمەرجێک یارمەتی بە کورد ڕاگرێت.
بە میانگیریی سەرکی جەزائیر، هەری بەمدین، ئێران و عەراق گەیشتنە ڕێکەوتنێکی گشتگیر لە ئازاری ١٩٧٥دا کە بە ڕێکەوتننامەی جەزائیر بەناوبانگە. ئەم ڕێکەوتننامەیە وایکرد کورد بەبێ یارمەتی بمێننەوە و تاران یارمەتییێکانی بزووتنەوەی کوردی نەیات.
بەشێک لە سەرکردەکانی شەش و ژمارەیێکی زەر لە لایەنگرێکانیشی ئاوارەی ئێران بوون. ژمارەیێکی زەریش خۆیان بەدەستەوەیاو شەشکە دوای چەند ڕۆژێک کەتایی هات. لە ئەنجامی ئەمەیا حکومەتی عەراقی بووە خاوەنی دەسەاتێکی فراوانتر بەسەر ناوچەکانی باشوری کوردستان لەچاو پانزە ساڵی پێشووترا، وە بە ئەوەی ئەو کاریگەرییە بپارێزێت، دەستی بە پلانی بە عەرەبکردن کرد ئەویش بە هێنانی خەڵکی عەرەب بە ناوچە نەوتییێکانی کوردستان، بەتایبەتی بە ناوچەکانی کەرکووک و دەوروبەری. دوای ڕێکەوتننامەکەی جەزائیر، ڕەوشەنبی سەرکوتکەرانە لەلایەن حکومەتەوە گیرانە بەر دژی کوردو سەرەنجام بووە هەی سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان سوپای عەراق و چەکدارانی کورد. لە ساڵانی ١٩٧٧ تا ١٩٧٩، ٦٠٠ دێی کوردی خاپوور کران و نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کورد لە ناوچەکانی خۆیان ڕاگوێزران.

ڕەوداندنی شەڕی ناوخۆییێکانی باشوری کوردستان لەنێوان ١٩٦٤بە ٢٠٠٠ز:
لە سەدەی بیستەمیشا مێژووی کورد سەرەڕۆ لە شەڕی براکوژی وەک مێژووی باوی کورد، لەو سەدەیەیا لە کاتێکا چەندین گەل و نەتەوەی بچوک کە لەمێژووا ناویان نەبوو دەوڵەتی خۆیان دروستکرد، بەڵام کورد لەبەر شەڕی ناوخۆیی فریای هیچ نەکەوت، وە هیچ هێزێکی چەکداری کورد نیە لە سەدەی بیستەما شەڕی هێزێکی دیکەی کوردی نەکردبێت.
مشتێک لەخەرواری شەڕی ئابووتکەنی ناوخۆی:
*لە شەستەکانا پارتی و حزبی شیوعی شەڕی یەکتریان کرد، لە ساڵی ١٩٦٤ بە ١٩٧٠ بەاڵی مەکتەب سیاسی پارتی و باڵی مەلایی شەڕی خۆناویان لە دژی یەکتر کرد.

*لە کۆتایی شەستەکانا پارتی بە دژیان ئەندام و سەرکردەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان کوشت، یان بە دیلکراوی رادەستی ئێرانیان کردنەوە.
* لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ەوە تا کۆتاییەکانی ١٩٧٨ لە ناوچەکانی بادینان و هەکاری باکوری کوردستان چەندین شەڕ و پێکدادانی قورس لەنێوان یەکێتی و سەرکردایەتی کاتی پارتیدا (قیادە مۆقتە) رووییاو زیانی گیانی زۆری لێکەوتەوە.
*لە هەشتاکانا لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەزەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی بە یارمەتی سوپای پاسدارانی ئێران شەڕکی قورسیان لە دژی حزبی دیموکرات کرد و بەسەدان کەس لە هەردوولایان کوژران.
*لەناوچە سنووریەکانی نێوان ئێران و عێراقا یەکێتی و پارتی تا ساڵی ١٩٨٦ لە شەڕکی قورسا بوون لەگەڵ یەکترا.
*شەڕی نێوان یەکێتی و حزبی سۆسیالیستیش لە ئابی ١٩٨١ دەستی پێکرد و تا مانگی نیسانی ١٩٨٦ بەردەوام بوو.
* شەڕی یەکێتی و حزبی شیوعیش لە ١٩٨١دەستی پێکرد و تا ١٩٨٦ بەردەوام بوو.
* شەڕی نێوان یەکێتی و پاسۆکیش هەر لە ساڵی ١٩٨١وە دەستی پێکرد و تا ١٩٨٦ بەردەوام بوو.
*لە ساڵی ١٩٩٣ یەکێتی و پارتی شەڕی پێکەکیان کرد و زیانی گیانی زۆری لێکەوتەوە.
* هەر بە درێژایی نووسەکان جارێک پارتی و جارێکیش یەکێتی بە جیا شەڕی پێکەکیان ئەکرد.
*لە کۆتاییەکانی ١٩٩٣ و سەرەتای ١٩٩٤ شەڕی یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی دەستی پێکرد و تا ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو.
*لە مانگی ئایاری ١٩٩٤ خوێناویترین شەڕی ناوخۆیی لە مێژووی کوردا لەنێوان پارتی و یەکێتی دەستیپێکرد، لەم شەڕەیا حزبی سۆسیالیست و حزبی زەحمەتکێشان لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکا یارمەتی یەکێتیانا، حزبوڵای کوردستانیش یارمەتی پارتی ئەیا، لە شەڕکەیا ئێران یارمەتی یەکێتی ئەیا و تورکیا و عێراقیش یارمەتی پارتیان ئەیا، ئەو شەڕە دوای چوار ساڵ و کوژرانی هەزاران کەس لە هەردوولا رۆژی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨ بە ناوبژیوانی ئەمریکا کۆتایی هات.
*سەدەی ٢١یش بە شەڕی براکوژی دەست پێکرد، یەکێتی و پێکەکە لە ساڵی ٢٠٠٠دا شەڕکی خوێناویان لە دژی یەکتر ئەنجاما و زیانی گیانی زۆری لێکەوتەوە.
* بەداخەوە لە ئێستایاو لە ٢٠٢٠زدا دیسانەوە بە فیتی داگیرکەرانی کوردستان شەڕی نەوخۆی ئاگرێکی نزیک و چاوەڕوانکراوە. ئومێدەکەم وانە لە مێژوو وەرگیرابێ و هەڵەی ئابووتکەنی لەوجەر نەکەن.

دوای چوار ساڵ لەشکری براکوژی مەزن گفتوو کرا بەچارەسەر:
کاتی خۆی لە شکۆی ناوخۆی ساڵانی ١٩٩٤ – ١٩٩٨ز مەسعود بارزانی ووتی ، "دەستکانی خەم ئەبەمەوە جاریکی تر تاوقە لەگەڵ مام جەلال بکەم و کەبەمەوە لەگەڵیا.
کەچی دوای چوار ساڵ لەبرا کوژی و شەهید بوونی زیاتر لە ١٠هەزار و سەرنگوم بوونی سەدان کەس و ئاوارەبوونی هەزاران کەسیتر، ناچار بوون دەست بخەنە ناودەستی یەک و شکۆی براکوژی ڕاگرن ، وە بەبەری بوونی خەشیان ڕاگەیاند لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیا.
ڕێکەوتننامەی واشنتۆن:
ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو لە ١٧- ٩- ١٩٩٨ز دا، لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکایەتی مسعود بارزانی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەسەرکایەتی مام جەلال و بانوەندگیری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕێگەی (خانم مادلین ئۆلبرایت) لەواشنتۆن مۆرکرا ، دواتر ئەم ڕێکەوتنە نەشکێ نەئاشتی لەکەتوە تا چەند ساڵێک.

بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام:
لەجەنگی چالدیرانداا١٥١٤ز، لەپاش گەڕانەوەی سولتان سەلیم یەکەم(١٥١٢-١٥٢٠ز) و تێک شکاندنی سەفەویەکان، دایکی لەسولتان ئەپرسێت کوەم چیت کرد؟
سولتان: دیوارێکم لەنێوان ئەمەو سەفەویدا لەگەشت وخوێن دروست کردووە.
دایکی: کوەم چەن؟
کوردەکانم کردەتە پەرشینی سنوری قەڵەم ڕەویەکەم، لەهەر لایەکیان بکوژرێت دووژمنێک کەمتر.
سالی(سەفەربەر) ناوچەی موکریان لەلایەن سوپای ڕووسەوە داگیرکرا بوو، منیش چونکو ڕوسی و فارسی و تورکیم ئەزانی، لای فەرماندەی ڕووس کرام بەوەرگێڕ "دیلماج" "مترجم" ڕۆژێک ئەفسەرێکی عوسمانی گیرابوو لەی دەکۆڵرایەوە و من قسەکانیم وەرئەگێڕا.
فەرماندە لێیپرسی: هەزی سەرکی ئەو چەندە و لە کوێیە؟
ئەفسەرە تورکەکە ووتی: ئەمە لەبڕە هەزمان نییە، تەنیا چەند ئەفسەر و جەندرمەین و هەندە مەلای پیاوی خەمانمان لەگەڵایە، هاتووین بەناوی ئیسلامەتی و غەزای کافران کوردەکانی ئەم ناوچەیە بوروژێنین و بە گژ ئەویانا بکەین، تا بتوانین پشی پشکەوتنتان بگرین، ئەم وروژاندنەش بە ئەمە لەقسە بەولاوە هیچی تناچێت.
فەرماندە ڕووسەکە ووتی: ئەی بیر لەوناکەوە کە ئەم خەڵکە بەبە چەک ناتوانن بە ماویەکی درێژ ئەمە ڕابگرن، دواتر خەیان تیائەچن؟

ئەفسەری تورک ڕاستە و ڕاست گوتی: ئەمە بە ئەمە بایەخی نییە، "ئەوە دووژمنن و کوردکانیش نەیارن"، لە هەر لایەک بکوژرە سوودی ئەمەی تیایە!

ئەو کاتەی شێخ مەحمودی حەفید لەژێر کاریگەری عاتیفەی عوسمانیا خۆکی ڕەش وەوتی کوردوستانی گۆڕیاو ئەیبردن لەشوعەبیە ناوەڕاست وباشوری عەراق بەناوی جیهادەوە بە کوشتی ئەیان، لەکوردوستانیش عوسمانیەکان کەوتبووە ڕاو ڕووت وتو تاڵانی ماڵ وناموسی کورد.
لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی ئەوە "ئوزدەمیر" بوو بەڕێشکی پان و تەزبیحکەوە، مستەفاکەمال ئەتاتورک ناردبویە باکورو باشوری کوردوستان بەناوی گەڕانەوەی خەلافەت و دینەوە شێخ و ناودارانی کوردی فریو ئەیا.
دەمک بوو (حسن کوی شریفی مەککە وهندری مەکماهۆن) بریتانیا نامەگەڕێنەوەیان هەبوو، ڕێکەوتبوون لەسەر ڕادەست کردنی هەردوو قبیلەی موسەمان و دەرپەڕاندنی سوپای خەلافەتی ئیسلامی لەخاکی نیشتمانی عەرەبا.

لە سلەمانی کەڵە شاعیری هەڵکەوتوو "پیرە مەرد" ئامۆژگاری شێخ محمود ئەکات، کەوا تورکەکان دووژمنکی ئەزمون کراوی ماوەبەسەرچوون، ئەوە ڕاستییەکەیە باشترە لەگەڵ ئینگلیزەکانا ڕێکبکەویت، لەپاداشتی ئەم ڕاوێژ و ئامۆژگاریە بەفیتی دەربارو دابەستەکانی دەووری شێخ، پیرەمەرد بەناپاک وەسف ئەکرێت و فەرمانی گرتنی بەدەرئەچێت، پیرەمەرد هەڵەیەت بە قەڕداخ، لەدوایا کاتێک شێخ لەواقیعەکە تێدەگات کار لەکار ترازاوە!

سامانی وەستا بەکر
٢٠٢١-٦-١٤ سوید-ستەکهۆم

ئاسمان، بە ئەمە ئازارێکی تری خودایین.. ئەنوەری ڕەشی عەوڵا

لە باخی خراباتی خێدا، بە دڵپەدانەوە، داریوش ئەم سکاڵا و داد و بەدایین وجودیانەی بیر دەهێنایەوە، کە هەریەکەمان بەجۆرێک

خەمان لە نەناس دەگرت. یاخود نەماندوویست، نەغمەی ئەو هەقیقەتە تاڵانە بژنوینەوە کە هەموو ڕۆژێک بڕیدەکوتین.
بڕاورد بە دنیای ئەمە، کە ئۆپێرای پاکوتە بوو لە پڕشوبڵاویەکی بە سەمەرەدا. کەچی دنیای ئەو دڕۆشە تاک و تەنهایە، بە دڕەختێکی سڕسوزی پڵۆپداری بڕدار دەچوو، لە کاتی زیکر لەگەڵ باکاندا.
داریوشێک لەحاڵەتێکی دڕوونیدا وەهادا، لە تەنیاییەکی قووڵدا سووز سووز بچڕتەوە، لە ڕەی شیعرەوە، دەبوو زمانی وەڵباکانی زەمزەمە و زیکر کردبا، هەتا گوڵەای درەختی خەمکانی پە بدوونەتەوە.
لە ڕەی هەڵبژاردن و تەماسی روحی بە شیعرگوڵکەوە، زانینمان لەو قوڵەندڕبوونیدا، وەک ئینسانێکی وەڵگەڕد، چ ئەزموونێکی دڕوونی، لە ڕەی هونەرێکی راقیی بە ئەمە نیشاندایەوە..؟
بە ئەو سڕگەردانی و گەڵکیەشی، بڕوانە.. دەست وەردەداتە چی، چی
بە مەرج دەگرە بە ڕەدڕبردنی خەی
کەو ئەیەم بڕشانما)
بڕرگی هەر جەنگێک ئەپڕشم
شەپڵی دەریا ئەگرم
شیری بڕرد ئەدڕشم
مانگ بە ماڵەوە ئەبەم
" با " بە نیشانە ئەگرم
هەموو خاکی ئەم زەمینە
بست بە بست ئەپەوم
گەر چاوەکانت ڵازی بن
لە هیچ کارە دەربەست نیم)

وەها زمانی هەڵهەناوەتەوە، وەک بڵێی: مەحاڵ، بە واقیع دەکا، گەر چاوەکانی یاری لە دیاربە.
داخوا عارفەکیش هەروا، بە ئیمکانیەتێکی روحیانەی وەهاوە، لە زیکری مەعشوقەکەیدا نیە..؟

لەو دەخەدا، داریوش بڕر لە هەرشتێک بەدەرگایەک دەچوو، لە هەر بڕرگ و باخ و خڵوەتێکی عیشقەکدا بووبین، جێی هاموشۆی دەدەنگیەکانی هەمومانی تیا دەبوەوە.
چون دەنگی داریوش لە هەناوی ئەو شتانەوە دەردەهاتن، کە کەنارخراون، دەبوو ژیانیان بەبڕدا بکرێنەوە.
بە بەهای نوێی هونڕیەوە، دڕبکەوتنایەتەوە، بە ئەوەی

بەهادارانە بە هەناسەیەکی نوێی ژیانمەندییەوە، بژین.
بە هیچ هەڵە تێگەیشتنێک، بە ئاوەژووی ویستبەتی، خۆی سەپاند، بە ڕوحێکی باڵای هونەرییەوە، کە پەنجەمۆری دەروونی داڕیوش، خۆی پێوەبوو.
گەر وانەبا، داریوش وەک هەر گەرانیبەژێک وەرزێک دەهات و دەچوو، ئاوجا ون دەبوو.
هەبەت ئەو ڕە هونەرییەی داریوش گرتیەتە بەر، ڕاستە ڕێیەک نەبوو. لەخوێ دەشتە، نا...!
بەکو پێچاوپێچ، پڕ لە بەرزی و نزمیی بوو.
بەیەکا گەر کەسە ویستبەتی موسافیری دنیای ئەو بە، چاڕ ببینە، نابە ببێشکە، کە لەیەککاتدا کارە هونەرییەکانی ، وێنای کەسایەتییەکی یاخیبوو.. کەسایەتییەکی خەرابات نشین.. کەسایەتییەکی دڵاو و نائارامی بە کردبین.
لە توڵی درکاندنی گوزارشتەکانیەوە، ئەمڕی بە ئاگا هێنا، بەوڕی، دەبە گوێیەکی نوە لە خەماندا شک ببەین، هەتا گومان لە ئاوازێکی تر، نەغمەیەکی تر، زەمزەمەیەکی تری ستراتبەژێکەوە بێت.

ئاڵوڵا دەیبینین چۆنە بە ڕوحێکی باڵاوە، لە هونەرێکی خۆی ڕوانیوە، هەر ئاوەش ماڵە ڕاستقینەکەی ئەو بووە.
ئەمە بەو مانایە نیە، دوور لە نەڕەنێی ساواک و ناسیۆنالیستەکان، ژاوەژاوی ئایدۆلۆژیستەکان، قوە و لیتەی مەزهەبییەکان، چنگیان لەگەڵی گیر نەکردبە..
لەو ماڵە هونەرییەیدا لە ڕەی غەزەلەکانیەوە، لەو ماڵە هونەرییەیدا دەتوانین هەستی پێبکەین،
لە باخی یاخیبوونەکانی خەیدا، چ شەیدایانە نەغمەی ئەو وەگەردی و دەروەشی و پەتیارەیی خۆی چۆنە ئوستادانە و بوێهیمیانە، چێوە و دەگەڵتەوە.
دەی ئەگەر ئەو گوێیە شک ببەین ، ساناتر دەیژنەوین، ساناتر دەیبینین، ساناتر دەیبیستین، ئاوجا لەگەڵیدا وەسە دەبین.
لەوڵا تەدەگەین، بە چ ڕاددەیەک بە دنیای شەڵ و ئاشتیەکانی ناو دنیای شیعرەوە پێوەستە.
لە ڕەی هەبژاردنی شیعرەکانەوە... تەدەگەین، ویستوەتی کوڵکی جوانخاسی غەزەلخوێنی چ ماڵ و عەرشێکی هونەری بە. لە ڕەی هەبژاردنی شیعرەکانەوە، تەدەگەین، لە کوڵەوە ئازاری دەستجەمعی ئینسانی ئەمڕی ناسیووە و سەر لە نوێ، بە لاوونی خۆی دواندونی.
بەیە کەم و زەر لە دەیی هەشتاکاندا، ئازارەکانی ئەو ئینسانە بە ئاوازێکی تایبەت، کە لە ڕوحی خەیاڵەوە بەاچێی دەکرد، ئەو هەیجانە

دڕوونیی یە،
بە گیانی هەر کەسکی هەشمەنددا کەم و زۆر گۆاوە.
ئاوەی بە شاویک لە شاوکان دەی بە ئازادی لێدابە، ناتوانێ بەر تاڵیسمی وەسوەسکانی داریوش نەکەوتبێ.
واتا ئەو کەسایەتییە گەر بە نەفرەتلێکردنیشەوە بووبێ، لە یادەری هەموماندا بوونی هەبووە.
ئەمەش ئەو تاڵیسمە بوو، کە داریوش هەڵگری بوو.
ئەمە هەما و سیما و پەنجەمەری هونەرییانەی ئەوبوو..
تا ئەو راددەیەی ، سیمای هونەرییانەی داریوش، بە روحە یاخیبووەکان، ڕەشی وەک ڕەشی، پینک فلۆید وەهابوو لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتتر بە ئینگلیزەکان .

سەبارەت، بە جەمعەک لە چەپگەرای رادیکالیش، تیایاندا جێکەوتبوو، کە هەموو شتێکیان بە قەپانی ئایدەلۆژییەکیان دەکێشا.
لە دەستیان بهاتایە بە جۆهەری هەموو شتێکدا روو دەچوون، بە ئاوەی ماسکەکانیان لەسەر روو لابەن، ئەمە توێکاریەش، بە غەیری ئایدەلۆژیاکەی خۆیان نەبێ، کە جێی گومان و تەماان نەبوو،
ئەگینا سەرسەختانە، بەریان دەدایە وێژەی هەموو شتێک، کە تەنها لە ڕەنگی خۆیان نەبێ. بۆیە نەیاندەتوانی بەس ڕەخنەیان بە دەرەوەی خۆیان نەبێ. ڕەخنەش نەبوو، بگرە نەفرەت بوو.
بە غەیری، ئاوەی تەماقین دادرابوون، بە ئەفیونی ئایدەلۆژییەک، گوێیان بە شتێک بدایە، تەنها بە ئاوەبوو، لەسەر ئەو یەقین و باوەڕەو گوێی لەدەگرتیت، هەتا بزانێ بە چرپای ئایدەلۆژییەکەی بیپەوەت.
هەندێ ڕوودەچوون بە گۆژانی ئایدەلۆژییەکەیاندا، هەتا دەگەیشت بەوەی:
" هیچم لەت ناوێ یان هەموو شتێکتم لەت دەوێت ".
هەمیشە بەرژەوەندی بە قەید و شەرتی کرێکاران و زەحمەتکەشانیش بە پەداگیری و دەمارگیرییەکانیان پاساویان بووە، بەو ئاخلاق بەندیی جەنگاوەرانەوە، دەهاتە پێش، تەنها بە ئاوەی قەو قەپت پێبکەن. چون خۆی یەکەمین کەسە، قەوقەپی پێکراوە، لەو نەو میتادی ئایدەلۆژییەکیدا، کە دنیا هیچ نییە، جگە لەوەی چاوی عەقیدەکەی پێدەبینێ.
لە جۆهەردا ئەمەش وەک صەدەقەلاهو عەظیمی موسەمانان وەهابووە لە بەرامبەر سەنگەسارکردنی شەیتاندا.
هەر بۆیە، لە دواجاردا دنیای هونەری داریوش، بە پێودانگە ئایدەلۆژی و سیاسییەکەی ئەوان، تەنها دەیتوانی وردەبورژوایەکی

ناڕازی بێت بە دنیای سەرمایەداری و هیچ بە دەستەوە.
ئاسۆ بە چەپێکی ئاوا رادیکال، داریوش هەر منارێکی لاساری دنیای سەرمایەداری زیاتر نابە. ئیتر لە دەخە شەرمهێنەرەدا، زەرجار هونەر کورت دەکرایەوە بە ئەم ئینشا و مەحفوزاتانەی لە ڕەی حزبەوە دەرخواردیان دەدرا.
هەندێ لە بیری عەقیدەکەیاندا بوون، با بەو راددەیەش لە بیری ئەوەدا بن، ئاخە کەسێک بە پشتوپەنای حیزب و گروپێکان دەتوانێ ڕەخنەکی هەبێ...؟ بە داخەوە لە بیری ئەم ئێندەشەکردنە، بە ئەوان داریوش لەو منارە لاسارانە دەچوو، ناخودئاگا بەر ئەفیونێکی سەرمایەداریی کەوتبێتەوە، گەرچی دژیشی دەبە. لەوە بترازێ، هەرچی بێ، ناتوانن بیبیستن. بەر ئەفیونی ئایدئۆلۆژیا کەوتوون بە قەولی مارکەز.
ئەوی وردە بەرژوا، ئاڵتەرناتیڤی بە ئەو سیستەمە سەرمایەداریی یە پێ نییە.
کەوابێ لە ڕووی پراکتیکییەوە، هەر دەکاتە سەرکردنی گیانی شۆشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەم ڕەگەیە ئاو دەکاتەوە بە ئاشی سەرمایەداریدا.
ئەمەش بە پاساوی ئەوەی، لە میتۆدی هونەری داریویشدا هەموو هاوکێشەکان، هەموو شتێک ، دواجار خەراباتێکن.
بەم هەموو لێکدان و لێدەرکردن و دابەشکارییانەی، وجودییەکانی ئەو حاڵە، سیاسییەکان و ئەهلی قەڵەم، و عاشقان، داریوش بەو هەموو لێکدزییەوە دەنگێک بوو، نەدەتوانرا نەبیسترێ.
ڕەنگێک بوو نەدەتوانرا نەناسرێتەوە.
بە هەموو ئەو تەفسیر و ڕوانگە جودایانەوە، گیانە تەنیا و ئیعتیرازییەکەی داریوش لەوە ڕەنگاو ڕەنگتر بوو، جێی ڕاستەو میانڕەو و چەپەو، ئیماندار و بە ئیمان و خەرابەتیکیشی تیا نەبەتەوە.
چون بەر لە هەرشتێک خەمی ئەو خەمێکی ئینسانی بوو.

" هەرچیەکم دروست کرد
دواجار شکا
شکا... شکا
من هەمیشە دەڕووم
دەڕووم.. دەڕووم.. دەڕووم.

ئەهلی دەسەڵات توانای ئەوەیان نەبوو، لەیان نەدەوشایەوە، بچنە ژێر باری شکست و دەڕانکانیانەوە، هەموو ئەبانکانیان دەنایە

ئەستەی نەیارەکانیان و بە تایبەت سەرمایەداری.
ئەزموونی داریوش، لە پارادۆکسیەتێکدا لە جستوجۆدا بوو، نەدەتوانرا بە راستە و پرگاڵ، صرات مستقیمی هیچ ئایدۆلۆژیەتێک بپەورێت و بە هەر عوزر و بهانەیەکەوە بێت، ئازادییەکەی زیندانی بکرێ.
دەنگی ئەو گۆرچی سرک بوو، روحی تەدابوو، بە پەی توانایەک کە هەیبوو، عاشقانە گوزارشتی لە خەمە وجودییەکانی ئینسان دەکرد.
بە هەر یاخیبوونێکەوە کە هەیبوو، لەو ژاروژەنگەی رۆژگاردا، لە داچۆانیدا، سەر بە ژیان بوو. چۆنە نائومێد بوایە، بە ژیان دەجەنگی و ژیانی نەدەکوشت.
زۆرێک لەو جۆرە عەقیدەیی و ئایدۆلۆژیی و مەزهەبی و شاهانەیی ئەودەم، کە لە دەستیان دەهات بتکەنە خانی خانان یاخود تەزی بانان، بەو هەژموونە ئایدۆلۆژیانەوە کە لەگڵ خۆیاندا، بە جۆرەوە دەیانگڵا و دەیاسپاند، کەوتنە کناری رووداوەکانەوە.
کەچی داریوش گۆرچی تاک و تەنهاش بوو، بە بەندیی خۆیەوە مایەوە و وەستا.
چون لە رەی خوەندنەکانیەوە، پەوەی دیاربوو، خەی تەرخان کردووە، وردە وردە... تەیار و گورجوگڵە، بە هەر هەلاکتێکەوە کە دەیچەشت، ژیانی لە هونەردا، دەژیاندەوە.
هەبەت لە کەمەگایەکی مەرگدەستدا، لە نەو ئەو پاشڵەکانەدا، ئەو باوەش کردنەوەیەش بە ژیاندا هەوەستێکی کەم نەبوو.
رۆژان و ساڵان رەکردن بەنەو چرکە چرکی دەکەزیی و ئازارەکانی زیندەگیدا، هەریەک بەجۆرێک سەر هەڵدەگرت، ئا لەوەدا باوەش کردن بە مەحەبەتدا، دەبێتە فەزیلەتێکی دەروونی بەمان، پەموابە ژیانیش بە نوێکردنەوەی خەی؛ ئەمەی لەمان دەوێت .
یانی دەبوو هەندە ژیریت لە خەتدا شک ببردایە، هەتا عارفکت لە روحتدا کەشف بکردایە.
تاوەکو بەرگەی ئەو هەموو جۆر و خواروخچیانەی وجود بگرێ و بە خەی بڵێ: " ژیان نەدەبوو ببێ، بەڵام بەهەر داماان و دزەوی ئافەریدەکارەکانیەوە هەیە "
چون داریوش وەک کەسایەتییەک، تیشکێکی زیندووی هونەر بوو، نەیدەتوانی هونەرمەند نەبێ. یانی عیشقی بە دنیاکەی خەی نەبێ.
بەپەروا بە ئەو سەر و سەودایە دەژیا.
ئەزموونەکانی ئەو دەورانە، پەی قەبانین، پەی سەلماندینەوە، حەماسیەت هەر شەرعیەتێکیشی هەبێ، هەر رەوتنیە..و عیشق بە هەر سەرشتییەکیشیەوە کە هەیەتی، هەشتا ئارامگرتووترە.
گۆ گرتن لە داریوشێک کە عاشق و دەروشی دنیاکەی خەیەتی، بە

هەموو خەمگینییەکیەوە، ئارامیهێنە.
فڕێت نادات، شەرەنگیزییەکانی ژیانەوە، بڕەکو بە حەسرەتکەوە، کە هەست کردنە بە لەپرسراویەتێکی ئینسانیانە، بەیانی دەکا، مرۆڤ چۆن لە نێو خەرابات‌کانی عیشق و تەنیایی و ژیاندا سەرمەستانە ونبووە. لە بەدەنگی شتەکاندا نقومە، کە خەیان کشاندووە بەسەر هەموو نهێنییەکاندا.
نهێنی نیگا بەدەنگەکانیش
" بە دەنگیتم نەزانی|
سەیرکردنم تەنەگەیشتی
من هیچم نەووت
و
تۆش هەرگیز نەتپرسی "
بڕیار هەر ئەو مرۆڤە، لە هەر چوارچێوەیەکدا بێت، بە هەناسەدانەوەیەکی تر، کۆتا نادا، چون مەحکومە بە ژیانی خۆی.
هەیە ئەو مەحکومیەتی ژیانی.. پڕ بەتاڵ بەتاڵ، بەیە هیستریایانە، لەوەش یاخی دەبێ، هەتا ئەوپەڕی دەست چوونە خۆ. واتا خودکوژی. یانی یاخیبوونیش لە خودی خۆت..
ئەم تێکشکاندنەوەیەی هەموو شتێک، ئەوەی هیچ دڕندانەک نەماوە بە چاککردنەوەی، بە خاتری هاندانەوە، بە هێبوونەوەی هیوایەک، دەبوو هاندەری ئەوە بیت، بە خێکی بڕیی گرێ و گۆڕکانی خۆت ببینێ، شەرمی لێ مەکە.
بڕیام کە هەموو شتێک بەرەو وێران بوون بڕوات، هیدایەت کردنەوەی ئەویتر زەحمەتە زەحمەتە.
بە ئەم هەقیقەتە تاڵەش، با گشتێک بکەین بە:

گەرانی ساڵی دوو هەزاردا..) مانفەستی هەرسهێنانی ئینسان.)

ئێنوەری ڕەشی عەوڵا _ مانچستەر
"""""""""""""""""""

"سەرچاوە: بەنی گەنم- کتێبی کەمێک شیعری داریوش ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: پشکۆ ناکام

پۆپاگەندەی وێران بوونی هەسارەکەمان لە ئاگەیاندنەکانەوە! هەرێم عمر کاکل

بەهۆی ئەو پشکەوتنە بەرچاوەی کە لە جیهانی ئەمڕۆکەدا بەدی دەکرێت لە هەموو بوارەکانی ژیانەوە , بەتایبەتی لە بواری ئاگەیاندن و میدیایدا کە ئەم بەرەوپێشڤەچوونە لە بواری ئاگەیاندن و میدیاییدا خەریکە کوردستانیش بگرێتەوە و بەردەوامیش هەنگاو دەنێت بۆ بە بەئەکادیمی بوونی ئاگەیاندن لە کوردستاندا. بەڵام دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین زۆر بوون بەمانای باشترین نایەت . چونکە هەندێك جار بەهۆی مەرامی کەسی ووشەکان وایان لێدێت هەڵە لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگا دروست ئەکات و دەرەنجام ترس و دڵە ڕاوکێ بۆاو ئەکاتەوە .

ڕەنگە لەیادمان بێت کە هەموو ساڵێك دەنگۆی لەناوچوونی هەسارەکەمان بۆاو دەبێتەوە هەر لە دەرکەوتنی کلکداری هالی بۆپ لە سالی 1994 و پاشان هەوالی بەرکەوتنی بەردێك لەساڵی 1997 شوماخر لیفی کە بەر موشتەری کەوت و پاشان دەنگۆی لە 2012 کۆتایی هەسارەکەمان و پاشان بەرکەوتنی موشەکێك بەر هەسارەکەمان لەم سالانە ,کە ئەمانەش دەرەنجامی چەند ووشەیەکی هەڵە وەرگێردراو پاشان گەورەکردنی هەڵەکە و بۆاو بوونەوەی ترس و دڵەڕاوکی لەنێو کۆمەڵگای کوردی , بۆ ئەوەی بیر لە تاکی کۆمەڵگا بکرێتەوە کە توشی چی ئەبێت کاتێك لەژێر ڕەحمەتی دوا ووشەکانی نوسەرێك بێت کە بەهۆی مەرامی خۆی بەم شێوەیە بابەتێك بۆاو دەکاتەوە و کەی بیەوێت هەواڵی لەناو چوونەکە بۆاو ئەکاتەوە, سەرەنجام نە هەواڵەکە و نە بابەتەکەش ڕاست نەبوو!!!!!؟.

کاتێ زانایان ئەوە دەسەلمێنن کە هەسارەکەمان بەر لە 4.6 ملیار ساڵ دروست بووە و بەچەندین گۆڕانکاری تێپەڕ بووە تاکو گەیشتۆتە ئەو هەسارەیەی ئێستاکە و ژیانی تێدا فەراهەم بووە . ئێمە ڕەنگە لەو هەقیقەتە زانستیە لا بدەین کە بمانەوێت لەماوەیەکی کورت بزانین بە چ هۆکارێك ئەم هەسارەیە لەناو دەچێت و لەگەڵ ئەوەش بە چەند مانگێك گریمانەیەکی بۆ دابێژرێت بۆ لەناو چوونی بیکەیتە پۆپاگەندەی لەم چەشنە و دووبارە بیلێیتەوە :

- کاتێك تێ بتەوێت لەناوچونی ئەم هەسارەیە پەیوەست بکەیت بە گەلی مایا کە گوایە ئەوان لە بواری ئەستێرەناسی جێ پەنجەیان دیار بووە ورژمێریان دا هێناوە و لەم ڕووەوە کاتایی دیت کە ئەمەش هیچ ڕاستیەك هەڵناگرێت .
- یاخود ڕیزبەندی هەسارەکان بکەیتە هۆکار گوایە هەموو هەسارەکان لەسەر یەك هێڵن ئەمەش بکەیتە ترسێك بێ ئەم ئەگەرە کە ئەمەش لەڕووی زانستیەوە نەخوازراوە.
- بڵێیت گەرمی خۆر بە چەند چرکە ساتێك بە ووشە بکەیتە بەستەڵەك و گوایە هۆکارە بێ لەناو چوونی ژیان هەسارەکەو مرۆڤایەتی .
- یاخود هەسارەکەی (نیبرۆ) کە لە سەردەمی بابلیەکانەوە بەر لە 3000 ساڵ گریمانەیان بۆ کردبوو . بمانەوێت لەم ماوە کورتەدا بەدیاربکەوێت و خۆی بەزەویدا بکێشێت و هەسارەکەمان وێران بکات و هەموو ساڵێك نیبرۆ دوبارە بکەیتەوە کە لە ئەتلەسی فەلەکیدا بوونی نیە .

ڕەنگە ئەمە ئێستاکە دوای چەندین سال بیر لەوە بکەینەوە کە ئاخۆ چۆن بۆوامان بەم کەمەڵە گریمان و پێشهاتە کردبێت و دەڵاوکێمان بووبێت ئەوسا بۆ هەسارەکەمان لەناوبچێت , بەڵام لەڕاستیدا کاتێك کەلێنی زانست لەبواری ڕاگەیاندن بوونی هەبێت ڕەنگە ووشە کاریگەری خۆی بکات بە هەرچەشنێك بێت . لێرەدا ئەوهەقیقەتە بەرچاوەکەوێت کەبواری زانست پێویستیەکی گرنگە لەنێو ڕاگەیاندنی کوردیدا لە ئێستاکەدا بوونی هەبێت, تا جارێکی تر کەمەگاکەمان توشی هەڵە و ترسێکی لەم چەشنە نەبێت بۆ ئەوەی جارێکی تر دەنگی لەناوچوونی هەسارەکەمان بەچەند ووشەیەکی ئەستێرەناسەکان لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاونەبێتەوە هەسارەکەمان دووبارە لەوێران بوونی ووشە بپارێزرێت !!

هەڵم عمر کاکل

ئافرەت لەنێوان تووندوتیژی و ململانێی کۆمەڵگە.. شوانە حەسەن ئەبوبەکر

دەقی ئەم چەمکەی سەرەوە دەتوانین بەبێ پێکدەت لەو کردە تووندوتیژییانەی بە شێوەیەکی سەرەکی دژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێت و ئەم جارە تووندوتیژییانە بە جۆرێك لە جۆرەکانی تاوانی کینەیی دادەنرێت کاتێك بە تایبەتی ئاراستەی ژنان و کچان دەکرێت لەبەر ئەوەی کە ڕەگەزی مێن. تووندوتیژییەکانی دژی ژن مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، هەوداو و هادەی تووندتی کردەکان لە کاتێکەوە بە کاتێکی تر و لە کۆمەڵگەیەکەوە بە کۆمەڵگەیەکی تریش دەگۆڕدرێت. ئەم کردە تووندوتیژییە بە هێکار و شێوازێکی چەوساندنەوە و داپلۆسینی ژن دادەنرێت چ لە کۆمەڵگە یان پەیوەندی تاکەکەسی دا بێت و دەکرێت هەکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ هۆستی (خاوەندارێتی، باڵادەستی، سروشتێکی دەروونی تووندوتیژانە و کینەیەکی زکماکی) بەرامبەر بە ژن لەلایەن کەسی تووندوتیژەوە.

ئاگەیاندنی نێتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی نەهێشتنی تووندوتیژی دژی ژنان دەڵێت "تووندوتیژی دژی ژنان بریتییە لە بەرجەستەبوونی پەیوەندییە مێژوویە نایەکسانەکانی نێوان ژن و پیاو وە تووندوتیژی دژی ژنان یەکێکە لە ڕەکار و شێوازە سەرەکییەکان کە ژنان بەزەر و ناچاری دەخرێنە ئاستێکی نزمتر و کەمتر بە بەراورد بە پیاوان."سکرتێری گشتی نێتەوە یەکگرتووەکان، کۆفی ئەنان لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٠٦ کە لە ئابوونەی پەرپەدانی نێتەوە یەکگرتووەکان بە ژنان بەناوکرابووەوە ڕایگەیاند: تووندوتیژی دژی ژنان و ژنان کێشەیکی گشتگیرە و لە جیهان دا بەلایەنی کەمەوە هەموو سێ ژنێك دانەیەکیان هووبەووی لێدان، سێکسی زۆرەملێ یان دەستدرێژی بووتەوە لە خاڵێك لە خاڵەکانی ژیانی دا کە زۆرجار کەسی دەستدرێژیکەر کەسێکی ناسراوی ژیانی ژنەکە بووە.

تووندوتیژی دژی ژنان دەچێتە خانەی چەند پاڵ و بوارێکەوە وەک تووندوتیژی لەلایەن تاکەکەس و دەوڵەتیشەوە ئەنجام دەدرێت. هەندێك لە جۆرەکان کە لەلایەن تاکەکەسەوە ئەنجام دەدرێت (لاقەکردن، تووندوتیژی خێزانی، دەستدرێژی سێکسی، منداڵ خستنەوەی زۆرەملێ، کوشتنی کچێ ساواکان، دیاریکردنی ڕەگەز پێش لەدایکبوون و تووندوتیژی پێش لە دایکبوون) و هەروەها کردە باو و نەریتییەکان

وەك (کوشتن لەسەر ناموس، توندوتیژی لە کاتی دەستگیرانی دا، خەتەنەکردنی ژنان، هاوسەرگیری لەناچاری و فرۆشتنی ژنان و هاوسەرگیری زۆرەملە). ئەو توندوتیژییانەی لایەن هەندەك لە دەوڵەتانەوە ئەنجام دەدرێت (لاقەکردن لە کاتی جەنگ دا، توندوتیژی سێکسی و کۆیلەکردنی سێکسی لە کاتی ناکۆکییەکان دا، نازیك کردنی زۆرەملە، منداڵ لەباربردنی زۆرەملە، توندوتیژی لایەن پۆلیس یان کەسانی دەسەڵاتدار، بەردبارانکردن و بەقامچی لەدان) و چەند شێوەیەکی تری توندوتیژی وەك بازرگانی کردن بە ژنان و لەش فرۆشی زۆرەملە کە دەکخراوە لایەن تۆڕە تاوانکارییەکانەوە.
دەکخراوی تەندروستی جیهانی (World Health Organization – WHO) لە لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی توندوتیژی دژی ژنان هەستاوە بە هەستەنگاندن و پۆلێن کردنی شێوازە جیاوازەکانی توندوتیژییەکە کە وودەدات بە درێژای قۆناغەکانی ژیانی ژنان لە پێش لە دایکبوونییەوە تا تەمەنی پیری.

شکۆدانیە کە ئاستی کولتووری و روشنبیریی خەڵک و کۆمەڵگا لەپێوەندی لە گەڵ پرسی یەکسانی و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا لەخواروخێدایە. توندوتیژی کۆمەڵگا پێویستە بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاوە، توندو تیژی دژی ژنان لەزۆرێك لە کۆمەڵگاکاندا باوە جگە لەئاینی سپێندراو و نزمی ئاستی هۆشیاری تاکەکان لە کۆمەڵگا و ئەو داب و نەریتەو سیستمە کۆنە کۆدەرژایی مێژوو ولاتان توشی بوون. توندو تیژی دژ بە ژنان لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێدی دەکرێت ،بەڵام ئاستی ئەو توندو تیژیانە لە کۆمەڵگایەکدا بە کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە. بەو مانایا کە توندو تیژی لەو وڵاتانەی کە دیمەکراسی تیاندا بەر چاوەو لە ئاستێکی باشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدان ، بەدیدەکرێت، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە کە لە وڵاتانێك کە قانون و یاسا حاکمە، ڕێگە بە هیچ توند و تیژیەك نادرێت و مافی ژنان و پیاوان لە یاساکان مسۆگەر کراوە و لەوانەشە لە هەندێك بواردا مافەکانی ژنان لەو وڵاتانەدا زیاتر بێت لە مافەکانی پیاوان ، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگا سونەتیەکان، یاساکان لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەب دارێژراون کە لە زۆر بواردا دژیاتی هەیە لە گەڵ یاساکانی مافی مرۆڤ. دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان پیوەندی نیە بە کومەڵگایەکی تایبەت واتە دەسەلاتی سیاسی یان کومەلایەتیەکی تایبەت بەڵکوو لە هەمو کومەڵگایەکی مروڤایەتی بەر چاو دەکەوێت. توندوتیژی لە دژی ژنان دیاردەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵگەی جیهانییە و بە شێوەیەکی بەربڵاو بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بەیانووی نەپاراستنی بەهاکانی نەو بنەماڵە، بە

توندترین شەوە ئازار دەدرێن تەنانەت دەکوژرێن. ژنی کورد بە هەی نەریتی پیاوسالاری و سیستەمی ئاینی بارودۆخێکی باشی نییە. لە جانامەی پێشگیری لە توندتیژی دژی ژنان پێسندکراوی کەمەی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتوە، مەبەست لە "توندوتیژی دژی ژنان"، هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببەتە هەی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی، یان دەروونیی ژنان، وەک لەدان، هەشە، بەبەشکردنی زەردارانەی ئەوان لە ئازادی، زۆری لە کردن و هتد کە لە ریزی رەفتار و کردەوەی توندوتیژدان".

شوانە حەسەن ئەبوبەکر

کۆتایی من.. ستیڤان شەمزینی

کۆتایی من ئەکەوێتە
دەستپێکی وەرزە ئاڵاکانی عەدەم
هەر ئەو دەمەی تاریکی
چاوی شەمعەک کوێر ئەکات و
ئەو دەمەی ئاو گە لە خەی بڕئەدات
منیش کۆتاییم دێ
کۆتاییهاتنم ئەکەوێتە
دوا وەرزی چاوەوانیی بەساڵاچووم و
لە هەاجکردنی تەمەنم
لە بازاڕە چەکەی مردندا دەستپێئەکا
کۆتاییم لە دوا دەی قەسیدەیەکدا
خەی حەشارداوە و
بە دوا قۆتری خوێنم نوسیوومە
ژیان دەکەک بوو لە ڕەحم چەقی
کۆتاییم لە سەرەتای ئەو گەمەیەوە دەستیپێکرد
تە ناوتنا عەشق و
منیش بە گەمە شەرحنەکراوەی مەحاڵ
پێناسەم کرد
کۆتاییم ئەو شەوە شەختەیە بوو

لەگەڵ بارانی هاوڕێما هاتم و
وەک کەترێک
لەبەردەم پەنجەرەی بە مرووەتیتدا هەڵتروشکام
کەتایەم ئەو رۆژە تاڵخ بوو
بەدەم سەفەرکەوە رژام
بەدیار تەنهایی و خەونکی پیرەوە
بووم سەراب
کەتایی من ئەو ئەوارە مەلوڵە بوو
دەم سەرتاپا بوو بە سەحرا و
ئاسمانی دەم بە بەدەنگییەکەت
ببووە گەستانی ئەستێرە و مانگ
کەتایی من ئەو سپەدە دەتەنگە بوو
بە ئازارەکانی وجوددا هەڵزنام و
لە بەرزایی چیای وەهمەوە
بەربووم بە نەو کەشی هەقیقەت
کەتایی من نیوەیەکی فەدارە
تیایدا برینی خەمگینیم ئەکولەتەوە و
قورگم لەوانلەو ئەبەت
لە نەتەی رەشپەش و گرینک
کەتایم زەردەپەڕکە پەرداخی ئەوینم
سەرەوەژ ئەبە لە وەحشەت و
تەوی فەنابوون
لەسەر بست بە بستی
ئارەزووە پەمەییکانم ئەوە
کەتایم ساتکە گەژەووکەی دووریی
ماڵی عەشقی پەرش و بڵاو کردەوە و
شەرپەنجەی گوومان
هەشووی هەموو یەقینەکانمی داڕزاند
کەتایی من ئەو چرکەساتەیە
پەکەنینەکانم رەنگی گەستان ئەگرن و
دەە کریستاییەکەم لەژەر هەوری دەقییەکانتا
هەپروون هەپرووە ئەبە
کەتایی من ئەو زەمانەیە
ژوانگەکان ئەبنە سەنگەری سەربازەکان و
شاری قاقا و خەنینەوەمان
پە پە ئەبەت لە ترس و بەدەنگی
کەتایم لەو عەسرەدا ئەبە

پەپولە بەتەمەتی بەنکردنی گوڵ
لە قەنارە ئەدرە و
ئەهریمەن روناکی ئاتەشگای عەشق
لە رەنگی قەترانی تاریکی هەئەکەشە

هاوینی 2013
تاران – شەهریار

- هوتەل باغ گەلاس –

سەمای پشەسور.. عەلی حەمەشید

پشەسوور برسی بوو
هات بە لام ، بە میاو میاو
منیش چووم، خواردنم
بە هەنا ،لەگەڵ ئاو
کەتربوو، یەک دووجار
لەسەریەک ،میاوانی
هەرسەیری ،دەکردم
بەڵێ منی، دەڵوانی
ئیتر ئەو ،وەک جاران
کەوتەوە ،سەمای خەی
گێڕانیم، بە دەوت
چەپڵەم لێ، دەدا بەی
منداڵان ،پەیدابوون
ورد و جوان ،نەشمیلە
هاتبوون، بە سەیری
سەماکەی، پشیلە
پشەسور، بە میاو میاو
خەریکی، سەمابوو
ئەوانیش، چەپڵەیان
لێدەدا ،هەرهەموو

…
٢٠٢٠/٧/٢٧

کام داستانی سەفەر؟!.. سەدیق وەندزی

بۆگومان مافی هەموو کەسێکە چۆن و لە کوێدا ئارەزوو دەکات بژیت. ئەمە بەشێکە لە ئازادییەکانی تاك و لە جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤیشدا چەسپێنراوە. چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و عەودالی بەختەوەرییە، بۆیە لە پێناو بەختەوەری خۆی و گەیشتن بە ژیانێکی بەختەوەرانە، ئامادەیە هەموو قوربانییەك بدات و ئەوسەری گەردوون، تا ئەوسەری تەی بکات. لەو وانگەیەشەوە، لە دوای ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستاش، لێشاوی کۆچکردن و جێهێشتنی نیشتمان، لای مرۆڤی کورد بوونی هەیە و بەردەوامیشە، بە مەبەستی گەیشتن بە بەهەشتی ئەوروپا. بەشێکی زۆر لەوانە، ئامادەنە پشت بکەنە نیشتمان و هەموو شتێك و هەرچی لە نیشتمان هەیە، بە ناشیرین و قێزەوەن نیشانی بدەن. یان ئامادەن هەموو ڕووشاندنێکی کەسی، وەك گۆڕینی ئایین و نەتەوە و زمان و کولتووری نەتەوەییش قبول بکەن، تەنها لە پێناو پارچە کاغەزێکی بێ هاو بێ ئەرزش، کە ناوی مافی مانەوەیە. ئەمە وەڕای ئەو هەموو تێهەدان و شکانەوە و ریسواکردنە بەدەستی پۆلیس و سنووورداشکردنەوە. بۆگومان تا ئێرە ئاساییە و بەشێکە لە تێگەیشتنی خۆیان و ئازادی کەسی خۆیان، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە و دەبێ ڕەت بکرێتەوە ئەوەیە، کە تێ بڕیت چیڕۆکی هەڵاتن و سەوداسەریت لەگەڵ قاچاخچی و جێهێشتنی ئازیزان و سووکایەتی پۆلیسی وڵاتان و هەموو شکانەوەیەکی دیکە، ناوبنێیت داستان. وەك ئەوەی مژووڵکی تازەت لە قارەمانییەتی و خۆاگریی و داهێنان تۆمار کردبێت.

چ ئازایەتی و جوامێرییەك لەوەدایە، کەسانێك شەق و تەهەدانەکانی پاسداران و ژەندرمە و پۆلیسی وڵاتان، بە داستان بزانن؟ نازانم ئەو کەسانە ئەو بوێریەیان لە کوێ هێناوە، لە کاتێکدا بە ئارەزووی خۆیان و بە خواستی خۆیان، ئەو ڕێگەیان هەڵبژاردووە. کتێبی (

داستانی سەفەر) نەك هەمان، وەك ئەوەی نووسەرەكەی شوناسی هەمانی داوەتە پاڵ، كتێبەكە لە بارەی كۆچكردن بۆ هەندەران و هووداوە دڵتەزێنەكانی ئەم هەگەیە دەدوێت.
ئەم كتێبە، دەكرێ بەم جۆرەكە لە یاداشتی هەژانەی ئاسایی، كە نووسەرەكەی لە هەگەی سەفەر بینیویەتی و هەژانە تۆماری كردوون. ئەم سەفەرە، لە ساڵەكانی شەڕی ناوخۆ و سەرەتای نەوەدەكانەوە لە هەولێرەوە دەست پێ دەكات و بە ئێران و توركیا و یۆنان دەڕوات و دواتریش بە ئەوروپا كۆتایی دێت. نووسەر، دوای ئەوەی لە هەگەی كۆچ بەرە و هەندەران، لەگەڵ چەندانی تر بە یاساغ سنووركان دەبڕێت، ئیدی چەندین نەهامەتی و سەختی دەبینێت. ئەوان ناچارن، شیری بەراز بخۆنەوە، شەراب بنۆشن، گوێرەكە بدزن، لەم دێ بۆ ئەو دێ لە ترسی پۆلیسی وڵاتان هەبێن، تەنانەت كەسانێك هابواردن و گەمەبازیشیان لەگەڵ ژن كردووە، ئەمانە و چەندین هووداوی دیكەش، كەچی كەمدیاكە لەوە دایە، نووسەری بە ناو ئەو هەمانە، ئەمە بە داستان دەزانێت. بگرە دوورتریش دەڕوات و دەنووسێت:(هیچ پارتیزانێك وەك ئێمە نەبوو) چ شەرمەزارییەكە، هێشتنت بە خواستی خۆت لە نیشتمان، بەراورد بكەیت بە پارتیزانەكان، كە هەموو چركەیەكییان، نۆانی مەرگ و ژیان بووە. چ نەنگییەكە، كەسێك جێهێشتنی نیشتمان، بە پارتیزانی بەراورد بكات، كە لە پێناو ئامانجێكی گەورە و دڵكێكی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆیی گەورە، شەی مەرگییان كردووە. یاخود دەنووسێت:(وەك ئەوەی لە جەنگێكی گەورە دابین) بگومان كەس نییە لە ئێمە نەزانێت، كە چوونە هەندەران بە هەگەی قاچاغ، چەند سەختی و نەهامەتییی تێدایە، كە زۆرجار بە مەرگی كەسەكە خۆی كۆتایی دێت. لەوەدا هاوسۆزین، بەڵام دەبێ بزانین ئەم كۆچكردنە، بە هیچ شێوەیەك شایەنی ئەوە نییە ناوی لێبنێیت داستان. گومان دەكەم نووسەری ئەو كتێبە بزانێ داستان یانی چی، دەنا بوێری ئەوەی نەدەكرد ئەو هووداوە بە ئەرزشانەی خۆیان لە هەگەی چوونییان بە هەندێران ناوبنێت داستان. چونكە ئەو سەفەرەی ئەو، نە بەهایەكی سیاسی، نە بەهایەكی شۆشگێڕیی، نە بەهایەكی نەتەوەیی و مرۆڤووێی نییە. بەكو ئەزموونێكی تاكەكەسیانەی خۆیەتی و هیچ شتێك لە مرۆڤووی ئێمە ناهێنێتە ئاراوە.
ئەوانەی داستان تۆمار دەكەن، ئەوانە نین كە بە خواستی خۆیان و لە هەی ناسنامەی ساختە و سەوداسەریان لەگەڵ دنیای قاچاغدا، نیشتمان جێدەهێڵن. بەكو داستان ئەوانە تۆماری دەكەن، كە بە بۆ موچە و بە لوولەی تفەنگەكانییان، لە بەرامبەر هەڕەشكی تاریكپەرستی وەك داعش وەستانەوە و دەوەستنەوە. داستان ئەوە نییە سووكایەتی و تێهەدانی پۆلیسی وڵاتانی ئەوروپی قەبول بكەیت، تەنها لە پێناو گەیشتن بە

بە هەشتی ئەوروپا. ئەگەر داستان ئەو کارە سادە و تاکەکەسی و بێ بەهایانە بووایە، ئێستا نیوەی گەنجی کورد دەبووە داستانووس.
نووسەری بە ناو ئەو ڕۆمانە، لە کاتێکدا وەک کۆچبەرێک ئەو هەموو ناخۆشی و شکانەوەیەی لە ڕێگەدا بە دەست پۆلیسەوە بینەوە، کەچی هێشتا لە دەیان شوێنی کتێبەکەی، بە توانجەوە باسی کوردستان و نیشتمانەکەی دەکات و هەوڵدەدات وێنەیەکی ناشرین و بێ بەهای بۆ بتاشێت. یاخود بە گاڵتەجارییەوە باس لە کردەوە و هەڵوێستی هاوزمان و هاونەتەوەکانی دەکات، وەک ئەوەی جانەوەرو مرۆڤی نێوجەنگەڵەکان بن. چ کۆمیدیایەکە، شەق و تەهەڵدانەکانی پۆلیسی وڵاتان بە داستان بزانیت و نیشتمانەکەشت بەبێ بەها سەیر بکەی و گاڵتە بە هاوزمان و هاونەتەوەیەکانت بکەی! چ شەرمێکە، کەچی خێت بکەیتە کتێبێک و بۆری ئەوەشت هەبێت ناوی بنێی داستان.
لە مژووی خەبات و تێکۆشانی ئێمەدا، بە هەزاران قارەمان لە زیندان وشاخ و شاش و ژیانی پشمەرگایەتیدا، جوامێریی و قارەمانییەتی ئەوەندە گەورەیان نواند، کە بە گیانی خۆیان تەواو بوو، کەچی هیچ کامییان ناوی ئەو قارەمانییەتییەی خۆیان نەناوە داستان. کە چی نووسەری ئەو کتێبەکە، زۆر بە شانازییەوە، چیرۆکی دەرچوونی لە نیشتمان، ناوناوە داستان و کردوویەتی بە کتێب. بەڵام کتێبێک، کە هەنگە بێ خۆی مانایەکی هەبێت. دەنا بێ خوێنەر، بوون و نەبوونی وەک یەکە. دواجار وەک خوێنەرێک کاتێ لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە نەک (ڕۆمان) بوومەوە، پرسیارێک کە لە خۆم کرد ئەوە بوو،کە نووسەری ئەو کتێبە، چ کارێکی گەورەی مژووییی و نیشتمانی و کەسی، بێ خۆی و نەتەوەکەی کردووە، تا ناوی بنێت داستان؟ ئایا جێهێشتنی نیشتمان و سەوداسەری لەگەڵ قاچاخچییەکان و سنووردشکردنەوە و تێ هەڵدانەکانی پۆلیس و مانەوە لە نێو پیسایی و ئاوەڵای وڵاتان، شایەنی ئەوەن ناو بنرێن داستان؟ نەنگییەکی زۆرە نووسەرێک ئەم ڕووداوە کەسی و تایبەتییانەی ژیانی خۆی، بە داستانی بزانێت. هیودارم لە چاپەکانی داهاتوو، وشەی داستان لە ناونیشانەکە لابەرێت، یاخود بیکاتە سەفەری جێهێشتنی نیشتمان وگەیشتن بە ئەوروپا، ئەوکات منی خوێنەریش هیچ سەرنجێکم نابێت.

---

*پەراوێز: داستانی سەفەر، نووسینی: باهێز مستەفا، بڵاوکراوەی خانەی کولتوور، 2020.

*ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارەی ڕۆژی 20/4/2021 بڵاوکراوەتەوە……

“ژنۆوەکیەکە”. مانگی ووکی- خەیاڵی- دڕوونی “هان کانگ” ژنە نووسەری کۆری.. شەمای بارەوانی

“ژنە ووکیەکە” سێ هەمین بڕەهەمی خاتوونە نووسەرو یەکەم چاپی لەدوو تۆی مانگی ٢٢٣لاپەڕەیی و لەساڵی٢٠٠٧ بەزمانی کۆری لە بڵاوبوونەوەو دوواتر و لەساڵی٢٠١٦خەڵاتی “مان بوکەر”ی نێو دوڵەتی بەدەست هێنا،و تائێستا بە زیرەک لە زمانگانی جیهان هاتووتە وەرگێڕان.

هان کانگ. لەو مانەدا گفتوگۆی سیستەمی خراکی ووکی ناکات و لەوە نادوێت کەئایەووکی بوون بە جێستەو دڕوونی مرۆڤ سوود بەخشە یاخود نا؟ئایە مرۆڤ گشت خربەت یان ووکی؟ کامەیان سوود بەخشەو کامەیان زیان بەخشە لەووی زانسیەوە؟

بەکەی نووسەر لە”ژنەووکیەکە” باس لەسرووشتی ژیان و هێ و مەرجی کەمەایەتی دەکات لەکۆریای باشوور.

قسە لەو یەکترقبوە نەکردن و ئاسە داخراوەی ئەقلیەتی نەرسالاری و پەتای پاتریارکی دەکات کە توشی ئەقڵی مرۆقایەتی بووەو نەخشی خستووە.

لەکەمەگای کۆریای باشوور دەدوێت.

کەمەگایەک لە ووی زانست و تەکنەلەجیاوە لەلوتکەی حەداسەو هەمی پشکەوتندایە.

وەی ئەفسوس لە مەدەنە بوونی ئەقڵ و کرانەوەی سەقافی و ئەویتر قبوە کردن و ەزگرتن لەئازادی و سەربەستی تاک و لەهەلبژاردنەکانی و قبوەکردنی ئەنتی باو جیاوازیەکان، لە خوارەوەی خوارو دایەوەو هەشتا ژن وەک مرۆڤکی پەڤکەت و لەوانگەیەکی یەکسانەوە سێیرناکرێت و نەریتە کۆنەکان و ئافاتەکانی ئەقڵیەتی پیاوساڵاری

تەحەکوم بە مەنتەقەنت و بیرکردنەوەو تێگەیشتن و ژیانیانەوە دەکات و خەزان لەسەر بنچینەی نەرسالاری دادەمەزرێت و هەشتا دەسەلاتی هەموو جەوی خەزان بەتەنها لەدەست نەردایە!!

نووسەر لەسەرمانەدا باس لە چیەکی ژیانی ژنێک دەکات.لەکەتایی بیستەکانی تەمەنیدایەو جگە لەخواردنەوەکیەکان هیچ شتێکیتر ناخوات،و

خەی لەهەرخواردنێک بەدوور دەگرێت کە گەشتی تەدابیت، هەمو جارە گەشتەکیشی لەخەی قەدەخەکردووە،جاگوشتی سورو ئاژەل بێت،یان هی باڵندەو پەلەوەربێت یاخود ماسی و هەر جارەگەشتەکیتر بێت کە مرۆڤ دەیخوات بە پەی کلتوری کەریا.یاخود هەروەاتەکیتر.

ئەو سەرەای دوور کەوتنەوەی لە گەشت خواردن.هەڵکەو ماست و شیرو پەنیرو هەمو ئەو خواردنانەیتر کەبەرهەمی ئاژەل و پەلەوەریشن نایان خوات.

بەیاریداوە بە تەواوی پەیوەندی خەی لەگەل ئەو جارە خواردنانە بپچڕێنێت و لەیان دوور کەوێتەوە،

پەرداخی عومرم نیوەی زیاتر رژابووە
سەر ئەو وشکانەی هەتاو
دوگمەی سینگی کردبووە و
چرچ و لۆچی زەمەن
بە لاشەیەوە دەرکەوتبوو
تەفانک لە چاوکانما دەستیپێکرد بوو
دەستی لە بینەقاقای زارەکی خۆشوودیم گیرکردبوو
شەتانە مەوجی ئەدا و
بەهیچ خوایەک ژیر نەدەکرایەوە
مانگێکی بریندار بووم
لە ئاسمانی هەوەرینا
شەوەم دەچووەوە سەر
ئەو ئەستێرە خۆکوژانەی
بە قاپێک نەوتی غەم و
دەنکە شقارتەی کەساسی
گەیان لە جەستەی خەیان بەرئەدا
سەفەرێک کەلەی داگرتبووم،
بەرەو دوورگەی زام
بە ڕێگا پڕچاوپڕچکانی یادەوەرییدا

گوزەرم ئەکرد و
لە ناکاو کەترکی بە نەوا و
بە هەلانە ناسیمیەوە و
وتی تە نەوی رەسەنی بە نازیت و
ئیتر ئەو منم بەسەر ژانەکانتا ئەگمەنم و
تەمبووری شیعرەکی ترت بە ئەژەنم
درەختەکی پرچ ئاڵتوونی بووم
دارستانی ردەن سەوز دەریکردم و
بەهار بەلامدا نەئەهات،
پایزیش گەڵا زەرینەکانمی ئەوراند
لە رووباری قەسیدە حەزینەکاندا
مەڵەم ئەکرد و
خەم بە لچکی شیعرەکی بەدەنگەوە گرتبووەوە،
لە ناو دیوانەکیشا شەپەلی گریانەکانم و
خامەشی شەوانم چاپ کرابوو
تەلاری رووخسارم بەسەریەکدا رووخابوو
جەنازەی خەزگەکانم
کەوتبووە ژێر دار و بەردووکەی و
قەڵەشی فڕامەشکردن
دەندووکی لە جەستەم ئەدا
هەر ڕۆژەی پارچەیەک لە لەشمی دائەکرمان
حەزیای ڕەشبینی کامرانییەکانی ئەکرەشتم
گەشبینی لە مەژ بوو خیانەتی لەکردبووم
لە پشتەوەڵا خەنجەری لە هەموو هیواکانم دابوو
ڕەنج و حەسرەتکەشان ببووە دەزگیرانم
بەیاربوو لە شەوکی قەترانیدا
زەماوەند بکەین و
لە دوورگەی خەکوشتندا
کوخەکی بچکەلانە بکەینە مانزە
تە لەم کاتانەدا
چەشنی گوڵە نیلوفەرەک لە منا روایت
لە نەو گریانەکانی شەوانما
بوویتە مامانی ڕۆژانی پە پەکەنینم
لەنەو وەسوەسەی خەکوشتنا
هەنجەتی ژیانت پەگرتم
لە نەو گەمی تەختی فیراقدا
کانییەکی روونت نیشاندام

پەکەوەش
دەستنوێژی عەشقەکی جاویدانیمان گرت و
پەیمانمان بە ماچ دا
دەم لە نەو دەمی یەکتر بژین
بەڵێنمان بە ژیان دا
لە نەو دەی یەکترا بمرین

دوعا.. شیعر: اردلان سەرفراز.. وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

" نیایش"

ئاواز : فرید زولاند

""""""""""""""

خودایە ، ئاخ ئەی خودایە…
ئاە خودای من
بانگت ئەکەم ، ببیستە دەنگم
شکەنجەگای دونیایە شوێنم
بە تاوانی " ژیان بەسەر بردن"
ئەمریە سزام..
ئاخ ئەی خودای من ، ببیستە دەنگم
لەم موسیبەتەمان جەمان مەهێڵە
ناپرسم بە ئەمە بووە سزام
ئەی خودایە ، ببیستە دەنگم

لەو هەموو هاوارەی گەروم
با کز نەبە غەمی مەرگی دەنگم
بە ڕەقی ناخ پەچراوەتوە ، پەیمان
گوڵی خونناوی وا لەبەردەم پەیمان
ماتەمی دایک ئەبەدییە
کە داغی هەرزەکاران دیدەی پەیمان

خودایە ، کارەساتمان لە بەر دەمایە
لەهەر لایەکەوە " با"ی ترسەنەر
لە چاوەوانیمانایە
لە بیری قەتوعامی" لالە/ گوڵەکان" بە

خودایە ، ئەی پەنای ساتەکانم
بە گریانەکانم بانگت ئەکەم
بانگت ئەکەم ، ببیستە دەنگم

ئیلاهی ،،لە شەوی هەژاریما بمسووتێنە
بەڵام موحتاجی نامەردانم مەکە

کەمەکم کە ، سازش بە ناهەقی نەکەم
بەڵام بە عەشق و ئازادی بمرم
خودایە ئەی پەنای ساتەکانم
بە گریانەکانم بانگت ئەکەم
بانگت ئەکەم ، تەش ببیستە دەنگم

خودایە ، ئاخ ئەی خودایە…
ئاخ خودای من
بانگت ئەکەم ، ببیستە دەنگم
شکەنجەگای دونیایە شوێنم
بە تاوانی " ژیان بەسەر بردن"
ئەمایە سزام..
ئاخ ئەی خودای من ، ببیستە دەنگم
لەم موسیبەتەمان جەمان مەهەڵە
ناپرسم بە ئەمە بووە سزام
ئەی خودایە ، ببیستە دەنگم

ژنکوژی وەکوشتن و توندوتیژی –

تا کەی!.. شیرین عەبدوڵا

ماوەیەکە لە کۆنەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیاکانەوە هەواڵی زیاد بونی ژمارەی دیاردەی ژن کوژی و خۆکوژی و تووندوتیژی دەبینین و دەبیستین لە عیراق و کوردستان. ئەم تراژیدیایەی کە دەگوزەرێت جیا نیە لەو ڕووداوە جیهانیەی کە لە سالی ڕابوردودا و بەهۆی تەشەنەکردنی ڤایرسی کۆرۆنا و ڕێنمایی کانیەوە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. بەڵام لەم وڵاتەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، و ستەم و ژن کوژی و پلە دوویەمی ژن زۆر لەم دیاردەیەی کۆرۆنا واوەتر، لە ستراکتۆری کۆمەڵگەکەدایە و لە یاسادا چەسپێنراوە. لە سیستەمی پیاوسالاری قەومی و میلیشیایی و دینی ئەم وڵاتەدا ژنکوژی لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەفدا پاساوی یاسایی و کەلتووری بە دەکرێت.

لەپاش کوشتنی زەهرا محەممەدی ٢١ ساڵە لە هەولێر ڕۆژی ١٦-٤-٢٠٢١، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە تویتەکدا ڕایگەیاند "هیچ شەرەفێک لەژن کوشتندا نیە، ئەمە دەبێت کۆتایی پێ بێت، وەزیری ناوخۆم ڕاسپاردوە بە دەنیابون لەوەی تەمەتبار بە سزای خۆی بگات"!.. بەڵام ئەوەتا دوای یەک مانگ و بەپێی هەواڵەکان هەشتا تەمەتباران دەستگیر نەکراون. ئەمە زۆر ئاساییە لەم وڵاتەدا چونکە زۆربەی ئەم کێسانە یان بەداخراوی دەمێنێتەوە و یان بکوژان، ئەگەر دەستگیریش بکرێن، دوای ماوەیەک ئازاد دەکرێن.

تووندوتیژی دژی ژن لە جیهاندا شێوازی یەکجار زۆری هەیە وەک لێدان، شێواندنی جەستە، کوشتن، سوتاندن، بەردباران، تێزاب پیاشتن، دەست درێژی سێکسی، ئوتوی مەمک، فڕاندنی بووک، خەتەنە، زەواجی منداڵ، زەواجی بەزۆر، فرۆشتن، ئازاردانی دەروونی و شکاندن، سوکایەتی پێکردن، بەبێش کردن لە خواردن، دەرمان، و پارە، هەڕەشە و هەراسان کردنی سۆشیال میدیا…هتد. ئەگەر هەندێک لەم جۆرە دەستدرێژیانە لە عیراق و کوردستان پێشتریش نەبیسترابن، ئێوا لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر و زیاتر دەبینرێن و دەبیسترێن.

بەرامبەر هەر ژنێک کە دەکوژرێت هەزاران هەیە لە مەترسی کوشتن و تووندوتیژیدا دەژین کە لە هەر ئان و ساتێکدا ئەگەری کوشتنیان دێت، و ئاستێکی ئاوەیە کە کچ و ژن لە سەراسەری دنیادا لە نائاسودەییدا دەژین، هەمیشە لە کەرنتینەدان، دەبێت بەردەوام بە دەم لەرزەوە دەرچن لەماڵ (ئەگەر ڕێیان پێ بدرێت!). ئەمانە سروشتی نین، بەڵکو سیستەمی پلە دویی ژن و باڵادەستی پیاوسالاری کە تیایدا دەژین فەرزی کردوە.

بە دوای کوشتنی سارا ئەقراردی ٣٣ ساڵە لە بەریتانیا ڕۆژی ٣ی مارسی ئەمساڵ، ڕاگەیەندرا کە لەماوەی ساڵی ڕابوردودا 115 ژن لەو وڵاتەدا کوژراون لەلایەن هاوسەر و کەسوکاریانەوە، واتە هەر 3 ڕۆژە و ژنێک دەکوژرێت. ئاشکرایە کە ژمارەیەکی بەرچاو پیاوبش دەکوژرێت، بەڵام یەک ڕاستی هەیە ئەویش هەکاری سەرەکی کوشتنی ژن بە بیانوی ژن بونیەوەیەتی.

تەمەتبارکردنی قوربانی و باوەڕ پێ نەکردنی:

کاتیک کە کچێک یان ژنێک توشی تووندوتیژی جەستەیی، دەروونی، یان دەست درێژی سێکسی دەبێت و دەیەوێت ڕاپەرتی بکات، پێش هەموو شتێک پشکنین لە کردەوە و هەڵسوکەوت و جلو بەرگی خۆی دەکرێت و بڕیاوی گومانەوە سەیری دەکرێت. پرسیار دەکرێت: ئەبێت چی وتبێت یان کردبێت وا پیاوەکەی تووڕە کرد؟، بۆ لەو کاتەدا لەدەرەوە بوو، چی دەکرد لەو شوێنە، جلەکانی چۆن بون، چۆن دەڕۆیشت، قسەی لەگەڵ کە کردبوو... لەباتی ئەوەی لە هەڵسوکەوتی تاوانبار بکۆڵرێتەوە. هەر کەمێگایەک لە جیهاندا بە پلەی زیاد و کەم قاڵبێکی تایبەتی بە هەڵسوکەوتی ژن داناوە کە هەر بە ئاستەم لەگی لادات تاوانێ.

بەهەزاران کچ لەسەر کۆشکانی پەردەی کچێنی (غشاء البکارە) کوژراوە و دەکوژرێت، بەبیانوی نەفامی کەمەگا لە فاکتەر زانستیەکانی ئەم بابەتەی لەشی ژن.

ئامارەکانی پۆلیسی بەریتانیا ئەوە دەگەیەنێت کە ژن پێش ئەوەی پەیوەندی بکات بە پۆلیسەوە بە تێکرا ٢٨ جار توشی تووندوتیژی دەبێت، و تەنها ١٥٪ی دەستدرێژی سێکسی تۆمار دەکرێت، واتە ٨٥٪ ڕاناگەیەندرێت.

یاسای یاسا:

یاسا دەتوانێت ببێتە یەکجار گرنگی هەبێت لە دابین کردنی ئاددیەک لە خۆشگوزەرانی و سەلامەتی ژن و منداڵی کچ. خوێندن باشترین نمونەیە، بە قەدەغە کردنی نەخوێندنەواری منداڵانی کوڕ و کچ، نەوەی هوشیار پیدەگات کە ئاگایی بە مافەکانی خۆی هەبێت، و بەتایبەت فرسەت دەدات بە کچان لەمندالیەوە دەرچن لەماڵ و بوا بە خۆبونیان هەبێت و سەربەخۆیی ئابوری و کەمەایەتی و فەرهەنگی خۆیان بچەسپێنن.

یاسای عیراق و زۆربەی وڵاتانی دەوروبەر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەسەر ئاساسی ئایینی ئیسلام و شەریعەت دامەزراون بەگژ لە منداڵ وەرناگرێت، بەڵام هەمان ئەم یاسایە زۆر بە ئاسایی لەتەمەنی ٩ ساڵیدا دەیدات بە شوو و دەینێرتە ناو دەزگەخی ژیانێکی بە ئاسودەوە و هەموو خۆن و هیواکانی بە داهاتو دەخاتە ژێر پێوە.

لە عیراقدا یاسای تاوان پەرەگرافی ٤١ مافی "سزادانی" ژن دەدات بە میرد، کە "هیچ تاوانێک نیە ئەگەر لەکاتی بەکار هێنانی مافی یاسایی خۆیدا ئەنجام بدرێت، هەروەک دیسپلینی مامۆستا و دایک و باوک بۆ منداڵەکانی ژێر دەستیان"!
یاساکانی هاوسەرگیری لە یەمەن داوا لە ژن دەکات ماڵ بۆجێ نەهێڵێت بێ بێ ڕوخسەتی مێردەکەی!
لە هێندە وڵاتی وەک ئەفغانستان و هیندستان گرنگیەکی زۆر دەدریت بە ئەزموونی پێشووی سێکسی ژنەکە لە حاڵەتی دەستدرێژیکردندا. ئەفغانستان یەکێکە لەو وڵاتانەیە بەر ڕەخنەی تووند کەوتووە بە بەکارهێنانی "تاقیکردنەوەی پەنجە"- ئەمەش بریتیە لە پشکنینی جەستەیی بۆ ئەو ژنانەی کە ڕاپۆرت لەسەر دەست درێژی سێکسی دەکەن، پزیشکەکە دوو پەنجەی لە ناو زەی ژنەکە دادەنێت بۆ ئەوەی بزانیت ئایا ژنەکە "ڕاهاتووە بە سێکس"، واتە ئەگەر پێشتر سێکسی کردبێت، دەست درێژیکە بە تاوان دانانرێت!. ئەمەش ڕێگە لە زۆر ژن دەگرێت کە دەست درێژی سێکسی تۆمار بکەن. ئەم جۆرە پشکنینانە تەنها سوکایەتی پێکردنی ژنە و هیچ بەڵگەیەکی پێوەندیدار دابین ناکات.

کەم هەستیاری کەمەڵگا:
ژنێک کەتوشی دەست درێژی یان تووندوتیژی دەبێت ژیانی دەبێتە دۆزەخێک، نێک هەر لەبەر ئەو هەڵومەرجەی تیای دەژی، بەڵکو خۆی بە تەنها و بێ پاڵپشت دەبینێتەوە و چەندین جار سێ دەکاتەوە لە درکاندن و تۆمار کردنی ئەم کارانە لەبەرئەوەی کەمەڵگای پیاوسالار هەزار و یەک ڕێگری لەبەردەمدا دادەنێت.
کەمەڵگا کەم هەستیارە بەرامبەر ستەم دژی ژن و بایەخێکی زیاتر دەدات بە پیاو، بۆتایبەتی ئەگەر تۆمەتبارەکە کەسێکی ناسراو و خاوەن جێگاوەڵگایەکی کەمەڵایەتی بێت. ئەوانەشی کە باوەڕی پێدەکەن ناتوانن دەنگ هەڵبڕن بەهەمان شێوە بەدەنگ دەکرێن.
نێک هەر کەمەڵگا باوەڕی پێناکات و سکاڵاکەی بە بایەخ دەکات، بەڵکو سیستمی دادگا و پۆلیسیش بە هەمان شێوە لە خزمەتی ئەو کولتووری پیاوسالاریدایە. ژنەکە (تەنانەت ئەگەر منداڵیش بێت) دەبێت ئەرکی کەردنەوەی بەڵگە هەڵگرێت، ئینجاش بەڵگەکانی وەرناگیرێت.
زەربەمان تراژیدیای بەناز محمودی ٢٠ ساڵە دەزانین، کە لە ٢٠٠٦دا بەدەستی باوک و مام و ئامۆزایەکی لە بەریتانیا کوژرا، بەناز زیاتر لە پێنج سکاڵای لای پۆلیسی بەریتانیا تۆمار کردبوو کە ژیانی لەمەترسیدایە. لە عیراق و کوردستان دژە ژنی و بەستنەوەی شەرەفی پیاو بە ژنەوە و فەزڵی نەر بەسەر مێدا لە یاسای ڕەسمی وڵاتدا

جێگیر کراوە، ژنکوشتن وەک کوشتنی تر سەیر ناکرێت و چەندین بکوژانی ژن بە ئازادی دەسوێنرێوە لە کۆمەڵگادا، تەنانەت هەندێکیان کە دانیشتوی وڵاتانی ئەورووپین دەگەڕێنرێوە بۆ کوردستان تا تاوانکانیان ئەنجام بدەن چونکە لێرە دەتوانن لێی دەربازبن.

کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداری سیستەمێکی نایەکسانە کە لەسەر بنەمای دابەشکاریەکانی کۆمەڵگا ڕاوەستاوە و هەردەم بەرهەمیان دەهێنێتەوە. تۆندوتیژی پیاو بەرامبەر ژن بەشێکە لە کولتووری دەستبابایی بەشێکی کۆمەڵگا بەسەر بەشێکی تریدا، و بزوتنەوە قەومی و دینی و میلیشیایەکانی کە ژانن لە عیراق و کوردستان نوێنەر و چەسپێنەری ئەم دەنددیەی سیستەمی چینایەتین. کۆتاییهێنان بەم تراژیدیایە کارێکی هەمەلایەنە و بەوچانی پێویستە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم دەسەڵات و سیستەمەی لەسەر کار لەم وڵاتەدا، هەرگیز ئەنجام دانی ئەم کارەی لە چاوەڕوان ناکرێت و نەک هەرئەمە بەڵکو بە خەیان و کولتور و ئایدیۆلۆژی و ژەمی سیاسیانەوە ڕێگری هەرسەرکی بردەم کۆتایی هێنان بە ستەم لەسەر ژنان.

٢٠٢١-٥-١٦

مەرجەی زیندووبی بە کاریگەربوونی کاریکاتێر.. هێندرێن خەشناو

لەو مەرجانەی کە پێویستە بوونیان هەبێت لە کاریکاتێردا مەرجی زیندووبییە، ئەمەش بە هەبژاردنی بابەتێك دەبێت کە بڵاوە و دەستاودەستی پێدەکرێت لە نێو خەڵکیدا، و جێگای بایەخی خوێنەرانە، نەك ئەو بابەتەی کە بەسەرچووە و بایەخدار و گرنگ نەماوە، بە نمونە باسکردنی بابەتی بەرزبوونەوەی نرخەکان، دەبێت راستەوخۆ لە ماوەی بەرزبوونەوەی نرخەکان باس بکرێت، نەك دوای بەسەرچوونی ماوەیەکی درێژدا، چونکە خەڵکی کارلێك لەگەڵ کاریکاتێرەکەدا دەکەن و لێی تێدەگەن، چونکە هێشتا لە قۆناغی خوێندایە بەهەی

بەرزبوونەوەی نرخەکان، بەڵام ئەگەر ماوەیەکی درێژی بەسەرداچوو، ئەوا کاریکاتێرەکە لە کاروانەکە بەجێدەمێنێت، چونکە کارلێکی کۆمەڵایەتی گشتی دامرکاوەتەوە، و نرخە تازەکان گۆڕاون بۆ نرخی ئاسایی لەلای خەڵکەوە، بۆیە کاریکاتێرەکەش ئاکامی خوازراوی دەستناکەوێت.

زیندوویی بۆ کاریکاتێری سیاسی ڕەخنەکی گەورەی هەیە لە بەجێگەیاندنی کار و ئەرکەکانیدا، چونکە کاریکاتێری سیاسی دەبێت بابەتی سەردەم چارەسەربکات، ئەو بابەتە کۆمەڵایەتیەی کە کاریکاتێری کۆمەڵایەتی چارەسەری دەکات، وا باوە کە سیفەتی بەردەوامبوونی درێژتری هەیە لە کاریکاتێری سیاسی، کە زۆرجار ڕووداوێکە تەمەنی دیارکراو و کورتە، یان تەمەنی کارلێکردنی جەماوەر لەگەڵیدا چەند ڕۆژێك تێپەڕناکات، بۆیە پێویستە لەسەر کاریکاتێریست کە لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ ڕووداوەکاندا، و بەردەوام ئاگاداری ڕووداوەکان بێت کە لە جیهانی سیاسیدا ڕوودەدەن، ئەوانەش هەبژارێت کە جێگای بایەخی خەڵکی وڵاتەکەی ئەون، بەڵام ئەگەر کاریکاتێریست ڕووی لە ڕووداوێکی سیاسی نازیندوو یان پلەدوو کرد، ئەوا کاریکاتێرەکەی ئەو وەرامدانەوە و بەدەنگەوەچوونی پێویست بەدەست ناهێنێت، کە ئەو کاریکاتێرەی کە باسی بابەتکی تازە، یان چەند ڕۆژێك پێشتر یان بابەتکی پلە یەکی جێی بایەخی جەماوەر بەدەستی دەهێنێت.

بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەبێت هونەرمەندی کاریکاتێریست کاتێك کە کاریکاتێرێك دەکێشێت، بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو پەندە پێشینانەی کە دەڵێت (دەچێتە حەجکردن، کاتێك کە خەکی دەگەڕێنەوە) بەسەردا جێبەجێ نەکرێت، واتە نابێت لە بابەتی سەردەم دوابکەوێت، و بابەتی کۆن بۆ بەرهەمەکانی هەبژارێت، کە خەکی بەپێی پێویست چارەسەر و باسیان لێوەکردووە.

زیندەگیش لە کاریکاتێری پێرتێتدا لە هەبژاردنی کەسایەتیەکان بەدەردەکەوێت، کە دەبێت کەسایەتیەك هەبژارێت کە هێشتا بەردەوامە لە پەیوەندی لەگەڵ خەکیدا، کاریکاتێریست بۆ نمونە نابێت وەزیرێکی دەست لەکارکێشاوەی چەند ساڵێك لەمەوبەر بژاردەبکات، و پێشکەشی خەکی بکات، تەنیا ئەگەر بیانوو و هێی خێی هەبێت، یان هەبژاردنی هونەرمەندێك کە ڕەنی زۆر لاوەکی دەگێڕێت لە شانۆ یان سینەمادا، یان وەرزشوانێك کە هیچ دەستکەوتکی گرنگی نیە، هەروەها کەسایەتیەکانی بواڕەکانی تری ژیاندا، هێی ئەوەش لە خۆبەزلزانین و نکۆیکردن نیە لە گرنگی ئەو کەسانەدا، بەکو سەروسیمای ئەو کەسانە ناسراو نیە لای خوێنەردا، کەچی ئەو کەسانەی کە پێشەنگن لە بواری چالاکی خێیاندا لەم سەردەمەی ئێستادا، سەروسیمایان ناسراوە

لای خوێنەرانەوە، کاریکاتێری پەرتەتیش بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بەراوردکردنی خوێنەر دەبەستێت، لە نێوان وێنەی ئەو کەسایەتیە و ئەو کاریکاتێرەی کە بۆی کێشراوە، ئەگەر وێنە راستەقینەکە لە خەیاڵی خوێنەردا بوونی نەبێت، ئەوا ئەو بەراوردکردنەش بوونی نابێت، و کەوابێت کاریکاتێرەکەش کاریگەریەکەی وون دەکات، بۆیە کاریکاتێریست کاتێك کە کاریکاتێرەکەی پێشکەشی جەماوەر دەکات، دەبێت ناسراویی ئەو کەسایەتیە لای جەماوەر رەچاوبکات، یان بەلایەنی کەمەوە لای ناوەندێکی دیارکراودا، واتە دەبێت ئەو بەراوردکردنەی کە دەبێتە هۆی کاریگەری کاریکاتێرەکە فەراهەم بێت، ئەو بەراوردکردنەش زیاتر فەراهەم دەبێت، بەقەد پەیوەندی ئەو کەسەوە بە بابەتی سەردەمەوە.
بەڵام لە کاریکاتێری گاڵتە و قسەمە، مەرجی زیندەگی لەو ئاستەی گرنگی و بایەخدانە نابێت، چونکە کاریکاتێری گاڵتە ئامانجی بە پێکەنین هێنان و کات بەسەربردنە بە پلەی یەك، بۆیە لێرەدا گرنگ هەڵبژاردنی ئەو بابەتەیە کە دەبێتە هۆی بە پێکەنین هێنان، ئەگەر ئەمەش هاتەدی، واتە هونەرمەندەکە گەیشتە مەبەستی خۆی، لەلای جەماوەریشەوە گرنگ نیە ئەگەر بابەتەکە زیندوو بێت یان نا.

جنۆ لە پاکێتی رێخنەدا..
ستیڤان شمزینی

یەکێک لە کەماسی و کێشە گەورەکانی رۆژنامەنووسیی کوردیی، زاڵبوونی فەرهەنگی داشرین و شێوجنۆ لە بری رێخنەگرتنی زانستیی و میتۆدیی. ناهەمواریەکە لەوەوە دەستپێدەکات ئێم تێرز لە کارکردن خریکە بان دەکێشێت بەسەر کۆی راگەیاندنەکانی کوردستاندا، تا ئەو سنوورەی بەشکی زۆر لەوانەی وەک رووناکبیر و رەشنبیری ئەکادیمی سیر دەکران بە ئاگا و بێئاگا کەوتوونەتە ناو ئەو شێپڵە لە موهاتەرات و داشرین. لەم نموونەشدا میدیای دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و "ئەهلی و ئازاد" تێریب و بە ئەندازەی یەکتر دەستپێشخەربوون و بەردەوام رەواج بەو فەرمە لە وتاری رۆژنامەنووسی دەدەن و بەهەرچی شەویەک بیان بکرێت هاوێی سیناوی سنوورەکانی نێوان رێخنە و داشرین و هەجونامەی سیاسیی

دەدەن. لەم رووەوە حاڵی حازر نەرمەک لە ڕاگەیاندن هەمەنی هەیە هەرچی شتە تایبەتییەکانی تاکەکەس و مافە دەست لێنەدراوەکانی هاووڵاتیانە، بە هیچ دووددڵی و سەمینەوە و هەست بە تاوانکردنێک بە پاککراویی دەیخاتە بەردەم وەرگر. ئەمەش جیا لەوەی کارەساتێکی گەورەی ناوەتەوە و ئاسایش و ئازادیی شەخسیی زەرینەی هاووڵاتیانی خستەتە بن مەترسیەوە، لە هەمان وەختدا ئاستی کاری ڕۆژنامەنووسی هێندە هێناوەتە خوارەوە، مرۆ بەزەیی بە حاڵی ئەو نەوەندەدا دەتەوە.

ئەگەر کەمێک دیقەت بدەن و نیگایەک بگێڕنە حاڵی ئەو تەرزە ڕۆژنامەنووسییەی بە ناوی ڕۆژنامەنووسی ئەهلی و ئازادەوە کار دەکات، بە هەمان مێنتاڵێنتی میدیاکانی دەسەڵات فامی شتەکان دەکات، بۆیە هەست بە کارەساتێکی گەورە دەکەین، چوون ئەنگیزەی ئەم میدیا بزۆز و هەراشە بریتییە لە دەزینەوەی تازەترین شەوازەکانی داشەرین و جنەوی سیاسیی، خۆ ئەگەر هەجو و جنەوی ئاسایی لە نەو شیعردا، بە نموونە لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا قبوڵ بن، بۆ حوکمەی مانای ڕەمزیی و خوازراویان هەیە و شیعریش جۆرێکە لە خەیاڵاتی تاکەکەس، نەک هەقیقەت. ئەوا ئەم تەرزە لە جنەونامە و بەخشینەوەی تەمەت و سووکایەتی نەو کایەی ڕاگەیاندن، جا دژی هەر کەس و لایەنێک بێت، نەک نابێت مایەی قبوڵکردن بێت، بەڵکو ئیتر دەبێت یاسا سەروەر بێت و دوا قسەش بە حوکمی قانوون بڕجبهەێین، چوونکە بە دیتنی من چیدی ناکرێت بە ناوی ڕەخنە و ممارەسەکردنی ئازادییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە، میدیایەک لەم وڵاتە هەەمەن پەیدا بکات، هەرچی جنەوە لە فەرهەنگی زمانەوانیی کوردییدا لە قاڵبی وتار و ئەرتیکەڵی ڕۆژنامەنووسیدا سیاغەی بکاتەوە، ئەم کارە نەک تاوانە بەڵکو خیانەتێکی گەورەیە و لە خودی چەمکی ئازادیی دەکرێت.

دەخەکە گەیشتەتە ئاستێک میدیایەک لە سەردەستی دەسەڵات و ئەپەزیسیۆن هەژموونی پەیدا کردووە، ڕژد نییە لە بەخشینەوە و بەاوکردنەوەی تازەترین جۆری جنەو و وتەی بە پەز و پە داشەرینی ئەخلاقی و تاد..دا، میدیایەک خەریکە دەبێتە میدیای سائید پە پە لە چەقەی بریندارکردنی هەست و مەشاعیری یەکە بە یەکەی هاووڵاتیانی کوردستان و خاڵی خاڵییە لە ڕەخنە. کارەساتەکەش لەوەدا چەند قات گەورەتر دەبێتەوە، هەموو ئەم داشەرین و جنەودانانە بە ناوی ڕەخنەوە دەرخواردی خەڵک دەدرێت، ئاخر ڕەخنە ڕەچاوی چەندین بنەما و پرنسیپی زانستیی و میتەدیی دەکات، ڕەخنە هەمیشە زمانێکی نەرم و کاریگەری هەیە و کارێک تەواو دەکات بەهەر هەیەک بووە تەواو نەبووە و یان تەزی کەموکوڕیی بووە، بەڵام جنەودان بە خۆی میتەدێکە بە سووککردن و حەیابردن و سووکایەتیکردن

بە ئەویتر. خۆ ئەگەر ئەو تێزەش پێچەوانە بکەینەوە کە دڵێ هیچ شتێک لە سەرووی رەخنەوە نییە یان هەموو کەسێک لە ژێر نەشتەری رەخنەوەیە، ئەوا هیچ کەسێک یان هیچ شتێک بە هەر هەیەک بێت، شایەنی ئەوە نییە لەسەر روویەکی رۆژنامە جنێوی پێبدرێ و سووکایەتی بە کەسێتی مەعنەویی و ژیانی تایبەتی بکرێت. لەم روەشەوە دەبێت یاسا رێی خۆی هەبێت و قسەی خۆی بکات.
من هەست دەکەم وەرگری کورد، چیتر بە تاسوق و شەوقەوە چاوەڕوانی میدیا کوردییەکان بە تایبەت میدیای دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن ناکات، چوونکە هەموو کاریان چەبڵەوە لە جنەودان و تەمەت هەڵبەستندا، خۆ ئەگەر رەخنەیەکی بەجێ و راستەقینەش بگرن، ژبەرئەوەی زمانەکەیان هێندە پڕ لە موورادیفی زبر و نەشیاوە، هەزی رەخنەگرانە لە دەستدەدا و سەرئەنجام دەبێتە هەجویەکی رووت و قووت. ئەگەریش ئەم باسە کەمەک رووتر بکەینەوە و زیاتر خاڵ بخەینە سەر پیتەکان، ئەوا رووی دەممان بە پلەی یەکەم لەو میدیایانەیە وابەستەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنن چا راستەوخۆ پەیوەستی ئۆپۆزیسیۆن بن یان میدیای سەربەر بن، چوونکە ئەوان زیاد لە هەر کەس دەستیان هەیە لە بڕەودان بەو فەرهەنگە نەزمەی نووسین و بەاوکردنەوە، ئەوان سەربەکاری راستەقینەی ئەو زمانە زەر ناشرین و ئاگرین و نەخوازراوەن، کە هەنووکە بۆتە زمانی فەرمی راگەیاندن.
بەو هەیەی ئەو راگەیاندنانە لەبەر خاتری شەڕی سیاسیی و لەدان لە هەیبەتی دەسەڵات پەنایان وەبەر هەموو رستە و وشەیەکی نەشیاو بردووە و بە پەی لەکدانەوەی خەیشیان ئەوە رەخنەیە بە مانا و فەرمە پەست مودێرنەکەی. تەنانەت ئەگەر جارەکیش دانیان بە هەقیقەتەکدا نابەت یان هەڵەیەکی خەیان راست کردبێتەوە، دیسانەوە روبەرەکیان بە داشەرینی دەسەڵات هەر تەدا هەشتۆتەوە، ئەمەش نموونەی ئەو دانپەدانانەی "شێخ رەزا"مان بیر دەخاتەوە کە لە دڵێ شیعرەکدا هەمای بە کردووە، سەرباری دڵەانەدنی لە ئەنجامی گفتوگەدا، بەڵام لە دوایین هەلدا جنێو و شمشێری خۆی وەشاندووە، وەختەک لەم بەیتەدا دڵێت:

حەسەنی هەمزە لەسەر (شەم) کە چیە تەفسیری
دەست بە شمشێر لەگەڵم ساحەبی دەعوا دەرچوو
من وتم ناخونی شێرە، ئەو وتی کلکی شێرە
لەسەر ئەم لەفزە بەسی شەڕش و دەعوا دەرچوو
گرەوم کرد لەگەڵی، چووم و کتەبم هەنا
ناخونی من نەبوو، کلکی حەسەناغا دەرچوو

دووبابەتی نەجم خەتاوی شیعری شاعیر: نجم خەتاوی وەرگێڕ: ئەحمەد رەجەب

1 ـــ سەردان
کاتێك دە ساڵان بووم
پورم هەڵگرتم (1)
بەرەو دۆڵی نەجەف (2) و
لەوێ
لە لای گۆڕی باپیرم
لەو نیوەڕۆیە
لە ئابدا
دۆڵەکە زور گەورە دیار بوو
ترسناك و
گڕەکان بەبێ کۆتایی
چڕ و بێ رەنگن
پورم رەشپۆشە
گریان و واوەیلایەتی
منیش ئاو دەڕژم (3)
بۆ ئەوەی گڕەکە تەرکەم
روحی باپیرم ئاسووده بێت
لەو نیوەڕۆیە
لە ئابدا
(1) ـ بردمی
(2) ـ دۆڵکی بەناوبانگە دەکەوێتەی خواروی پارێزگای نەجەف.
7/6/2021
2 ـ لەیەکچوون

لە هەموو چاخەکان و
لە هەموو زەمەنەکاندا
خوێری وسپلەو
گەوادەکان و
بکوژەکان
وەك یەکن (1) و
ئەگەرچی جیاوازن
لە رەنگ و
تام و
بۆن
(1) لەیەکدەچن
7/6/2021

لە جەنگی کۆنەپەرستانەی یانزە ڕۆژی نێوان حەماس و ئیسرائیلدا..

قسەم لەسەر ئەوانییە کە کە لەم دەورەیەی جەنگ وپێکدادانەدا، سەرکەوتو بووە و کەش دەکاو، چونکە لەجەنگکاندا، هەمیشە لەخوارەوەی پێیاربەدەست و فەرماندەواکاندا، چین وتوێژی هەژارو کەمدەرامەد، هەژارترو کەمدەرامەدتر وهەروەها، ماوەران وخانە خراپتردەبن و ڕق وقین و نەفرەتیش لەنێوان چین وتوێژی هەژاری هەردوولایەنی ناکۆك و شەڕکەردا، زیاترو زیاتر لەدژی یەکتردا دەباتە لوتکەوە.
لەڕدا من دەمەوێت، لەسەر ئەوپەوڕانەی کە لای زۆربەی چاودێران کرایە سەنگی مەحەکی لەکدانەوە بە تاوانباری جەنگی یانزە ڕۆژە و هەڵگیرسێنەرەکەی، شتێك بڵێم.
پێوەر بەداوەریی کردن لەسەر ئەوەی کە لەهەڵایسانی گەڕکێدا تاوانبارترو دەندەتربوو، تەنها بەراوردی جیاوازی ژمارەیی لە قوربانیانی نێوان هەردوو تەرەفی نیزاعەکەدا نییە!
وەك لەهەندە لە وتارو لەدوان و ڕاگەیاندنی لایەن و کەسایەتی سیاسی

جەراوجەردا، دەبیستراو ودەبیندرا، لەکەدانەوەیەکی تەواو نالەژیکانەو ناحەقیانەیە.
بەکەو بەپەچەوانەی ئەم لەکەدانەوانە، پەویستە هەستەنگاندن بە لایەنی تاوانبارترو وەحشیگەرتری هەگیرسێنەری ئاگری شەڕی یانزەڕۆژی نێوان حەماس و دەوڵەتی ئیسرائیل، کە خەڵکێکی بەتاوانی شارنشینی لە هەردوو تەرەفی نیزاعەکەدا، کردە قوربانی و بەگشتیش خەڵکی شارنشینی هەردوولای خستە دەخێکی پڕ لەمەترسی و دڵەڕاوکێوە و بەهەزارانیشی دووچاری ئاوارەیی و سەرگەردانی کردەوە، دەبێت لە ڕوانگای ویست و نیەت و بەرنامە و ئایدیۆلۆجیا و دیدگای سیاسیی و فکریی ئەم دوو تەرەفەوە، لەکەدانەوەی بەبکرێت و لەکبدرێتەوە.
ئەوەی لەناو ئاگری نیزاعی چەندین ساڵەی نێوان ئەم دوو لایەنەدا، بەردەوام کراوەتە قوربانی، بگومان، خەڵکی شارنشینی فەلەستین و ئیسرائیلە، کە بەردەوام لەنێوان بەرداشی هەردوو ئایدیۆلۆجیای دینی فاشیستی حەماس وجیهادی ئیسلامی و دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل بە ئایدیۆلۆجیای یەهودیەوە، هاڕاون.
لەسەر بنەمای هەردوو تەوانینە دینیەکەوە، نیزاعێک بە ئەبەد ،خەڵکانێک بەردەوام دەکا بە سوتەمەنی ماشێنکی جەنگی نەبەاوە، کە بە هەردوو چینی سەرەوەی حاکم و بالادەست، هەم لەناو حەماس و جیهادو فەتحدا، هەم لەناو دەوڵەتی ئیسرائیلدا، بەتە مایەی ئیستیسمارو سەرمایەگوزاری و بەتایبەت لەپاڵ کەشتی هەمیشە هەواسراوی خەڵکی فەلەستیندا، تونژێک لەسەرەوە، لەو پەڕی نازو نیعمەتدا دەلەوەڕێن و لە تکەهەچونەکانیشیاندا لەگەڵ ئیسرائیل، لەنمونەی ئیسماعیل هەنیە، لە ناو ژێر زمینە شاردراوە و پارەزراوەکانیاندا، لەدوان و قسەی زل زل بە ئاگیاندنکان دەردەکەن کە لەهیچ دەخێکی نائاسایدا لەوان مەشکیش میوان نیە، کەچی لەژوور ژێر زمینەکانیاندا و بە خەراکی تەبلیغاتی ماشێنی ئیعلامی خەیان و جیهانی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی عەرەبیش، دیمەنە دەتەزێنەکانی منانانکی پارچە پارچەی ناو تەزو باروتی ئاپارتمانە داوخاوکان، دەخرێنە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و شاشەی تیڤیکان و بیری کۆنەپەرستانەی فاشیزمی دینی و قەومی، موسوڵمان و عەرەبزمانی لەبەرامبەر گەلی ئیسرائیل وجوودا، پڕ دەمەزرد دەکرێتەوە .
لەناو دەوڵەتی ئیسرائیلیشدا، چینێک، لەسەر هەمان بناغەی ئایدیۆلۆجیای دینی، ڕوایەت وحەقانیەتی بە درێژەی سیراع وململانکانی لەبەرامبەر حەماس و ڕوتە ئیسلامی وقەومیکانی دیکەی فەلەستین، داوە.
ئەوەی لەم سیراع وململانیاندا، جەگای سەرنج بوو، کەشەی گەلک بوو کە چەندین ساڵ لەفەلەستیندا خوێنی لەدەچڕێت، کەچی هەتا

ئاستی شیعارگەلەکی جەراوجەری شۆڤینیستی و فاشیستی بەزراو و قەزەون هەندرایە خوارەوە و لەنمونەیان، دەوترا:- خەیبەر خەیبەر یا یەهود، جەیش محەمەد سەوفە یەعود.
واتە شیعارەک، کە لەبنەتەوە، ئیسلام ومحەمەد، لەمەدینەدا لەبەرامبەر هەزە جولەکەکان ئەنجامیاندا، دوای سەربەینی سەدان کەسیان و بەکەنیزە و سەبایاکردنی ژن و کچەکانیان و بەتانانی بردنی مال و سامانیان، وە شاربەدەرکردنی سەدان خەزانیشیان بەدەستی بەتال، ئەمە بەهەمان نەفەس خەڵکی زوملەکراوی فەلەستین، بەهەمان ئامانج و پەیامی کۆنەپەرستانە و بەربەریانەی دەرین، بارگاوی کراونەتەوە و کۆشکەیان، لەدەخی ئاستەقینەی خەی بەم تەوانینە فاشیستیانەیە بەلاڕێدابراوە، نەک ناتوانەت جەگای پشتگیری خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە و جیهان بەت، بەکو سەرکەوتنیشی بە ئەجەندای حەماسی ئیخوانی، لەدوا مانزەی خەیدا کارەساتی تاژیدی ئامەزی زەر گەورەش بەدوای خەیدا دەهەنەت و ناوچەکەش بە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە دواوە.
وەلەهەمان کاتیشدا، هەمیشە گەلی ئیسرائیل، کە لەمەژووی دوورو نزیکدا پاکتاوی ڕەگەزیی و دینی لەبەرامبەردا جەبەجەکراوە، لەوەها دەخەکیشدا کە بزووتنەوە تیرەریستییە وەحشیگەریە ئیخوانیەکانی دەورو بەریان کە هەردەم بە بیری فاشیستی دینی لەدژی گەلی ئیسرائیل بارگاوین و چەقە و خەنجەر لەدژیان دەسون، ناتوانەت تەزقاڵەک هەست بە ئامان ودەنەوایی خەی بکات، هەربەیەش ڕاستەوی ئیسرائیل لەژەر ناوی پارەزگاری و پاراستنی ئاسایشی جووەکان، هەمیشە باڵەکی بەهەزبووە لەناو دەستەی فەرماندەوای ئیسرائیل وگەلی ئیسرائیلدا.
ئەمە، کۆشەی سەرەکی فەلەستین، ئەگەر لەچوار چەوەی تەگەیشتنەکی مرۆڤدۆستانەی دوور لەتووڕەیی دینیانەو کۆنەپەرستانەدا نەچەتە پێشەوە، بە هەتا هەتایە هەر ئاوا لەتەنگژەیی و گەژاوی شەڕو ململانێی خوێناویدا دەمێنەتەوە، پێچەوانەکەی ئەگەر خەڵکی فەلەستین ڕێزکانی خەی لەم بزوتنەوە کۆنەپەرستە هەڵپەرست وبەکرێگیراوانە، جیاکاتەوە و هەڵگری پەیامێکی ئاشتی خوازانە و پێکەوە ژیانی هاوچەرخانەی دوور لەتەوانینی ململانێی ئاینیانە، بەت، دەتوانەت هەم لەئاستی ئیسرائیلدا، هاوپشتی وپشتیوانی بە پێکەوە ژیانێکی مرۆییانە، دەستبەربکات، هەم لەئاستی ناوچەکەو دنیاشدا.
دەنا، حەماس و جیهادیەکانی تر، هەڵگری شیعارگەلێکی دەگمای کۆنەپەرستانەی ئوتۆن، کە لە تەوانینی سەلەفیانەو ئەرسەدۆکسیانەی دینیانەو سەرچاوەی گرتووە، کە هەرگیز ناتوانەت

ئاسەی ڕۆگاچارەی یەکجاری بۆ بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی فەلەستین بدات! ئەوان ئامانج و ستراتیژیان، ڕزگاری تەواوی فەلەستینە لە ڕووباری ئەردەنەوە هەتا دەریای مردوو، واتە: من النهر الی البحر.

:-وتعتبر حماس، أرضَ فلسطين وقفاً إسلامياً ووطناً تاريخياً للفلسطينيين بعاصمتها القدس.

واتە: حەماس، پێیان وایە، زەوی فەلەستین تاپۆی موسوڵمانانە وەنیشتمانی مڵۆیانە بۆ پایتەختەکەیەوە، کەقودسە.

واتە ئەم ڕوانگەیە، بستە لەخاکی هەموو فەلەستین واتە بۆئیسرائیلیشەوە، بەجگە لەموسوڵمان، بەهی کەسی دیکەی غەیرە نازانێت.

هەر ئەم ڕوانگە دینییە، هەڵوێستی ئەو دەکەن کە ئیسرائیل دەبێت لەسەر نەخشە بسڕدرێتەوە و هەڵوێستی خستنە دەریای تەواوی گەلی یەهودی دەکەن.

ئەم دیدگاو جیهان بینیە، نایان گەیەنێتە مانزگایەکی ئارام و بۆ هەمیشە کۆشتی خەڵکی فەلەستین لەوەها دەخکی پێ لە تەکهەڵچون و گرژی وئاڵوزی کارەساتئامێزدا دەهێڵێتەوە.

هەرلەبەرئەمەش، لەتەواوی گفت وگۆو دانیشتنەکانیان لەسەر دۆخی فەلەستین ناگەنە هیچ ڕێککەوتن وڕێگا چارەسەرێک، کە هەکارە سەرەکیەکەش، تەنها سەرچاوەی لە تەوانینی دینی و ململانێی دینیانەیە، بە دۆخەکەو لەم هەواسراویەشدا، هەمیشە چەند دەستەو تاقمێک، بازرگانی و وەبەرهێنان لەسەدۆخە ناجێگیرەکەدا دەکەن.

دۆگمەوە سەر دەستپێکی بابەتەکەم، کە کە نیەتی خراپتری لەم جەنگەدا هەبوو، ئایدیاڵجیاو بیرکردنەوە و فاکت وئەمری واقیع بەیار لەسەر ئەوە دەدات کە هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای بەراوردی جیاوازی ژمارەیی قوربانیان ناکرێت.

حەماس، چوار هەزار ساڵخی بەشوویەکی زەر هەڵمەکیانە، هەڵدایە ئاسمانی ئیسرائیلەوە، ئەگەر قوبەی ئاسنینی دژە موشەکی ئیسرائیل نەبوایا، ڕێژەی قوربانیانی خەڵکی ئیسرائیل چەند هەزارجار بەرامبەرتر دەبوو؟؟

ئایا ئەوکاتە، دان دەنرا بەوەی تاوانکارو موجریمی جەنگی، حەماس؟!

یان ئەوکاتە بەسەدایەکی زۆاترو دەنگەکی گەورەتر شایەو لەغانی سەرکەوتنیان دەگەڵا؟؟

بەگومان، خەڵکی ناوچەکە و جیهان لەگەڵ گروپ و دەستەو تاقمی جیهادی لەچەشنی قاعیدە و داعش و بوک وحەڵام و دەستەو تاقمە ئیخوانیە جەراو جەرکان، تەجروبەیەکی تاڵ وناخۆشی هەیە، زەقاوی

و بن لادن و زواهری و بکربغدادی... همیشە دنیاییان دادەیە، تیمی ئینتحاریکانیان، کە زەرترین خەرو پاداشتی ئیلاهی لووادایە، زەرترین ژمارەی مەدەنی بکرێنە قوربانی، هەربیە، زیاتر لەسەە و ێیزی پاس و نانواخانە و مارکێت و شوێنە پڕ لە قەرباغیکانی شاردا، خەتەقاندنوکانیان ئەنجامدەرا.
حەماس، لە هەرشی یانزەی سێپتەمبەری سەر هەردوو تاوەری بازرگانی ئەمریکادا، ئاهەنگی خۆشحالی وشادمانی گەەا.
لەمەرگی زەقاویدا، پرسەیان گەەا، کە بکوژرانی هەزاران کەس لەخەەکی شارنشینی شارکانی عەەاقدا دەستی سووربوو.
دەوترێت، لەقودس یان لەئەەشلیم، خەەکی موسوڵمان لەماەەکانیان دەرکراون، واتە لە گەەەکێک بەناوی "حي الجراح" کە لەەاستیدا، بەپێی زەربەی سەرچاوەی ەاگیاندنکان، کۆشکی ئەمانە لە گەە دادگادا بووە کۆشێکی زەر دەرینەو گرێ بەستی کرێچێتیان دەگەەتەوە بەزیاتر لەپێنجا ساڵ لەمەوبەرو ئێستاکە وەک بە بەگە دەخرێتەەوو کە گرێ بەستکانیان کۆتایی پێهاتووە.
بەەە وەک لایەنی ئینسانی و مافی هاوڵاتی بوون، دەوەت بەرپرسیارێ لە دابینکردنی ماڵ ومەسکەن بە ئەو هاوڵاتیانەی کە گوایا گرێ بەستکانیان تەواو بووەو دادگا بەیاری دەرکردنیانی داوە.
بەەام لەڕەدا هەر کەسێک هەکاری ئاگری ئەم شەەەی بەسەدان کەسی تەدا بوون بەقوربانی، بگەەنتەوە، بە کۆشی نەوان دادگاو چەند خەزانێک و پێیشی وابێت، دادوەرێکی مرەقدەستانەو لەژیکانەی لەهەمبەر هەردوو تەەەفی نیزاعەکەدا کردووە، هەەیەکی گەورەی کردووە!
دابارانەنی چوار هەزار ساەەخ، بەسەر ئاسمانی ئیسەائیلدا، درێیکی زەر شاخدارێ کە حەماس، ئیدیعایەکی ئاوای لەم کارێیدا لە دژی دەرکرانی چەند موسوڵمانێک لەماەەکانیاندا، لەخەی نیشانداا!؟
نا بەەکەو حەماس بەر لەم ەووداوە، بەدوای دەرفەتگەەاوە، ئەم ەووداوەش، بە حەماس، لەهەل ومەرجی سیاسی دوای تەامپ و هاتنی بایدن و کۆشی دووبارەی نەوەی ئەران و تیرەری موحسینی فەخریزادەو، دروستکردنی نیگەرانی بە ئیماەات و سودان و بەحرەین و سەەتەنەتی عەممان و چەند وەاتی دیکەش کە چاوەەوانەدکرێت، پێیوەندیکانیان لەگەە ئیسەائیلدا، ئاسایی بکەنەوە!
ئەگەر شەە لەپەنەاوی ئەو خەزانانە بوایا، حەماس لەبەرامبەر هودنەیێک کە ئیسەائیل دەستپێشکەری تەدا کرد، بەرلەوەی قسەو باسێک لەمەە چارەسەری کۆشی ئەو خەزانە دەرکراوانە کرابێت، حەماس تەپڵی سەرکەوتنی لەنەدەدا، لەکاتێکدا، لەوانە دەپرسم، کە پێیان وایەو دەەەن، ەووداوەکانی چەند ەەژی رابردوو بەدەستپێشخەری دەوڵەتی

ئیسرائیل بۆ شەڵەکی تر لە پەلاماردانی فەلەستینیەکان و گرتن و سەرکوت و وەدەرنانیان لەماڵ و حاڵی خۆیان دەستی پێکردو کرایە سەرەتای تەقینەوەی هێواوەکانی ئەم هێزانە و وەگەڕخستنی ماشێنی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، توانییان چی لێو بێناو سەرکەوتنێی کە پێیوە کەوتنە هەڵەکەسەماە، بۆ ئێو خەڵکە بەماڵکراوانە بەدەست بهێنن؟
نەک نۆیان توانی هیچیان بۆبکەن، بەڵکو بەسەدان خەزانی تریان لەغەززەدا بەماڵ و بەسەدان ماڵی غەززەشیان بۆ خەزان و وێران و خاپورکرا!
ئێوان باشتر نەبوو، هەر بۆتەچووی نەک چوار هەزار ساڵخ، بەڵکو چەند ساڵخەک، ئەگەر درۆناکەن ولەغەمی ئێو چەند خەزانەدان، ماڵ بۆ ئێو خەزانە بەماڵکراوانە، دابین بکەن و ئێو بەڵایش بەسەر شارنشینەکانی غەززەدا نەهێنن!؟ لەکاتێکدا، باش دۆیانزانی ناتانیاهۆش، وەک باڵی ڕاستی حکومەت، لەئەزمەی پێکهێنانی حکومەت دایێو جارێکی تر وەک کاردانەوەی هەرشە مووشەکیەکانی حەماس، دژەفتیان دایێ دەستی، هەتا لەوانگای گشتی جیهانیدا، وەک وەڵام بۆ هەرشەکانی حەماس، حەق بدەنەوێ بۆئیسرائیل، لەژێر ناوی بەرگری لەئاسایشی ئیسرائیلدا.
بەڵام هەڵەکەسەمای سەرکەوتنی حەماس، لەناو دارو پەردووی داوخاوی تەکەڵە بۆ گەشت وخوێن وئیسقانی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ستەملێکراوی غەززەدا، چیمان پێدەڵێن؟
دەڵێن؛- کە ئەمە لە سازدانی وەها کەش وهەوایەکی جەنگی و پە لەکارەساتئامێزدا، سەرکەوتوو بووین! دەڵێن؛- کە لەهەڵخەڵەتاندنی هەست و سۆزی عەڵەبزمان و موسوڵمانانی جیهاندا لەدژی جوولەکە، سەرکەوتوو بووین!
کاتی خۆیشی، خەڵکی کوردستان، لەکەڵەوی دوای ڕاپەڕینی ٩١ دا دووچاری گەورەترین کارەساتی مرۆیی خۆی بووەوە ، کەچی زیاتر ئەخزابی قەومی کوردی لەپشتی ئێو کەڵەوە بۆئەنقەست وەستابوون، هەتا لەئاکامەکانیدا وەبەرهێنانی مادی و مەعنەویانەی خۆیانی لەبەدەست بهێنن، هەروەک دواتریش بەدەستیان هێناو هەتا ئێستاش بوونەتە مەتەکەی سەر ژیانی خەڵک.
لەپێوەند بەکیمیابارانی هەڵەبجەش جەلال تاڵەبانی دۆیگووت؛- ئاخ بۆ هەڵەبجەیەکی تر!
بۆ کارەساتی شەنگالیش، مەسعود بارزانی وحیزبەکەی، توانییان، وەبەرهێنانی کەمەک و هاوکاری سەربازی و لۆجیستی و مادی وەاتانی هێژاوای لێودەست بهێنن و پارسەنگی هێزی خۆی لەبەرامبەر زۆنی سۆزو نۆیارانی دیکۆیدا، چەند قات زیاتر بباتەسەر، هەمیشەش دۆیان

گووت؛- کارساتی شەنگال، بە میلەتەکەمان بەخەرگەوە!
هەر سێ ئایینەکە، ئیبراهیمیەکە، قودس، بەشاری پیرۆزی خۆیان دەزانن، هەریەکەیشی، پاساوی بۆ ئەو پیرۆزیە هەیە، بەڵام ئیسلام وەک ئاینەکی تەبشیری و دوا ئایین و دوا پەیامبەر هەموویان بەتاڵ دەکاتەوە و مافی مومارەسەی ئایینیان لەوردەگرێتەوە، بەمەرج نەبێت، ئەویش، مەرجی جزیە دان بە سەرشۆڕی و زەلیلی، وەک لەم ئایەتەدا، زۆر بەزەقی ئەم هەوڵستیان نیشاندراوە:-
قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ

ئەی ئیمانداران، دژی ئەوانەی کە باوەیان بەخواو بەرۆژی قیامەت نیە و ئەو شتانەی خواو پێغەمبەرەکەی بەحەرامیان داناوە بەحەرامی نازانن و پەیەوی دینی حەق نابن، لەوانەی کە کتێبیان پێدراوە لە گاورو جوو بجەنگن، هەتا ئەو کاتەی بەناچاری جزیە، واتە سزا لەبەرامبەر تاوانەکدا، پێشکەش بەدەوڵەتی ئیسلام دەکەن.
لەکاتەکدا، لەقورئاندا چەندین ئایەت هەیە، کە فەزڵی بانی ئیسرائیلی کردوون بەسەر هەموو گەلانی جیهاندا، وەک لە سورەتی مائیدەدا ٥/٢٠، دەڵێت: **وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنبِيَاءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَآتَاكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ الْعَالَمِينَ**
کاتەک موسا بەقەومەکەی وت: ئەی قەوم و عەشیرەتم یادی نازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لە سەرتان کە پێغەمبەرانی لەناو ئەوەدا فەراهەم هێناوە، هەروەها پاشای زۆری لەناوتاندا هەڵستووە، ئەوەی بە ئەوەی بەخشیووە بەکەسی تری نەبەخشیووە .
لەهەمان سورەت ولەئایەتی دواتردا، دەڵێت:-
. يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا عَلَىٰ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا خَاسِرِينَ

ئەی قەوم و عەشیرەتم بچنە ناو ئەو زەویە پیرۆزەی (ئۆرشەلیم/القدس)، کە خوا پێویستی کرد لەبەر سوودی خۆتان بچنە ناوی، پاشگەز مەبنەوەو پاشەکشێ مەکەن تا خەسارەتمەندو زەرەرمەند نەبن.

واتە لەردا فەرماندەکات، بەیەهودیەکان، وەک چەن قوئان لەچەند جگای تر فەرماندەکات و ئەرکمەندیان دەکات بە جەبەجکردنی، بەنمونە، لە جگایەکدا فەرمان دەکات کە جیهادبکەن ، کتب علیکم القتال/البقرة.
یان ،کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قبلکم..
ەەژوتان لەسەر فەرز کراوە هەروەک چەن لەسەرئەوانی پەش ئەوەش فەرز کرابوو..
لەەوانگای دینی ئیسلام و وە قوئانەک کە لەبەردەستدایە، بەپەی ئایەتی، التوبة/٢٨:-

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُوا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَٰذَا ۚ وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً فَسَوْفَ يُغْنِيكُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ إِن شَاءَ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ

ئەی ئەو کەسانەی باوەتان هەناوە چاک بزانن کە موشریک و هاوەگەران گاوو پیسن، ئیتر لەم ساڵەیان بەدواوە نابێت نزیکی مزگەوتی حەرام (کەعبەی پیرۆز) بکەون، خۆ ئەگەر دەترسن لە هەژاری و نەداری و بێ بازاڕی ئەوە بزانن کەلە ئایندەدا خوای گەورە لە فەزڵ و بەخشندەیی خۆی دەوڵەمەندتان دەکات هەر کاتێک بیەوێت بەڵاستی خوا زاناو دانایە.
لەسەر بناغەی ئەم دەقە، لەهەر ئاە وگەەکی سیاسیی لەناوچەکەو باڵادەستی حەماسدا، قودس، وەک ئەشکەلیم کە ئەمەە تەواوی لایەنگرانی هەر سێ ئایینەکە ئازادانە ەە و ەەسەە ئایینەکانی خەیانی لە جەبەجە دەکەن، پگەی ئازادانەی ئەستای خۆی لەدەست دەدات و ەەگریی دەکرێت لەهەردوو ئایینەکەی تر، تەنانەت ئگەر جزیەی ملشەی وملکەچیەکەشیان بدەن، چونکە لەباوەەی ئیسلامدا، ئەوانە موشریک و پیس وگاون.
بەەام، دەبێت هەکار چی بێت، لەلایەک قوئان، فەزڵی بەنی ئیسەائیلی داوەو لەو لاوەش ئەم هەمو بەەەزی و سوکایەتیە بەیەهودیەکان ومەسیحیەکان دەکرێت، تەنانەت لە سوەەتی ئەلحەمد/فاتیحادا، هەموو ەەژەک لە نوێژکانیاندا و لەخوەندنی ئەم سوەەتدا نەفرەت و ەق وقینیان بەرامبەریان دەردەبڕن، کە دەەەت :-**صرات الذين انعمت عليهم غيرالمغضوب عليهم ولا الضالين./..**واتە:- نەمانخیەتە سەر ەەبازی ئەوانەی ەق وقین وغەزەبی ئەەایان لەگیراوە، وە هەروەها ئەوانەش کەسەرگەردان و گومەاکراون.

لەقوئاندا، چوار جار ناوی محەمەد هاتووە، جارەکیش ئەحمەد، بەڵام، ٢٥ جار ناوی عیسای مەسیح هاتووە، وە ١٣٠ جاریش ناوی موسای نەردراوی ئایینی جوو هاتووە، ئەمەش زیاتر گوومانی لەکەرەوە مژویەکانی موستەشریقین و بەخنەگرانی ئیسلامی لەمەڕ محەمەد، وەک هەرتەق "بیدعە" یەکی ناو ئایینی جوو کە لەژێر کاریگەری ئایینی جوو و مەسیحیدا بووە، زیاتر کردووە.

واتە محمد، لەسەرەتاوە یەهودی بووەو بەوای بە بەشارەتی مەسیح هەبووە وەک پەیامبەر نەک وەک خودا، ئەمەش لەژێر ئایەت وفەرمودەکانیدا بەنگیداوەتەوە.

زۆر هەوڵدانیشی لەبەگای ئەفزەلیەتدان بە بەنی ئیسرائیل، هەوڵێک بووە بۆ داکۆشانی سەرنجی یەهودیەکان، بەڵام لەم بەگایەدا سەرکەوتوو نابێت و ناتوانێت خۆکی جولەکە مەزهەب داکۆشتە پاڵ خۆیەوە !

ئەمەش ئەو هەکارانەن،کە بەڵای زەربەی لەکەرەی مژوناس و مژو نووسکانەوە، لەبەرچاوگیراوە، کە دواتر بوونەتە هەکاری نەفرەت و هەرش و پەلامارەکانی، محەمەدو لەشکرەکەی لە دژی هەزە جوولەکەکان و قەتە عامکردنیان.

دواجار، کۆشەو ململانێ جەراو جەرەکان لەجیهاندا، کە لەپێکدادانی مادیانەی بەرژەوەندێ جیاوازو جەراوجەرەکاندا سەرچاوەدەگرن، لە ململانێ و ناکۆکیێ جەراو جەرەکانی دیکەی ئایینی و مەزهەبی و قەومی و بەگەزی و تایفیشەوە بە لەت وپەتکردنی هەز و ئیرادە و ویست وخواستی هەموو ئەو چین وتوێژانەی دیکەی لەم کۆشەو ململانێیاندا کەمترین بەرژەوەندیان نییە، کۆک وەردەگرن.

هەر بۆیە، هەتا چین وتوێژە مەحرومەکانی کەمەگای بەشاریش لە ئاستی جیهانیدا، دەستبەرداری هەموو ئەو فەرهەنگ و دین وکلتورە سیاسییە جەراوجەرانە نابێت، کە هەکاری ئەم پرژو بڵاوی و لێک نامۆیین، وەک چەکی دەستەی فەرمانڕەوایانن، بە شێوە ململانێی نەوانیان، وە هەتا لەئاستی جیهانیدا نەتوانێت وەک چینێکی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش لەدەوری ئاڵ وگۆڕەی سەراسەریانەی جیهانیدا، لە کێنگرەی ئینتەرنسیونالی خۆیدا، بەکخراوو یەکگرتوو نابێت وهاوپشت و هاو غەم وهاودەی یەکتر نابێت، جیهان لەوەها دۆخێکی پڕ لە ناجێگیری شێوە ئاشوبی بەردەوامدا دەهەژێتەوە.

کە بەگوومان هۆکاری هەڵپشی مژو و چوونە سەری ئاستی وشیاری ئینسانی جیهانی، حەتمیەو مژو ئەمە بە قازانجی زیانێکی یەکسان و ئاسودەو ئارام و بە ئاشوب، زوو یان درەنگ، دەستبەرو یەکلادەکاتەوە.

/06.06.2021
تاهیر عیسا

نیشتمانم.. سڵام عومڕ

نیشتمانم...
هڕوەکو سەوزکی رزیو
بەلقی دارێکی تەڕوو
بەجماوە
وەکو جەنگاوەرێکی بەزیو
لەنێو سەنگەرێکی روخاودا
هەڵکورماوە.
نیشتمانم...
وەک رانەمەڵکی بێ شوان
کەوتۆتە دەڵکی نەدیو
هەندێ پەمان دەڕژن چیایی
هەندێکیش بەکەس و هەتیو
نیشتمانم...
وەکو دوو بەردی دەستاڕ
وەک ئاشی ئاو
تەڕو وشک
فەریک و پیر
هەمووی پێکەوە دەهاڕە.

تۆ مایستڕی دڵی منیت.. دڵی

□□ژه□□ات

پیاو□ک مایستر□ی د□ی من□
پیاو□ ب□ ه□موو وجوودیی□و□
خ□ونم د□دز□ و
ش□تان□ م□ستم د□کات
ش□تان□ ئالوودی خ□یا□ی خ□یم د□کات.
پیاو□ ز□مان□ ل□ دوای باران
ش□ب□نکی چاوی
گ□رمی ه□ناس□ی
قژی ئا□□سکاوم شان□ د□کات.
من و ت□ ل□ پ□ک□ک پ□ک□نین و
میل□دیی□کی م□ردان* ئاو□ت□…
من و ت□
ل□ م□رکان□ی ئاواز□ و
جوانی م□خ□کب□ندان و
ب□نی ق□ن□ف□
ش□تبوون تا ئا□وود□بوون، تا توان□و□
تا گ□یشتن□ ما□ی چ□ژ.
پیاو□ک ماستر□ی خ□یا□ و
جووت□ ش□ام□ی باخچ□ی□کی ب□ناز و
ئار□قی ه□□گ□فینی ئ□و چاوان□ی□ تا گ□یشتن ب□ دواه□مین تاریکی ش□و
پیاو□ک ن□ناسراوان□ و ش□تان□
منی ئاو□زان کرد.
ئ□ی جونتر ل□ باخچ□کانی ع□ددن ئاشتم ک□و□ و
□ا پ□□ین□کت ل□ ن□و د□ی منا ه□□گیرساندوو□ و
د□روازی□کت چ□کردوو□ ب□ناوی ئازادی و
و□ا ت□کت ل□ س□ر سین□ی من ن□خشاندوو□ ب□ناو و□ک د□ی ن□و□□س□کی و□□
پیاو□ خ□یا□تر ل□ تیشکی ه□تاو
پیاو□ مایستر□ی خ□یا□ی من□.

سل□مانیی

دەی ڕۆژهەڵات

*عەلی مەردان

گرنگییەکانی کۆتایی چیرۆک لە چیرۆکی منداڵاندا.. ڕەزا شوان

زۆربەی خوێنەران و نووسەران، بە تایبەتیش نووسەرانی بواری چیرۆک بە منداڵان، بڕوایان بە بگومانی کۆتاییەکی شاد لە چیرۆکی منداڵاندا هەیە. بەو هیوایەی کە هیوا و گەشبینی و وزەیەکی باشتری ژیان و داهاتوویەکی گەشتر لە هەش و هەست و لە دڕوونی منداڵانی تامەزرۆی چیرۆکدا بوونن.
ئەرک و پەیامی ڕاستی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە، کە ڕاستیەکان بە منداڵان بگەیەنێت. وا منداڵان تێبگەیەنێت کە ڕەگای ژیان تەنیا بە گوڕ ڕانەخراوە. هەمیشەش چاکە بەسەر خراپەدا و ئاشتی بەسەر شەڕدا سەرناکەون. ئەرکی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە کە بەبەر ڕتووش و ئارایشی ژیان وەکو خەی پشانی منداڵان بدات، بە شاردنەوەی تاڵی و ترشی و دژواریەکان لە منداڵان.
پەیوستە ئەدەبی منداڵان هەمیشە چڕای هیوا، گەشتر بکاتەوە، منداڵان ڕووبەڕووی ڕاستیەکان بکاتەوە. ئەوشیان بخاتە پێش، کە هەمیشە هیوا نایاتدی. ڕەگاش بە تەواوی نەگیراوە، هەمیشەش دڕگایەکی تر بە ڕزگاربوون هەیە. لە هەندە لە شاکار ئەدەبییەکانی جیهانی بە منداڵان، کۆتاییەکانیان بە خەشی وشادی نەهاتوون.
لە کوردستانی داگیرکراوماندا، منداڵانی کوردمان، بە ئاگانین، لە کارەساتکان و لە دەخی گرتن و کوشتن و سووتاندن و ڕووخاندن و دزی و ماڵوێرانی و دەستدرێژی و زەرداری و چەوساندنەوە و ڕەگەزپەرستی و جیاوازیی نەتەوەیی و نادادپەروەریی و کەمایەتی و نایەکسانی و بە بەشبوونیان لە مافەکانیان و بەسەربردنی ژیانیکی پڕ لە کوڕەوڕی و مەینەتی و بە مووچەیی و برسێتی، تۆندوتیژی خەزانی، کێشە

کەمایەتییەکان و... هتد. کە وایان کردووە منداڵانی کوردستان ئاخری لە ژیانی منداڵییان نەکەن. منداڵانی کورد، ڕۆژانە لە سەر ڕوونمای تەلەفزیۆنەکاندا، یا لە ئینتەرنێت و فەیسبووکدا ئەم کارەساتانە و بە دەیان کارەساتی تر دەبینن. ڕۆژانە، بە گوێ و نەبیستن و بە زرمەی بۆردوومانی فڕۆکەی جەنگی و تەپ و مووشەک و تانک و زرپێشی داگیرکەرانی کوردستان ڕادەچەنن. لە ترس و تەقین و نائارامی و لە دڵەاوکێدا دەژین. چۆن دەتوانین هەموو ئەم کارەسات و ڕووداوە ڕاستییانە لە منداڵانی کوردستان بشارینەوە. منداڵانی کوردستان لە هەموو شوێنکی کوردستاندا ڕۆژانە ڕووبەڕووی پشێلکاری و دژواری و فشاری جەستەیی و دەروونی دەبنەوە، بە ئاشکرا پشێلی ئازادی و مافەکانیان دەکەن. ترس و مردن هەموو لایەکی گرتۆتەوە. دایکان و باوکان، حەقیانە کە لەم بارودۆخە و لەم ژیانە ترسناکە کە پڕە لە کارەسات و پشێلکاری، دنیا نەبن و بترسن و بەوایان بە ئارامی نەبێت و ئاسوودەیی نەبێت. بۆیە بە دوای منداڵەکانیانەوەن و ئاگایان لێیانە. چونکە متمانەیان بەم ڕۆژگارە نییە.

پۆیستە نووسەرانی چیرۆک و هەنراوە و شانۆ و ڕۆمان و پۆخشان بۆ منداڵان. وا باسی ژیان بۆ منداڵان نەکەن، کە تەنیا بە گوێ تەنراوە و بە دڵ و داڵە. واش نەزانن کە هەموو خۆکی دڵپاک و نیازپاکن و بۆ وێژدانن. ئۆوش بزانن زەردۆخانەی ژەهراویش هەیە، ئاگاداریشیان بکەنەوە کە کەسانک هەن گورگن و لە کەوی مەدان. ناشبێت نووسەران تەنیا دیوی ڕووناکی ژیان پشانی منداڵان بدەن و تاریکیان پشان ندەن. زەر جار پاڵەوانی چیرۆکەکان لەناو جەرگەی تاریکیدا سەرهەڵدەدەن و بەسەر دڵک و داڵدا ملدەنەن، بۆ ئەوەی بگەن بە ڕووناکی و بە گوڵی هیوا و شادی. لە میانەی تامی تاڵیشەوە چەژی شیرینی دەزانن. بۆیە پۆیستە نووسەرانی چیرۆک بۆ منداڵان، بە متمانە بەخۆبوون و بەم ڕاستییانە منداڵانی کوردستان پڕوەردە و ئاراستە بکەن و بە داهاتوویەکی باشتر ئامادەیان بکەن.

ئایا نووسەرانی بواری منداڵان، دەتوانن ئۆوە بە منداڵان بڵێن یا بنووسن، کە ڤایرەسی کۆرۆنا بوونی نییە و درۆیە؟ لە کاتکدا کە منداڵان لە هەموو جیهاندا، بە چاوی خۆیانەوە ڕۆژانە دەبینن کەسوکاریان تووشی کۆرۆنا بوونە و خەکیەکی زۆر بە کۆرۆنا مردن و بوونە بە پۆتایەکی جیهانی. لە ترسی ئۆوەی تووشی کۆرۆنا نەبن قوتابخانەکان داخراون. ڕەنگی چیرۆکنووسانی منداڵان ئۆوەیە، کە هیوا و گەشبینی بخاتە دڵی منداڵانەوە و

پەیمان بەستن کە پزیشکەکان و دەرمانسازان، بە ئومید نەبوونەوە هاوکاری بەردوام بە دەزینەوەی ڤاکسینی (پەکوتەیەکی) بەهێزتری دژە کورۆنا.
پەیوستە چیرۆکنووسانی منداڵان راستگۆ و راشکاوبن، کۆشش و مەترسییە راستییەکان فەرامۆش نەکەن، وەک: کارتێکردنی نەرێنی لەیەکتر جیابوونەوەی دایکان و باوکانی منداڵان. مردن و لەدەستدانی خۆشەویستەکانیان، گۆچەکردنی سەکسی، موو بەکردن، شەڕانگێزی، کۆشە پەروەردەیی و ڕەوشتی، تونەدوتیژی خێزانی، برسێتی و هەژاری، کوێرەوەریی، نادادپەروەری، نایەکسانی، چەوسانەوە، بە مافی،... هتد.
بەگومان کۆسیشمان نکووڵی لەوە ناکەین، کە هەموومان حەزدەکەین، کە هەموو چیرۆکەکانی منداڵان بە شادی و خۆشی و بە سەرکەوتن و بردنەوە کۆتاییان پێ بێن. بەڵام بە ئەوەی کە لە ڕاستییەکان خەمان لابدەین و ڕووبەڕوویان نەبینەوە. دەکرێ هەندی جاریش چیرۆکەکانمان بە منداڵان هەمایین، وا پەیوست دەکات. کە لە پشتی پەردەوەوە ڕاستییەکان ئاشکرابکەین. نووسەرانی ئەمڕۆشمان، نووسەرانی دوێنێ نین، منداڵانی ئەمڕۆشمان منداڵانی دوێنێ نین. داهێنان و شڕۆشی تەکنەلۆژیاش نەوستاوە ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری نووسەران و منداڵان و دایکان و باوکانیش بەرزتر بوونەتەوە. بۆیە پەیوستە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، لە ئاستی ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکاری داهێنان و پەیوستییەکانی ئەم سەردەمەدا بن. بابەتی نوێ و سەردەمیانە بە منداڵان بنووسن، کە لە ئاستی پەیوستییەکانی ئەم سەردەمەی منداڵاندا بن. نەک هەر بابەتە سواوەکان و باونەماوەکان دووبارە بکەنەوە. پەیوستە چیرۆکی منداڵان لە یەکەم دێڕەوە، تا دوا ڕستەی لێگۆڕ فەرم و ناوەڕۆک و گرێ و پاڕەوانی چیرۆکەکان گرێدراو و تەواوکەری یەکتری بن. مەبەست و ئامانج و کۆتاییکی باش بهێننە ئەنجام.
مەبەستیشمان ئەوە نییە، کە هەڵەی ڕاست و چەپ، بەسەر ئەو چیرۆکە ئەفسانەیی و میللییانەماندا بهێنین، کە تا ئەمڕۆش بە نەمری ماونەتەوە، چەژی خوێنی لێدەست نەداون. هەر وەک ئەوەی، کە بە ئەم ڕۆژگار و بە سەردەمە وترابن و نووسرابن.
پێناسەی چەمکی کۆتایی شادی لە چیرۆکی منداڵاندا چی دەگەیەنێت؟
نووسەری پسپۆری ئەمریکی لە ئەدەبی منداڵاندا (ڕۆبەرت کەمیر) دەڵێت:" لەو بەوایەدام، کە کوتاییکی شادی لە پەیوستییەکانی پەرتووکی منداڵان نییە، منداڵان ئارەزووی ئەو

پەرتووکانە دەکەن، کە گوزارشت لە راستیەکان دەکەن. ئەوان باش دەزانن کە مووبەکار زەر جار سزا نادرێت" هاوڕێتیش تا سەر نییە، کەسانکیش هەن درێژە بە خراپە و بە رەفتارە ناشیرینەکانیان دەدەن.
بە تەواوی مەبەست لە کۆتایەکی شادی لە چیرۆکی منداڵانەدا چییە؟ ئایا ئەو کۆتایەیە کە دەڵێین:"هەمووان تا هەتایە بە شادی ژیان؟" یا کۆتاییەکە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە " پەند و وانەی وەرگرت؟ یا " کەسانی شڕانی و چەقاوسوو و مووبەکار "سزای بەدکاریەکانی خۆیان وەرگرت؟" یا کۆتاییەکی کراوەی دیاری نەکراو، کە "پەردەپشی کۆتاییەکی خراپ دەکات؟"
هەموومان ئەوە دەزانین کە "باتمان" لە کۆتاییدا دەیباتەوە. " ساندرێلا" دەبێت بە هاوسەری کوڕە پاشا. " جوانە نووستووەکە" جادووەکەی بۆتاە دەبێتەوە و لە خەوە درێژەکەی خۆی دەبێتەوە و شوو بە کوڕە شازادە ئازاکە دەکات. " بەفرین"ی جادوو لەکراویش، جادووکەی بۆتاە دەبێتەوە و شوو بە کوڕە پاشاکە دەکات و باوژنکەشی لە داخا دێی دەوستە و دەمرێت. ئەم چیرۆکە بە دوو کۆتایی پێچەوانەی یەکتری تەواوبووە. ئەوەش دەزانین کە کچێە "کەوانسوور"ەکە لە گورگە رزگاری دەبێت. یا چیرۆکی " کوڕە ئازاکە و ئژدیهایەک" کە بە سەرکەوتنی کوڕە ئازاکە و تیاچوونی ئژدیهاکە کۆتایی هاتووە. شازادەی وەتەکەی سەرسامی بوو، شووی پێکرد.
ئایا ئەم ئەنجامانە، ئەوانەن کە منداڵان ئارەزووی دەکەن و دەیانەوێت؟ گەر ئارەزووی ئەم ئەنجامانە دەکەن، ئایا ئەمانە ئەویان پێ دەبەخشن کە رووبەووی راستیەکان ببنەوە؟ ئەم پرسیارانە نەک تەنیا بە منداڵان، بە دایکان و باوکانیش زەر گرنگن. ئەمە وا راهاتووین، کە شڕانی هەمیشە سزا دەدرێت. کەسانی باشیش لە کۆتاییدا دەیبینەوە. بەڵام منداڵان کە گەورەدەبن، دەبینن شڕ هەر درێژەی هەیە و کۆتایی نەهاتووە.. بەیە وا هەست دەکەین کە چەمکی کۆتایی لە چیرۆکی تازەی منداڵانەدا، گەڵانکای و نوخوازییان بەسەرهاتووە. دەستکەوتکانی کۆتاییش لە چیرۆکی نێی منداڵاندا، مەرج نییە تەنیا ماددیی هەست پێکراوبن . دەشە: زەردخەنەیکی ناسک، هیوا بەخشین و گەشبینی بەخشینبن، یا سەرکەوتنکی واتایی بن.
کۆتایی کراوەش لە چیرۆکی منداڵاندا، هەڵ و دەرفەت بە منداڵان دەرخسێنن، تا توانا و شارەزایەکانیان بەکاربهێنن، لە چارەسەرکردنی کێشکاندا. چیرۆکنووسانیش هیچ کۆتاییکی کۆنکریتی دیاریکراو ناسەپێنن. بەکوو ڕە بە منداڵان

خەشدەکان کە بیر لە زیاتر لە کۆتایی بکەنەوە.
شەواز و ڕەبازی نووسینی کۆتایی چیرۆکی منداڵان، لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازییان هەیە. جاری واش هەیە لە نێوان چیرۆکەکانی هەمان چیرۆکنووسدا جیاوازی لە نێوانیان چیرۆکەکانیدا هەیە. پێویستە ئاوڕ بزانین کە کۆتایی چیرۆک بۆ منداڵان، کۆتایێکی شادی بێت یا کۆتایێکی ناشادی بێت. هیچ پێوەندیێکی بەوەوە نییە، گەر چیرۆکنووس ژن بێت یا پیاو بێت.
گەر چیرۆکنووسانی چیرۆک بۆ منداڵان، باکگراوندێکی ئەدەبی و بیرۆکەی جوانیان هەبێت، بۆ لایەنەوە نووسینی کۆتایی جوان بۆ چیرۆکەکانیان، کارێکی گران نییە.
چیرۆکەکانیشیان بۆپی قەناغەکانی منداڵی منداڵان دادەڕژن. زەربەشیان شارەزای بواری پەروەردە و دەروونناسیی منداڵان و بنەما سەرەکییەکانی چیرۆک بۆ منداڵانن.
دروستکردنی کەسایەتی دروست و ئاسایی منداڵان و زاخاودانی بیر و هەزر و هۆشیان بۆ ڕاستییەکان و پێویستییەکان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاو بەرهەستییەیانەی کە لە داهاتوودا دێنە ڕێیان و سەرکوتن بەسەریاندا، بۆ ئاوێش کە لەگەڵ گەڵانکاریی ناکاوییەکانیشدا دەربڕن و متمانەیان بە توانکانی خۆیان هەبێت و بشتوانن چارەسەر بۆ گرفت و کۆشکانیان بدۆزنەوە. هەموو ئەم مەبەست و ئامانجانە بە ناوخنی چیرۆکی تازەی منداڵان.
لە قەناغی بەرایی منداڵیدا، یا منداڵانی باخچەی منداڵان. بە زۆری ئاو چیرۆکانەیان بە دەگەڵنەوە کە کوتاییەکانیان بە شادی و خۆشی و هیوا و گەشبینی کۆتاییان هاتوون. بە ئاوەی متمانەیێکی زیاتریان بە خۆیان و بە ژیان و داهاتوویان هەبێت. لە ڕاستیشدا کۆتاییێکی شادی، یەکێکە لە ڕەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان بۆ تایبەتیش بە ئەم قەناغە.
بەپام منداڵانی هەڕاشی، سەروی پێنج ساڵان، کە قەناغێکی خۆیاڵیی فراوانە، منداڵان بە زۆری حەز لە گوێگرتن و لە خوێندنەوەی ئاو جۆرە چیرۆکانە دەکەن کە خۆیانئامێزن و پاڵەوانکانیان سەرکەشن و کاری لە توانابەدەرن ئەنجام دەدەن. دەبینین زۆر لە منداڵانی ئەم قەناغە، خۆیان بە پاڵەوان یا کارەکتەرکانی ئەم چیرۆکانە دەزانن. هەیە حەزدەکات کە ببێت بە " سوپەرمان" یا بە "کوڵە ئازاکە" یا ببێت بە "ساندرێلا" یا " بەفرین ـ دنکە هەنارە " یا "بووکی دەریا"… هتد. ئەم ڕاستییە لە خەسڵەتکانی ئەم

قەناغی منداڵین. حەزیش بەو پاڕاوانانە دەکەن کە کاری باش و پیاوەتی و هاوکاری دەکەن. دەبن بە فریاڕەس و سوود بە گشتی دەگەیەنن.
منداڵانی قەناغی تەمەن حەت و هەشت ساڵان، ویژدانیان گەشە دەکەن، زیاتر لە راستییەکانەوە نزیک دەبنەوە. لە میانەی ئەو چیرۆکانەوە کە دەڵێن: مەرج نییە کە بەهێزترین کەس هەمیشە ببات‌ەوە. لە زۆر لە یاریيەکانی فووت بۆڵدا، نە "میسی" و نە "رۆناڵدۆ" نەیانتوانی گۆڵ تەمار بکەن. تا رادەیەک چیرۆکانی ئەم قەناغەی منداڵی، لە راستییەکانەوە نزیکن. ئەو پرەنسیپانەیان لەخۆگرتوون، کە گەشە بە کۆمەڵایەتی منداڵان دەکەن.
لە تەمەنی دوازدە ساڵانەوە، کە سەرەتای قەناغی هەرزەکارییە. لەم قەناغەدا منداڵان ئارەزووی ئەوەیان هەیە کە وەنەکە بە تەواوی ببینن. پێویستە ئەوە بزانن کە مەرج نییە پیاوباش هەردەم باش بێت، زۆر جار چاکە شکس دێنی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە شکستیش سەرکەوتووە. پێویستیش ناکات هەر شتێکمان بینی چاوی لێبکەین. گەر هەموو ئەوانەی بە دەورمانەوەن دردەکەن. پێویست نییە ئەمەش وەک ئەوان بین.
مەرجیش نییە کە بەهێزترین یا جوانترین کەس، بتوانن زەرترین هاوڕێ بدەستبهێنن.
منداڵانی هەرزەکار، حەز بەو چیرۆکانە دەکەن کە راستییەکانیان بەرجەستەکردوون.
گەشتی پاڕاوانێک بۆ ناخی تاریکیدا، بۆ گەڕانەوەی هیوا و هەست، کە ژیان هەشتا لە پشیوییە، نابێت وەری بەوخێت و کۆڵ بدات. ئەم جۆرە چیرۆکانە وا لە منداڵان دەکەن، کە هەگریایبن و جار لە دوای جار بیانخوێنەوە.
ئەمە پەمانوایە، کە منداڵان تا رادەیەک پێویستییان بە راستی و بە کەمەک چیرۆکی ترسناکیش هەیە. پێویستییان بەو چیرۆکانە هەیە، کە بە کۆتاییکی شادی کۆتاییان هاتووە، بەو چیرۆکانەش، کە بە غەمگینی کۆتاییان هاتووە، نەک ئەو چیرۆکانەی کە بە تراژیدیا کۆتاییان هاتووە. بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم و نابم، کە منداڵان بە هیوا و ڕەشبین بکرێن. پێویستە چیرۆکەکانیش لە هەموو ڕوویەکەوە، کە لەگەڵ قەناغەکانی ژیانیانی منداڵانی هەر قەناغەکدا گونجاوبن.

ڕزا شوان
٦/ یەنیە/٢٠٢١

جۆرنانەی منداڵان.. ئاگەلی حەمەشید

منداڵان ئەو تۆڕە گرنگ و ناسکەن کە بنیاتنانی کۆمەڵگەیان لەسەر بەندە،هیوای گەش و پرشنگداری دواڕۆژی نەتەوەن.هەوێنی شادیی و خۆشی و ئاسودەیی نەو خەزانن،بە شانەی ژیانیش لەگەڵ ئەوەی کە ناکیی و وزە و جوانیین ،هەستیارن.جا کە منداڵ بەو شێوەیە بێت پێویست بەوە دەکات کە ئاگاداری کاروانی ژیانیان بین و پەروەردەیەکی دروستیان بکەین و وایان لێبکەین کەوکو منداڵیی خۆیان بژین و بەپێی توانا پێداویستییەکانیان بە دابین بکەین تا ئەوان چۆڕ لە منداڵیی خۆیان وەربگرن ،وەک زانا پەروەردەیی و دەرون ناسەکانیش ئەو ڕاستییەمان بە دووپات دەکەنەوە کە کەسێتی منداڵ لەسەرەتاوە دروست دەبێت بەتایبەتی ئەو کاتەی کەدچێتە باخچەی منداڵان و قوتابخانە بەیە گرنگی دان بە منداڵ و پەروەردەکردنیان کارەکی گرنگ و بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی خەزان و تایبەتی تریش دایک و باوک ،دواتریش مامۆستا و قوتابخانە.دابین کردنی ژینگەیەکی ئارام و خۆش وا لە منداڵ دەکات کە پڕ بە بەهرەو خولیاکانی بدات و تواناکانی گەشە بکەن .بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا زۆر هەکار هەن کە خەزان و

قوتابخانەش نەتوانن بەو کارە گرنگە وەکو پێویست هەستن لە پێناو بنیاتنانی کەسێتی منداڵ بە کەمەڵگەیەکی دروست .بەڵام خۆ ناکرێت دەستەوەستان دابنیشین و چاوەڕوان بکەین ،بەیە هەوڵدان و جۆبەجۆکردنی بەشەک لە ماف و پێداویستییەکانی منداڵ وا لە منداڵ دەکات کە هەست بەبوونی خۆی بکات و چۆڕ لە چالاکی و یاری و خوێندن وەربگرێت و ڕەگەی پەروەردەیەکی باشیش بگرێت بەهاوکاری خەزان و قوتابخانە.یەکەک لەو کارانەی کە خەشیەکی زۆر بە منداڵان دەبەخشێت گۆرانی و سەماو یاریکردن و نواندنی چالاکییە،کە لە ئێستادا و ساڵانە لە یەکی حوزەیراندا کە ڕۆژی جیهانی منداڵانە لە کوردستان کەمەڵەک چالاکیی جۆراوجۆر لەلایەن تیپە هونەریی و ڕەکخراوە تایبەتەکانی منداڵانەوە ساز دەکرێت کە دەبێتە مایەی خۆشحاڵی و زیاتر ئاسودەکردنی منداڵان کە پێویستە دەستخۆشییان لێبکەین و کارەکانیان بەرز بنرخێنین. هەرچەندە هەندەک جار کە

دیارێ چالاکییەکێ بۆ منداڵانێ بەتام بەداخەوە منداڵان وەکو پێویست چێژ لەو چالاکییانە وەرناگرن و بگرە بەزاریش دەبن بەهۆی ئەوەی کە کەشکی گونجاو و لەباریان بۆ ناخسنرێت کە بۆئارەزووی خۆیان بەشداری ئەو خشیەیە تایبەتیان ببن و چێژی لەوەربگرن،کە زۆرجار دایک و باوک خۆیان دادنیشن و ئەوانیش هێندە بێپەوە دەوەستن بەزار دەبن،جاری واش هەیە بەهۆی جووڵەی زۆرەوە قسەیان پەدەوترێت،نازانن کە منداڵ واتا جووڵە ،یان ئەوەندەیان پەدەنێن دانیشن ،بەدەنگ بن،وامەکەن.یان شوێنەکە نەگونجاوە و خەڵکەکی زۆری لێیە ،کە سەرنج دەدەیت بۆنە تایبەتەکە کە چێژی منداڵانە و ئاهەنگی گێرانی و مۆزیکە ،ون دەبێت و منداڵ نازانێت چیبێ و بۆچی هاتووە.دەنیام کە لەمبەستم دەگەن و دەزانن بۆتایبەتی ئەوانەی کە منداڵەکانیان لەو چێژەدا بردووە بۆ ئەو ئاهەنگ و کۆنسێرتانەو بۆ چاوی خۆیان بینیویانە.دەزانن منداڵ زۆر حەزی لە جۆرنانێیە و چەند چێژێک پێش جۆژن خەی بۆ ئامادەکات و چاوەڕوانی هاتنی جۆژنە تا لە کەسە ئازیز و خۆشویستەکانیانی وەربگرن،ئەمەی گەورەش هەرگیز ئەو کەسانەمان بیر ناچێتەوە کە منداڵ بووین و جۆژنانیان داوینە ،چونکە خۆشیان پێبەخشیوین.چەندە خۆشە ئەو جۆژنانێیە لە چێژێکی تایبەت بۆ منداڵاندا بێت و گێرانی منداڵانیش بێت کە دەنیام لێیادەوەری منداڵاندا دەمێنێتەوە و بەپەرۆش و خۆشیەکی زۆرەوە گوێی لێدەگرن.هونەرمەندی ئازیز (ئاسۆ مەحمود) کە زۆر جار لە بۆنە تایبەتەکانی منداڵاندا بۆگێرانی و بەدەنگی خەی بەشداری کردووە و دەیی منداڵانی خۆشکردووە.ساڵی ۱۹۹۹ یەکەم گێرانی بۆ منداڵان وتووە،هەروەها لە ساڵی (۲۰۰۹)ئەلبومەکی کردە دیاری بۆناوی (دیاری) بۆ منداڵان و ئەمساڵیش بۆ دیاریەکی جوان کە ناوی ناوە (جۆژنانەی منداڵان) و (پێنج) گێرانی لەخۆ گرتووە بۆ منداڵان دەتەوە خزمەت منداڵان و پێیان دڵێت من هەمیشە ئامادەم خۆشدەوێت و تا بتوانم گێرانی خۆشتان بۆ دڵێم .ئەم ئەلبومەی هونەرمەند ئاسۆ مەحمود ئەم گێرانییانەی گرتۆتەخۆ (چێژی شادی،سەری ساڵ ، چێژی منداڵان ، ئاهەنگ ، منداڵی کورد)کە سێ گێرانییان ئاواز و هەنراوەی مامۆستای هونەرمەند(ئاسۆ ئیبراهیم)ە ،گێرانیەکیشیان ئاوازی هونەرمەند (هەرش عبدالرحمان) و هەنراوەی (جەبار سابیر) ەگێرانیەکیشیان هەنراوە و ئاوازی هونەرمەند خۆیەتی.

دەستخۆشیمان بۆ ئەم هونەرمەندە ئازیزە و هیوای سەرکەوتن و کاری جوانتری بۆ دەخوازین بۆ منداڵان.شایانی باسە ناساندن و بەاوکردنەوەی ئەلبومی(جۆژنانەی منداڵان) بۆ ئامادەبوونی کەمێک لە هونەرمەند و نوسەران و کەمێک منداڵ و کەسوکاریان لە باخچەی

□□کخراوی گ□ش□پ□دانی م□د□نیی□ت(CDO) سازکرا کاتژم□ر پ□نجی پاش نیو□□□ی □□ژی دووش□مم□ ۷/٦/۲۰۲۱ .ک□تیایدا هون□رم□ند ئاس□ م□حمود ب□هاوکاری تیپی هون□ری منداا□انی م□□ک□ندی چ□ند گ□رانیی□کی پ□شک□ش کرد ک□ بوو□ مایی د□خ□شی منداا□انی ئامادە بوو،خاتو (فریشت□ مست□فا) ئاه□نگ□کی ب□□و□ د□برد ک□ چ□ند ه□نراو□ی□کی ناسکی منداا□انی خو□ند□و□،ئ□لبوم□ک□ ب□هاوکاری ک□سای□تی (م□ریوان حاجی ج□مال) ئامادە□کرابوو،ت□مارکردنی م□زیک و ماسترین ل□ ستودی□ لاو□ هون□رم□ند ع□وم□ر ع□بدو□ا کرابوو ،ف□توش ل□لای□ن پ□ش□وا ح□م□س□عید□و□ کرابوو.ل□ک□تاییدا ئ□لبوم□ک□ ب□دیاری پ□شک□ش ب□ ئامادە□بووان ک□راو دیاری تایب□تیش ل□گ□□ ئ□لبوم□ک□ پ□شک□ش ب□ منداا□انی ئامادە□بوو کرا.

نام□ ب□ □□بوار س□ەعید)ی هون□رم□ند.. کاروان ع□وم□ر کاکەسوور

بیست سا□ زیات□ ل□ نزیکەوە دەتناسم. پ□شتر بەرهەمەکانتم دیبوون و دەمزانی یەک□کیت ل□ هونەرمەندە جیاوازەکانمان. ل□ ناوە□استی هەشتاکان ل□ هەول□ر ب□ هەند□ک ل□ تابل□کانت ئاشنا بووم. ل□ سا□ی (1998) ک□م□□چیر□کی (ئ□سپیدیل□ن)م ل□ □□گای پ□ست□و□ ب□ ناردیت. ه□ر ئ□ودە□م پارچ□ی□کی □□مانی (ئای ل□قیلیا ل□قیلیا!)مت ل□س□ر ی□ک□ک ل□ ب□ره□م□کانتدا نووسیی□و□، ک□ ه□شتا ب□ چاپم ن□ناردبوو. سا□ی (2001) ل□ ک□پینهاگن یەکترمان بینی، ک□ ئەودە□م پیشانگایەکت ب□ بەرهەمەکانت کردبووەوە. ل□و□ ل□بارەی هونەرەوە گفتوگ□مان دام□زراند. ل□ هاوینی (2009) جار□کی تر ل□ ک□پینهاگندا پیشانگات کرد□و□، ک□ ل□گ□□ هاو□□یان (میدیا ب□گ□رد)، (ئاڤان ف□تاح)، (ئ□نیتا ئ□سپاند□ر)، (ساکار ج□مال)، (نیاز ب□یاتی)، (ئاراس و□هاب)، (گ□ران ه□□بج□یی)، (کام□ران ئیبراهیم)، (ئالان پ□ری) و زۆری تردا کات□کی خ□شمان ب□ س□ر برد. ه□ر د□مود□ست باب□تکم ل□بار□ی پیشانگاک□ت□و□ نووسی و ل□ ک□□کدا پ□شک□شم کرد، ک□ د□ب□ت□ ناو□ر□کی ئ□م نام□یە□م.

تێ لەو هونەرمەندانەیت، کە چ لە هونەرەکەی خۆیان و چ لە هونەرەکانی دیکەیش ئاگادارن. هەمیشە لەگەڵ تۆدا دەتوانم بەبێ دوودڵی بڕچوونی خۆم دەربڕم. ئەو هەستیارییەت وام لێ دەکات، بە ئاسانی سەرنجەکانمت پێ بڵێم، بە تایبەتی کاتێک ئەو سەرنجانە پێوەندییان بە بەرهەمەکانی خۆتەوە هەیە. زیاتر گوێ دەگریت، لەوەی بدوێیت، مەگەر جارجار لەبارەی سەرنجەکانمەوە شتێک ووون بکەیتەوە. وەک بڵێی بە چاکی لەوە تێگەیشتبێتی، کە تێ لە ڕێگای هونەوە قسەی خۆت کردووە و ئینجا نۆرەی منە لە بارەیانەوە بدوێم. لە بەرهەمەکانتدا هیچ شتێک نابینم، جیاواز نەبێت. هیچ خاڵێکم بەر چاو ناکەوێت، هیی ئەوە بێت بە ئاسانی لێی تێبپەم و بە قووڵی بیری لێ نەکەمەوە. ئەم جیاوازییە گەورەیە جۆرێک پارادۆکسی لای هەندێک بینەر دروست کردووە، کە وا بزانن بەرهەمەکانت بێ شێوەیەک لە شێوەکان لە یەکتر دەچن. لای تۆ تەکنیکێک هەیە، کە دەتوانم ناوی زۆربوون (Reproduction)ی لێ بنێم.

من ئەگەر (تیۆریی پڕۆسێندن)ی (داروین) کەمەکی نەکردبام، لەو پرسەسە نەدەگەیشتم و وام دەزانی جۆرێک لەیەکچوون لە کارەکانتدا هەیە. لە (تیۆریی پڕۆسێندن)ی (داروین)دا ئەوە تێدەگەین، کە هەر گیاندارێک لە گیاندارێکی دیکە جیاوازە، با ئێمە لە شێوەی دەرەوەدا ئەو جیاوازییە بە ووناییش هەست پێ نەکەین. هەموو زۆربوونکیش شێوەیەکی ئەندازەیی هەیە. واتە دوو دەبێتە چوار و چوار دەبێتە هەشت و هەشت دەبێتە شانزدە و… هتد. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە، کە تێ لە کاتی بەرهەمهێناندا پشتت بەو تیۆرییە بەستووە، بەڵکوو دەمانەوێت بڵێین هونەر ئەگەرچی تا ڕادەیەکی زۆر پڕۆسەسکی ووڵایی (Spontaneous)یانەیە، بەڵام ئەوەی کار دەکاتە سەر قووڵیی ئەو هونەرە، بوونی دیدگای فەلسەفییە. کاتێک بە قووڵی سەرنج لە دنیا دەدەین، سەرنجەکانمان لەگەڵ سەرنجی هەموو ئەوانەدا بەر یەک دەکەون، کە بە قووڵی لە هەمان دنیایان ڕوانیوە. لێرەوەیە سەیر نییە، کاتێک دەبینین شێوەکارێک و شاعیرێک و ڕۆمانووسێک و فەیلەسووفێک بەبێ ئەوەی ئاگایان لە یەکتر بێت، سەرنجیان لە بابەتێکی هاوبەش داوە، بەڵام هەر یەکەیان بە گەیشتن بە قووڵاییی ئەو بابەتە، کۆرستەی خۆی بە کار هێناوە. وەکوو چۆن لەیەکچوون لە سادەییدا هەیە، لە قووڵاییشدا چ لەیەکچوون و چ جیاوازی هەن، بەڵام ئەوەی قووڵایی لە سادەیی جیا دەکاتەوە، بوونی جیاوازییە لەنێوان قووڵاییەک و قووڵاییەکی دیکەدا، لە کاتێکدا ئاسان نییە تێ جیاوازی لەنێوان سادەییەک و سادەییەکی دیکەدا بدۆزیتەوە. ئێمەیش بێ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سادەیی لە جووڵە و ئاڕاستە

بەبەشە. سادەیی لە ئاستی خۆیدا دەمێنێتەوە و کارلێک لەگەڵ شتەکانی دیکەدا دروست ناکات، بەڵام قووڵایی بەرهەمی جووڵە و ئاڕاستەی شتە جیاوازەکانە، کە دیدگای داهێنەر بزوێنەریانە، بۆیە سەرچاوەی هەموو قووڵاییەکیش، هەر سادەییە. بە مانایەکی دیکە، سادەیی لە کاتێکدا پێسەسی گەڵانەوە دەبێتە قووڵایی. ئەگەر داهێنەر دەتوانێت لە سادەییەوە بەرەو قووڵایی هەنگاو بنێت، بەڵام هیچ هەنگاوێک لە قووڵاییەوە نامانباتەوە ناو سادەیی. کاتێک لە هەنگاوی هونەری تەوەڵە (تیۆریی پڕۆسێندن)ی (داروین)مان بیر دەکەوێتەوە، بە تایبەتی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ گیانلەبەر و چەمکی زۆربوونداا، ئەوە ئەنجامی ڕوانینی قووڵی تۆیە بۆ ئەم دنیایە، دنیا لە بەرهەمەکانتدا جەستە لەژێر دەستەڵاتی بایەلۆژیادا نەماوە و وەکوو بوونەوەرێکی سەربەخۆ هەڵدەسووڵێت. (داروین) ئەو زۆربوونەی بە (هەڵبژاردنی سروشتی Natural Selection)ەوە دەبەستێتەوە، بەوەی هەر گیاندارێک لە پێناو مانەوەدا لەگەڵ (ئەویدیکە)دا دەکەوێتە شەڕەوە بۆ بەدەستهێنانی شوێن و خۆراک. ئەنجام ئەوانەی هەڵگری جۆرە خەسڵەتێکن، کە لەگەڵ دەوروبەردا گونجاوە، دەمێننەوە. لای تۆ مانەوە بۆ ئەوانەیە، کە زیاترین ڕەگەزی هونەری لە خۆیان دەگرن. لەم تێگەیشتنەوە زیاتر لە گیانلەبەرە

هونەرییەکانت نزیک دەبینەوە و جیاوازیی نێوان هەر یەکێکیان لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا هەست پێ دەکەین. دەتوانین ئەوە بڵێینە بەر چاومان، کە تۆ خۆت زۆر خەسکانە پڕۆسەی (هەڵبژاردنی سروشتی Natural Selection)ت گرتووەتە ئەستۆ و هەر خۆیشت ویستووتە چ جۆرێکی گیاندار لە ناو ببێیت و چ جۆرێک بهەڵێیتەوە. بە مانایەکی دیکە، چی پیشانی ئەمە بدێیت و چیمان لێ بشاریتەوە. لای (داروین) گەڵان خاوەن. گیاندارەکان نەوە لێ دوای نەوە دەگەڵێن. کەواتە لە پاڵ شوێندا، کاتیش هەڵێکی گەورە لەم گەڵانەدا دەبینێت. هەردوو ڕەگەزی کات و شوێن لە بەرهەمەکانتدا کاریگەریی گەورەیان لەسەر پڕۆسەی ئەو گەڵانەدا هەیە. ئەگەر لە شوێنێک خاڵێک نیشان بکەین و لە شوێنێکی دوورتر خاڵێکی دیکە، ئەوە بڵگومان جیاوازیی ئەو دوو خاڵە بە ئاشکرا هەست پێ دەکەین، لە کاتێکدا ئەو جیاوازییە لەنێوان خاڵێک و خاڵەکەی تەنیشتی، یان بە مانایەکی دیکە گیاندارێک و گیاندارەکەی تەنیشتیەوە، کەمتر دەدڕزینەوە. بۆیەیش دەڵین خاڵێک لە شوێنێکەوە دیاری بکەین و خاڵێکی دیکە لە شوێنێکی دوورتر و ناڵین سەرەتا و کۆتایی، چونکە لای تۆ سیستەمی کرێنەلۆژیانەی مێژوو تێک شکاوە و لە شوێنیدا کاتی بازنەیی

دامەزراوە، کە دواتر بۆی دەگەڕێنەوە. لە (تیۆریی پڕۆسێندن)ی (داروین)دا شەڕی گیانلەبەر لەگەڵ سروشت لە لایەک و لەگەڵ جۆرەکەی خۆی لە لایەکی دیکەدا، بەندە بەوەی ئەو گیاندارە چ خەسڵەتێکی تایبەتی لە خۆیدا هەڵگرتووە، تا بتوانێت لەم شەڕەدا بە هۆیەوە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت. لێرەدا هەوڵستەیەک دەکەین، بەوەی لەم پڕۆسەی سەرکەوتنەدا خەسڵەتی جیاوازجیاوازی وەکوو هێز، خێرایی، زیرەکی، ئازایەتی، هەقیی ئاسقان، نەرمیی جەستە، جوانی و زۆری دیکە هتد دەبینن، کە دەشێت یەکێک لەو خەسڵەتانە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت و مانەوە مسۆگەر بکات. لای تۆ ئەگەرچی وەکوو پێشوو ئاماژەمان پێ کرد، زۆربوون هەیە و بەندە بە خەسڵەتی هونەرەوە، بەڵام شەڕ لە پێناو مانەوەدا نییە، بگرە هەوڵێک هەیە بۆ مانەوەی هەموو جۆر و هەگەزەکان.

دیسان مەبەستمان ئەو جۆر و هەگەزانەن، کە هەڵگری توخمی ئیستاتیکان، چونکە ئەوانەی هەڵگری ئەو توخمە نەبن، لەژێر کۆنترۆڵی هونەردا دەرناچن و ناگەنە لای ئێمە. ئەگەر لای (پلاتۆن) جەستە لە ناو دەچێت و ڕۆح دەمێنێتەوە، دەمێنێتەوە و دوای گەیشتنی بە دنیای ئایدیاڵ بۆ جەستەیەکی دیکە دەگەڕێتەوە، ئەوا لە دنیای تۆدا جەستە لە ناو ناچێت، کاتێک هەڵگری توخمی ئیستاتیکایە. کەواتە (جەستە گۆڕستانی ڕۆح) نییە وەکوو (پلاتۆن) بە گۆڕستانی ڕۆحی دەزانێت، بەڵکوو جەستە خۆی زمانی ڕۆحە و لەگەڵماندا دەدوێت. یان وەکوو (مەرلۆپۆنتی) پێی وایە جەستە نەک شتێک نییە لە خۆمان جیاواز بێت، بگرە هەر خۆمانین و ئەو ڕۆگایەمانە، کە تەعبیری پێ لە خۆمان دەکەین. ئەگەر جیاوازی لەنێوان ئێمە و جەستەماندا نییە، بە هەمان شێوە لەنێوان جەستە و شتەکانیشدا نزیکی و لەیەکچوون هەیە و یەکتر تەواو دەکەن. لە ڕۆگای تێگەیشتن لە جەستەی خۆمانەوە، لە دەوربەرمان تێدەگەین. هەر دڕبێنێک لە جەستە، هاوکاتە لە دڕبڕین لە دەوروبەر، بۆیە هونەر وەکوو شێوازێکی دەربڕین، بەرهەمی ئەو کۆنتاکت و ئەزموونەیە. دەگەینە ئەوەی بڵێین جەستە لای تۆ ڕۆگایەک نییە بۆ دڕبڕینی خود، بەڵکوو هەر خۆی خودە. لە یەک کاتدا (من) و (ئەویدیکە)یشە. کەواتە جەستە مانایە، بەوەی ووبەرێکە بۆ بەرهەمهێنانی زیاترین وێنە. جووڵەی جەستە تەنیا بۆ ئەوە نییە جیاوازییەکانی خۆی نمایش بکات و لە بوونی خۆیمان ئاگادار بکاتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیشە ووبەرێکی نەزانراو لە دەوروبەر ئاشکرا بکات. سەیر نییە ئەگەر تۆ زۆربەی کات جەستە بە ووتی، یاخود با بڵێین لە دۆخی سروشتیی خۆیدا پیشان دەدیت، بەو مەبەستەی ڕاستەوخۆ جەستەیەک لەگەڵ جەستەیەکی دیکەدا بدوێنیت،

بەبێ پەنابردنە بەر هیچ ئامرازێکی پێشینی وەکوو قوماش. بەپێی ڕوانینی (مێرلۆپۆنتی) ئەزموونی جەستەیەک لەگەڵ هیی جەستەیەکی دیکەدا هەمان شتە و بۆ ئەوەیە، کە بۆن هەردووکیان بوونیان هەیە. بە مانایەکی دیکە کۆنتاکتی ئێمە لەگەڵ (ئەویدیکە)دا، کۆنتاکتە لەگەڵ خۆماندا. ڕوانینی تۆ بۆ جەستە زیاتر لە ڕوانینی فینۆمینۆلۆجییانەی (میرلۆپۆنتی)یەوە نزیکە، بەوەی بەردەوامبوونی جەستە لەناو گەردووندا بەردەوامبوونێکی سەبجێکتیڤەڵ، نەوەک ئۆبجێکتیڤ وەکوو ئەوسا لەگەڵ (تیۆریی پڕۆسێندن)ی (داروین)دا بەراوردمان کرد، بە تایبەتی لە چەمکی (زۆربوون)دا. ئەگەر ئێمە لای تۆ زۆربەی کات جەستەمان هەیە و پێشینمان نییە، ئەوە ئێک لە بڕانبەر ئەو کۆنسێپتەدا خۆمان دەبینینەوە، کە دەڵێت جەستە هەر خۆی زمانە. بەکارهێنانی گەڵا بە مەبەستی پێشین لە جیاتیی قوماش و هەر مۆتۆرێکی دیکەی کیماوی، لەسەر ئاستی سیمبۆلدا پیشاندانی جەستەیە لە دۆخی سروشتیی خۆیدا، وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد. لەو دۆخەی، کە جەستە هێشتا لە سروشت جیا نەبووبووەوە و بەشێکی دانەبڕاو بوو لێی. وەکوو ئەوەی لای (داروین) باس کراوە. دەگەینە ئەوەی بڵێین ناکرێت باس لە بەرهەمی تۆ بکەین و باز بەسەر چەمکی جەستەدا هەبدەین.

پیشاندانی جیاوازیی سەر، یاخود دەموچاو لەگەڵ باقیی جەستەدا، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هونەری تۆ، کە دەتوانم بڵێم لە پشت ئەم پڕۆسەوە ئاگاییەکی فەلسەفی هەیە. ئەمە پڕۆسەی گواستنەوەی دەستکاتە لە بایۆلۆژیاوە بۆ وێنە. لێرەوە جەستە بەپێی یاساکانی بایۆلۆژیا بە ڕووە ناچێت، بەکوو دەکەوێتە ژێر دەستکاتی وێنەوە. لە ڕووگای ئەو پارادۆکسەی نێوان دەموچاو و باقیی جەستەوە خۆمان لە بەردەم ڕاچەنین و تێڕامانێکی قووڵدا دەبینیەوە. ئەگەر ناو لە دەموچاو بنێین (بەشی سەرەوە)، بەو مەبەستەی لە (بەشی خوارەوە)ی جیا بکەینەوە، کە لە ملەوە دەست پێ دەکات، ئەوا دەڵێین کاتێک هەوڵ بدەین لە ڕووگای بەشی خوارەوەوە بەشی سەرەوە بهێنینە بەر چاو، بڕگومان بە لاڕێدا دەچین، بەوەی لە بەشی خوارەوەدا هێز و چالاکی بە دی دەکەین، لە کاتێکدا لە بەشی سەرەوەدا بێهێزی و خەمناکی دەبینین، هەر دەڵێی لەگەڵ دەموچاوێکی دیکەدا جۆگڕکێی پێ کراوە و وەکوو حاڵەتێکی میتامۆرفۆزی دەرخراوە. ئەو کەرەستانەی لەم پڕۆسەدا بە کار هاتوون، ڕەنگ و هێڵن، کە جیاوازییەکانیان لەسەر جەستەدا پیشان داوە. لە بەشی خوارەوەی جەستەیشدا هەوێستەیەک دەکەین، کە تۆ زۆرینەی کات سنوورەکانی جەستە دەسڕیتەوە، بەوەی شتەکان لە ئاستی بینینی فیزیکییەوە بۆ ئاستی

خەیاڵ دەگوازیتەوە. بە مانایەکی دیکە، ڕۆگا نادیت جەستە بخەینە ناو چوارچێوەی بینینمانەوە، لە کاتێکدا خۆت نەتخستووەتە ناو هیچ چوارچێوەیەکەوە. ئەمە هەر تایبەت نییە بە جەستەی گیانلەبەرەوە، بەڵکوو جەستەی شتەکانیش دەگرێتەوە، وەکوو پێشتر گوتمان لە ڕوانگەی (مەرلۆ پۆنتی)ـەوە جیاوازی لەنێوان جەستە و شتەکاندا نییە.

لێرەوەیە مێژوو لای تۆ پێکهاتەیەکی هەمەئاستەی هەیە. واتە ئەو سیستەمی کرۆنۆلۆژییایەی، کە مێژووی فەرمی لەسەری وەستاوە، لەژێر زەبری هێڵ و هێنگدا تێک دەشکێت و بێزمار ئاستەی دیکە بەرهەم دێت. بە مانایەکی دیکە، ناکرێت خاڵێک بۆ سەرەتا و یەکێک بۆ کۆتایی دەستنیشان بکەین، بەڵکوو وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، لەناو ئەو کاتە بازنەییەدا شتێک نامێنێت بە مانای گەیانەوە. ئەوەی هەیە ئاستەیە لە وێنەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بەبێ ئەوەی بتوانین لە ڕووی مێژووییەوە یەکێکیان بخەینە پێش ئەوەی دیکەیانەوە. ئەو تەکنیکی (زەربوون)ـە، واتە بوونی ئاستە لە وێنەیەکەوە بۆ هەر وێنەیەک لە وێنەکانی ناو ئەو بازنەیەدا، دەمانخاتە ناو سیستەمی گەیانەوەوە، وەکوو ئەوەی لە ئێدیبی گەیانەوەدا دەیبینین. جیاوازییەکە لە ئایکۆندایە، کە لە نووسیندا تیپەکان و لە هونەری شێوەکاریدا هێڵ و هێنگ و فیگەرەکانن. سەیر نییە ئەگەر یەکێک لە کارەکانت دووانزدە تابلۆی لە شێوەی لوولەی وەکوو قوماش بێت، کە بە مانای یادەوریی ساڵێک کۆشاوتن. هەر ئەم شێوە لوولەییە خۆی دەلالەتی بەسنووریی کاتە، بەوەی لەسەر ڕووی لوولەکدا ناتوانین شوێنێک بۆ سەرەتا و یەکێک بۆ کۆتایی دەستنیشان بکەین. لێرەدا ئێمە لە بەردەم شێوازی گەیانەوەی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی Polyphony)داین، بەوەی هەر کارەکتەرێک دەنگی سەربەخۆی خۆیی هەیە.
ئەگەر لە (تیۆریی پەرەسەندن)ی (داروین)دا هیچ نەوەیەک لە نەوەی پێش خۆی و هیچ لقێک لە سەرچاوەکەی ناچێت، ئەوا ئەو چەمکە لای تۆ لە شێوەی عیشقدا دەردەکەوێت، کە بە مانا پلاتۆییەکەی ئەو عیشقە بە جارێ هەڵگری دژایەتی (Contradiction) و ململانێ (Conflict)یە. وەک سەرنج دەدەین لە هەر زەربوونێکدا دوو توخم لەناو یەکدا دروست دەکرێت، کە لە لایەک لە یەکتر دەچن و لە لایەکی دیکە جیاوازن. ئەو دووانە باوەش بە یەکدا دەکەن و لە ڕۆگای ئاماژەکانی جەستەوە دایدەگمان لەگەڵ دادەمەزرێنن، کە ئەم دایدەگە وەکوو (میکایل باختین) دەڵێت مەرجی بوونی فرەدەنگییە. ئەگەر لە ئەدەب و هونەری ئێمەدا هەمیشە جەستەی مرۆیینە لە ڕۆگای خەیاڵی نێرینەوە ئامادە

کراوە، یاخود هێنراوەتە بەر چاو، ئەوە لای تۆ هەردوو ئاستەکە لەناو ئەو سیستەمی فرەدەنگی و فرەهەنگییەدا پێکەوە هەن، بە ئادەیەک ئاسان نییە سنووری جەستەی مرۆیینە و نەرینە لە یەکتر جیا بکەیەتەوە، کە وەکوو گوتمان لەناو گوتاری عیشقدا بوونەتە یەک.

سەرچاوەکان:

1- Darwin, Charles, Arternes Oprindelse, oversat af J. P. Jacobsen, Jørgen Paludans Forlag, 1990.

2- Merleau-Ponty, Maurice, Om sprogets fænomenologi, Udvalgte tekster, Oversættelse, forord og indledning ved Per Aage Brandt, København, 1999.

3- Thøgersen, Ulla, Krop og fænomenologi, En introduktion til Maurice Merleau-Ponty filosofi, Danmark, 2004

کاروان عومەر کاکەسوور

بۆ خوێندنەوەی بەشێکی تر بابەتکانی تری نووسەر کلیکی ئێرە بکەن..

شانۆکاری کورد و ترس لە ئەکادیمییەت.. شکۆ عومەر کاکەوەش*

سەرنجێکی خێرا لەبارەی ئەو بابەتەی کە چەند رۆژێکە شانۆکارانی

کردووه به دوو بەشەوە

دۆخێکی تاڕادەیە کە هەموان دەیزانن بەڵام هەر یەکێك لە کارەکتەرەکانی ناوەندەکە بەهۆکاری جیاواز خۆی لێ نەبان دەکات، ئەویش ئەوەیە ئەو بزاوتە شانۆییەی کە لەم جوگرافیایەدا هەیە و هەندێکمان بە شانۆی کوردی ناوی دەبەین، لە دۆخێکدایە کە هیچ کەسێکی دەرەوەی خۆمان حەسوودی پێ نابات. هەبەت ئەوەش بۆ خۆی چەندین هۆکاری هەیە کە دەکرێ لەسەر بەشێکیان بوەستن.
بۆ نمونە تاکو ئەمڕۆ هیچ ئەزموونێکی سەربەخۆ و خاوەن مۆرکی تایبەت بە خۆمان نەبووە و نەمانتوانیوە لە ناوەندە شانۆییەکانی جیهاندا بەوانی تر بڵێین ئەمەیە کە ئێمە دەیکەن و ناوی شانۆمان لێیناوەو لەم خاڵە و لەوەی تریان لەوەی ئێوە جیاوازترە. یاخود بە مانایەکی دیکە ئێمە خاوەنی شانۆیەکی رەسەنی کوردی و خاوەن ناسنامە نین.
ئەمە بۆخۆی گرفتی سەرەکی ئێمەیە لەم کایەیەدا، کە خۆی لە بنەڕەتدا ئەم هونەرە داهێنراو و موڵکی ئێمە نیە، بەڵکو نزیکەی سەد ساڵێکە لە گەلانی دەوروبەرمان بە دەستی دوو وەرمانگرتووە. ئەمەش تا رادەیەك ئاسایی ئەگەر ئێمە بمانتوانیبایە ئەم هونەرە بە کلتور و کەلەپور و ژیاری خۆمان ئاشنا بکەین و لە بەرئەنجامدا شانۆیەکی رەسەن و تایبەت بە خۆمان دروست بکردایە ئەوکات لە کێژر کێشەی دیکە دەبوینەوە.
بە تێپەڕینی کات ئەم هونەرە خواستراوە بە فۆرمە رۆژئاواییەکەی، لەلای ئێمە قۆناغی ئەماتۆریی بەجێهێشت و لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو و بەرەودوا، ئیدی ئارەزوومەندانی هونەری شانۆ رووبان لە ناوەندەکانی خوێندنی پەیمانگا و زانکۆکان کرد بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی زانستیدا بنەماکانی ئەو هونەرە وەربگرن و تادەهاتیش ئەم ویستە زیاتر گەشەی دەکرد و لە ئەنجامدا ژمارەی شانۆکاری دەرچووی ناوەندە هونەری و ئەکادیمییەکان زیاتر دەبوو.
بەڵام گرفتی سەرەکی لێرەوە دروست بوو کە بریتی بوو لە سەرهەڵدانی ئەو ململانێیەی کە ساڵانێکە لە نێوەندی شانۆی کوردیدا لەژێر ناوی ئەکادیمیەت و نا ئەکادیمیەتدا خۆی بەیان دەکات. کە هەردوو بەرەکە رەوایەتی بەخۆیان دەدەن و بەرامبەرەکەیان رەت دەکەنەوە، ئارەزوومەندان و کەسانی دەرەوەی ناوەندە فۆرکارییەکان پێیانوابووە کە ئەوان هەقواوی نێو کۆمەڵگان و هونەرێکی خڕسك پێشکەش دەکەن و دەکرێ هونەرمەند لە دەرەوەی ناوەندەکانی فێربوونیش دورست ببێت و داهێنانیش بکات. لەبەرامبەردا دەرچووانی ئەو ناوەندانە بانگەشەی تیۆر و میتۆد و زانستیبوونی هەنەرەکەیان

دەکرد و پێیانوابوو کە چیدی ناکرێ هونەرێکی قوڕ و فراوانی وەك شانۆ بەشێوەیەکی سادە و رووکەشانە و دوور لە تۆزە زانستییەکانی دنیا پێشکەش بکرێت و هەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوە. بگومان ئەم باسە تائەمڕۆش بەدەوامە.
بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین ناتوانین بزانین کە کامیان بچوونێکی تەواو دروستیان هەیە، چونکە گەر سەیری مێژوو بکەین دەبینین هەریەکەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان راستن و چەندین هونەرمەندی داهێنەر لە دەرەوەی ناوەندکانی ئەکادیمیەت و فێربوونەوە دروست بوونە و خاوەنی داهێنانن لە بوارەکەدا. هەروەك بچوونی شانۆکارانی دەرچووی ئەکادیمیا و ناوەندە فێرکارییەکانیش دروستە کە دەبینین ئەمڕۆ لە ڕگەی فێربوون و قبووڵبوونەوە تێدا و دروستکردنی چەندین ناوەندی ئەکادیمی لەسەر ئاستی دوونیا، هونەری شانۆ گەیشتووە بە چ ئاستێك و ئاستەکانی پیشەگەری لەو هونەرەدا بەکوێ گەیشتوون!
یەکێکی دیکە لە گرفتە بەردەوام و کوشندەکانی نێوەندی شانۆی کوردی ئەوەیە، کە شانۆکار لەم جوگرافیایەدا زۆر موقنیعە و ڕۆژەیەکی زۆری ڕەهایان بە تەنها لە دبلۆم یاخود بکالۆریۆسێکدا ئیکتیفا دەکەن و ئیدی پێیوایە ئەکادیمیەت تاقڕەیە و بەس، بێئاگا لەوەی کە بەم هەنگاوە دەرفەت بۆ کەسانی لاواز و سست دەرەخسێنێت تا بخزێنە ناوەندە فێرکاریی و ئەکادیمییەکانەوە و بەهەرجۆرێك بێت دەبێت بە خاوەنی بڕوانامەی باڵا (ماجستێر و دکتۆرا) و ئیدی ئەو دەبێتە پێشەنگ و لە نەبوونی کەسانی جدی و ئەکتیڤی شانۆدا ئەو دەبێتە پێشەوو و مامۆستای زانکۆ و تۆژەر و لێکۆڵەر و … هتد بەکورتی دەبێتە خاوەنی کۆی بابەتەکە، بەڵام بەشێوەیەکی ناشرین. کە دواجار تەنها فێرخوازانی شانۆ باجە قورسەکەی دەدەن و بەشێوەیەکی شێواو هونەری شانۆ لەسەر دەستی ئەو دکتۆر و پرۆفیسۆرانە وەردەگرن و لە ئەنجامیشدا زەرەرمەندی یەکەم نێوەندە شانۆییەکەیە.
ئالۆزەوە ئیشکالیەتی سەرەکی دەستپێدەکات کە بریتییە لە بەدحاڵیبوون و دروستبوونی رق بەرامبەر ئەو چەمکەی کە پێی دەوترێت ئەکادیمییەت! کە دواجار هەر خودی شانۆکاران خۆیان لێی بەرپرسیارن و هۆکارن بۆ دروست بوونی ئەو دڕخە. واتا ئەگەر بێت و شانۆکاری کورد وەك چۆن لە سی بۆ چل ساڵی ڕابردوودا بە گرنگییەوە ڕووی دەکردە ناوەندە فێرکارییەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بکالۆریۆس، هەر بەو ڕوحیەت و عەشقەوە بەردەوام بوایە تا بینی خوێندنی باڵاش ئەوا بگومان ئێستا دەستەبژێرکی زۆر باشی شانۆکار-تۆژەری ئەکادیمیی بە ئاگا لە نێوەندی شانۆی کوردیدا

حزوری دەبوو و دەرفەتیش بەو جۆرە کەسانە نەدەدرا کە لەسەرەوە باسمان کرد.
بەرای من ئەو ململانێیەی کە لەسەرەوە باسکرا ئەمڕۆ بەجۆرێکی دی و لە فۆرمێکی تردا خۆی دەردەخات کە بریتییە لە ململانێی نێوان هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم و بکالۆریۆس لەگەڵ هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا. کە ئەمەشیان بۆخۆی بابەتێکی تەندروست نیە. چونکە دەکرێ ئەکتەر، دەرهێنەرێکی بەهرەمەند هەبێت و سەرکەتوو و بگرە داهێنەریش بێت. بەڵام کاتێك باسەکە دێتە سەر پیشەمەندی دەبێت هەڵوەستەیەك بکرێت و بە دروستی لەوە تێبگەین کە ئەوە خوێندنی ناوەندە ئەکادیمییەکان و خوێندنی باڵایە شانۆکار دەکاتە پیشەمەند. جا ئەم بۆچوونە بۆ کاری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و رەخنەگر و تارادەیەك نوسین بەگشتی هەر زۆر دروست و لەجێیە و هیچ گومانێك هەڵناگرێت، بەوەی کە کەسی ئەماتۆر ناتوانێت ببێتە رەخنەگر و توێژەر لە شانۆدا، ئەویش لەبەر یەك هۆکاری زۆر سادە و روون کە بریتییە لەوەی توێژینەوە پێویستی بە فۆربوونە و مومکین نیە کەسێك بەبێ تێپەڕین بە فلتەرەکانی ئەو نۆوەدانە بتوانێت لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و تەندروست و پشتئەستور بە بنەما نەگۆڕەکانی بنوسێت و بڵاوی بکاتەوە. کە بەداخەوە ئەم حاڵەتیان لە شانۆی کوردیدا هەر زۆر بەزەقی بەرچاو دەکەوێت و هەرکەسێك کەی پێی خۆش بێت دوای بینینی چەند نمایشکی شانۆیی بەخستنەرووی چەند سەرنجێك، پێشگری گەورەی وەك رەخنەگر و توێژەر و نوسەری دیار دەخاتە سەر ناوەکەی، کە دواجار ئەگەر کەمێك لێی وورد بینەوە دەبینین ئەوەی کە نوسیویەتی جگە لە رەخنەیەکی وەسفیی زۆر سادە ناچێتە هیچ خانەیەکی تریەوە. بەڵام گرفت لێرەدا ئەوەیە کاتێ باس لە چەمکی ئەکادیمیەت دەکەی، راستەوخۆ ئەوان وێنەی ئەو کەسانەیان دێتە بەچاو کە ئێستا لە غیابی کەسانی جدی و ئەکتیڤ بوونەتە خاوەن بۆیاخ و ناوەندکان بەڕێوەدەبەن و تێمەتی ئەوە دەبەخشنەوە گوایە ئێمە بانگەشەی ئەوە دەکەین کە جگە لە دەرچووانی ئەکادیمیا هونەرییەکان کەس بۆی نیە نزیکی شانۆ بکەوێت!

*خوێندکاری ماجستێر لە دەرهێنانی شانۆیدا

کورتەیەک دەربارەی ڕۆمانی "هیبتا'ی مەحمود سادق.. شەماڵ بارەوانی

"هێپتا"شاکارێکی ناوازەی "مەحمود سادق"نووسەرو ڕۆمان نووسی میسریە،و، یەکەم چاپی لەساڵی"٢٠١٤"لە هاتە وەشان و ناودەنگێکی باشی بەدەست هێناو دەنگدانەوەیەکی گەورەی درووست کردو کۆپیەکی زۆری لە فرۆشراو بە پلەی لەستی پەفرۆشترینی ڕۆمانکان، بەماوەی ٣ساڵ لەوەاتی میسر، لەپلەی یەکەم و پە فرۆشترین ڕۆمان بووەو تا ئێستا زیاد لە ٤٥جار چاپکراوەتەوە،
ئەو بڕەمە ئەدەبییە مەزنە خەی خزاندە نێو جیهانی سینەماو فیلمەوەو لەساڵی"٢٠١٦" لەلایان "هادی الباجوری"دەرهێنەری میسرییەوە، بە پاڕەوانێتی کەمەڵک ئێستڕەو ئەکتەری ناوداری ئەو وەاتە لەنمونەی:عەمر شەریف، ماجدلکدوانی،ئەحمەد مالیک، یاسەمین ڕۆئیس، دیناشەربینی، و بە بەژدای خاتونە گورانی بەژ"نیلی کەریم "و چەندان ئەکتەری تر فیلمەکی سینەمایی لە بڕەمم هێندرا.
هێپتا.ڕۆمانکی ڕۆمانسییەو نووسەر بە ناوەڕۆکەکی قوڵ و زمانکی پاراو سادەو دوور لەگرێ دایشتووە،و ڕۆمانسیەت و فەلسەفەی ئاوێتەکردووەو چیڕۆکانی تکەییەکن لە خۆشەویستی و ئازار.
هیتا.هەمایە بۆپەگەی باڵابوون و گەیشتن پلەکەمال.
دنیایەکی جیاوازە،
گەشتکە بە جیهانی خۆشەویستی.
چیڕۆکی عیشق و ناڕەو ئومێدە.
نووسەر لەو بڕەمەیدا باس لەقەناخەکانی خۆشەویستی و پەیوەندی سەزداری دەکات.لەو هەستەی مرۆڤ دەدوێت ، کاتێک دەکەوێتەداوی خۆشەویستی کەسکی تڕەوە.
چەمکی"هێپتا"زاراوەیکی گریگی و یەنانیەو بەواتای ژمارە حەوت"٧"دێت و نووسەریش لەڕە پەیوەندی عاتفی و هەستی خۆشەویستی بە "٧" قەناخ دابەش کردووەو بە شێوەیکی زانستی و جوایز لەسەرخۆشەویستی دەدوێت لەو حەوتقەناخەدا.
لەو حەوت قەناخەی. هەر قەناخەو جۆرێک لە خۆشەویستی ئەزمون دەکرێت و لەهەر ٧قەناخدا. بەپێی قەناخەکان گۆڕانکاری بەسەر شێوەو جۆری خۆشەویستیەکە دادێت. خۆشەویستی قەناخی منالی جیایە لە خۆشەویستی لە تەمەنی هەرزەکاری

هەروەها خۆشویستی لەقەناخی گەنجێتیدا، جوانیزە لەگەڵ ئەو خۆشویستییەی قەناخی ناوەڕاستی تەمەن، کەچی لەهەموو ئەو گەڕانکارییانەی لەخۆشویستی ووددڕن،گەڕانکارییەکان لەیەک مرۆڤدایە، تەنها قەناخەکانی تەمەنی ئەو کەسە گەڕانکارییان بەسەردا دێت و ئەو گەڕانکارییانەی قەناخی تەمەن، دەبن بە هەکار بۆ گەڕانکاری لە شێوەو شێوازی خۆشویستی.

چونکە مرۆڤ لە هەرقەناخێک لەو قەناخەی تەمەنیدا، لەمندالی و هەرزەکاری و گەنجی و ناوەڕاستی تەمەندا. بۆئەزمونی جیاوازدا تێدەپەڕێت و شتی تازە دەبینێت و وانەی نوێ فێردەبێت و زانیاری و مەعریفەی تر لەو بوارە وەردەگرێت و گەڕانکاری لەهەزر و سایکۆلۆجییەت و هەستی دا دروستدەبن.
بەیەکا نووسەر پەی وایە بۆی لەپێوەندی سەزداری سەرکەوتووبیت و لە پیرەزی چەمکی عیشق تێبگەیت، دەبێت ئاگاداری ئەو"٧"قەناخە بیت و هەر قەناخێک لەو قوناخانە.جەرەک لە خۆشویستییەو بۆشوازێکی جیاواز کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو دەروون و شعور و کۆسایەتی و بەیارەکانی مرۆڤ دروست دەکات،
نووسەر ئەو حەوت قەناخە لەڕگای گەڕانەوەو کەمبوونەک قەناخی جیاوازو چوار چێوەکی جوانیزو چوار کۆسایەتی، بەناوەکانی"ە" کە گوزارشتە لەتەمەنی گەنجێتی و "ب" هەرزەکاری و"ج" ناوەڕاستی تەمەن و "د"مندالی ، و ٧ قەناخی جوانیز.
قەناخی:
سەرەتا.
گەیشتن.
پەیوەندی.
پەیبردن.
ەاستی.
بەیاردان.
هەپتا.
قەناخی یەکەم، جوانترین و پاکترین قەناخە، لەپەیوەندی.گەرچی قەناخێکی سەرشتانەیەو بیرکردنەوەو ئەقڵ تێدا وەنەو هەست و سەزێکی مناڵانەی تێدا زاڵەو مرۆڤ لەو قەناخەدا نازانێت ئەو پەیوەندیەی هەی بژاردووە، تاچەند ەاستەو ئەو بەیارەی داویەتی لەجەی خەیەتی یاخود نا،
ئەو قەناخەی ئەو کەسەی کەوتووەتە داوی خۆشویستییەوە، وا دەزانێت هەموو ژیان تەنها ئەوکاتەی چرکە ەمانسیکانییەتی و بیرو هۆش و هۆشیاری تەنها لەو کاتدایە!.

قناخی دووەم. قناخی دان پیانان، ئەو قناخە هەردووک خۆیست ئەو شتەهاوبەشانەی نەوانیان باس دەکەن و لەخاڵە لەکچووەکانیان دەدەن،

قناخی سێیەم. قناخی پێکەوە بەستنەوەیانە، قناخی ئاوێتە بوونی ڕەح و تەکڵە بوونی دووگیان و توانەوەیانە لەیەک جەستەدا، دوای ئەوەی باسی خاڵە لەک چوو و شتە هاوبەشەکانی نەوانیان کرد.
قناخی چوارەم. قناخی سەدەمو شەکە، ئەو قناخەی هەردووک خۆیست بە ئەقڵ لەشتەکان دەوانن و ئەو سەزە زاڵەی پێشوتر پەردەی کوێری بەسەر بیرو هۆش و ئەقڵیان دابووون لادەچێت و چاوی ئەقڵیان دەکرێتەوەو چیتر دە ناتوانێت سەروەرو بیاردەرو حاکم بێت و لەجیاتی ئەقڵ و ئاوەزەوە بیاربدات و گۆپی ئاوەز بکوژنێتەوەو کۆرانە شوێن سەز بکەوێت، لەو قناخەدا، هەردووک خۆیست لەوە تێدەگەن کە پێشووتر لەبەر زاڵبوونی هەست و سەزو لایەنە عاتفییەکە نەیان توانیوە ڕاستیەکان وەک خۆیان ببینن و بەدرووستی هەڵسەنگاندن بە شتەکان بکەن و تێندرووستانە بیاربدەن، لەڕەوە تێدەگەن کە ئەوان تا ئێستا تەنها خاڵە هاوبەشەکانی نەوانیان بینیوە،لەشتەجوانەکان دووانون.
ئیدی پەردەکان لادەچەن و ڕاستیەکان ئاشکرا دەبن و نهێنیەکان خۆیان نمایش دەکەن و خاڵە جوایزەکان بەدەردەکەون و ئەو هەموو جیاوازی و پێتە ناکۆکی نەوانیان بە ڕەشن دەبەتەوەو ئەو کەم و کوڵی و ناشرینی و عەیب و عارانە دەبینن،کەپێشوتر نەیان توانی بوو بیان بینن، ئیتر و درک بە ڕاستیەکان دەکەن و یەکتری وەک ئەوەی هەیە لەواقع و حەقیقەتدا دەناسن، نەک بەو شێوە فانتازیایەی بۆی نها لە خەیاڵی خۆیان لە بارەی یەکتری دایان ڕشتبوو و لەدە و دەروونیاندا وێنەیان بە کەشابوو! ئیدی بەو چەشنە ئەوە قناخی پێی بردن بە ڕاستیەکانە.
قناخی پێنجەم،ئەو قناخەی هەردووک لایەن بەشێوەیەکی تەواو، دوور لەماکیاج و ماسک و موجامەلە، دوور لە ڕازاندنەوەو جوانکردن، دوور لە شاردنەوەو فریودان و درۆ، دوور لە خەیاڵ و فەنتازیا، یەکتری دەناسن و لە ڕاستیتی پەیوندی نەوانیان تێدەگەن.
قناخی شەشەم، قناخی بیاردانە، بیادانەکی چارەنووس ساز و یەکلاکەرەوە، دووای ئەوەی هەردووک تەرەف هەموو شتەک لەبارەی یەکتریەوە دەزانن و حەقیقەت و جەوهەری یەکتریان بە ڕەشن دەبەتەوەو پەردەو ماسک و ماکیاجەکان لادەچن و کەد و نهێنیەکان ئاشکرا دەبن.
ئیدی بیار دەدەن. ئایە پەیوندیەکیان درێژە پێبدەن و بەردەوام

بن لە خشۆیستی؟، یاخود لەرۆە کەتایی بە هەمو شتێک بێنن و ئۆو پێیوەندییە سەزداریی‌ی نەوانیان ئابگرن؟.
قەناخی هەوتەم، کەتا قەناخ، ئۆو قەناخیە کە نووسەر ناوی ناوە"هێپتا"قەناخی باڵابوون و کەماڵ لە خشۆیستی،
ئۆو قەناخی هەردووک لایەن، دوای ئۆوی بێیاردەن کە خشۆیستیەکیان بەردەوامی پێبدەن و پێیوەندیەکاکیان نەپچڕێنن.
مەحمود سادق.لەدایک بووی ساڵی١٩٨٧،و خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆمانی ناوازەیە،وەک ڕۆمانەکانی:
"طه الغريب" ٢٠١٠ .
" بضع ساعات فی يوم ما" ٢٠١٢ .
"أنستا حياه" ٢٠١٥ .
" أنت فليبدأ العبث" ٢٠١٧ .
.....

شەماڵ بارەوانی

دەسەاتێکی گەندەڵ دەستورێکی ساقەت بەرهەم دێنێ.. عارف

کەریم

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

مەرگەساتی بەهار.. سەویلا مەیهەمی

بۆ جەم بهەن،
لە نیشتمانی گەردەلوولدا
خاکیتر خۆنەکانم،
خەماوە

پرچی زەیتونی هیوا،
بە ددانی خاک و دەستی با،
مەزات

بۆ خاچی بەرواربکدا
فرمێسکم،
سوور بە تەمەنی خودادا

خنکانی کانی و
خەزەزی دارستان

لە ئاوێنەی شەکەی پیرەزدا،
مردنەکانمان پیر دەبە.

سنە
سویلا مەیهەمی

چـــاوەڕم تۆ بـــی.. ســـتیڤان شەمزینی

ئاگرێک لە سینگمدا بەرسێ ئەدات
بە تاقگەی پێکەنینەکەت دەکوژێتەوە
کاسە سەرکەی پڕ خەم و ڕەشبینیم هەیە
وەک خەونێک وەڕە
تەوی ئومێدی تیا بچێنە
دڵکی زەردەگەڵام هەیە
وەڕە خوێنی خەندەتی تێبکە
تا بگەشێتەوە
وەڕە گیانی گیانم
من لەگەڵ هەموو بارانێکدا چاوەڕێتم
دڵپ دڵپ ببارێیتە سەر هەستم
لەگەڵ هەموو سەرەتای بەهارێکدا
چاوەڕێم لە گوڵە نەرگزدا
تەر بنی هەناسەت بکەم
دە وەڕە ئازیزم
لەگەڵ پشکووتنی گوڵ و
هاتنی بای شەمائی شەوان
لەگەڵ کازیوەی بەیانی و
پەلە کەترە کەچەرییەکاندا
لەگەڵ فریشتەی نارنجی پێش و
هەوای سازگاری جەنەت
چاوەڕێم کە تۆ بێی

تیپی هونەری منداڵانی سلێمانی

و کۆنسـەرتی گەرانـی بۆ منداڵان.. ئامادەکردنی: عەلی حەمەشید

تیپی هونەری منداڵانی سلێمانی ،ئەو تیپە چالاک و پڕ بەرهەمەیە کە لە ٢٤/٦/١٩٩٠ دا دامەزراوە و خزمەت بە منداڵ وهونەری منداڵ و دنیاجوان و هەنگاوەیەکەی منداڵان دەکات لە بوارەکانی هونەری شانۆ و ئۆپەرێت و گۆرانی و مۆزیک و شۆکاریدا.لە هەموو بۆنە تایبەتەکانی منداڵاندا کارو چالاکی تایبەتییان هەبووە و پێشکەش بە منداڵانیان کردووە لە سلێمانی و شارو شارۆچکەکانی کوردستان.خاوەنی کەمەرەک گۆرانی پڕوپردەیی ناسکن،هەروەها چەند سیدیەکی گۆرانیشیان بەرهەم هێناوە و بە بەرامبەر پێشکەش بە قوتابخانە و باخچەکانی منداڵانیان کردووە،کە مایەی شانازییە بۆ ئەم تیپە نازدارە.پێنج شەممە ٣/٦/٢٠٢١ لە باخچەی شاری یاری سلێمانی(پارکی ئازادی) بە هاوکاری شاری یاری سلێمانی و بە سپۆنسەری کەمپانیای ئاوی سلێمانی کاتژمێر هەشتی ئێوارە کۆنسەرتی گۆرانی منداڵانیان پێشکەش بە منداڵان کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان و خۆزانەکانیان ئامادەی کۆنسەرتەکە بوون.کە بووە مایەی دڵخۆشیی و ئاسودەیی منداڵانی ئامادە بوو.شایانی باسە لەم کۆنسەرتەدا (١١) گۆرانی خۆش و پڕوپردەیی پێشکەش کران کە هەی شاعیران(بەرزان ئەحمەد،عەلی حەمەشید،ئاکۆ محەمەد سابیر،محەمەد عەبدوڵا،داستان نوری،ڕەستەم خامۆش،سەردار قادر،ئیسماعیل تاڵەبانی) بوون و لە لایەن(سەفین خەراجیانی،محەمەد عەتا،هەڤاڵ ئەنوەر،هەژار عوسمان،ئیاز نزار،مەڤڕ لهەنی،مازیار بەختیار)کاری مۆزیکیان بۆ کرابوو،هەروەها لەلایەن ئەم منداڵە بەهرەمەندانەوە پێشکەش کران(هەوڵێر چنار،گوڵنار خەلیل،سیڤەر ستار،ئەرین کامەران،لاڵە لوقمان،ئانیا تەها،نوا لوقمان،لیلیان ڕۆژین) هەروەها مامۆستا موفەق عارف لهەنی سەرپەرشتیاری تیپەکە بۆ گۆرانی وتنیش بەشداربوو لەگەڵ ژینینی فلوت،ژنیارەکانیش بریتی بوون لە مازیار بەختیار بە کەمانچە و محەمەد عەتا بە گیتار و محەمەد مەولود بە عود و ئیاز نزار بە کیبۆرد. هەروەها نژە ئەکرەم و ئاڤان سدیق کۆنسەرتەکەیان بەڕێوە دەبرد.هەروەها ئاڵاند ئەحمەد و شاتوو عەتا ڕەقی (جوجە و کوکو)یان دەبینی کە بووبوونە هەی زیاتر دڵخۆشکردنی منداڵانی ئامادە بوو.

پەستەریش عیماد عەبدولقادر و پروشەریش محەمەد عەتا ئامادەیان کردبووو. بەجگە لەمانەش چەند چالاکییەکی تری منداڵان پێشکەش کران.شایانی باسە لەکۆنسەرتەکەدا ئاوەکی زۆری تایبەت بە منداڵان ئامادەکرابوو بۆ میوانەکان لەلایەن کەمپانیای ئاوی سلێمانی یەوە ، لەکۆتاییشدا بەسەر منداڵاندا دابەش کرا..تیپی هونەری منداڵان-سلێمانی لەکۆتایی کۆنسەرتەکەدا سیدی (جۆلانە)یان بەسەر منداڵاندا دابەش کرد کە (١٢) گۆرانی پەروەردەیی لەخۆ گرتبوو ،چەندە خۆشە منداڵان کە گۆرانەوە بەخۆشییەوە دوای پشووەکان لە ماڵەوە ئەو سیدییە تەماشا بکەن و ئەو کلیپانە ببینن کە لەسیدییەکەدا هەیە کە بریتین لەمگەرانییانە (باخەوان،جۆلانە، شەنگەودارا، مریشکەسور، وەرزەکان،خاوێنی، بە منداڵان،دایکم،کەروێشکە خرپن،گوندەکەم، بەفرو باران،مەشنایی)کە ١٢ گۆرانی خۆش و بەئاوازێکی دڵگیر و تایبەت بە منداڵانن.هەروەها مژدەش بەسەرجەم منداڵانی کوردستان دەدات کە لە یادی دامەزراندنی تیپەکەیاندا سیدییەکی نوێی گۆرانی پەروەردەیی منداڵان بکەن بەدیاری بۆیان بە ناوی (ئاهەنگی نوێ) کە لە ١٨ تراک پێکهاتووە.هەروەها ئەم تیپە چالاک و خەمخۆرەی منداڵان ،منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتیشی فەرامۆش نەکردووە بۆیە جۆڕی یەکشەممە ٦/٦/٢٠٢١ کاتژمێر دەی سەرلە بەیانی لە هۆڵی (نابینایان) ئاهەنگێک پێشکەش بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و نابینایان دەکات.جۆڕی دووشەممەش ٧/٦/٢٠٢١ لە هۆڵی خاک کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتی دووبارە دەکەنەوە. دەستخۆشیان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بە ئەم تیپە چالاک و کارایە دەخوازین و دەستخۆشیش لە مامۆستای هونەرمەند(مەفەق عارف لهەنی) دەکەین کە سەرپەرشتیاری ئەم تیپەیە و هەمیشە لەهەوڵدایە بۆ ماندوو بوون بۆ خزمەت کردن بە منداڵانی کوردستان بە شانۆ و ئۆپەرێت و گۆرانی و مۆزیک و پێشانگەی شۆکاری.

چیرۆکی ” گۆشتی کوردستان” ئاوێنەی بۆشک لە مێژووی کورد.. هۆشیارجەمال

چیرۆکی” گۆشتی کوردستان” لە نوسینی ” گۆلاوێژخان”ە و لە دووتوێی (١٠٤) لاپەڕە دا نووسراوە، کە شوێنی ژووداوەکان باشوری کوردستان و وڵاتی سویدە و ژیانی چەند خێزانێکی پەنابەر دەبێتە خوڵقێنەری ژووداوەکانی ناو چیرۆکە کاتی نووسینی چیرۆکە قەناغێکی هەستیار و پڕ ئازارە ئۆپەرەشن سالی (1996)ی زایینییە، کە تاکی کورد لەگەڵ گەلانەوە بە ئاو کاتانە شانی نەگریسی ناوخۆی بیردەکەوێتەوە.
هەموو گەلە زیندووەکانی جیهان مێژوویان هەیە و تەماری ئابردوویان لە لایەن مێژوو نووسانەوە نووسراوەتەوە، لە تێنیشت نووسینەوەی مێژوودا لە زاری مێژوونووسەوە، نووسەران و شاعیرانی تریش

هەوێیانداوە ژانرەکانی ئەدەب وەک (چیرۆک، ڕۆمان، شیعر) بەکاربهێنن بۆ کارکردن لە نێو مێژووداـ.
چیرۆکی "گۆشتی کوردستان" بەکارهێنانی ژانرێکی ئەدەبیە لە پێناو گۆڕانکاری قۆناغێکی مێژووی نەتەوەی کورد کە زمانی گەرانەوەکە زیاتر لە دید و بۆچوونی هاوڕاتیانی ئاسایە کە چۆن دەڕوانێ سیاسەت و دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لێکۆتکانی شەڕی ناوخۆ لە باشوری کوردستان.
هەوداوەکان لە سەرەتاوە لە وڵاتی سوید دەستپێدەکات کاتێک کە دوو خزانی کورد تاراوگەیان بە ژیان بەسەربردن هەڵبژاردووە ، لە پێناو مافی مانەوەشدا لە وڵاتی سوید وتوویانە لە ستەمی دەسەڵاتی بەعس ڕامانکردووە، بەڵام لە ڕاستدا هیچ کات ئەو خزانانە بەشداری هیچ کارێکی سیاسیان نەکردوە و هیچ ئازار و ماندووبوونێکیان نەدیوە، ژیانی تاراوگەشیان ئەو خەیاڵانەی بەیان کردوە لە ژیانێکی خۆش وانەبووە، بەڵکو لە پێناو پێداکردنی بژێوی ژیانیان هەموو کارێکی سەختیان کردوە، لەبەرامبەردا زەرینەی خەڵکی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی بەعسی دیکتاتەردا جینەسایدکرا و بە هەموو شێوەیەک دەچەوسێنرایەوە و زمان و کلتووری دەسڕایەوە، لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان ئازارەکانی بەردەوام بوو.
چونکە شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار هەموو کوردستانی گرتەوە و هاوڵاتیانیش زەرترین قوربانی بوون.
دوو خزانە کوردەکەی تاراوگە کە بە سەردان دەگەڕێنەوە کوردستان ساتەوەختی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی)ە، لەڕەوە نووسەر لە زمانی کارەکتەرەکانەوە کە گفتوگۆی ئاسایی شەوان دەکەن دەکەوێتە باسکردنی ئازارەکانی تاک بە تاکی کوردستان کە حیزبەکان لە جیاتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان زەرترین پارەی بەردەستیان بە شەڕی نێگریسی ناوخۆ تەرخانکردوە، و دەزگا خێرخوازیەکانی جیهانیش تائەدیێک هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەکەن.

زیانی سەختی هەژاری و نەداری هاوڵاتیان و کاسبوون بە دەنگی فیشەکی شەڕی ناوخۆ مەشکی تاک بە تاکی باشوری داگیرکردووە. هەر بۆیە کاتێک کە ئەم چیرۆکە دەخوێنیتەوە تەدەگەیت کە ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە چۆن تاوەکو ئێستاش کاریگەری خۆی بە جێهێشتووە، لەسەر هەموو هاوڵاتیێک چۆن هاوڵاتی یەک نیشتمان دووچاری دابەشبوون و لێتبوون بووە لە هەموو ڕوویەکەوە.
هەردوو خزانە کوردەکەی تاراوگە هەتا لە سویدن کە بەهەی ئازارەکانی نەتەوەی کوردە و مافی مانەویان پێدراوە، بەڵام

ڕێگایان نەداوە هیچ کات منافیکانیان نزیکی سیاسەت بکەونەوە و دژی بەشداریکردنی هەر چالاکیەک بوون لە پەناو گەلی کوردیشدا بێت، هەتا لە کوردستانیش کە بە گشت گەلانبوونەوە هەرکات باسی سیاسەت بکرایە ئەوان سەریان ئازاری هەبوو بۆ باسانە و خەیان لە دوور دەخستەوە. بەڵام ئیتر ئەم جۆرە پەروەردەکردنی منا و ژیان بەسەربردنە تا ماوەیەک کاریگەری هەبوو، کاتێکی کە دووبارە کوردستانیان جیهشتەوە کچ و کوڕە گەنجەکانی هەردوو خێزانەکە لەگەڵ گەلانەوە بۆ تاراوگە بەچوونیان گەلبوو بۆ نەتەوەکەیان و سیاسەت هەربەیە بۆژداری خۆپیشاندانەکیان کرد کە لە پەناو مافی چەند هاوڵاتیەکی کورد دا ڕەکخرابوو، وە پۆلیس دەستگیریان دەکات و دواتر سەرکەنە دەکرێن لە لایەن باوکیانەوە، بەڵام ئیتر ئەو پەروەردە خراپەی باوکەکان شکستی هێنا و دیواری پۆڵاینی ڕووخا، کچ و کوڕەکان دایک و باوکیان ئاگادارکردنەوە کە ژیان کردن جۆری تریشی هەیە، تەنها پارە پەیداکردن و سەرکز کردن نیە لە گەشەیەکی نیشتمانەکەت یان تاراوگە، بەڵکو ژیان کردن هەڵوەست و بۆرگری کردنە لە زمان و نەتەوە و کلتوری خۆت، ململانێیە لە پەناو مانەوەی نەتەوەکەت نەک مانەوە لە پەناو ژیانەکی کاتی و دروستکردنی نەوەیەکی نابەرپرس، کە نیشتمان و زمان و نەتەوەی خۆی بە کەم بزانێت ، یاخود لە ژێر ناوی تر و دروستکردنی مەترسی وەهمی هەموو بەرپرسیارێتیەی نەتەوەی خۆی لە دەستبدات.

دەق و ڕەخنە.. د. عەبدوڵا ڕەحمان

ساڵەکان ماندوون و گەرانی نیوە گوتراون
دیوانەکەم لەلایەك دادنەم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات
لە ڕۆژی لەدایکبوونم کەچ و باربم
دارەبازەی بەنخەشیشم بەرز بکرێتەوە ناو ڕووناکییەکی بەهەز
ئەفسوونەك خەمێوە و میوەکان کە دەکەمەوە
لاباڵەکی مەش لە خشاویان نقووم دەکەم
دەستم بە سینگەوە گرت و هەمبەی و هەمدا

هەواڵی بای جەنگی ناو چیاکانم پرسی
بەنی پیس و ناقۆڵای لوولەی تفەنگم بە هات
خۆشی لە خەم
ئازی کەروێشکەکم نەشکاندووە
مشکیشم لەکەدار نەکردووە
قاچەکم لە کۆخی کەوتنەخوارەوە داکەوتووە
ئەنگوستیلەی حیکمەتیش
لە پەنجەم بەخەبەرە و دڵت
ئەمشەو بەیان زوو دێ و زیاتر لە جارێك بسووتێ
دڵی یەکەمجارە ژیان چەترم لەسەر هەڵدەدا
دنیا سەرتایە و ساکانیش پڕوکەن
شیعرزادێیکی بە خانەکانی خودا ڕەنگاوڕەنگ بووم
بەناو خەکدا تێپەڕیم
ویستم دوا وشەیان لێ وەرگرم و دوا وشەشم ببیستن
ئەوخسارەکان گرمەی ببوون
مردنیش بەردەوام ڕووی دەدا
بیرم لە ئاسمانی بە باران کردبووەوە و هاتبووم
گوللەی گیربوو لە زمانیان دەربهێنم
کوورەی ئێتەمیش
وەك دەمی بوکانێکی دامرکاو دابخەم
تەم ڕەگاکانی گەمارێ دابوو
نارنجەك بووم
باران لە دار بەریدامەوە ناو چاڵی گوللەیەك
چڕکی عەل و حەپەل دەمخوات
نوێژی ئەستێران چاوەکانی خەڵك تاریکن
تاریکایی جیهانیشم لێ پەشە
پەویستە من ئارام بم
شیعر ئەندازەی ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شونپەکان
کردوومت بە خوێنی پشتی خۆت
لە گەستانی شادمانیی ئاوێتەی خاکم کە
پێشکیم بێ کتێبی خوداوەندان
درەختی بنەماڵەی شیعر
بە ژوور سەرمەوە شەرحی حاڵە
لە پەلکی یەکەمدا
کە تەختەشی ڕەوانبێژییە بنووسن ئاوێنە گۆرەکە
لە پەلکی دووەمیشدا پەیکەری سەرکردە
دڵی یەکەمجارمە چاو بەرز دەکەمەوە ناو ڕووناکییەکی بەهێز

لە ئەستێرەیەکی نزیك ورد دەبمەوە
بەپەروایی هاتوچوونی بەاچە
ئەو کاتە نەرمەی ماوە بە سبەینێ
هەڤقوڵانی ناخك کوشتیان وریابوو نەمرد
بیرکردنەوە لەو ئازایانەی دەبنە سرووشی پەشبینی
لە یەکەم ئومێددا گەشدەکەن
لە دوا ئومێدیش دەمێننەوە
بەم شێوەیە لە لەشکدا ەنگ و ووم کرایەوە
زەوی بە هەمای پەنجە گەرم بوو
ەش و سپی ەنگی تەواون و لە چاەی گوللەیەك
ستی بینینیان تکپەی
مترسیی دڵندەی تاهەتاییان تپەاند
شیعر کردنی بە یەکەم ئومێد
ئومێدی دووەمیش هەشتان وخساری پیشان نەداوین
پاراو و ئاشکرا لە خوێنمدا
هەناسەیان لەسەرخ خواردەوە
ئەویان بینی کە دەیانەوێ

* *

ووناکییەکی مایەوەی ناو قەزاخە
کەمەك دەستنووسی تەواونەکراوی دامێ
بە تاسەوە اما و فەرموو تەواویان بکە
لە ساکاریی توانیم بەم جەرە بژیم
باران بەر لە بارینی
کپلەیەکی لە دەستنووسکەی پێیداهاتبووموە
هەبژارد بێ هەچنی
لە ماتەمی بلیمەتان بگەوە
خانەی شاکارەکانی خودا ژاوەتە خانەکانتەوە
خوێنت بەرەو سووربوون دەوا و اایی پاك دەکاتەوە
دەشزانم لەناو چاەی گوللەدا دەبێ قەمکەشی
خاەی سەر ووەتی هەوری ەبوار بکەشم
بەو گەزەیش بگەم کە سکاەای لە جامەکان دەکرد
گای وروژاو بە نووکە قەچك تووەی دابووە لاە

* *

بەنی هەلکەی ووخەشی ناو هەلانە
دەکەم و ختووکەی تروکانی دەدەم
باەندە لە واتا ووت نابەتەوە و دەکەوتێ باەپژێ

سوپاس بۆ خودا کەروشك گشتخەرنەبوو
ئاگەر پەنجەم لەسەر کاغەز
هاوی لە گەمی لێ کرد
لێ دەگەڵم مشکی دز بیخوا
چاوەڕوانیی و بەزاریيم کەمتر دەبن
دەشمەوێ خوێنکانم زوو بگرم
نەوك سەریان لێبن باڵی شکاوی
نائومێدیی بنەن و لێ دەستم دەرچن

* * *

قتووی دەرمانەکانم لەسەر پشتی ئەسپی
نیگا گوڵاو دانا
سروودی مەستان لە حاڵیان پرسیم
پەم لە عارد خشاند و لە میانەی دوو خوون
بووم بە هاووکخەر
باڵندەش بەهەوام پێوباڵیان گرت
وەنەی منن هاوناتێ باخچێ گشتییەکان
بێ سینگی ئارامۆ هەناسێ دەخنەوێ
لێ هاوداوی لێدایکبوونم هازیم

* * *

شیعرەکانم دەسەزمن و ژیانی لێوە باشتر ناژین
داواشم لە خاڵبەندی کردووە واز لە هاوێدوونانی هستە بێنێت
ئێستا هەر ئاوەندەم لەسەرە
لە نائومێدی نەترسم و بشزانم هاوێنی ئاسوودەیی نامێنێت

* * *

لێناو گەرمەی خوێنکدا ئاو هازەم دەستنیشان کرد
گەستانی شادمانییم لە گوندەکەمە
هوخسارە لە یادکراوەکان و باڵندە تێیدا بەخەبەردەن
دار قەمتەزەکان تەواو دەنگی منن
وەك بروسکە زیندوون
وەرن کلیلی دەرگای باخم
لێ وەرگرن گەپی تێدا دەپشکوێ
دنیا تێ ناتوانی تێبگەی جارێ زەر منداڵی
چەك و فەنەر و پەموچ دادەنەم و وچانەك
شتەکی سادە هاوێدا
وندەبم و شوێنەکەم پێنازانن
ژیان دەپارێزم و سێیری ئاو دەستانە دەکەم
کە گوشیومن بۆ تاوقە

لە گ□□کشمەوە لەخەم د□□وانم
بووم□تە گ□ی زەوی بە چواردەوری هەموواندا د□سوو□□مەوە
تاج و ئ□□ماسی واقوماندکی هەمیشەیین
مانگ دەبینم دەژی
ئەسپی کەوی یەکەم گزنگ
دەخاتە سەرپشتی و دەتە سەرەتای □□گا
دەپرسە خودا ئاسمانی بە باڵندە یان فە□کە □□شنکردووە
شیعریش نقەمی ئەنگوستیلە □□شندەکاتەوە
هەنگاوی ورچی عەل و حەپەلی پە تەك دەدا
تشرینی دووەمی 2018 هەولێر

خودگ□□انەوە:
ئەو وێنانەی تەمەن، کە شیعر دەیگ□□تەوە
لە دەقی: (18/11/1965) سەباح رەنجدەردا

ژیاننامە یەکێکە لە هونەرە هەر گرینگ و زراڤەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کە بەهۆیەوە ئەزموونگەلێك لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە. مرۆڤ لەناو چوارچێوەی چیرۆك و ڕەمانگەلێك دەژیت هەر لە چرکەی یەکەمی لەدایکبوونەوە تا کۆتا چرکەی ژیانی کەمە□□ك رووداو و بەسەرهات و کارەکتەری جۆراوجۆر ژیانی هەڵدەسو□□نن، ڕەنگە خۆی بەشکی دروستکەری ئەوان بێت و ڕەنگیشە ئەوان بەشکی دروستکەری خودی خۆی بن. گرینگ ئەو لەو فەزایە دەژیت و گەشە دەکات و هەش و هزری فراوان دەبن و دەکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو فەزایە تا ڕادەی داخران تایبەتییە و هەست و نەستەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرن، کە ئەو هەست و نەستانە تەواو کەسییە و بەهیچ شێوەیەك ئەوی دی درکی پێ ناکات و ئاگاداری نییە. بۆیە کاتێك کەسێك لە ژیانیدا هەوڵێکی مرۆڤایەتی داوە و بەشکی گرینگی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردووە. ئەو شەنوکەو و چرکەکانی کات و شوێنەکەی لەناو دڵ و دەروونی خۆی حەشار داوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەش لە هەر کردەوەیەك، جا ئەو کردەوەیە دەستەجەمعی و کۆمەڵ و ئاشکراش بێت، نهێنیگەلێك هەن کە تەنیا پەیوەستە بە کەسەکانەوە، هەموو ئەوانە دەکرێ لە چوارچێوەی هونەرێکدا ئاشکرا بکرێن و تەواوی مرۆڤەکانی دیکەش بەشداری پێ بکرێت کە ئەویش ژیاننامەیە. لێرەشدا ژیاننامە ئەو کەناڵە گرینگە دەبێت کە ئەزموونی مرۆڤەکان دەگوازێتەوە و بەشداری مرۆڤەکان لە رووداو و بەسەرهاتەکان مسۆگەر دەکات. کەواتە ژیاننامە هونەرێکی گرینگە و لە وێاتانی پێشکەوتووی هزری و ڕۆشنبیری لەزووەوە لە گرینگی ژیاننامەی زاناو داناکانیان

گەیشتوون و بایەخێکی بۆ وێنەیان پێداوە، بەڵام لە مژووی کورددا زۆر درەنگ ئەو هونەرە بایەخی بەدیار کەوت و رووی تێکرا. بۆگومان هەموو ئەو زانا و شاعیر و نووسەر و کەسایەتییە کوردانەی کە لەکۆندا بە حاڵ بەرهەمێك و نووسینێکیان بەدەست دەکەوتە و ساغ دەکرێتەوە، ئەوا ئەگەر هونەری ژیاننامە رەواجی هەبووایە و ژیاننامەی خۆیان نووسیبا، نەك هەر بەرهەمەکەیان بەکو قۆناغە مژوویەکەش لە گەڵك رووەوە روونا ك دەبوویەوە.
دیارە ژیاننامە وەکو زاراوەیەك باسکردنی ژیانی کەسێکە و لەناوەرۆکی زاراوەکەوە مانای خۆی بەتەواوەتی خستەڕوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسایەتییەك چیرۆکی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، دیارە لێرەدا ژیاننامە یەکسان دەبێت بە خود، واتە خود دەبێتە سەنتەری گێڕانەوەو بەهۆیەوە تەواوی هەڵەکانی دیکەی گێڕانەوە دەکەونە خزمەتی خودەوە. خود دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دەقەکە دەبێت و ئاراستەی لایەنە و رەهەندەکانی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك ئەو دەقە شیعر دەبێت، گێڕانەوەی خود ئاڵۆزی و تەمومژ دەکەوێتەوە، بەحوکمی ئەوەی کە شیعر سۆز و خەیاڵێکی فراوان لەخۆ دەگرێت و بەهۆیەوە ماناکان بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە. سەرەڕای ئەمانەش ئەوەی لە گێڕانەوەی ژیاننامە تاوەکو ئێستا بەرچاو کەوتووە ئەوەیە کە کەسێك تەواوی بەسەرهاتەکانی خودی خۆی لە ئەزمونی ژیانکردنی باس بکات و بە ئەوی دیکەی بگەیەنێت. ((واتا مژووی ژیانی تاك و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی لەناو خەڵکدا، هەروەها گێڕانەوەی ڕووداو بەسەرهاتی ژیانی تاکەکە، یان دووبارە ژیانەوەی مرۆڤە لەسەر ڕووی لاپەڕەکاندا)) (نیعمە قەرەنی، 2012:16). ئەو بەسەرهاتانە تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت کە لە ڕوانگەی خودەوە دەگێڕدرێنەوە. بەڵام کاتێك ئەو خودە شاعیر بێت و شیعر وەکو دەقێك هەڵدەبژێرێت بۆ ئەو باسەتە، مەسەلەکە جیاواز دەکەوێتەوە. لێرەدا مەرج نییە هەموو ئەزموونی ژیان و وردەکاری بەسەرهاتەکانی بەدوایەکدا ریز بکات و بیانگێڕێتەوە، بەکو بە سوود وەرگرتن لە تەکینکی شیعر و ئیحای شیعری ڕەنگە تەنیا خاڵێك وەربگرێت و خودییەتی خۆی تێیدا باس بکات، ئیدی لەو خاڵەوە ئاشنای گۆشەنیگای کەسی شاعیر دەبین بەرانبەر بە مرۆڤ و ژیان و کۆمەڵگەوە. بەو واتایەی شاعیر لە باسکردنی خودی خۆی شیعرییەتێك بەکار دەهێنێت کە لە زمانی پەخشان و گێڕانەوەی ئاسایی بۆ دوور دەبێت.
کەواتە ژیاننامە لە دووتوێی خودەوە سەرچاوە دەگرێت و هەڵدەقوڵێت، بەو واتایەی کردەوەکانی خود دەبنە جێگەی بایەخ و گێڕانەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خود کردەوەکانی خۆی دووبارە دەژیێنێتەوە،

بگومان لەمبارەیەوە پێویستی بە هزر هەیە بۆ ئەوەی ڕکیان بخاتەوە، کاتێك دیکارت کۆجیتۆیە بەناوبانگەکەی خۆی ڕاگەیاند (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) ئەوا هەوێدا چالاکییەکان هزرو کردەوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی یەکگرتوو بکات و باسیان بکات، بەڵام هەزی ئەو کارەی بەخشییە هزر و بیرکردنەوەو بە سەرچاوەی چالاکییە ژیانییەکانی لەقەڵەم دا، لەبەرانبەردا (مین دی بیران) دژی ئەو بۆچوونە کۆجیتۆکەی خۆی دەربڕی (من دەیکەم، کەواتە من هەم) کردەوەی کرده سەر مەشق و بەپێش هزری خست، وەکو ئەوەی بیەوێت بڵێت کە کردەوە، نەك هزر سەنتەر و بناغەی ژیانی ئەو مرۆڤەیە کە خاوەنی هیچ نییە، جگە لەوەی کار بکات و بەرگری بنوێنێت و بەهێزبێت لە جیهانی دەرەوەدا خۆی تۆمار بکات. لەمبارەیەوە (د. زەکەریا ئیبراهیم) پێیوایە لێرەدا مەسەلە هەڵبژاردن لەنێوان هزر و کردەوەدا نییە، بەقەد ئەوەی کە هزر و کردەوە دوو بنچینەی گرینگی ژیانن و هەڵبژاردنیش تەنیا لەنێوان ئەوەیە کە کردەوەیەك لەهزرێکی خراپە و کردەوەیەکی دیکەش لە هزرێکی چاکەخواز دێتە کایەوە (د. عبدالعزیز شرف،1998: 1) کەواتە خود لە دوو تێیی هزر و کردەوەدا خۆی دەینووسێتەوەو دووبارە لەسەر ڕووی لاپەڕەکاندا ژیان دروست دەکاتەوە:

لەمەشدا هزری خود داینەمۆی کردەوەکانییەتی و ئەو ئەزموونەی کە لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریدا دەیخاتە ڕوو یەکانگیرێکە لەنێوان هزر و کردەوەدا. بەدیوێکی دیکەشدا دەکرێت لە دایکبوونی ئەو دەقە شیعرییەش بە کردەوەیەکی دیکەی هزری خودی شاعیرەکە لە قەڵەم بدەین و بازنەیەکی سووڕاوەی هاوکێشەی هزر و کردەوە دروست بکەین.
بگومان خود نووسینەوە یەکێکە لە جۆر و لکەکانی ژیاننامە، بەو پێیەی ژیاننامە چەند جۆرێکی هەیە لەوانەش:
1ـ ژیاننامەی گشتی: لەو جۆرە ژیاننامەیەدا نووسەر ژیانی کەمەڵەکەسێك کە خۆی دەستنیشانی کردوون دەنووسێتەوە.
2ـ ژیاننامەی تایبەتی: ئەو ژیاننامەیە تەنیا بە دەوری یەك کەس دەخولێتەوەو هەموو بابەتی ژیاننامەکە تایبەتە بە کەسێکی دیاریکراو، کە ئەمەشیان دوو لکی لێ دەبێتەوە:
أـ ژیاننامەی خودی، یان خود نووسینەوە، کە نووسەر ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی دەگێڕێتەوە.
ب ـ ژیاننامەی بابەتی: کە نووسەر ڕووداو و بەسەرهاتی کەسێکی دیکە دەنووسێتەوە (نیعمە قەرەنی،2012 :17).
بابەتی سەرەکی ئەمە خود نووسینەوەیە کە لکەکە لە ژیاننامەی تایبەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاك چەقی گیانەوە دروست دەکات

و هەوڵ دەدات ئەزموونی خۆی بۆ کەسانی دەوروبەری بگوازێتەوە. مەبەست لەم گوازتنەوەیە ئەگەرچی بەنەمرکردنی خودە لە کۆی ژیاندا، لە هەمانکاتیشدا سوودگەیاندنە بە کۆی هەوڵدەست و بینین و رامانەکانی بۆ ئەوەی دەوروبەر لەناخی بگەن و بیخوێننەوە.

بۆگومان خودنووسینەوە پەیوەستە بە گێڕانەوە، چونکە گێڕانەوە زەمینەسازییەکی گەورە دەکات بۆ ئەوەی خود بتوانێت گوزارشت لە خۆی و لە گشت ئەزموون و جیهانبینی بکات. بەهۆی ئەمەشەوە ژیانی وەکو چیرۆکێك بەرجەستە دەکات و لە دووتوێی ژانرێکەوە دەیخاتەوو، بەو واتایەی کە ((چیرۆکی ژیانی ـ یان چیرۆکێك لە چرکەیەکی ژیانیدا ـ لە کەمەڵك پشنیاز پێکنەهاتووە، کە بۆ هەبژاردن بشێت، بەکو دروستکراوە بەو پێیەی کە گێڕانەوەیە، ئەمەش کەمەڵك ڕوشوێن دەچەسپێنێت، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی گێڕانەوە بگونجێت، هەروەها دەبێت لەگەڵ ـ ئەوەی ڕووداوە ـ بۆ تاك، یان ئەوەی کە تاك بیری دەکەوێتەوە بەو پێیەی ڕووداوە، بگونجێت)) (جینز بروکمبیر و دونال کربو،2015: 53). بەمشێوەیە خود نووسینەوە، یان ژیاننامەی خودی لەڕگەی گێڕانەوە دەچێتە ناو بازنەی دەربڕین و لەوێوە زەمینەی خۆاگەیاندن دەدزێتەوە. ئەمەش پەیوەندییەکی پتەو بە ژانرەکانی ئەدەب دروست دەکات و ئەدەب دەبێتە ئەو مینبەرەی کە تاکەکان خودی خۆیان تێدا دەدزنەوەو ئەزموون و ڕامان و بینینەکانیان تێیدا بە ئەوانی دی دەگەیەنن، یەکێك لەو هۆکارانەش کە وا دەکات تاك، بەتایبەتیش نووسەر و شاعیر ئەزموون و ڕامان و بیرکردنەوە و هەستەکانی ناوەوەی خۆی لەڕگای ئەزموونەکانی ژیانییەوە بە ئەوانی دی بگەیەنێت، ئەوەیە کە ((ئارەزووی هەمیشەییە بۆ نەمربوونی خودی خۆی، ئەو ئارەزووش لە کاتێکدا کە هەست بە جیاوازی و جیاکاری خۆی دەکات، دەگەشێتەوەو دەگاتە ئەوپەڕی لوتکەی دەربڕین، لەو حاڵەتەشدا هەستێکی بەهێز لەلای دروست دەبێت، کە ئەو مرۆڤکە شایەنی مانەوەیە و ئارەزووی بە نەمربوونیشی زیاتر هەڵدەکشێ، بەتایبەتیش لەو حاڵەتانەی کە هەست دەکات بە هەر هۆیەك لە هۆکارەکان لە مەرگ نزیك بۆتەوە)) (تهانی عبدالفتاح شاکر، 2002: 25)، لێرەشدا نووسەر و شاعیران هەست بە نەمانی جەستەیی خۆیان دەکەن و پێش ئەوەی مەرگ زەفەریان پێ ببات، هەوڵ دەدەن لەڕگای گێڕانەوەی بوون و ئاوەڵاکردنی خودی خۆیان، پێش وەختە نەمری بەدەست بهێنن و ئەوان دەست لە مەرگ بوێرنن و زەفەری پێ ببن.

خود گێڕانەوە مۆژوویەکی کۆنی هەیە. لە مۆژوودا گەلێك دەق هەبووە کە ژیاننامەی خودیان وەکو بنچینە وەرگرتووەو تێیدا کەسێك لەبارەی ژیانی خۆیەوە دواوە و ئەزموون و بیرکردنەوەکانی خستەتەوو. بەدرێژایی مێژووش نووسەرو شاعیران پەنایان بۆ خودنووسینەوە و خود

گۆڤانەوە بردووە، بەهۆی ئەم حاڵەتەشەوە گەلێك شێوەی جیاواز بۆ خود نووسینەوەو گۆڤانەوەی ئەزموون و ئامان و بیرکردنەوەکانی نووسەران هاتۆتەکایەوە. ئەم جیاوازییانە و لێکەوتەکانیان لە لایەن (د. معجب الزهرانی)یەوە لە سێ ئاڕاستەی سەرەکیدا کورت کراونەتەوە:

ـ ئاراستەی یەکەم: نووسەرو شاعیر خود نووسینەوە و گۆڤانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیان و ئامان و بیرکردنەوەکان وەکو ئامرازێك بۆ ڕاگەیاندن و پرتستێکردن و ئاشکراکردنی تاوانەکانی تۆندوتیژی دەسەڵاتی ستەمکار بۆ کائینی تاك بەکارهێناوە. ئەمەش لەڕێگای بوێری نووسینێك کە خود لە پێگەی قوربانییەوە بۆ پێگەی مرۆڤێکی ئازاد و چالاك و بەرگریکار لەدژ هەموو جۆرە زوڵم و ستەمێك دەگۆڕێت.

ـ ئاراستەی دووەم: نووسەر لەڕێگای خود نووسینەوە هەوڵ دەدات بەو پەڕی ئازادی و بابەتییەوە دووبارە ئەزموونەکانی ژیانی کەسی خۆی پێك بهێنێتەوە. لێرەشدا ئامانج لە خود گۆڤانەوە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی ستەمکار، یان کەمەگە نییە، بەڵکو قووڵکردنەوەی تێگەیشتنی مەرجە تایبەتی و گشتییەکانی ژیانە کە هۆشیاری خود پێك دەهێنێت .

ـ ئاراستەی سێیەم: نووسەر خود نووسین وەکو شێوەیەك بەکاردەهێنێت بۆ داشتنەوەی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ژیانی لە ڕوانگەیەکی خۆشی و ئاهەنگگۆڤانەوە. کە بەهۆیەوە ئازارەکانی خود لە ڕێگای فێربوون و هۆشیارییەوە بەدیار دەکەوێت، لەڕێگای جوانییەکانی ژیان و پەیوەندییە گەرموگوڕییەکانی نووسەر کە لە وێستگەیەکی تایبەتی تەمەنی تێیدا ژیاوە (د. معجب الزهرانی، 2009: 97) .

ئەم ئاڕاستانەی خود گۆڤانەوە بواری گوزارشت کردنیان لە ژانرە ئەدەبییەکانی وەکو چیرۆك و ڕۆماندا باشتر دەخسێت، ئەمەش بەهۆی ئەو پانتاییە فراوانەی کە ئەم ژانرانە لەخۆیان گرتووە، وەلێ ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە ژانرەکانی دیکە نەتوانن خودنووسین لەخۆ بگرن، بەتایبەتیش شیعر کە هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە خەون و ئاوات و هەستەکانی مرۆڤی دەربڕیوەو بەشێکی گرینگی لە ژیانی خودی مرۆڤەکانی پێکهێناوە. بە واتایەکی دیکە شیعر ئەوەندە پەیوەستە بەخود کە تا ئەو ئادەیەی قووڵایی خودی مرۆڤەکان دەردەبڕێت و لەگەڵ خودی مرۆڤەکاندا شەنوکەو دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە شیعر وابەستەی خودە و خودی مرۆڤ ئاوێنەی شیعر پێکدەهێنێت. بۆیە خودنووسین لەگەڵ شیعردا مامەڵەیەکی تایبەتی دەوێت، کە بتوانێت هەموو بیرکردنەوەو ئامان و بینینەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت. لەم ڕوانگەیەوە شاعیران لە هەموو کەسێك زیاتر وابەستەی خودی خۆیان و

ژیانی تایبەتی خۆیانن، ئەو ژیانەی کە ناوەوەیان دروست دەکات و هەمیشە لە کەسانی دیکەیان جیا دەکاتەوە. بەم پێیەش شاعیر لە دەقەکانیدا نمایشی خودی خۆی بە چڕی دەکات و هەوڵ دەدات خودی خۆیان پیشانی ئەوی دی بدات.
سەرەڕای ئەوەی پێکهاتە و تەکنیکی شیعر چڕو کورت و پوختە و لە چەند وشەیەکدا دەگیرسێتەوە، کە ئەمەش بواری کەمتر بە شاعیر دەدات خودی خۆی نمایش بکات، بۆیە دەکرێت شیعر پانتاییەکی داخراو بێت بۆ خودنووسین، بەو واتایەی شاعیران لە دەقەکانیاندا بە کەمترین وشە دەبێت بینین و ئامانەکانی خۆیان باس بکەن، ئەمەش وا دەکات لەژیانی خۆیاندا لێرە و لەوێ چەند وێستگەیەکی گرینگ و کاریگەر هەبژێرن و بەپێی تەکنیکی نووسینی شیعر ئەو ئەزموونەی ژیانیان باس بکەن، لەبەر ئەوە قورستترین خودنووسین، ئەو خودنووسینانەن کە بە شیعر ژیاننامە و ئەزموونی خۆیان دەگێڕنەوە.
ئەو تەکنیك و ئامرازانەی لەدەست شاعیر دا هەیە، بۆ خودنووسین، رەنگە زۆر کەم و دیاریکراو بێت لە چاو ئەو تەکنیك و ئامرازانەی بەدەست چیرۆکنووس و ڕۆمانووسانەوە هەن، بۆیە گەلێك لە شاعیران لەڕگای بیرەوەری پەخشانئامێز ئەزموونی ژیانیان دەگێڕنەوە. ئەوانەی کە بەشیعر ئەزموونی ژیانیان دەگێڕنەوە هەمیشە ژمارەیان کەمترە، چونکە باڵادەستی و شارەزاییەکی زۆری پێویستە، سەرەڕای ئەوەش شاعیر دەبێت بە تەواوی زاڵ بێت بەسەر دەقەکەی و تەکنیکی گێڕانەوە تێکەڵی تەکنیکی شیعر بکات، کە ئەمەش کارێکی قورسە و بەهەموو کەسێك ناکرێت. لەبەر ئەوە دەقێکی شیعری خودنووسین، دەقێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، چونکە لە یەك کاتدا هونەرەکانی گێڕانەوەو تەکنیکەکانی شیعر لە بڕتەی یەك دەقدا کۆدەکاتەوە. شاعیر دەبێت جیا لەباسکردنی چەند وێستگەیەکی ژیانی، لەهەمانکاتیشدا ئاگاداری تەکنیکەکانی شیعر بێت و لێیان لا نەدات.
لەم چوارچێوەیەدا (سەباح رەنجدەر) دەقێکی شیعری بە بەشێك لەوێستگەکانی ژیانی تەرخان دەکات و لە چوارچێوەی هونەری شیعری و هونەرەکانی گێڕانەوە، خودنووسین بە جێ دەگەیەنێت. لەم دەقەدا ناونیشان کە (18/11/1965)ە. ناونیشانێکی سەرنج راکێشە، چونکە ناونیشانی دەقەکە پیت و وشە نییە، بەڵکو ژمارەیەـ ئەو ژمارەیەش کاریگەری لەسەر وەرگرتنی دەقەکە هەیە، چونکە بەکارهێنانی ژمارە بۆ ناونیشان خۆی لە خۆیدا جۆرێك لە تەمومژ و ئاڵۆزی هەدەگرێت. لەهەمان کاتیشدا کەمەڵك پرسیاری لەهەناوی خۆیدا هەدەگرێت و خوێنەر عەوداڵی ئەوە دەکات بەدوای وەڵامەکاندا بگەڕێت. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مۆڤوویی لە بەکارهێنانی ژمارە لەناو ئەدەبیاتدا وردبینەوە. دەبینین کە ژمارە ڕۆڵی خۆی لە ناو ئەدەبیاتدا گێڕاوەو

لە گەڵك دەقدا پەنای بۆ بردراوە، بەتایبەتیش لە ئەفسانەدا ژمارە کاریگەری و قورسایی خۆی هەیە، هەر بۆ نموونە ژمارە (7) لە ئەفسانەکاندا خاوەن هێزکی تایبەت و سیحراوییە و کۆدکە بۆ گەڵك شت بەکاردەهێنرێت و چارەنووس دەخوێنێتەوە. بۆیە بەکارهێنانی ژمارە لەلایەن (رەنجدەر) بۆ ئەو دەقە هەڵەمەکی و لە خۆوە نەبووە، بەڵکو مەبەست و ئامانجکی دیاریکراوی هەبووە. پێش هەموو شتێك ئەو ژمارانە هەر ژمارەی ئاسایی نین، بەڵکو مێژوون، واتە :دەلالەتە لە کات، کاتەکە پێکهاتووە لە رۆژ و مانگ و ساڵ. کەواتە: لێرەدا ناونیشان سێ پارچەی کاتی کۆکردۆتەوەو ئاماژەی بە سێ کاتی جیاواز داوە، کە ئەمەش لە خۆیدا قورسایی و پێگەیەك بە ناونیشانەکە دەبەخشێت و دەرگای گومان و پرسیارگەلێك دەکاتەوە کە خوێنەر وا لێ دەکات هەڵوەستەی لەبەرانبەردا بکات و خۆی پەیوەستی دەقەکە بکات و بەدوای وەڵامدا بگەڕێت. دیارە ناونیشان کلیلی کردنەوەی دەرگای دەقە و بەهۆی ناونیشانەوە دەتوانین بچینە ناو کۆشك و تەلاری دەقەوە. ناونیشان یەکەم پارچەی دەقە کە بەرکەوتەی راستەوخۆی لەگەڵ خوێنەر دروست دەکات. بۆیە تا ناونیشان بەهێز و ئامانجدار بێت ئەوەندە بەرکەوتەکەی بەهێزتر دەبێت و زیاتر خوێنەر گیر دەی خۆی دەکات. ئەگەر بەوردی لەناونیشان وردبینەوە، دەلالەتە بۆ رۆژکی ساڵ. واتە: قورسایی ناونیشانەکە لە رۆژکدا کۆکراوەتەوە. چونکە کاتێك بەروارێك بەم شێوەیە دەنووسرێت، زیاتر مەبەست لە رۆژەکەیە، بە بۆ ئەوەی مانگ و ساڵەکەش فەرامۆش بکرێن. بەڵام قورسایی رووداوەکە زیاتر لەو رۆژەدا کۆبۆتەوە و نووسەر ئەگەرچی مەبەستی ساڵ و مانگیشە، بەڵام دیارە رۆژەکەش لەهەمووان گرینگتر بووە. بە وردبوونەوەو خوێندنەوەی ناوەرۆکەکەی زیاتر لەمەبەست و ئامانجی شاعیر دەگەین کە بۆچی ئەو بەروارەی کردۆتە ناونیشانی دەقەکەی، چونکە ناونیشانێکی وەها راستەوخۆ هیچ تێگەیشتنێك و کۆدێك نادەت بەدەستەوە، وەلێ کاتێك پەیوەستی دەکەین بە ناوەرۆکەکەیەوە، ئەوا یەکسەر ئامانج و مەبەستی ئاشکرا دەبێت. بەتایبەتیش کە ناوەرۆکی دەقەکە خود گۆرانەوەیە، واتە: گۆرانەوەی ژیانی رابردووی شاعیرە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ژیاننامەی شاعیر دەبێتە چەقی پێکهێنانی دەقەکە، بۆیە شاعیر بەرواری لەدایکبوونی خۆی، راستەوخۆ دەکاتە ناونیشانی دەقەکە. کەواتە ئەو ژمارانە ئاماژە بە رووداوێك دەکەن، ئەویش رووداوی لەدایکبوون و هاتنە سەر تەختی شانۆی ژیانی شاعیرە. لێرەدا خوێنەر یەکاست لە ناونیشانەوە بەرکەوتەی لەگەڵ خودگۆرانەوە دەبێت و رووداوێکی گەورە کە لە دایکبوونی شاعیرە دەبێتە سەرەتای دەستپێکی ئەو خود گۆرانەوەیە، بەدیوێکی دیکەدا شاعیر تەنانەت سوودی لە ناونیشانیش

بینیوه بۆ گۆرانەوەی ژیاننامەکەی. کەواتە: ناونیشان سەرەتای ئەوەی کاتە و ئاماژە بە پارچەکانی کات دەکات، لەناوەڕۆکیشدا ئاماژە بۆ رووداو دەکات، کە ئەویش رووداوی لە دایکبوونی خودی شاعیر خۆیەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناونیشان وەسف، یان ستایش نەبووە، بەڵکو بەشێك بووە لە خودگۆرانەوەی ژیانی شاعیرەکە خۆی. ئەمەش بەهۆزی بۆ دەقەکە دروست کردووە و خوێنەری ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات بزانێت لەو بەرواڕە چی ڕوویداوە .
بەتایبەتیش شاعیر لە دەستپێکی دەقەکەیدا ئاماژەکانی ڕاستەوخۆ بە ناونیشانەوە بەستاوەتەوە، دەستپێکی هەر دەقێکیش گرینگی و بایەخی هونەری خۆی هەیە، چونکە دەستپێك زەمینەخۆشکەرێکە تاوەکو خوێنەران بتوانن بە ئاسانی و بە بێ زەحمەت لە خوێندن بچنە ناو دەقەکەوە. دەستپێك وەکو هونەرێك ستراتیژ و ڕایەڵەکانی گشتی دەقەکە دروست دەکات، لەوڕوە نووسەر هەوڵ دەدات کرێکی بابەتەکەی بۆ خوێنەران ئاشکرا بکات. چەند دەستپێك بەهۆز و سەرنج ڕاکێش بێت، ئەوەندە دەقەکە بەهێز دەبێت و خوێنەر کەمەندکێش دەکات بۆ ئەوەی بچێتە ناوەڕۆکی دەقەکەوەو بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی دەقەکە. ئەگەر سەیری دەستپێکی ئەو دەقەش بکەین کە بەمشێوەیە دەست پێ دەکات:

ساڵەکان ماندوون و گەرانی نیوە گوتراون
دیوانەکەم لەلایەك دادەنێم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات
لە هەژی لەدایکبوونم کەچ و باربم (سەرەتا وشە بوو: 3)

دەبینین ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ناونیشانەوە، بەواتایەکی دیکە ناونیشان بەردەوامی بەخێی دەدات و لە دەستپێکدا هەستە سەرەکییەکانی دادەڕێژێتەوە. خود گۆرانەوە، یان ژیاننامەی خودی پەیوەستە بە کاتەوە و بەواتای گۆرانەوەی کاتی ڕابردوو دەگەیەنێت. کەواتە ماددەی خامی خودگۆرانەوە کاتە، ئەو کاتەشە کە بۆبەی پشتی دەقی ژیاننامەیی پێکدەهێنێت، ئەو ئاماژەیە لە دەستپێکدا بەووونی بەدیار دەکەوێت و یەکەم وشەی دەقەکە بە (ساڵەکان) دەست پێ دەکات. ساڵەکان، واتە: کێی گشتی ئەو کاتانەی کە شاعیر تێیدا ژیاوە، بەم شێوەیە هەر لە یەکەم وشەی دەستپێکدا شاعیر ستراتیژ و ڕێگای بینینی بۆ خوێنەران ڕۆشن کردۆتەوە کە دەقەکە ژیاننامەییە و باس لە ساڵانی ڕابردووی ژیانی دەکات. ئەو ڕوون کردەوەو ناسینەی کە شاعیر ویستوویەتی لە دەستپێکدا خوێنەرانی پێ ئاشنا بکات بەوە دەستی پێکردووە (ساڵەکان ماندوون و گەرانی نیوە گوتراون) واتە قورسایی دەستپێك کاتە، ئەو کاتەی کە شاعیر لەناویدا ژیاوەو لە

ئێستا کۆتایی هاتووە و شاعیر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەقەوە دووبارە بچێتەوە ناو ئەو ژیانە ڕابردووەو زیندووی بکاتەوە. لە هەمانکاتیشدا لە ڕێگەی ئەو دیرەی یەکەمەوە ئاماژە بەو هەموو نەهامەتیی و ناخۆشییە دەدات کە لەناو ژیانیدا ئەزموونی کردووە و ساڵەکان ماندوون بە واتای هیلاکی و ناخۆشی ڕووداوەکانی تەمەنی شاعیر دێت و لەوەوە شاعیر کە ئێستا لە ژیاندا ماوە گەلێك ئاوات و ئارەزووی هەبووەو بەشکیان بەزیندوویی مردوون و بەشکیان ڕەنگە تا نیوە جێبەجێ کرابن، گرانی نیوە گوتراون دەلالەتەکە کە هێشتا شاعیر لە ژیاندا ماوەو هەوڵی بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی دەدات. لەم دێرەوە ڕاستەوخۆ ناونیشان و دەستپێك لەناو بڕگەی یەك ستراتیژدا تێکەڵ دەبن و خودگەڕانەوە ڕەنگدانەوە دەکەن.

دیوانەکەم لەلایەك دادنێم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات
لە خۆژی لەدایکبوونم کەچ و باربم (سەرەتا وشە بوو: 3)

هەر لە دەستپێکدا شاعیر پێناسەی خۆی و کارو پیشەی خۆی دەکات و دەستەواژەی دیوانەکەم لەلایەك دادەنێم ئەوە دەسەلمێنێت کە شاعیر بوون پیشەکەیەتی و لەو ڕێگەیەوە شاعیر بەشکی گرینگ لە ژیانی خۆی بە وەرگر ئاشکرا دەکات و هەوڵ دەدات لە پیشەی شاعیری خۆی دوور بکەوێتەوە، بە ئەوەی بتوانێت ژیاننامەی خودی خۆی دوور لە کاریگەری و کارتێکردنەکانی شاعیربوونی بگێڕێتەوە، بۆیە ئاماژە بە ڕۆژی لە دایکبوونی خۆی دەکات و لەگەڵ ناونیشانی دەقەکە ڕێك دەکەوێتەوە کە ڕووداوی لە دایکبوونی خۆیەتی، دووبارە لێرەدا ناونیشان و دەستپێك تێکدەئاڵێن و ستراتیژییەتی دەق دادەڕێژن. لەو دەستپێکیدا شاعیر ساتی لە دایکبوونی زۆر بە ڕوونی لەڕێگای ناونیشانی دەقەوە دیاریکردووە. لەهەمانکاتیشدا بە دەستەواژەیەك ژیانی خۆی کورت و پوخت کردۆتەوە کە دەڵێت (لە خۆژی لەدایکبوونم کەچ و باربم) بە واتای ئەوەی کە ژیانێکی تژی لە ناخۆشی و نەهامەتی هەبووە، کەچ و بار پێچەوانەی نیشتەجێییە، ئەوی یەکەمیان بارێکی ناسەقامگیر و ناچەسپیوەو کە هەمیشە لە گواندایە، وەلێ ئەوەی دووەمیان بارێکی چەسپاوەو سەقامگیرە کە گرانی زۆر سست و لەسەر خۆیە. بۆیە دەبینین لە دەستپێکدا شاعیر هەم ڕۆژی لە دایکبوونی خۆی دیاری دەکات و هەمیش ڕۆژگاری ژیانی خۆی باس دەکات. بگومان هەر کەسێك لە دایك بێت، دەشمرێت، واتە: هەموو سەرەتایەك، کۆتاییەکی هەیە، بۆیە شاعیر هەر لەو دەستپێکدا سەرەای ئەوەی دووبارە جەخت لەسەر ناجۆری ژیانی دەکاتەوە، ئارەزووی مردنێکی

باشتر لە چاو ژیانی دەکات، کاتێك دەڵێت: (دارەبازەی بەنخۆشیشم بەرز بکرێتەوە ناو ووناکییەکی بەهەز) دارە بازە وەکو کەدکە کە شاعیر بە مەرگی بەکارهێناوە، دەکرێت لێرەدا پرسیاری ئەوەش بکەین کە بە راستەوخۆ (مردن، مەرگ) ئەو وشانەی بەکارنەهێناوە، دیارە بوونی دارەبازە هێشتا جەستەی کەسەکە لەناو ژیاندا ماوەو نەچێتە ژێر گڵ، لەکاتێکدا مردن و مەرگ هەموو شتێکی بڕاندێتەوە و کۆتایی هاتووە، چونکە شاعیر هێشتا لە ژیاندا ماوە دارەبازە ئەو هیوایەیە کە هێشتا بە جەستەش بێت لە ژیاندا دەمێنێتەوەو ئارەزووی ئەوە دەکات بە رووناکی بگات و لەو شەوە تاریکەکی ژیانی رزگاری ببێت. دەقی شیعری دەقێکی هێمادار و پڕ لە رەمزو کێدە و رستەکانی کورت و پوختن، بۆیە بە باسکردنی بابەتێکی وەکو ژیاننامە، قورسە بتوانرێت تەواوی وردەکارییەکانی رێژانەی ژیان و بەسەرهاتەکانی تێدا تۆمار بکرێت. لەبەر ئەوە شاعیر بە ناچاری بەشێك لەوێستگە گرینگەکانی ژیانی هەبژاردووە، ئەو وێستگانەی کاریگەری و کارتێکردنێکی قووڵیان لەسەر ئەو و کۆمەڵگەکەی هەبووەو رامان و بینینەکانی ئەویان گۆڕیوەو هەستەکانیان خەملاندووە. لەبەر ئەوە شاعیر پەنای بۆ (وێنە چیرۆك) بردووەو هەوڵی داوە لەرێگای وێنە جۆراجۆرەکانی ژیانییەوە بەشێك لە هەوێست و تێڕوانییەکانی خۆی باس بکات، لە یەکێك لەو وێستگانەی ژیانی و لە رێگای وێنە چیرۆکەوە باس لە نەهەماتییەکانی شەوی ناوخۆ دەکات:

هەواڵی بای جەنگی ناو چیاکانم پرسی
بۆنی پیس و ناقۆڵای لوولەی تفەنگم بە هات
خۆشی لە خۆم
ڕازی کەروێشکەکم نەشکاندووە
مشکیشم لەکەدار نەکردووە (سەرەتا وشە بوو: 4)

لێرەدا شاعیر ژیانی خۆی لەناو چوارچێوەی شەوی نەگریسی ناوخۆیی دەگێڕێتەوە، بگومان لەگەڵ هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕە ڕەشانەی مێژووش، هەوێستی شاعیر لەبەرانبەر ئەو کارە نەگریسەیە ڕوون و ئاشکرایە و بەتوندی دژی ئەو کارەیە و بە بۆنکی پیس لە مێژووی نەتەوەکەی و لە مێژووی خودی خۆی دایدەنێت. پرسینی هەواڵی جەنگ بەو مانایە دێت کە شاعیر روانین و بیرکردنەوەی ئەوەیە ئەو جەنگە لەبەرانبەر دوژمن ئەنجام بدرێت، بەڵام بە داخەوە برایەکان دەستیان چەتە خوێنی یەکتر، ئیدی ڕووبارێك خوێن ڕێچکەی کردووەو بەدەستی یەکترییەوە وشك نابێت و بەردەوام لە ڕەوکردنداید. ئەو کارە قێزەونە مرۆڤ فڕی ئەوە دەکات کە هەمیشە تووندەو و تاوانبار بێت

و له هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی ببەخشرێت. شاعیر خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە مرۆڤانە بەراورد دەکات، لەوێنەیەکی شیعریدا ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەو تەنانەت رازی کەروێشك و مێشکیشی لەکەدار نەکردووە، چ جا لەوەی کە مرۆڤێك خەتانی خوێن بکات. ئازارەکانی ئەو شەڕە نەگریسەی برایەکانی چیا، ئەوەندە بەسێیە شاعیر لەدوای خۆ ناساندن و چەسپاندنی رۆژی لە دایکبوونی یەکەاست دەچێتە سەر ئەو بابەتە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کاریگەری و کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر دەروونی شاعیر دروست کردووە، هەبژاردنی وەها بابەتێك بۆ ئەوەی وەکو یەکەم وێستگەی ژیانی شاعیر ئەو روون دەکاتەوە کە خودی شاعیر لەژێر کاریگەری ئەو مۆژووە سوور و رەشەوە گۆاوەو کەوتۆتە ناو بارودۆخێکی دیکەوە. بارودۆخێك ئێش و ئازارێکی بۆ وێنەی لەگەڵ دروست کردووەو ناخی شاعیری هەژاندووە. هەر لەبەر ئەوەشە شاعیر باسی منداڵی خۆی ناگۆتەوە وەکو وێستگەی سەرەتا، چونکە منداڵی جیهانی بۆ تاوانی و پەپوولەییە، بەکو جیهانی دێندە و خوێن ۆشتن دەکاتە سەرەتا. بەدیوێکی دیکەدا شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت ئەو شەڕە نەگریسانەی برایانی چیا منداڵی ئێمەیان کوشت و هەرگیز مرۆڤی کورد نەیتوانیوە قێناغی منداڵی بژیت و خەون و جوانییەکانی ئەو قێناغە بکاتە ملوانکەی هەگرتنی بۆ تەمەنەکانی دیکە، بەکو ئەو جەنگە ملوانکەیەکی لەملی مرۆڤی کورد داناوە کە بەخوێنی برایەکەی خۆی دروست کراوە. شاعیر تەنیا بە نیشاندانی وێرانەی خودی خۆی وەکو لکەوتەی شەڕی براکوژی ناوەستێت، بەکو وێرانەی خەك ومیللەتەکەشی وێنا کردووەو پیشانی داوە:

بەناو خۆکدا تێپەڕیم
ویستم دوا وشەیان لێ وەرگرم و دوا وشەشم ببیستن
ۆوخساڕکان گرمۆلە ببوون
مردنیش بەردەوام ۆووی دێدا
بیرم لە ئاسمانی بە باران کردبووەوە و هاتبووم
گوڵڵەی گیربوو لە زمانیان دەربهێنم
کوورەی ئێتەمیش
وەك دەمی بوکانێکی دامرکاو دابخەم (سەرەتا وشە بوو: 4)

بارودۆخی خەك وەکو دەرئەنجامی شەڕی نەگریسی ناوخۆ گەلێك دژوار بووەو شاعیر لەخودی خۆیەوە خودی ئەوانی دیکەمان بۆ روون دەکاتەوە لە چەند وێنەیەکی شیعریدا کە زیاتر پەنای بۆ هێما خەمبار و دێتەنگییەکان بردووە، هەوێداوە ئەو بارودۆخە وێنا بکات و رووخساری مرۆڤی سەردەمی شەڕی برایانی چیا و مردنە بەردەوامەکان

پیشان بدات. لەهەمانکاتیشدا هەوڵستەکان دژی ئەو شەڕە روون دەکاتەوە دەستەواژەی گوللەی گیربوو لە زمانیان گوزارشتی لەو باوردەخە کردووە کە دەسەڵات هەمیشە بە گوللە وەڵامی داواکاری و داخوازییەکانی جەماوەرەکەی{ داوەتەوە و هەوڵی دەمکوتکردنی هەموو دەنگێکی ناڕازیی داوە. سەرەڕای ئەوەش خودی شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە ئەو شەڕە کە وەکو کووڕەیەکی ئەتەمە دابخات و تا هەتا دابمرکێتەوەو خەڵکی لەدەستی رزگاریان ببێت. شاعیر کاتێك لە خودی خۆیەوە دەچێتە ناو جەماوەرەوەو لەوێشەوە وێنەکە گەورە دەکاتەوەو وێنای جیهانی سەردەمی ژیانی خۆشی دەکاتەوە:

تاریکایی جیهانیشم لە پێشە
پێویستە من ئارام بم
شیعر ئەندازەی ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێنپێکان
کردوومت بە خوێنی پشتی خۆت
لە گۆستانی شادمانیی ئاوێتەی خاکم کە
(سەرەتا وشە بوو: 5)

شاعیر بارودۆخی سەردەمی ژیانی دەخاتەوو کە ئەویش وەکو خودی خۆی و نیشتمانەکەی تاریکە، بەڵام ئەو تاریکیانە جیاوازن، تاریکی خودی خۆی، تاریکایی مرۆڤکە بە دیدێکی شاعیرییەوە پێی ناوەتە جیهان و دەیەوێت بوونی خۆی لەو جیهانەدا بچەسپێنێت، تاریکایی نیشتمانیش لە ژێر چەپۆکی داگیرکاری و شەڕی برایانی چیادا نقووم بووە، وەڵێ تاریکایی جیهان لە بێدەنگی و بێ هەڵوێستی بەرانبەر بە نەتەوەکەی و خوێنشتنی مرۆڤکانەوە سەرچاوەی گرتووە واتە: تاریکی جیهان چەند قاتی تاریکی خودی خۆی و نیشتمانەکەی قورسترە، چونکە هەموو ئەوانەی لە ژیانی خۆی و خەڵکیدا روو دەدەن لە ئەنجامی بێ هەڵوێستی و بێدەنگی جیهانی دەرەوەیە. بۆیە شاعیر لە ئاست ئەو زوڵمە گەورانەوە داوای ئارامی لە خودی خۆی دەکات و ڕێگای شیعر هەڵدەبژێریت، بێ ئەوەی پەیام و ڕامانەکانی بە ئەوانی دیکە بگەیەنێت. ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێن و مرۆڤەکان، خودی کەسەکە دەکەنە شاعیر و شاعیر شیعر دەکاتە خوێنی خۆی. بەو واتایەی چۆن مرۆڤ بێ خوێن توانای ژیانی نییە، شاعیریش بەبێ شیعر توانای ژیانی نییە. کەواتە: شیعر دەبێتە یەکێك لە نەریتە ڕۆژانەییەکانی شاعیر و هەمیشە بەهۆی شیعرەوە دەژیت. لەم وێستگەی ژیانیدا شاعیر لە دوای باسکردنی شەڕی برایانی چیا، وێستگەیەکی دیکەی گرینگی هەڵبژاردووە بێ باسکردن، ئەویش بوون بە شاعیر و خووگرتن بە شیعرەوە بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شاعیر بێ دەربازبوون لەو

باوردەخە ناهەمواوە پەنای بۆ ئەدەب و شیعر هێناوەو ئەو ڕۆگەیەی بە باشترین ڕۆگە هەبژاردووە و ئەمەی لە بەرانبەر ئەم هاوکێشەیەدا وەستاندووە، کە ئەویش شەی براکوژی بەرانبەر بە شیعر.

ئەم هاوکێشە ژیانی سەرەتایی شاعیری پێکهێناوە و هەوێداوە لە چەند وێنەیەکی شیعری و بە چەند وێستگەیەك لە خود گۆڕانەوەدا ڕوونیان بکاتەوە. لەو هاوکێشەیەدا شاعیر دوای ئازارێکی زۆر لەدەست لێکەوتەکانی شەڕەوە، ئەو هەمیشە لەبەری شیعر بووە و ئەوی هەبژاردووە. شاعیر سەرکەوتووانە شیعری وێناکردووە بەوەی کە دەربازبوونە لە نەهامەتییەکانی شەڕ. لەهەمانکاتیشدا ژیانی لەنێوان دوو بژاردە داناوە کە یەکێکیان شیعرەو پێچەوانەی دێخی شەڕە و هەبژاردنی ئەو دوو دێخشی بۆ مرۆڤەکان بەجێهێشتووە، ئەو خێی لەو خود گۆڕانەوەیە ئاماژەی بە چاکەی هەبژاردنی خودی خێی بۆ شیعر کردووە و هەوێیشی داوە خەڵك لەوە بکات کە ژیان بە هێی شیعرەوە دروست دەبێت و لەڕۆگای شیعرهوە پردی خۆشنوودی دروست دەبێت و بەختەوەری فەراهەم دەکرێت. شاعیر ڕوونتر ئەو هاوکێشەیە ڕوون دەکاتەوە:

کە تۆختۆشی ئاوانبۆزییە بنووسن ئاوێنە گۆڕکە
لە پۆلکی دووەمیشدا پێیکەری سەرکردە
(سەرتا وشە بوو: 5)

لێرەدا شیعری بە تەختەڕەشی ژیان وێناکردووە، هەموو کەسێك کە شیعری هەبژارد دەتوانێت خودی خێی بنووسێتەوەو ئازادانە بڕیار لە ژیانی خێی بدات و بوێرانە بیرکردنەوەکانی بەیان بکات و ببێتە ئەو ئاوێنە گەورەیەی کە هەموو کەسێك خێی تێدا ببینێتەوە. لەبەرانبەر هەبژاردنی شەڕ، پەیکەری سەرکردەیەك هەدەبژێرێت کە ئەو بڕیار لەسەر ژیانت و بیرکردنەوەو خواردن و خواردنەوەت دەدات و دواجاریش بە بڕیاری ئەو دەبێت بمریت و خۆنت لە کاسەیەکدا پێشکێشی بکەیت. ئەمە چوارچێوەیەك بووە کە شاعیر تێیدا ژیاوەو پێگەیوە:

بەم شێوەیە لە لێشکدا ڕەنگ و ڕووم کرایەوە
زەوی بە هەمای پەنجە گەرم بوو
ڕەش و سپی ڕەنگی تەواون و لە چاڵی گوللەیەك
ڕستی بینینیان تێکپڕژی
مەترسیی دڵەڕاوکێی تاهەتاییان تێپڕاند
شیعر کردنی بە یەکەم ئومێد
ئومێدی دووەمیش هێشتان ڕوخساری پیشان نەداوین

(سەرچاوە: 6)

شاعیر لەناو ئەو بارودۆخەدا دروست بووەو رەنگ و رووی کراوەتەوە، لەناو ئەو هاوکێشەیەی شەو شیعردا ژیاوە کە شاعیر بە هەوسپی وێنای کردووە، لەنێوانیشاندا شاعیر رووی لە سپییەکە کردووە و شیعری کردۆتەوە ئارامی خودی خۆی و بە یەکەم ئومێدی داناوەو لەوێوە چاوی لە هیواکانی دیکە گرتووە کە هێشتا ماون رووخساریان پیشان بدەن و ئارەزوو و ئاواتەکانی شاعیر بەدی بهێنن.
لەبەشکی دیکەی گۆڵانەوەکەیدا شاعیر ئاماژە بە ئەزموونی شیعرنووسینی خۆی دەدات و ڕوشنێنی نووسینی شیعر و کەشی ناوەوەی خودی خۆی باس دەکات:

ڕووناکییەکی مایەوەی ناو قەزاخە
کەمێك دەستنووسی تەواونەکراوی دامێ
بە تاسەوە ڕاما و فەرموو تەواویان بکە
لە ساکاریی توانیم بەم جۆرە بژیم
باران بێر لە بارینی
کەپلەیەکی لە دەستنووسکەی پێیداهاتبووموە
هەڵبژارد بێ هۆچنی
لە ماتەمی بلیمەتان بگۆڕەوە
خانەی شاکارەکانی خودا ڕاوەتە خانەکانتەوە
(سەرچاوە: 7)

شاعیر هێزی نووسینی شیعری بێ ئەو رووناکییە گەاندۆتەوە کە دێ بەو تاریکییەی دەدات کە خۆی و نیشتمان و جیهانەکەی گرتووە، ئەو رووناکییە دەبێتە هەوێنی شیعر و دەستنووسەکانی ژیانی پێ دەبەخشێت و داوای لێ دەکات تەواوی بکات، ئەو جۆرە ژیانەی شاعیر وای کردووە هەمیشە بێ شیعر بژیت و لە رووناکیدا بمێنێتەوە، تاوەکو بەرەو مەنزڵگای ئەوین و خۆشنوودی بوات و لەگەڵ خۆیدا وشیاریەکی درەوشاوە بهێنێتەکایەوە کە بەهۆیەوە وەکو بارانێك هەڵچنی کردەوەکانی ژیانی پێ بکات:

ئەگەر پێنجەم لەسەر کاغەز
ڕاوی لە گەمی لێ کرد
لێ دەگۆڕەم مشکی دز بیخوا
چاوەڕوانیی و بڕاریم کەمتر دەبن
دەشمەوێ خۆنەکانم زوو بگرم
نەوێك سەریان لێبن باڵی شکاوی
نائومێدی بنێن و لێ دەستم دەرچن

(سەرتا وشە بوو: 7-8)
ئەو چونکە مەبەستی هێنانەکایەی دنیایەکی دیکە و هۆشیاربوونەوەیەکی درەوشانەوەی گەرەکە، بۆیە هەرگیز بیر لە خیانەتکردن لە شیعر و وشەو ڕستەکان ناکاتەوە، کاتێکیش لە ڕۆژگاردا گەر دووچاری جۆرێك لەو ناڕاستگۆییە بووە، بۆرانە دان بەوەدا دەنێت کە هەموو نووسینەکانی دەکاتە خۆراکی مشکێکی دز و لێ بڕبەری دەبێت. شاعیر چونکە لەناخی خۆیدا هەگری کێمەڵێك پرەنسیپ و بیروباوەڕە هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە لە وشە و ڕستەکان جیا بڕێتەوە ڕچکەیەکی دیکە هەبژێرێت، هەر لەبەر ئەمەش خاوەن ئومێدێکی گەورەیە بە ژیان و دەیەوێت بە زووترین کات خەونەکانی بەدی بهێنێت.

شیعرەکانم دەسڕمن و ژیانی لەوە باشتر ناژین
داواشم لە خانبەندی کردووە واز لە ئاوێدوونانی ڕستە بێنێت
ئێستا هەر ئاوێندەم لەسەرە
لە نائومێدی نەترسم و بشزانم هاوڕێنی ئاسوودەیی نامێنێت
(سەرتا وشە بوو: 8)

کاتێك شاعیر ڕاستگۆیی و بوێری لەلای دەبێتە ئەرك و هەمیشە شیعر دەکاتە ژیان و نوێبوونەوە، ئیدی شیعرەکانیش دەست لەسەر سنگ دەوەستن و دەسڕزی دەبن و لەوە باشتر کەسێکی دیکەیان بەدەست ناکەوێت نازیان بکێشێت و بەخۆیان بکات. بۆیە کاتێك کەسانێك بەو جۆرە لە روانین و بیرکردنەوەکانیان دەخەنە ناو کێمەگەوە، ئیدی کەسانێکی دیکە دژایەتییان دەکەن و هەوڵی لەناوبردنیان دەدەن. بگومان ئەمەش ململانێیەکانی کێمەگە و ژیانە و هەمیشە کۆتایی نایەت و لەدواجاریشدا براوە دەبێت بە ئەوانەی کە بە ڕاستی کاردەکەن و بە بەرەی حەق بێت . دیارە ئەم ململانێیە لەناو گرۆپانی ئەدەبییەکانیش بەدی دەبێت، هەمیشە لەناو نەوە ئەدەبییەکاندا ململانێ لەناو خودی شاعیران و نووسەراندا دروست دەبێت، کە دەبێتە کرێکی پێکهێنەری وشیاری و کلتووری ئەو نەوەیە، لەم ڕوانگەیەوە شاعیر داوا لە نەوەکەی دەکات واز لە ڕستەکانی بهێنن و ئەوەندە خاو و نوقتە بە ڕستەکانی نەدزنەوە، چونکە ڕستە خۆی واتایەکی تەواو دەبەخشێت و پێویستی بەو هەموو ململانێیەی ئەوانەوە نییە. ئەو چونکە نائومێد نییە، ئیدی ژیان بەردەوامی پێ دەبەخشێت و خانبەندییەکان ناتوانن کۆتا ڕستەی پێ بنووسنەوە و لە گرۆپانەکە بیوەستێنن.
لەوێستگەیەکی دیکەی خود گرۆپانەوەیدا شاعیر بە گوندەکەی شوێنی

یەکەمی لە دایکبوونی دەگەڵتەوە و دووبارە هەوڵ دەدات لەوێدا زیندووبێتەوە:

لەناو گەرمەی خوێنکدا ئاو ڕازم دەستنیشانکرد
گەڵستانی شادمانییم لە گوندەکەمە
وخسارە لە یادکراوەکان و باڵندە تێیدا بەختبەردەن
(سەرتا وشە بوو: 8)

ئەو گەانەوەیە بێ ژیانی منداڵی و بێ کەشو هەوای ناو گوندەکەی و گەانەوەی ڕووخسارە لەیادکراوەکان و باڵندە ڕەنگاوەنگەکان، گەانەوەیە بێ زەمەنی جوانی و پەپوولەیی، زەمەنێك کە بەشکی گرینگ لە کەسایەتی و دەروونی مرۆڤ پێکدەهێنێت. ئەو گەانەوەیە وەکو خەونێك، وایە هەمیشە گەورەکان وەکو بڕووسکێك، خەونێك هەمیشە بەشێك لە ژیانی منداڵیان لەناو یادگەیان تەمارکراوەو بە ئاگا، یان بێ ئاگا لە کات و ساتی دیاریکراودا دێتەوە بەرچاویان، دیارە بێ کەسانێك کە خود گەڵانەوە ئەنجام دەدەن، گەانەوە بێ ئەو قۆناغە بەشکی گرینگ لە خودی خۆیان پێکدەهێنێت و بێ ئاماژە دان ناتوانرێت خودگەڵانەوە تەواو بێت.

خودگەڕانەوە ئەگەرچی پەیوەستە بە ڕابردووەوە و هەمیشە ماددە خاوەکەی لەو کاتە ڕابردووە وەردەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بازێکی بەسەر ئەو خاسیەتەی خودگەڵانەوە داوە، مردن و ژیانی دوای مەرگیشی تەمارکردووە، کە هەر چەندە هێشتا ڕوویان نەداوە:

لە گەڵکەشمەوە لێخەم دەڕوانم
بووم بە گەی زەوی بە چواردەوری هەموواندا دەسووڕمەوە
تاج و ئەماسی واقوماناکی هەمیشەیین
مانگ دەبینم دەژی
ئاسپی کەوی یەکەم گزنگ
دەخاتە سەرپشتی و دێتە سەرتای ڕۆگا
دەپرسێ خودا ئاسمانی بێ باڵندە یان فڕۆکە ڕاشنکردووە
شیعریش نقەمی ئەنگوستیلە ڕاشندکاتەوە
هەنگاوی ورچی عەل و حەپەلی پێ تەك دەدا
(سەرتا وشە بوو: 9)

لێرەدا خود گەڵانەوە لە ڕابردووەو گەیشتووە بە داهاتوو و ئەزموونکی نوێی تەمارنەکراوی باس کردووە، شاعیر بێ ئەوەی خولی ژیانی خۆی لە خودگەڵانەوە بەتەواوەتی باس بکات، هەر چۆن لە ناونیشانەوە کە بەرواری لە دایکبوونییەتی، لەکۆتایی دەقەکەش باس لە مەرگی خۆی دەکات و خولی ژیانی خۆی پێ تەواو دەکات. (لە

گەڕکەشمەوە لەخەم دەڕوانم) شاعیر لەناو گەڕەکەیدا دووبارە ڕەحی خودی خۆی زیندوو دەکاتەوەو لە زەوی و ئاسمان و ژیان و مرۆڤ دەڕوانێت و دەیەوێت بزانێت ژیانی پاش ئەو چۆنە و چی دەگوزرێت، لەوێشدا بەردەوامی ژیان دەبینێت و بە دەستەواژەی مانگ دەژی و ئەسپی کۆی دێتە سەر ڕێگا گوزارشت لەو ژیانە ئاساییەی دەکات کە هەمیشە لە بەردەوامبوون بێزار نابێت.

سەرچاوە:

1. سەباح ڕەنجدەر، سەرەتا وشە بوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، 2020.
2. نیعمە قەرەنی، هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر، 2012.
3. د.عبدالعزیز شرف، ادب السیرة الذاتیة، مکتبة لبنان، 1998.
4. جینز بروکمبیر و دونال کربو،السرد والهویة: دراسات في السیرة الذاتیة و الذات و الثقافة، ت: عبدالمقصود عبدالکریم، مرکز القومی للترجمة، القاهرة، 2015.
5. تهاني عبدالفتاح شاکر، السیرة الذاتیة في الآدب العربي، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، بیروت ـ لبنان، 2002.
6. د. معجب الزهرانی، الروایة العربیة… ممکنات السرد، مطابع دار السیاسة، دولة الکویت، 2009.

18/11/1965
د. عەبدوڵا ڕەحمان

باباسارتەر، شاکارێکی تری"عەلی بەدر. شەماڵ بارەوانی

.باباسارتەر شاکارێکی تری"عەلی بەدر" نووسەرو ڕۆمانسی عێراقیو یەکەم چاپی لەساڵی٢٠٠١لە هاتە وەشان.

عەلی بەدر.
نووسەرو ڕۆمان نووسی عێراقی لەدایکبووی ساڵی١٩٦٤ی عێراقو ئێستا

لە بەکسلی پایتەختی بەجیکا دەژیت، عەلی ناوەکی دیاری نەو کایەی ئەدەب و دنیای ەشنەبیری و جیهانی ەمانەو توانیەتی بەهەی ەمانەکانیەو ناودەنگەکی باش بەدەست بهێنێت و خوێنەرەکی زۆر لەدەوری بەرهەمەکانیدا کەبکاتەو،

عەلی لەپال شاکاری"بابا سارتەر" خاوەنی کەمەک بەرهەمی تری ناوزەیە.لەوانە:
-۲۰۰۰ شتاء العائلة،
-۲۰۰۳ الطريق إلى تل المطران.
-۲۰۰٤الوليمة العارية.
-۲۰۰۵صخب ونساء وكاتب مغمور.
-۲۰۰٦مصابيح أورشليم.
-۲۰۰۷ الركض وراء الذئاب.
-۲۰۰۸حارس التبغ.
-۲۰۰۹ ملوك الرمال.
-۲۰۱۰الجريمة، الفن، وقاموس بغداد.
-۲۰۱۱أساتذة الوهم.
-۲۰۱۵ الكافرة.
-۲۰۱٦عازف الغيوم.
-۲۰۱۷ الكذابون يحصلون على كل شيء "

ەمانی باباسارتەر ، ەمانەکی ۲٤۰لاپەەیی و شاکارەکی ناوازەی ئەدەبیەو بوچەندین زمان هاتوەتە پەرچڤەردن و تائێستا زیاد لەدەجار چاپکراوەتەوەو سەرکەوتنەکی بە وێنەی تەماركردووەو ناو دەنگ و شوهرەتەکی باشی بەدەست هێناوەو لەکاتی بەاوبوونەوەی وتائێستا.
خوێنەرەکی زۆری بەدەوری خویدا کەکردەوەو توانیویەتی چەندین خەات بەدەست پێ نەت،
ەوژنامەی" نیویورک تایمز"بەیەکەک لە ەمانەگرنگەکان وەسفی کردووە،کە بەشەویەکی گاەتجاەی و زمانەکی کومەدی لەجیهانی ەشنەبیری دەدوەت،هەروەها ەەژنامەی"لیبەاسیەن"ی فەەنسیش بەیەکەک لەجوانترین ئەو ەمانەی داناوە، کەوەرگەەدراوەتە سەر زمانی فەەنسی.

گەرجان پەل سارتەری بەوونگەرا، بە ەبەری فەلسەفەی وجودی هاتبەتەنیاسین، ئەوا عەبدولەەحمان"پاەەوانەکەی باباسارتەری "عەلی بەدر"یش
زەعیمی پەوچگەرەتی و هەلەنج هاتنەوەیە لەو وەاتانەی پێی

دەربارەی "عەرەبی"

باباسارتەر هەمانکی فەلسەفیەو
نووسەر لەباباسارتەر.جان پۆل سارتەر دەکات بەتاوەرو کابۆی بەرهەمەکەی و هەموو بابەت و کارەکتەرەکانی تر، بەدووری ئەو ئەو فەیلەسوفە نهلیست و پوچگەراو فەلسەفەوجودیەکەیدا دەسوڕێنەوەو

بەشێوەیەکی گاڵتەجارانە لە ژیانی هەشنبیری یاخود ئەوکەسانەی سەتحیانەو هەووکەشانە،لەوجودییەت حالی بوونە دەدوێت. ئەو کەسانەی تەنها وەک تۆکە شوێن ئەو فەلسەفەیەکەوتوون و نەچوونەتە کاکە و و قوتابی و کرێکی بابەتەکەو پەتەکخانەکانیان بە پەزلەدان پێ پەرتەکە فەلسەفی وجودیەکان کردووە. بە ئاوەی هیچی بخوێننەوە، یاخود لەی تێبگەن "بەواناکەم کەس لەو نەوەیەی ئەمە هیچ لەوە تێبگات کەدەیخوێنەتەوە، هەموویان درەزنن،ئایە لە ترەستکی حاڵی دەبوون؟ تراتسکیەت ئەو فەلسەفەیە نەبوو کە لەبوونگەرایەدا دەمان بینی،ئەو خەی لە بابەتی زانستی دەبینەتەوە... لەهاستی دا عەبدولەحمان نەیدەتوانی بەفەهەنسی بنووسەت وەک چەن نەیدەتوانی بە عەرەبی بنووسەت،و نەیدەتوانی بە شێوەیەکی هەک و پەک بیربکاتەوە... هەشنبیریەکەی هەشنبیریەکی زارەکی بوو، هەوشنبیریەک بوو پشت بەستووبوو بە قسە نەک نووسین، وەکو هەشنبیری هەموو ئەو نەوەیەی ئەو یەکەک بوو لەوان، کە لە کافە و چایخانەکان دادەنیشتن و بە دەم ئەنجام دانی یاری دەمینەو کەشانی نەرگیلە لەبەیانیدا قسەیان لەبارەی هەموو شتەکەوە دەکرد، یان ئەواران لە سەرکورسی سینەماکاندا،یان شەو لە تیاترخانەو باهە شوێنگشتیەکان هەدەچوون لە سەرخەشی و مەستیدا. ئەوانەی جگە لە ناونیشان و تایتەی کتەبەکان نەبە هیچیتریان لە نەدەخوێندەوە... ئەوانە هیچ لەفەلسەفەی وجودییەت نازانن ".
بەو چەشنە
ئەوان فەیلەسوفی چەژو مەستین و و دیدەنیگا نهلیستی و وجودییەتەکەی سارتەر لە هابواردن و مەیی و ناو گەهی ژن کورت دەکەنەوەو دەیانەوە فەلسەفەبونگەراییەکەی سارتەر بگوازنەوە نەو باەو یانەو تیاترخانەکان"لەگەە نووشی هەر پەراخەک لەمەی هەەنج و وجودییەتیان زیاتر دەبوو، و چاویان زیاتر بەو فەلسەفە مەزنەیە دەکرایەوە...ژن، ژیان جگە لە ژن و پەرداخەک کەنیاک هیچتر نییە... ئاه ئەی عەبدولەحمان، ئەی فەیلەسوفی سەدری... ئەی سارتەری عەرەب. بخە ئەمە من هەست بەهەەنج دەکەم، ئەو ئافرەتە خودی بوونە، وە من بوونم لە پەناو بوونی ئەوە...با بەخدا بکەین بە پاریسەکیتر...بەخدا

بکەین بە پایتەختی بوونگەرایی… دەتوانین ئەو بوونگەراییە ناو بنێین بوونگەرایی"شەوانی" ئارەزووبازی.هەنجەکەی ئەو"عەبدولڕەحمان" بەرەو ئاستەی ژیانێک مردن و خۆ کوشتن، هەنجەکە بەرەو خواردن و چێژ، بەرەو ژوانکانی مەستی…
فەلسەفەکەی عەبدولڕەحمان فەلسەفەیەکی وجودیە نەک میتافیزیکی، فەلسەفەیەک شتەکان لە بەرزایی دەهێنێتە خوارەوە، فەلسەفەیەکە تەکەڵە بە شتەکانی بوون دەکات، تەکەڵە بە شتەکانی سەر زەوی دەبێت…چی دەبوو گەر مرۆڤ لەیەکەم چرکەی ساتی لەدایکبوونیدا، تا وەکو مردنی لەگەڵ هەستی هەنجدا بژیایا؟. ئەوە چۆن دەبوو؟… بە نموونە ئەو کەنیایەکە بە وەنەیەی نەش بکەیت و ئەو جگەرە هەندیە بکەشیت و بێیتە باوەشی ژنێکی وەک دەلال…بەو شێوەیە وجودیەتێکی تەواو دێتە بوون، وجودیەتێکی بە کەم و کوڕی، و تە دەبیت بە مەزنترین بونگەراو وجودیست لەسەر زەوی…ئەوەبوو لەدەست سارتەر چوو و سارتەر درکی پێ نەکرد… من بە هەموو ئەوانەی بوونگەرایی دەپەرستن بیرو بۆچوونە بوونگەراییەکانی خەمیان بە دەگوازمەوە،و وجودیەتی خەمیان دەرخوارد دەدەم، و پێیان دەڵێم بوونگەرایی چێژێکی گشتیە، چێژێکی مەشاعیە،چێژێکی تاکە کەسی یاخود نەرسسی و خۆ پەرستی نییە… ئا لەرە ئەمە بوونگەراییەکی عەرەبی دەنینە بوون… و جیاواز دەبێت لەو بوونگەراییەی سارتەر دایهێنا".
عەبدلولڕەحمان ئیدی بەخەیاڵی خۆی گەیشتووەتە لوتکەی بوونگەرێتی بوون و ئە چووەتە قوڵایی فەلسەفەکەو ئەوەی ئەو پێی پێ دەبات و دەیزانێت ئەوانیتر نایزانن و درکیان پێنەکردووەو بوونگەرایی ئەو نییە لە دوو تۆی کتێبێکدا نووسراوە، بەڵکە ئەزمونە پشێوەی تیارێکی وشک و دوو ڕستەی مردوو بە گیانی ناو لاپەڕەی کتێبەکان بێت.
"ئەو فیلەسوفەکەو ئەیشتووەتە فەرەنسا و بۆچاوکانی خۆی بووبگەراییەتی بینیوە،لەکاتێکدا لەرە کەس توانای ئەوەی نییە ئەوەی ئەم بینیویەتی ببینێت،کتێبەکان هەرچەندە ئاستی وردبینیان بەرزبێت ناتوانن لەگەڵانەو گواستنەوەی فیکرو تەوانینەکان ڕاستیەکان بخەنە ڕوو وەک ئەوەی مرۆڤ بۆچاوکانی خۆی و بەواقعی شتەکان دەبینیت،عەبدولڕەحمان وجودیەتی بەهەردووک چاوکانی خۆی بینی، خودی بوونگەرایی،پاشان دەستی لەداو هەستی پێکرد و بەدەستکانی گرتی ،لەکاتێکدا هەموو بوونگەراکانی ئەرە تەنانێت نەیان بینیوە،تەنها خۆنیان پێوە بینیوە، و لەهزری خۆیاندا وەناو خۆیاڵیان کردووە، عەبدولڕەحمان لەرە شتەکە و بوونگەراییەکانی تر شتەکیترن،جیاوازی نەوانیان جیاوازییەکی مەزنە،چونکە جیاوازی نەوان ئەزمونکارو خۆنەبینە…. عەبدولڕەحمان بوونگەرایی

ئەزمونکردووەو قسەی لەگەڵ کردووەو بە خوێن و یەسقان و گۆشتکانییەوە ناسیویەتی".
لە تەوانینی عەبدولڕەحمان سارتەردا عەدەمیەت و بوونگەرایی واتا چەژ و ئابواردن و بەسەربردنی شەو سوورکان لەگەڵ مەی و مەستی و ژن"
کاتێک عەبدولڕەحمان دەڵێ: پوچگەرایی"عەدەمیەت"،واتا ئەو خەی مەست دەکات.
کاتێک دەڵێ: ئازادی، ئەوە واتای،ئەویلەگەڵ ژنێک دەخەوێت.
کاتێک دەڵێ: پابەندبوون"التزام"، ئەوە مانای وادەی بە یاخود یانەی شەوانەیە...بەرەو خۆشەویستی و جنس و مەستی و چەژ...دانیشتن و ژوان لەیانەی شەو فەلسەفیسورکان... ئەوە مەستی و سەرخۆشیە، جنس و دەرچوونە لە داب و نەریتکان"
بەو شێوەیە
ئەوان لەماڵەوە،دەرەوە، لەیانەو بارەو کافە و سینەماو هەموو شوێنێک و لەهەموو شتێک ئاماژە بە سارتەرەو نهلیزم و فەلسەفەی بوونگەرایی دەدەن و

نمونەی پە دەهێنناوەو تەنهاو تەنها لەسەر پێوەندییە سێکی و سەزداری ئازادانەکەی سارتەر لەگەڵ سیمۆن دیبۆقوار زانیارییەکی سەرەتایی و سەرپێیانەیان هەیەو لەبارەی ناسنامە فەمینسیەکەی و ئامانجەکەی"هەنج" شتێکی کەمیان بەر گوێ کەوتووە.ئەو پەیتەکەی وەک تایتڵ و دەستوری ژیان و ئینجلی پیرۆزی خەیانی سێیردەکەن و ژیانە عەدەمی و عەبەسی و مادیگەرایانەو چەژو لایەنە جنسیە ئازادانەکەی و لاساییکردنەوە لە پێشینی جۆ و بەرگ، پێوەی لەدەکەن و کۆرانە شۆڕن سارتەرو وجودییەت دەکەون و دەدەچن لە فۆزاو بە سەرو بەری و بە مانایی، و بە ئاگا.لە تیۆرو جیهان بینییە فیکری و فەلسەفییە قووڵەکەی سارتەرو هەموو قوتابخانە هزری و فەلسەفییەکانی ترو بەووکێشی بە وجودیەتیانەوە گرتووە،

بە ئەوەی دوو ڕستە لەفەلسەفەکە حاڵی بووبێتن و چوارقوتابخانەی فەلسەفیان خوێندبێتەوە،خەیان لەدەبەت بە سارتەرو فەلسەفەو فەخفەفەخە لەدەدەن و وشەی تەم و مژاوی دەستەواژەو گوتەی فەلسەفی قورس و لەو ناڕەشن بەکاردەبەن لەکاتی گفتەو گۆکردن، بەئەو مەبەستەی عەرزی عەزەلاتی خەیانی پێبکەن و خۆیک لە قسەکانیان حاڵی نەبێت و خەیان وەک فەیلەسوفی سەردەم پیشان دەن،کەچی لەحەقیقەت و واقعدا فەیان نەبەسەر جیهانی فەلسەفەو نەیش دنیای فەیلەسوفانەوە هەیە.

ئابوو شۆڕشی تەکنەلۆژیای بە فەیلەسوف و دەوروبەر بەکۆسپێتیەکی ناودارو فەیلەسوفکی بە وێنە لێت دەڕوانن و پیرۆزت دەکەن،
ئەو کەسانەی واز لە ناسنامەو هەستانتی بوونی خۆیان دەنین و بەتەواوی دەبن بە پاشکۆی بیرو فەلسەفەی ئەوانی تر، ئەوانەی وجودیەت وماركسیەت و هەموو ئەو فەلسەفە هاوردانەی تر وەک ئایین و هەباز و مەزهەبکی پیرۆز پێدەوی لێدەکەن و وردو درشتی ئەو قوتابخانەفەلسەفیانە دەگوازنەوە بە کۆمەڵگاکانیان، بەوەی بزانن چی بە کۆمەڵگاکانی ئەوان گونجاوەو چی پەیوەست و گرنگەو چیش کێشکی نییەو ناکرێت بەهەمان پێوانەی ئەو شوێنەی ئەو فەلسەفەو قوتابخانانەی لە لێدایک بووە، لەکۆمەڵگاکانی خۆیان بی پەون و هەما شێوە تەفسیری کەن و هەک وەک ئەوە کەپی پەستی کەن و بە قرتان و کەم و زیادەو گەڵانکاری و پێداچونەوەو هەخنەو هەڵسەنگاندن، بیگوازنەوەو لەگەڵ کۆمەڵگاکانی خۆیان دەرخواردی تاکی دەن و هیچ حیساب بە تایبەت مەندی و جوگرافیاو واقع و جوایزییەکان نەکەن!

نووسەر لەو هەماندا،
قسەلەسەر لەبەگەیەکی مەژوویی عەراق دەکات،و دەمان گەڕێنێتەوە بە سایانی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بووری ژیانی هەشتبیری لە بەخدا و بەاو بوونەوەی فەلسەفەی وجودی لەناو نوخبەی هەشتبیری وەاتانی عەرەبی، و
لەنەویەک لەو سەردەمدا دەدوێت کە دەکەوێتە ژێرکاریگەر هەزرو فەلسەفەو بیری هەشنگەری هەئاواو کاریگەر دەبێت بە قوتابخانەفیکری و فەلسەفیەکانیان و فەیلەسوف و بیریارو هەوناکبیرەکانیان،
لەنمونەی بوونگەرایی و ماركسیەت و بونیەوی و تەتسکیەت و هتد….و ئەویش هەنگدانەوەو کاریگەری لەسەر تەوانین و هزرو هەڵس و کەوت و دەروونیان جە دەڵێت. ئەو کاریگەربوونەیش جاج لەڕگای چونئەوروپاو هاستوخۆو بەریەک کەوتنەوە بێت، یاخود خوێندنەوەی نووسین و بەرهەمکانیان،

نووسەر لە باباسارتەر. بەوردی باس لە ژیانی ئەو ساتەی دانیشتوانی شاری بەخدا دەکات و لە مەزهەب و گروپە ئیتنی و پەکهاتە ئایینییە جوایزەکانی وەک مەسیحیەت و جوو و موسەمانکان دەدوێت و قسە لە چینەکانی کۆمەڵگا دەکات و تیشک دەخاتە سەرژیانی خەڵک و دەخی گوزەرانیان و دەوەمەندی و هەژاری و هەڵە و مەرجی ژیانی ئەو ساتە،

بەخدای سایانی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی هابردوو. پەی لە پارادەکس و بیرو باوەڕو ئایین و ئایدولۆجیای جیاواز. وجودیەت،

نەتەوەپەرستەکان، مارکسی و شیوعیەت، ئایینی جو، کریستیان، ئیسلام، ململانێی چینایەتی و فیکری و سیاسی، شەش وکودەتا و جەنگی خوێناوی، ژیانی هەشبیری و هەشبیرو هزرقانەکان، بوژوا شەشگەو سیاسیە درزنەکان، پیاوە سەربازیەکان، شەقامی هەشید، میوانخانەکان، فرۆشگاو کافە و مۆلهاکان.
هەموی تەوری ئەو هەمانن و نووسەر لەبارەیانەوەدەدوێت.

کەمەک کەسایەتی و کارەکتەر لەو هەماندا هەدەگەن. لەوانە عبدولەحمان سارتەر فیلەسوفی عیراقی، کە بەهەی کارگەربوونی بە"جان پۆل سارتەر"ی فیلەسوفی فەرانسی، ، ئەو فیلەسوفەی بەشەویەکی زەر سەیرکاریگەرە بە جان پۆل سارتەرو فەلسەفەی وجودیەکەی!

نووسەر باس لەکەسەک دەکات "ئاوی هەمانکەی"
لەلایان حەنا یوسف و ونونو بەهاری هاوسەری داوای لەدەکەن و ئایدەسپەرن کە کتێبەک لەسەر ژیانی عەبدولەحمان سارتەر بنووسێت و ئەمانیش لەبەرامبەردا پارەی وەدەدەن" تە لەبارەی ئەو کەسەوە دەنووسیت و ئەمەیش هەموو تەچووی نووسینەکە لەئەستە دەگرین، و دواترەقدەستەکەیشت پێدەدەین...بەڵاستی زەر دڵم بەوە خۆش بوو چونکە من موفلیس و بە دراو بووم..شەو هەزاران پۆڵاو، بەگەنامە، وێنەی فەتەگرافی و زانیاری و تێبینیم لەبارەی فیلەسوفی سەدری لەبەردەمم کەکردەوە...دەستم کرد بەپلان دانان نووسینەوەی لاپەڕەسەرەتاییەکان لەبارەی ژیاننامەی ئەفیلەسوفە بوونگەرایی عیراقیەی کە بەسارتەری سەدری ناوزەد دەکرا".

عەبدولەحمان پاشەوانی هەمانکەی عەلی بەدر، فیلەسوفی شاری سەدر، لەوردو درشتی ژیانیدا شۆن پەی جان پۆل سارتەر دەکوێت و لەهەموو شتەک لاسایی دەکاتەوە،

لەستایلی داهێنانی قژی، جل و بەرگی، هەکردن. بیرکردنەوە، عەبدولەحمان ئاواتەو خوازبوو گەر وجود داپەروەربوایە، چاوەکانیشی هەمان شێوەی سارتەر خەڵ بونایە،
تاهیچ خاڵ و شتەکی لەک نەچو لەنەوانیاندا نەمابوایە،

عەبدولەحمان سارتەر لەکەتایی پێنجاکانی سەدەی بووری بەمەستی خوێندنی دکتەرا، لەسەرفەلسەفەی بونگەرایی، هوو لە زانکەی سەربۆن لەپاریسی پایتەخی فەرانسادەکات، پاریسی بوکی ئەوروپا، پاریسی پایتەختی داهێنان و جوانی، پایتەختی شیعر و مۆسیقاو هوشنبیرو

فەلسەفە، پایتەختی وجودییەت و بوونگەرایی، پایتەختی مەلەر و ڤەلتەر و ژان ژاک ڕووسۆ و ژان دارو میشەل فۆکۆ،

عەبدولڕەحمان پرسەی هاوسەرگیری لەگەڵ
جەرمین پۆک دەنێت و لە بەرهەمی هاوسەرگیرییەکەیان کوڕێ و کچێکیان دەبێت و عەبدولڕەحمان
ناوی هەرووک منداڵەجمکەکەیان دەنێت
"عەبباس، و سەدا"
عەبدولڕەحمان دواتر دەست بەرداری خوێندنەکەی دەبێت و لەوپروسەیدا شکست دەنێت، پاشان لەگەڵ هاوسەرە فەڕەنسیەکەی "جەرمین" لەسەرەتای شەستەکان
بەیەکجاری وەاتی فەڕەنساو شاری پاریس جێ دەهێڵن دەگەڕێنەوە بۆخدای پایتەختی عێراق،
"
لەکاتی گەیشتنەوەی بۆبەخدا، هاوڕێ ڕەشنبیرەکانی پێشوازی لێدەکەن و ئاوێشی لەناو ئاپارتمانەکەی ئامادەبووندا، ئەو هەستەیەی دەڕەتەوە: "بەوانامە چ واتایەکی هەیە لەجیهانێکی بێ مانادا".
عەبدولڕەحمان کە نازانێ دوو دڵی لەسەر تەوانین و بیرو فەلسەفییە بوونگەراییەکەی سارتەر بنووسێت، لەهەمان کاتدا تووشی گرفی خێزل زانی و فیلسوف زانی بووە، لەکاتێکدا بە بەوانامە لە پاریس گەیشتووە، دیاردەی خۆک وەک فیلسوفێکی زەخم و بیرمەندێکی وجودی وەک سارتەر حیسابی بۆ بکەن و ڕێزی لێ بگرن و لەسەرووی پلەگەو پلەی هەموانەوە بێت ، بەو مەبەستە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کچێپاریسیەک پێک دێنێت، تا بە هەمووانی بسەلمێنێت کە،ئەو بیرمەندو فیلسوفێکی وجودی ناو دار و جیاوازە"ئەو خەی لەوانیتر جیا دەکردەوەو خەی لە بەدوور دەگرتن وەقی لە دەبوونەوەو بەردەوام باسی لەوە دەکرد کە ئەو سەر بەچینێکی ئیستەکراتی خانەدان، و چینێکی ئاست بەرزە،
دەیویست سەرشیان بکات،گەر یەکێک لە کچە فەڕەنسیەکان بخوازێت ئەوە لەمان بۆ تواناترو شارەزاتر، بۆیە گەڕایەوە بۆ بۆخدا لەگەڵ ژنێکی فەڕەنگی کە لە فەلسەفەو ئەخلاق لەسەرووی ئەمانەوەبوو، دەیویست بەمە سەرشێ و فەرامۆشیان بکات و پەگەو ئاستی فەلسەفی و فیکری خیانی بە دەرخات و بسەلمێنێت کەئەو لەوان ئاستی فیکری و فەلسەفی بەرزتر…باوکی ئەو هاوسەرگیرییەی عەبدولڕەحمانی کوڕی لەگەڵ کچە فەڕەنسیەک بە ئمتیازێک دادنا کە هیچ ئمتیازێک لە دنیا هاوواتای نابە، ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوروپا بەو هەموو لەهاتوویی و پەگەیشتوویی خی ڕێز لە توانای کوڕێکی دەگرن،

و ڕۆژی دواگرن، و یەکێک لەکچەکانی خۆی وەدەرنان،وای دەبینی کە ئەو هاوسەرگیرییە خزمایەتییەکەلەنێوان خۆی و دیگەل دا. و ئەوەی بە پرسێکی سیاسی زۆر گەورەتری دەبینی لە هاوسەرگیرییەکی سادەی کوڕەکەی کە چووتەوە پاریس بۆ خوێندن و ژیانی هاوسەری لەو وڵاتەیەوە لەگەڵ ئەو کچە پێک هێناوە".
ئەفسووس ئەو خزماتیەی نێوان باوکی عەبدوڵڵاحمان سارتەر و شارل دیگەل درێژە ناکێشێت و
جەرمینی بۆکی و ،کچە پووری ژان پۆل سارتەری فەیلەسوفی فەڕەنسی " وەک ئەوەی عەبدولڵاحمان بۆ حەکەشان وای بۆباوکردبووبێوە لەناو خێزەک"و هاوسەری عەبدولڵاحمان سارتەری فەیلەسوف، ئەو هاوسەرەی عەبدولڵاحمان سارتەر لەژێرەوە لەگەڵ ئیسماعیل حەتوبی هاوڕێی عەبدولڵاحمانی هاوسەرگیرەوە دەست تێکەڵ دەکات،
دواتر کاتێک عەبدلڵاحمان بەو خیانەتەی هاوسەرگیری دەزانێتەوە، ناتوانێت چیتر بەرگەی ژیان بگرێت و ڕووی ناو خێزەکی نامێنێت و بۆ دەمانچە فیشەکێک دەنێت بەسەریەوەو کۆتایی بە ژیانی خۆی دەنێت.

چەند کەسێک لەپاڵ عەدولڵاحمانی بونگەرای پاڵەوان لەو ڕۆمانەدا ڕۆڵ دەگێڕن لەوانە:
-ئیسماعیل حەتوب، یەکێکی تر لەو کاراکتەرانەی ڕۆڵ لەو شاکارەدەگێڕێت.
ئەوکەسەی لەئاراستەی شیوعیەتەوە بادەداتەوەو دەبێت بە کەسێکی بوونگەرا،و پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنی هاوڕێکەی"عەبدولڵاحمان سارتەر"دەبەستێت.

-شائوولی نەرجسی و نەفعی، و شیوعی ئایدلەجیا،و بەئایین جو، ئەو کەسەی دەخوازێت مەملەکەتی بەختەوەری لەسەر زەوی دروست بکات.

-ئەدمۆن ئەلقوشلی ئەو کەسەی زۆر لەژێرکایگەری تروتسکیەتەو عاشقی لیە تڕۆتسکی مارکسی و شۆشگێڕەی چەپ و دیەوێت هەما شێوەی تڕۆتسکی و لەسەر ڕێچکەکەی ئەو شۆشەک بڕپابکات و هەموشتێک تێک و پێک بشکێنێت.

-دەلال مسابنی ژنە سەماکار،
عەباس فەلسەفە،سەلمان،
پارێزەر بەتروس سمحیر،ئیلین،فەرەج،ئیلیاس،
-نادیەخدوری، ئەو ئافرەتە کریستیانەی دەبێتە قوربانی گەڕانکاریە کلتوریەکان و هەڵە و مەرجی ژیانی ئۆکاتەی بەخدا،و دەست درێژی

سەکسی دەکرێتەسەر.
هەموو ئەمانەو چەندان کەسیتر لەو شاکارانەدەگەن.
.....

شەمال بارەوانی

ناوی کتێب: شار” جەنگی جیاوازییەکان”.. نووسینی: سمکۆ محەمەد

ناوی کتێب: شار” جەنگی جیاوازییەکان”
نووسینی: سمکۆ محەمەد
بەرگ: پێپوولە یوسفی
نەخشەسازی ناوەوە: ناوەندی هەشبیری مەم و زین
تیراژ:٥٠٠ دانە
نەبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢١
نرخ: ٥٠٠٠ دینار

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن..

https://dengekan.info/wp-content/uploads/2021/06/SimkoMuhamad_Shar.pdf

---

دەنگی کرێکار ژمارە ٢٢

بۆ خوێندنەوەی ژمارە ٢٢ی دەنگی کرێکار کرتەی ئێرە بکەن ...

بۆ بەهـــز قوبـــادی جەلـیلـــزادە

نەخێر تورك نەهات.. سڵام عەبدوڵا

- حزبی شیوعی تورکیا نەهات
- حزبی دژمچی تورکیا نەهات
- حزبی (دەق یول)ی تورکیا نەهات
- (دەق سڵ)ی تورکیا نەهات
- بڵشەفیك پارتیزانی تورکیا نەهات
- حزبی شیوعی تورکیا مارکسی لینینی(TKP/ML) نەهات
- رێکخراوی مافی مرۆڤ لە تورکیا نەهات
- حزبی مارکسی لینینی تورکی(MLKP) تورکیا نەهات
- بزووتنەوەی ئاشتی تورکیا نەهات
- حزبی DKP/BOE لە تورکیا نەهات
- حزبی DKP لە تورکیا نەهات
- حزبی MKPنەهات
- رێکخراوی کۆمەنارە شۆشگێرەکانی تورکیا نەهات
- پارێزەرەکانی ئۆجەلان نەهاتن
- دایکانی ئاشتی نەهاتن
- نە سۆدا بە شمشێرەوە هات، نە نازم بە ئار بی جی و نە باموکی و جیم قەرەجی بە تەور هاتن و نە ئیسماعیل بۆشکچی بە چەق هات و نە سازان ئەقسو بە تفەنگەوە هات و نە گروپی مۆسیقی (yorum) یوروم بە هەڵە هاتن.
- حزبی گەلانی دیموکراتHDP نەهات
- ئەوە ئێردوغانی ناسیونالیست و ئیسلامی بە حزبەکەیەوە و گورگە بۆزەکان هاتن
- حکومەتی ملیتاریستی ئەلب ئەرسەلات هات
- ملیتاریستەکانی کودەتای 71 هاتن
- دیکتاتۆر کەنعان ئیڤرین هات
- ئەتاتورك هات

نەخێر!

چیاکانی کوردستان بە خوێنی هاوڕێ شیوعی و چەپەکان سوورکراوە.

فەرموو لە خەڵکی دەرسیم و عەفرین بپرسن، داوای لیستی ناوی تورکە شەهید و بریندار و زیندانی و دەربەدەرو دوورخراوە شیوعی و چەپ و مرۆڤدۆستە و دیموکراتەکانیان بکەن

دەتەوێت بزانیت کێ هات؟ بۆ نموونە:

- حکومەتی AKPی ئیسلامفاشیستی تورکیا هات
- حکومەتی رەگەزپەرەستی تورکیا هات

حزبی ئیسلامی تورکیا هات

چی ئەنووسی بنووسە، نەك بنووسیت(تورك هات).

هێنراوەیەکی جوان و بە سۆزتان نووسیوە، بەڵام دوور لە ئارەزووی من و تۆ، گشتاندن هەڵەیەکی کوشندەیە و خزمەت بە رەگەزپەرەستی دەکات و با بویشمە پیتان: ئەپارتەهاید تاوانە دژی مرۆڤایەتی و سزای قورسی لەسەرە.

ئێستا خۆتان ئازادن لەوەی ئەو کێشەیە دەسنەوە یان راست بکەنەوە.

چاکسازییە یان یاری چاوشارکێیە؟.. ئەحمەد رەجەب

لە ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوو { لە ماڵێکی حزب بووم} و هەرلە دەستپێکردنی پروگرامەکانی تەلەفزیونی بەغدا تا کوتایی واتە لە دانەوە (1) بو دانێ تەماشای بەرنامەکانم دەکردو هەمووی لە سەر جوانکردنی سەدام حوسەین و رژیمەکەی بوو وا زیاتر لە ساڵێکە بە هوی کوروناوەو چوار نەخوشی (موزمن) لە ماڵەوە خوم کەرەنتین کردووەو شەو و ڕۆژ باسی موچەو شاندی حکومەت دەکرێت و ئەو کات بەو هەموو هێزەی سەدام دوو ویستگەی تەلەفزیون هەبوو بەڵام ئەمرو لە سایەی دزی و فرۆشتنی نەوت حزبەکانی دەسەڵات هەریەکیان خاوەنی ژمارەیەك ویستگەیە.

حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی شکستیخواردو، دیارە کێشەی زۆری بۆ حکومەتی داهاتوو هەشتەوەو منیش کە زانیم مەسرور بارزاتی دەبێتە سەروك وەزیران لە ژێر ناونیشانی : ئایا مەسرور بارزانی ئەتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات؟ مەبەستم کێشەکانی کابینەکەی نێچیرڤان بارزانی بوو ، ئەو کێشانەش بریتی بوون لە : شۆڕەی هەسوکەوت لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر بەناو "" دراوسێکان"" کە چاویان لەوەیە سامان و نەوتی میللەت هەڵلوشن ، بنبرکردنی گەندەڵی، فڕۆشتنی نەوت و، پارەکەی ئەدرێ بە کێ یان راستر ئەچێتە گیرفانی کێ؟

هەرچەندە حکومەتەکەی مەسرور بارزانی پرۆژەیەکی بەناو چاکسازی راگەیاند بەڵام ئەو پرۆژەیە لە یاری چاوشارکێی منداڵان دەچێت و تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووەو باشتر ئەوەیە لەمەو بەدوواوە خەڵك چەواشە نەکەن و، واز لە فیزو خو بە سەرکەوتوو نەزانن چونکە حکومەت :
ئەوەندە شاندی ناردە بەغداو هەموو جارێك بە کۆی دروودەلەسەی بەشیر حەداد جگری سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و هاوشێوەکانی هاتوونەتەوەو گەلی کوردستان متمانەیان بەو شاندانە نەماوە و. ماوەی شەش ساڵە هاوڵاتیان رۆژانە گوێیان لە وشەی شاندەو ئەم وشەیە بووەو بە قەوانێکی سواوو ناوی دەبەن و بووەتە جێی پێکەنینی خەڵك و بەرپرسان ئەوەندە وتیان شاند هات و شاند چوو کەس گوێیان لێ ناگرێت و بە درۆزن و فێڵباز و ساختەچی ناویان دەبەن و لە بەرامبەریشدا ئەمان هەر خەریکی پارە کۆکردنەوەن بۆ خۆیان و خزان و ماستاوچییە زورناژنەکانیان.
پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە ــ 250 ــ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی بەغدا بکات بۆ کۆمپانیای هەناردەی نیشتمانی (سۆمۆ) لە بەرمبەردا حکومەتی ناوەند پشکی ساڵانەی هەرێم (بودجە) و موچەی فەرمانبەران بنرێت بەڵام حکومەتی کوردستان ئیفلیجە بە هوی ئەوەی بۆ ماوەی 50 ساڵ بە بەلاش دەبێت نەوت هەناردەی تورکیا بکات و، تا ئەو گرێبەستە قیزوەنە هەڵنەوەشێتەوەو ئەوانەی واژویان کردووە نەدرێنە دادگا باری هەرێمی کوردستان ڕوو لە خراپتر دەکات بویە ئەم پرسە پێویستی بە بڕیارێکی نیشتمانییە و ئەوەش ئەم حکومەتەی کوردستان دەستی بەستراوەتەوە و ناتوانێت ئەو بڕیارە بدات و ، بەڵێ ئاستەمە هەرێمی کوردستان بتوانێت بڕیارێکی نیشتمانی دەربکات و بە تورکیا بڵێت: چیتر پابەند نابین بەو ڕێککەوتنامە پر شەرمەزارییەو نەوتی کوردستان نادەین بە ئێوە چونکە ئەو ڕێککەوتنامەیە بە نهێنی و بە بێ ئاگاداری خەڵکی کوردستان واژووکراوەو، هەروا ئاستەمە حکومەتی کوردستان رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت بدات بە بەغداو بە هیچ چەندین گرێبەست لە گەڵ کۆمپانییەکانی نەوتداو حکومەتی ناوەندیش بە هوی بێری شوڤەنیستیانەی ژمارەیەکی زوری کاربەدەستان موچە رەوانەی کوردستان ناکەن .
شکستهێنانی حکومەت لە چارەسەرکردنی موچەو پاشماوەی موچە ولێبرینی لە 21% موچەی فەرمانبەران و، چارەسەرنەکردنی موچەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانانی سیاسی باری حکومەتی قورستر کردووەو کەس متمانەی بە حکومەت نەماوەو ئەگەر زوو بەزوو چارەسەر نەکرێت بارودۆخەکە دەتەقێتەوەو مێژووش چارەنووسی بەرپرسان ئاشکرا دەکات

و دەبنە جێی نەفرەت و رادەماڕێن.
چارەسەرنەکردنی کێشەی ئافرەتان و نەهێشتنی توندوتیژی و، لە هەموو شتێك سەیرتر بکوژان دەستگیر ناکرێن و سەربەستان دەسووڕێنەوە.
گرتنی روژنامەنووسان و داتاشینی دروی نابەجی و ، باشترین نموونە روژنامەنووسانی دهوك وبادینانەو تومەتی هەبەستراویان خستوونەتە پاڵیان و، سەرەرای ئەو بارودخەیان ناهێڵن چاویان بە پارێزەرو کەسوکاریان بکەوێت بەڵام بەعسییەکان وەك گەورەترین دەسەڵاتی درندە ئەو مافەی زەوت نەکردبوو.
داڵدەدانی جاش موستەشارەکان و چێکاوخورانی ئەمن و ئیستخبارات و بکوژانی پێشمەرگە لەلایەن دەسەڵاتەوەو هەندێ بەرپرس بەوانەش نەوەستاون و خوێان بە پێشمەرگەی عەیار 24 ناو دەبەن کەچی هەندێکیان لە گەڵ جاش موستەشارو ئەنفالچییە رووڕەشەکان وێنە دەگرن و دیارە شانازیش بەو ڕەفتارەیان دەکەن.
حکومەت دەستوپێی بەستراوەتەوەو لە ئاستی تورکیای ڕەگەزپەرست لاڕەو نقەی لێوەنایەت و بەهیچ شێوەیەك ناوێرێت سەرکونەی تورکیا بکات لە داگیرکردنی خاکی کوردستان و لە ئێستاشدا دەستیانکردووە بە بردنی دارودرەختی کوردستان و دوێنی وتەپێژەکەی حکومەت زور کەساسانە وتی کردەوەکانی تورکیا جێی قبوڵ نییە و لە مەیانی شانامەکەی ڕەفتارە چەپەڵەکانی تورکیا دەخاتە ئەستوی (پ.ك.ك) و نازانێت گەلی کورد وشیارەو جەنابی وتەبێژ پاساو دەهێنێتەوە بو ئەوەی روخساری دڕندەی تورکیا سپی بکاتەوە.
حکومەت بایخ دەدات بە خاین و ترسنۆکی هاتوو پاشماوەی حیزبی بەعس و رژێمێ خوێناویی کۆی سەدام حوسێن بە ناوی سوننەوە، هەر هەموو ئامانج لە سەر بژێوی خەزانی پێشمەرگەو هێزارو کرێکارو جوتیارو خەڵکی بێ دەرامەتی کوردستان نان دەخون ، لە ئوتێلی پێنج ئەستێرە لە هەولێر دەژین.

لە کوردستان سەروك حزب دەست دەخاتە ناو کاروباری حکومەت و ئەوەش کارێکی نەگونجاوەو، ئەگەر حزبێك ڕێ بەخوی بدات ئەو دەستیوەردانە بکات ڕێخوش دەکات حزبەکانی تریش هەمان کار ئەنجام بدەن و ئەوکات ڕوێی لاوازی حکومەت لاوازتر دەبێت.
سەبارەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان { پ:ك ك} بووەتە ترسێکی گەورەو زورجار هەڕشی توند دەکرێتە سەری و لە بەرامبەردا تورکیای ڕەگەزپەرست خاکی کوردستان داگیر دەکات حکومەت ورتەی لێوەنایەت و ئەوەتا تورکیا دارو درەختی کوردستان دەبرێت و دەیبات بو ناو تورکیاو ئیتر پیویست ناکات پاساو بو تورکیاو داگیرکردنی کوردستان بێنەوەو دیارە وەك لە نووسینیکدا وتوومە (لە چنگی عروبە بو

گەرووی ئەتاتورك) بووە بە راست و بە كوردی پەتی نیازوایە كوردستان بفروشن.
پێویستە هاوڕاتیانی كوردستان بڕیاری نەبن و بە حكومەت بڵێن ئیتر بەسە درۆ و سەرپێچی و قەیران دروست مەكەن و مووچەی شەهیدان و مامۆستاو فەرمانبەرو ئەنفالكراوەكان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەو خانەنشینان بە بڕێ لێبرین بدەن و، هەوڵ بدەن بە راستگۆیی هەڵسوكەوت بكەن و كەس فریو مەدەن و، بە ناردنی شاندو هاتنەوەی شاندو لە كۆمەڵك درۆیی ئامادەكراو دوور بكەونەوەو چیتر خۆتان ریسوا مەكەن و، ئەگەر ناتوانن ئەو گرێ كوێرەیە كە خۆتان دروستان كردووە بكەنەوەو چارەسەر بۆ كێشەو گیروگرفتی هاوڕاتیان بدۆزنەوە واز لە حكومەت بێنن و، دەست بەرز بكەنەوەو راشكاوانە بڵێن شكستمانخواردووەو ناتوانین بەردەوام بین.
(1) لە داڵەوە بو داڵ ، داڵ نیشانەی تەلەفزیون بوو لە دەستپێكردن وداخستنی ویستگەكە داڵەكە دەر دەردەكەوت.
1/6/2021

سێدارە.. ستار ئەحمەد

وەك داری بەر زریان
دەلەرزم لەتەوری خەمانە
لای راستم ئاگری دۆزەخی تورکەو
لای چەپم گۆڕانی ئۆرانە
هەرزانبا كردمیانە
سێدارەی ماف كوشتن
خرامە ژێر زەبری
ستەمی دوژمن
هەتا كوو گەورەبووم
سێبەرم بۆ باڵای خاكەكەم دەنەخشان
هاتمە بەر كردمیانە
قوربانی دۆلارو گیرفان
چەند گەڵام
لاپەڕەی ئەدگاری پێشمەرگەو
چۆن باڵام بەژنی ئاڵاكەی كوردان بوو

بێ هەگی نەمریم
دووچاری سووتان بوو
وەك قودس و دێەكەی كوردستان
چاوانمیان دەرهێناو
ڕێحیشم بێپەروا دراوە بەتاڵان
چەند كورسیم
پاشووی سەركردەو
بەرپرسی ئاموسی
كەس نەیوت با بتكەم بەخامەو
برینی ئەم گەلەت بنووسی
لەچێی ئەو دیوا
لەكووڕەی ناحەزا تووڕ درام
كردمیانە سێدارەی خۆناوی
بێ مەرگی ناوادەی باوك و برام
دەنگێك دێت .
هێگرە بەقرچەی سووتانم
بانگێك دێت جاڕ دەدا
بێ شەوبای خنكانم
تیرۆرو نادادی
دەنێرێ بێ ئاسمان
بێ كەسێك .. بەپیتێك
بێ دادو خودای هەق
نایەتە زمان

ستار ئەحمەد